
# مامۆستای کورد



٨

زستانی ١٩٨٩ / ١٩٩٠

# Mamostay Kurd

# 8

winter 1989 / 1990

# ماموٚستای کورد

ژماره ٨
زستانی ١٩٨٩ / ١٩٩٠

سەرنووسەر:
**فەرهاد شاکەلی**

ناونیشان : Adress
Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ:
Postal Giro nr / Postgironr 43 55 59 - 0

بەهەمەحاڵ ئیمکان نییە یەک جۆر ناوەڕۆک لە شیعر و هونەر و ئەدەبدا بسەپێندرێ بێ ئەوەی یەکتاهەنگی‌یێکی ئێسکقورسی ناقۆلای بێ زەوق لەو بەرهەمانەدا ببێتە ئەو زڕە ڕەنگە کە ڕەنگکراوەکە عەیبدار دەکا و چاو لێی هەڵدەبەزێتەوە. بۆ خۆت ئەو وەزعە بێنە بەرچاوت کە لە تاکە یەک کولانەوە سەیری جیهان بکەیت و پێشت نەکرێ جیهانەکە بەبەر کولانەکەدا بخولێنیتەوە تاکو هەر نەبێ لەو تەنگژەیەدا دیمەنگۆڕی بکەیت.

لە گۆشەنیگای نرخاندن و سەنگاندنی ناوەڕۆکەوە ڕاستی‌یێکی تر هەیە خۆ لێ بەسەهو بردنی دەبێتە شەڕی ڕوو بەڕوو (جبهوی) لەگەڵ ئادەمزاددا هەرچەند ئەو شەڕە بەرگی مرۆڤدۆستی و چاکەخوازیش لەخۆی بئاڵێنێ تا بەقەدەر گۆڕی چاک و پیران پەڕۆیان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. ڕاستییەکە ئەمەیە: هەر ناوەڕۆکێک پەسەند بکەیت مافی ئەوەت نییە بەرهەمی ڕۆژگارێکی ڕابردوو بخەیتە بەر تیشکی ئەو و بەو پێیە نرخی بدەیتێ، نابێ ڕابردوو بە گەز و گرێی سەردەمی خۆت بپێوی. تۆ جارێکیان خۆت کردە سەرپشک لە بەرهەمی هاوچەرخەکانت، بەتەمای لە مردووانیش ببیتە سەرپشک! ئەم کارەت سەرەڕای ناڕەوایی، زەرەر لە خۆشت دەدا چونکە لە دواڕۆژدا دێن و بەرهەمەکەی تۆش بە گەز و گرێی خۆیان دەپێون و ئیفلاست پێ دەکەن.

ئەم وتووێژە پتر ڕوو لە مرۆڤی سیاسی و «ملتزم» بە باوەڕێکی ڕەسمی دەکات، چونکە ئەوان بۆ مەبەستی خزمەتی ئامانجە ڕامیارەکانیان دەیانەوێ ناوەڕۆکی هەموو جیهان ڕام بکەن و بیکەنە نۆکەری ئەو ئامانجانە. مرۆڤی سەربەخۆ لە بیروباوەڕیدا پێویستی بەم ڕامکردن و بگرە و ببەستە نییە، ئەو هەر ئەوەی دەوێ لە خۆی و لە خەڵقیش گەڕێن بە ئازادی بنووسن و بڵێن و بکەن.

لێرەدا قسەیێک خۆ دێنێتە پێش: سیاسەت پتر و خێراتر لە گۆڕاندایە تا بیروباوەڕ و ناوەڕۆکی تر. لەوانەیە بەرژەوەندی سیاسی لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر تەقلە لێبدا و بەرەوپشت هەڵگەڕێتەوە، ئەدەب و شیعر و هونەریش کە خزمەتی ئەو بکەن دەبێ لەگەڵیدا بگۆڕێن... لە ڕاستیدا دەشگۆڕێن، بەرەوپشتیش دەبنەوە. لەبەرئەمە ئەدەبی سیاسی، بەزۆری تەمەنی کورتە و جوانەمەرگە، واتە خێرا باوی نامێنێ و دەمرێ، گەلێک جاران ئیعدامیش دەکرێ و گوتنەوەی یاساغ دەکرێ. □

مەسعوود محەمەد،
چەپکێک لە گوڵزاری نالی، ل ١٨-٢٠.
بەغدا- ١٩٧٦

پیتچنین و مۆنتاژی
نووسینگەی تارا
Tara Sätteri
Box 2068
172 02 Sundbyberg
Sweden



# ناوەڕۆک

## مامۆستای کورد

٤ نامە
٦ کامێلۆ خۆسێ سێلا: ش. شەربینی
٨ گولێ: نوورەددین زازا
١٠ لە زیندانەکانی چیاوە: پشکۆ هەڵەبجەیی
١٢ مارتین فان بروونەسن
١٩ جەللادەکەی بەغدا - لارش ڕامنۆس
٢٠ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی
٢٢ تاسەی دووری: ئەنوەر م. ئەحمەد
٢٤ خاک: محەمەد حەمە باقی
٢٦ مستەفا پاشای یامولکی و سمکۆ: هاوار
٣٢ چیرۆکەکانی مامۆستای کورد: م. گەرمیانی
٤٥ کارەساتێک بۆ کوردان: ئیڤا هێدۆس
٤٨ هەڵەبجە ...: سەردار عەلی عەزیز
٥٠ دڵۆپێ فرمێسک...: نیوویۆرک تایمس
٥١ سەردانی خانمی میتران لە کوردستان
٥٣ ملوانکەی گەوهەر: ناسری ڕەزازی
٥٤ من و تۆ و دەریا: حەمە
٥٧ بارزانی: مامۆستا هەژار
٦٠ خۆزگە: ئاسۆ
٦٠ وەرامی دۆستان
٦١ سێ ڕێنچکە...: ئەمیری حەسەنپوور
٦٧ سێ شۆلاوگە...: کوردۆ عەلی
٧٢ نامەیەکی...: حەمە سەعید حەسەن
٧٣ چیرۆکی کوردەواری: ئامانج شاکەلی
٧٦ خوێندنەوەیەکی...: میمفێ
٧٨ کتێبخانەی مامۆستای کورد

# نامـه

کاکە: حەقمەن خەبەری هەڵەبجەی خوێناویت هەیە. ئەو رژێمە گەندەڵەی بەعس کارێکی بەسەرهێنا، یاخودا هیچ ئینسانێک نەیبینێ، ئەوەی من دیم و من بیستم و شنەوتم، پێم وایە ئامریکاش ئەوەی بەسەر هێرۆشیما و ڤیێتنام نەهێناوە. هەر خودا دەزانێ چەند ژن و منداڵی بێتاوانی کورد، بوونە قوربانیی گازی ژەهراوی. رەنگە لە رۆژنامەکانی لای خۆتان و تەلەڤزیۆنەکاندا شتێکت دیبێ، بەڵام بە دڵنیایی‌یەوە دەڵێم ئەوەی پێشان دنیا دراوە یەک لە هەزارە و هەرگیز هیچ دووربین و کامیرایەکی تەلەڤیزیۆنی ناتوانێ ئەو جینایەتەی بەعس روون کاتەوە.

ئەمن خەریک بووم کە شتێک لەسەر هەڵەبجەی خوێناوی بنووسم، بەڵام کوا قەڵەم دەتوانێ شەرحی ئەو جینایەتە گەورەیەی مێژووی مرۆ بکا، کەی زەهن و بیر و هەست دەتوانێ باسی بکا؟! پیاو نازانێ باسی چ بکا؟! لە چی بدوێ؟! کوا مێشکی مرۆ دەتوانێ شەرحی ئەو جینایەتە خوێناوییە بکا؟! لە رۆژنامەکانی ئێراندا لەگەڵ هێرۆشیما و ناکازاکی بەرئاوەرد کرا، رۆژنامە و هەواڵدەرەکانی هەندەران لەگەڵ ئاوشڤایتسی هیتلەریان هەڵسەنگاند، بەڵام بە دڵنیایی‌یەوە دەڵێم رەنگە نە لە هێرۆشیما و ناکازاکی ئەوەندە منداڵ کوژرا و نە هیتلەر ئەوەندەی کۆرپەی ساوا کوشت......

بابی سیامەند
کرماشان١٩٨٨/٤/١٧

... فاجیعەی هەڵەبجە ئاوری لە دڵ و دەروونی هەموو کوردێکی بە ویژدان بەرداوە و هەر لەحزە چاوەڕوان دەکرێ کە دیسان لە شوێنێکی دی ئەو فاجیعەیە دووپات بکرێتەوە. نازانی ئەو شەڕە بێبەرهەم و بێئامانجە بەدبەختیی خەڵکی بە چ رادەیەک گەیاندووە. ئەگەرچی نامەوێ لێرەدا هیچ چەشنە باسێک لەو بارەوە بنووسم، بەڵام زۆر بە کورتی و سەداقەت پێت دەڵێم، لە فاجیعەی دڵتەزێنی هەڵەبجەدا ئەگەر ئێران و عێراق هەریەکەی گوناهێکیان هەبێ، تاقمە چەکدارە کوردەکان نەوەد و هەشت گوناهیان هەیە و بەرهەمی کاری وان بوو کە ئەو فاجیعە بەسەر خەڵکی رۆژڕەشی هەڵەبجە هات. ئەگەر بمێنین رۆژێک دوو بە دوو لەو بارەوە زۆر زیاتر و بە دەلیل و مەدرەک قسە دەکەین.

ب. ساسان
مەهاباد- ٥ی مەی ١٩٨٨

... من تێناگەم ئەم سەرکردانەی ئێمە تاکەی واز لە گەلی کوردی بێچارە ناهێنن؟! بۆچی دەستبەرداری نابن؟! ئەمانە هەتا دنیا خۆشە و بۆیان دەلوێ، بەزۆر خۆیان بەسەر میللەتەکەدا دادەبڕن و دەبنە سەرۆکی. کاتێکیش کوردەکە لێی دەقەومێ ئەوان بۆ خۆیان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن؛ لەتەڕ دەخۆن و لە وشک دەخەون، تا هەلیان بۆ هەڵدەکەوێ و دەبنەوە سەرۆک.

بەراستی ئەوی ئەمانە لە ماوەی ئەم دە دوانزە ساڵەدا بەسەر کوردیان هێنا، دوژمنەکان بە هەموویانەوە بە سەد ساڵیش پێیان نەدەکرا.

ئەرێ تێم ناگەیێنن جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و سامی عەبدولڕەحمان و رەسووڵ مامەند چۆن بوون بە سەرۆک؟! کێ دەنگی داوە بەمانە و لە کامە هەڵبژاردندا؟! ئەی بۆ رۆژێ کەسێکی تر لە حیزبەکانی خۆیان دەنگی لەوان زیاتر نەهێنا؟! ئەمانیش وەک ئەنوەر سادات و کەنعان ئەڤرین و ژەنەراڵ ضیاء الحق لە هەمو هەڵبژاردنێکدا ٩٩٪ی دەنگەکانیان بەردەکەوێ...!! ئەمانە پادشان پادشا، بەڵام پادشای بێ تەخت و تاج، پادشای وڵاتێکی وێران و کاولکراو و گەلێکی بەدبەخت. ئەمانە تەنیا لە یەک شتدا پادشان و لە پادشا دەچن: گەنج و سامانی بەردەستیان و ژیان و گوزەرانەکەیان...!!

ج. هەڵگورد
پاکستان- ئیسلام ئاباد
هاوینی ١٩٨٩

ژمارە (٧)ی مامۆستای کورد گەیشتە دەستم. هەموو بەرهەمەکانم خوێندەوە و بە تێکڕا گۆڤارەکەتان بە شتێکی نایاب ئەبینم و هەموو لایەنێکی ئەدەبیی بە ئازادانە کۆکردۆتەوە. ئەوەی راستی بێ حەزم ئەکرد زیاتر بایەخ بە بڵاوکرادنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستیانە بدەن، بەڵام وەکو خۆشتان ئەڵێن و بڕواتان بە ئازادیی دەربڕین و نووسین هەیە، با رێگەکە تەسک نەکەینەوە و لاوەکانمان بتوانن بە هەرچ شێوەیەک بێ بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە. بە رای من، گۆڤارەکەتان سەرکاروانی رێنەسانسە لە مێژووی ئەدەب و هونەری کوردیدا و پێویستە هان بدرێ.

م. ک.
کەراچی - پاکستان ١٩٨٩/٧/٦



... ئەوەی کە سرنجی راکێشاوم لە ژمارەی حەوتدا و زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ ژمارەکانی پێشوودا، ئەوەیە کە مامۆستای کورد وردە وردە خەریکە کاناڵیزە دەبێت و خۆی دەخاتە قاڵبێکەوە و بە شێوەیەکی گشتی دژایەتیی سۆڤیەت دەکات... خۆ ئەو شتانەی کە بڵاودەکرێتەوە هەموو بێ سێ‌و دوو لێکردن راستە و لە راستیش راستترە، بەڵام هەموو گۆڤارەکە ببێتە ئەوەی کە هێرش کردن نیشان بدات لەلای خەڵکی بە شێوەیەکی تر دەدرێتە قەڵەم. ئەگەر ئێوەش بکەونە ژێر باری ئەوەوە کە دەبێ کاناڵیزە بن و مامۆستای کورد شێوەی بنەڕەتی خۆی لەدەست بدات، دەبێتە جێگای ئاخ و ئەسەف، چونکی بەلای منەوە تاوەکو ئێستا هیچ رۆژنامە یا گۆڤارێکی کوردیمان نەبووە بەم شێوە جوانەی مامۆستای کورد... جا گۆڕینی شێوەکە دەبێتە خنکاندنی دیموکراسی کە وردە وردە بە هۆی مامۆستای کوردەوە خەریکین باوەڕی پێ دەکەین و بیر دەکەینەوە کە شتێک هەیە بە ناوی دیموکراسی و ئێمە نەمان بیستووە.

... راست و پاکی دەڵێن پارتی مامۆستای کوردی کڕیوە... و ئەوەی کە لە سەری دەدوێن نووسینەکەتانە لەسەر بارزانی و یادی دە ساڵەی کۆچی. ئەڵبەتە خۆت کۆمەڵایەتیی لای خۆمان باش دەزانیت چۆنە و دەبێت شیت کردبێتەوە و لەم جۆرە قسانە هەر دەکەن. مامۆستای کورد وەک قوتابخانەیەکی نوێیە لەناو کۆمەڵدا و بەتایبەتی بۆ رۆژنامەنیگاریی کورد بابەتێکی تازەیە و خەڵکەکە خەریکن پێوە رادێن و بە تاسەوە چاوەڕوانی ژمارەی تازە دەکەن.

نەبەرد جاف
١٩٨٩/٥/١٩ و ١٩٨٩/٧/١١

لە ژمارەی زۆری مامۆستای کورددا، کە بەحەق قورس و قایمترین گۆڤاری کوردییە تا ئێستا کە من دیومە (نازانم دوایی چۆن دەبێ)، وەک گۆڤارێکی ئاساییم نەهاتە پێش چاو. دیموکراسی هێندە ریعایەت کراوە کە مامۆستای کورد بۆتە شاری بۆکانی ساڵەکانی ٥٧ تا ٦١ی شەمسی؛ دێموکرات، کۆمەڵە، فیدایی، وەحدەت کۆمونستی، پەیکار، راه کارگەر، خەبات، یەکەتیی جووتیاران و ...... هەمووی لەم شارۆلکەدا بە رواڵەت بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی کورد و سەربەرزیی چینی کرێکار هەوڵیان دەدا، کەچی، بەداخەوە، ببوە خۆخواردنێ کە ئەوەی بەشی نەبوو چینی کرێکار و میللەتی کورد و لەسەر هەموو ئەوانەوە «زمان و ئەدەبیاتی کوردی» بوو. کاکە، باوەڕ بکەن مامۆستای کورد زۆر بەرزە! ئەو هەنگاوە تەنیا لەڕێی پەرەپێدانی فەرهەنگی میللەتی کورد دەکرێ و کراوە، مەحزی رەزای خوا لێڵی مەکەن، مەیکەنە شەڕی سیاسیی نێوان رێکخراوەکان. فیکرێ بە حاڵی ئەو میللەتە دواکەوتووە بکەن. هەموو چەکێکمان تاقیکردەوە، وەرن چەکی زانست و بیریش چەند ساڵ تاقیکەینەوە. وەرن چتان بۆ ئەو میللەتە بەشخوراوەی، نەخۆشی خۆخۆری گرتووەی، بێ نووسەری شاعیر زۆرەی، دڵپاکی جوان نوێنی ناحەزکراوە کردووە؟! لە ئەمریکا دانیشتن و لافی کومونیستی لێدان، «کەر لەکوێ کەوتووە و کوندە لەکوێ دڕاوە» نییە؟! تازە بەسەر ئەم حاڵەدا بێی هێمنی نەمر بکوتی بڵێی جوانیی لە سیاسەت جیا نەکردەوە، گۆران وای نەکوتووە کە هێمن کوتوویە... ماڵی کاک پێکوڵ ئاوەدان کە لە لاقی ئەو مرۆڤانە باش رۆدەچێ، دەنا قەت فڕی بە هیچ کەسەوە نەدەهێشت. خولاسە، کاکە بە خوا قەسەم، مامۆستای کورد کوردە، دیموکراتە، ئازادیخوازە، بەڵام بەو مەعنایە نا هەرکەس دەسی دا قەڵەم بەربێتە سەروچاوی یەک.

کوڕە برا بۆ خاتری خودا بەسە. بەجێی ئەوە دەردی راستەقینە ببیننەوە. جا دەرمان ئاسانە... بەراستی رەخنەی خۆپێشاندان دیارە، چونکا کورد کوتەنی «کێلوکەی خۆت بێنە، جا بە پوتی خەڵکی بڵێ کوانێ». منێ کە هیچم بۆ وڵاتەکەم نەکردووە، بە قەولی سمایلی شەریفزادە پرتەقاڵ دەخۆم و کوردایەتی دەکەم، ناتوانم سەرکردایەتیی پارتەکانی هەردوو لا و هێزی نەبەزی پێشمەرگە بکێشمە ژێر موحاکەمەوە. بەڵام دایکی هەموو قسەکان، مامۆستای کورد ئیجازەی ئەو هەموو رەخنەگرانە نەدات رەخنە بکەنە ناوجەرگی گۆڤارەکەوە. لە تەواوی ژمارەکاندا یەک بەش رەخنە هەبێت، تا رەخنەگرەکانی رەخنەنووس وەک ئێمەی ئێرانی فێری سەفگرتن بن و لە پشت ژمارەکانی مامۆستای کوردەوە راوەستن.

برای بچووکتان: وسا
کوردستانی ئێران
٦٨/٤/١٢

# Camilo José Cela

# کامیلۆ خۆسێ سێلا

## وەرگری خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا - ١٩٨٩

ڕێک لە کاتی خۆیدا، وەک هەموو ساڵێ، سکرتێری هەمیشەیی‌ی ئاکادێمیی سوێد ستووره ئاللێن Sture Allén، سەعات یەکی پاش نیوەڕۆی ١٩ی ئۆکتۆبری ئەمساڵیش دەرگاکەی کردەوە و بەرانبەر سەدان ڕۆژنامەگەر و هەواڵدەری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی جیهان بڕیارەکەی ئاکادێمیی خوێندەوە:

خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا دەدرێ بە نووسەری ئەسپانیایی کامیلۆ خۆسێ سێلا (ڕاستییەکەی ناوەکەی بە ئەسپانیایی وەک ثێلا دەخوێندرێتەوە)، Camilo José Cela. دیارە وەک هەموو ساڵێکیش، هەر لەگەڵ ئاشکرابوونی ناوی وەرگری خەڵاتەکەدا، دەمەتەقێ و مشت و مڕێک کە سەرەتای هەیە و کۆتایی نایەت، لە نێوان نووسەران و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەگەران و فەرهەنگکارانی دیکەدا دەست پێ دەکات. هەندێک پێیان وایە بڕیارەکەی ئاکادێمی بەجێیە و نووسەرەکە شایانی ئەو خەڵاتەیە و هەندێکیش سوورن لەسەرئەوەی نووسەرەکە یەکێکی نەناسراو و بێناوە و ئەدەبەکەشی هیچ نرخێکی نییە و نەدەبوو خەڵات وەربگرێ. خەڵکی واش هەیە بە جۆرێکی دیکەی دەردەبڕن؛ ڕاستە ئەمیش نووسەرێکی چاکە، بەڵام نووسەری زۆر گەورەتر لە جیهاندا هەن کە دەبوو ئەوان پێشتر وەری بگرن.

سێلا ساڵی ١٩١٦ لە ئێریافلاڤیا، لە هەرێمی لاکۆرونیای ئەسپانیا، لە دایک بووە، بابی ئەسپانییە و دایکی ئینگلیز. لە ڕووی سیاسییەوە ڕەنگێکی تایبەت بە سێلاوە نابینرێ. لەکاتی شەڕی ناوخۆی سپانیادا ماوەیەک لەگەڵ فالانژیستەکاندا (واتە فاشیستەکاندا) بوو. خۆی پێی خۆش نییە باسی ئەو سەردەمە بکات، بەڵام ئەوەش هەیە کە لە سەردەمی دیکتاتۆریی فرانکۆدا یەکێک لەو ڕووناکبیرانە بوو کە دژی سانسۆری ڕێژیم ڕادەوەستا و داوای ئازادیی بیروباوەڕ و نووسین و دەربڕینی دەکرد، لە نووسینەکانیدا باری ناهەمواری کۆمەڵگەی سپانیای پێشان دەدا، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە هەندێ لە ڕۆمانەکانی لە وڵاتەکەی خۆیدا قەدەغە بکرێت و خوێنەران بە دزییەوە دەستاودەست بیگێڕن.

ساڵی ١٩٤٢ سێلا هێشتا ٢٦ ساڵان بوو کە لە ئەدەبی ئەسپانیادا بوو بە ناوێکی گرنگ. لەو ساڵەدا ڕۆمانی (فامیلی پاسکاڵ دوارتێ)ی نووسی. پاسکاڵ دوارتێ مرۆڤێکی ساکار و سادەیە و هەقی خۆی بە دەستی خۆی دەستێنێ. ئەو لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە هەرا و زەبروزەنگدا گەورە دەبێ و خۆیشی گەلێ تاوان دەکات و لە کۆتاییدا دایکی خۆیشی دەکوژێ. شانۆی ڕووداوەکان ئێکستریما دوورا، یەکێک لە هەرێمە هەرە دواکەوتووەکانی سپانیایە.

ڕۆمانی (شارە هەنگ) ساڵی ١٩٥١ لە بۆینوس ئایرەس، ئەرژەنتین، بڵاوکرایەوە. سانسۆری سپانیا قەدەغەی کردبوو. لە شارە هەنگدا سێلا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام کاریگەر، ئەو درزە گەورانەی نێوان ڕەوشتی ڕەسمی و واقیعی سارد و سڕی کۆمەڵ باس دەکات. ڕووداوەکانی شارە هەنگ لە بەشە ناوەندەکانی شاری مەدرید، لە ڕۆژانێکی ساردی کۆتایی ساڵی ١٩٤٣دا ڕوودەدەن. کەسانی ڕۆمانەکە یەکجار زۆرن، چەند سەد کەسێک دەبن و زۆربەیان هەژارن، بەڵام - وەک هەمیشە- کەسانێکیش هەن کە دەزانن چۆن بچنە سەرشانی خەڵکی دیکە و خۆ بگەیێننە سەرێ، بەتایبەتی وردە بازرگانان.

دیمەنی زاڵی ڕۆمانەکە بەدبەختی و پێپەستبوونێکی فیزیکی و دەروونییە کە سەرتاپێی کۆمەڵی گرتۆتەوە.



ئەوی بەهێزتر بێ، دەزانێ چۆن ئەم باری نایەکسانییە بەکار بێنێ. لە هەمووان بەدبەختتر ئەو کچۆڵانەن کە بێ دایک و باوکن و لەبەر گەلێ هۆ لە زەلکاوی کۆمەڵگەکەدا گیرساونەوە. شارە هەنگ تا سەرەتای ساڵانی ٦٠یش لە ئەسپانیا قەدەغە بوو.

سێلا ساڵی ١٩٥٢ (خاتوو کاڵدوێل لەتەک کوڕەکەیدا دەدوێ)ی بڵاوکردەوە، کە ڕۆمانێکی، بۆ کاتی خۆی، ئەزموونکارانەیە. ڕۆمانەکە بەناوی کەسی دووهەمەوە نووسراوە و بریتییە لە نامە و سەرنجەکانی خاتوو کاڵدوێل بۆ ئیلیاکیمی کوڕی نووسیوە. کوڕە لە هەلومەرجێکی ناخۆشدا لە زەریای ئێگەدا سەری تێدا چووە و دایکەش ئاخریەکەی دەکەوێتە شێتخانەیەک.

وەکو گەلێ نووسەری دیکەی نەوەکەی خۆی، سێلاش ساڵانی شەڕی ناوخۆ ١٩٣٦-١٩٣٩ وەک خەونێکی ناخۆش یاد دەکاتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆمانەکانی ئەم دواییەیدا. ڕۆمانی (ئێوارە، ڕۆژ و هەفتەی سان کامیلۆ، لە ساڵی ١٩٣٦دا لە مەدرید) ساڵی ١٩٦٩ بڵاوکرایەوە. سێلا ڕۆمانەکەی ئاوا پێشکێش دەکا: «پێشکەشە بەو لاوانەی ساڵی ١٩٣٦ تازە بۆ سەربازی ناونووس دەکران و هەر هەمووشیان سەر و شتیان لەدەست دا؛ ژیان، ئازادی، خەیاڵی خۆش، هیوا، شەرەف. نەک بۆ سەرەڕۆیانی بێگانە، فاشیستان و مارکسیستان، کە بۆ خۆشی و ڕابواردن، خەڵکی ئەسپانیایان وەک کەروێشک دەکوشت و نەدەبوو ئەو مافەیان پێ درابا کە دەست لە کاروباری ئێمە وەردەن.»

(مازورکا بۆ دوو مردوو) ڕۆمانێکی دیکەیە ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکرایەوە. ئەمەیان پڕە لە گان و ترس و مردن. کاتی ڕۆمانەکە ساڵانی شەڕی ناوخۆیە و جێگەش هەرێمی باراناوی و سەوز و خەمباری گالیسیایە کە زێدی سێلا خۆیەتی. هەر ئەمەشە وای کردووە کە نووسەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا لیستێکی درێژی وشە و دەربڕینی گالیسیی بۆ زمانی ئەسپانی تەرجومە دەکات و ڕوونیان دەکاتەوە.

تازەترین ڕۆمانی سێلا ساڵی پار بڵاوکرایەوە؛ (مەسیح بەرەو ئاریزۆنا). ئەمەشیان پڕە لە زەبر و زەنگ و وڕێنە و چیرۆکی ساڵانی ١٨٨٠-١٩٢٠ی ناوچەی باشووری ڕۆژاوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

بێجگە لە ڕۆمان نووسین، سێلا لە بوارێکی دیکەشدا پێشەنگ بوو؛ گەشتنامە، ئەمە ئەزموونی ڕاستەقینەی خۆیەتی. نووسەر کۆڵەکەی داوە بەسەر شانیدا و بە پێ گەلێ ناوچەی وڵاتەکەی گەڕاوە و ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی لە نووسینەکانیدا باس کردووە. «گەشتێک بۆ ئەلکاریا»، ١٩٤٨، بەرهەمی ئەم گەشتانەیە.

ساڵانی پەنجا سێلا دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری پاپێلەس دی سۆن ئارمادانس (Papeles de son Armadans). گۆڤارەکە ساڵی ١٩٧٩ داخرا و تا ئەو کاتە، کە ساڵی بیست و سێهەمی بوو، ٢٧٦ ژمارەی لێ بڵاوکرابووەوە. ئەمە گۆڤارێکی یەکجار دەوڵەمەند و پلەبەرز بوو، و بە گەنجینەیەکی بەنرخ دادەنرێ بۆ کەسێ هەوەسی لە ئەدەبی ئەسپانیایی و ئەمریکای لاتینی هەبێ.

ئێستا، ساڵی ١٩٨٩، سێلا خەریکە ڕۆمانی (دون کیخۆتە)ی سێرڤانتیس بۆ پێشاندانی تەلەڤیزیۆنی ئامادە دەکات.

کامیلۆ خۆسێ سێلا، کە لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا بۆ ئەندامێتیی ئەکادێمیی ئەسپانیا هەڵبژێردرا، نووسەرێکی توانا و فرە بەرهەمە. سەرجەمی نووسراوەکانی دەگاتە نێزیکەی سەد جزمێک، جگە لە ژمارەیەکی یەکجار گەورەی لێکۆڵینەوە و وتاری ڕۆژنامەیی.

هەر لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە سێلا توانیویەتی بە داهاتی نووسینەکانی بژی. ئەو بەوەش ناسراوە کە زۆری حەز بە ژیانی خۆش و ڕابواردنە؛ خواردن و خواردنەوەی چاک و بەتام، تەڕپۆشی و ژن و کچۆڵەی ناسک و لەبار. دیارە بە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل سێلا ژیان و گوزەرانێکی باشتر و خۆشتری بۆ دەڕەخسێ. بەڵام ئایا پێی دەکرێ، هەر نووسەرە بە بڕشت و فرەبەرهەمەکەی جاران بێ، یا نێزیکەی دوو ملیۆن کرۆنی سوێدی پێنووسەکەی لە گۆ دەخا؟!

تا یەکدوو ساڵێکی دیکە ئەمەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. □

ش. شەریێنی

### کورتەچیرۆک

# گولێ[٧]

نوورەددین زازا

گوندی د میڤانخانا رەشۆدە روونشتی بوون و داخافتن. دژمن ژ گوند ب تەنێ قۆناخەکێ دوور بوو، نختا گوندێ (شادی‌یان) د نێزیکدە وێ بکەتا ئاخا باڤ و کالان.

هەرکەس دپۆنژی و ل چارەکێ دگەڕیا.

ئەزمان گرتی بوو، باندەڤەکێ ژ رەشییا شەڤێرە هین بێتر ترس ددا. دڤێ گاڤێدە دەری ب شدەت ڤەبوو؛ قراڵێ چییان، قۆچۆیی پۆلا، ب هەشت مرۆڤێن خوەڤە کەت هوندر. جلێن وان شل بوون؛ ئاڤ د لنگێن وانڕە دهات خوار. گوندییان گشا دا بەر قیڕان: «پۆلایێ کورد، سەرگەڤازێ چیایێن کوردستانێ فەرمۆ!»

لێ قۆچۆ روونەنیشت؛ دنیڤێ ئۆدیدا ما و وەک سەردارەکی ب دەنگەکی خورت و گوڕ گۆتە وان: «گوندینۆ! ئەڤ پانزدە سالن کۆ ئەز گوناهان دکم. خەلکی دکوژم. خەرابی‌یێ دکم. سترانێن من دڤان رێلێن رۆژ نەدیتیدە هاتن گۆتن، لێ ژ دهی ڤردا ژ دەڤێ تو کەسی دەرناکەڤن. بەلکی ژ بۆ مە هەمییان، ئەڤ شەڤ، ل سەر ئاخا وەلێت شەڤا مە ئا داوی‌یێ بە. ژ بۆ ئاڤێتنا گونەهێن خوە ژ سەر خوە من سۆند خوارییە کۆ دژمن ژ وەلێت دەرێخم».

سۆراهییا رڤینا ئاگرێ ئێزنگان د تفکێدە ل دیواران دهەژیان. پۆلا ل دۆرا خوە دنێڕی. چاڤێن وی دچرسین. چل گوندی تەڤدە رابوون و گۆتن: «ئەم ژی سۆند دخون، ئەم ژی ب تەرەنە، پلنگێ کورد!».

د وێ گاڤێدە، ژنشکێڤە دەری ڤەبوو، ژنکەکە زراڤ، نارین و شیرین، وەک پەلەکی دارا بیشەنگێ ل بەر بایی، کەت هوندر و گۆت: «ئەز ژی ب تەرەمە، ئەز ژی مێرێ پۆلا!» گوندییان گشان ب دەنگەکی وەکە کەن کر قیڕ: «گولا قەحبک! گولا بێ نامووس!»

* * *

گولێ ژ گوند بوو. بەری چەند سالان باڤێ وێ ب زۆر ئەو دابوو یەکی. گولێ رۆژەکێ مێرێ خوە کوشتبوو، کەتبوو پێ‌قۆچۆ و ل سەرێ چییان پێرە دگەڕیا. گوندییان ب چاڤەکی نەباش لێ دنێڕین، هەر گاڤ ژێرە دژوون دکرن و دەری‌یێن خوە هەر گاڤ لێ دگرتن. ژ ترسا قۆچۆ نەبوویا بەلکی ئەو دکوشتن. لێ، نە تەحقیرا گوندییان، نەژی تاژانگا قۆچۆ ژ گولێرە ئەڤ رێ نە ددا بەردان. گاڤا قۆچۆ ئەو ددا بەر تاژانگا، گولێ دگوتی: «ل من خە پلنگێ من! ل من خە! هەیا دەستێ تە بوەستە! تو ژینا منی! ئەز گۆڕییا تەمە! بێ تە ئەز نابم!»

دچییاندە ب قۆچۆڕە گەڕ، د شکەفتاندە راکەتن، د بەرفێدە قوفولین، ژێرە بەختیارییەکە مەزن بوو.

* * *

وێ شەڤێ گولێ دیسا دگری، لێ ئیجار نە ژ ئێشا تاژانگا قۆچۆڤا کۆ وەک مارەکی خوە ل بەژنا وێ ئا زراڤ دپێچاند. خەو، قەت نەدکەت چاڤێن وێ. دژمن دێ بکەتا وەلێت... رۆژێن گەشی ژ بۆ وان نە دمان.



هەر تشت دبوو خەیال... دەنگێ تۆپێن دژمن گەلەک نیزک دهاتن بهیستن...، چیایێن قۆچۆ ئێن سەربەست دکەتن دەستێ دژمن... ژنا گوند ئا پیس ل سەر ڤی حالی ب گرین دفکرین. ل چارا خەلاسبوونێ دگەڕیا. دڤی بوو کۆ گوندێ خوە، وەلاتێ خوە، چیایێ خوە و سەربەستییا پلنگێ خوە «قۆچۆ» ژ دژمن بپارێزە. ژنشکێڤە رابوو، تشتەک هاتبوو بیرا وێ. خەنجەرەکە ب شڤ گرت. ژ شکەفتێ دەرکەت. رێیا ئالی‌یێ دژمن گرت و وندا بوو.

* * *

قۆچۆ، ب چل گوندی‌یێن خۆرت و مێرخاسڤە ل پێش دژمن کەمین گرتبوون. هنگوورا شەڤێ بوو. ل سەر چیایێن بلند، نیڤرەش هەیڤەکە سۆر ب دلەکی شکەستی هێدی، هێدی هلدهات. دەنگێ تۆپان هاتبوو برین. پۆلا چاڤێ خوە ل سەر چیایێن خوە، ل سەر وارێن خوە گێڕان و ب کە سەر ل وان نێڕی: وی سۆند خواربوو؛ گونەهێن خوەیێن پازدە سالان وێ ب دەستێ خوە راکرنا، نەهشتا کو دژمن دەربازی تخووبێن وەلێت ببە...

د دلێ وی ئێ پۆلادە ئاگرێ سەربەستی‌یێ پێکەتیبوو. وی تو جاران وەک وێ شەڤێ حەژ کوشتن و هلانینا تۆلا خوە نەکربوو.

دەمەکێ، گولێ هات بیرا وی. وی حەژ ڤێ ژنکێ دکر. ل دۆرا خوە نێڕی؛ لێ گولا خوە یا کۆ وەک سهەکێ ژێ نەدبوو نەدیت. دوێ گاڤێدە نێرەڤانەکێ وان گۆت: «بالا خوە بدن! ژ ئالی‌یێ دژمن یەک تێ».

سها کۆ خوەیا دکر بێ ترس و تەلاش دهات. دەنگەکی شکێن وان راکرن: «ئەڤ گولا قەحبکە!»

گوندییەکی دن گوت: «قەحبکێ ئەم خستن فەخێ! تفنگێ بەردێ پۆلا! ئەو رێبەرییا دژمن دکە!»

قۆچۆ روویێ خوە ترش کربوو؛ برهێن وی لێ گژگژین، کوور ل پێش خوە دنێڕی. وی ژی گۆتنێن گوندییان راست ددیتن. گولێ ل جەم دژمن چ دکر؟ نەخوە جهێ وان شانی دژمن کربوو... قەحبتی کربوو. قۆچۆ دبن رۆناهییا هەیڤا سۆرڕە تفنگا خوە درێژی گولێ کر و گۆت:

– ها ژ تەڕە، گولێ! بەری دژمن بەرکا پێشین پارا تەبە...» بەرکێ وەک قیڕەکێ تارییا شەڤێ چراندن و ئارمانجا خوە ئا زراڤ وەک چارشەڤەکە هەڤریشم راخستە عەردێ.

پشترە قۆچۆ رابوو سەر خوە و ژ گوندییانڕە گۆت: «زووبن هەڤالنۆ! ئەمێ نختا دژمن بگرن!»

چوون. لێ دژمن بێ ل بەرخوەدان رەڤین. کورد کەتن ئاسیگەهێ؛ هەر دەر ڤالا بوو. ب تەنێ د ئۆدە کێدە تشتەکی عەجێب دیتن. سەرێ زابتێ دژمن ژ لاشێ وی هاتبوو برین و مەزەل ب خوین بوو. ل سەر نڤینێ خەنجەرەکە ب خوین دچەرسی.

* * *

قۆچۆ خەنجەر راکر؛ وی ئەڤ خەنجەر دابوو گولێ؟ د کولما زێبت ئا گوڤاشتیدە گورزەک پۆرێن گولێ ئێن زەر پێل ددا.

قۆچۆ کولمکێن خوە گەز کرن و وی پلنگێ کۆ چیا دهەژاندن ژ بۆ جارا پێشین گری و گۆتە گوندییان: «وە ب من گونەهێ پاشێن دا کرن، ژ گولا قەحبکرە مە قەحبتی کر!»

ب دەنگەکی تیژێش، تیژ پۆشمانی و تیژبرین گۆتنا خوە ئا پاشین کر: «گولێ! تە دەینێ خوە دا، تە گونەهێن خوە راکرن! نهۆ دۆرا منە گولێ! گولا منا زەر!»

ب خەنجەرا خویندار وەک بایەکی ژ ئۆدێ دەرکەت، بەرێ خوە دا دژمن و نەما خوەیا کر. □

نوورەددین ئوسف
هاوار، هەژمار ٢٩، سال ٩،
سێشەمب . ١ حزێران ١٩٤١ ل ٨-٩

دکتۆر نوورەددین زازا: نووسەر و نیشتمانپەروەرێکی ناسراوی کوردە. ساڵی ١٩١٩ لە کوردستانی باکوور لە دایک بووە و پاشان بەهۆی خەباتی کوردایەتییەوە ناچار بووە تورکیا بەجێ بهێڵێ و رووبکاتە کوردستانی سووریا. لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری هاواردا یەکێک لە نووسەرە چالاکەکانی بوو. لە هاواردا کۆمەڵێ کورتە چیرۆکی بلاوکردۆتەوە. یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا (١٩٤٩) و یەکەم سکرتێری بوو. هەروەها یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا (١٩٥٧) و یەکەم سەرۆکی بوو. بەهۆی خەباتی سیاسییەوە گەلێ جار بەند کراوە. خوێندنی دکتۆرای لە سویسرا تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە هەر لەوێ دەژیا. ساڵی ١٩٨٢ بیرەوەرییەکانی خۆی بە زمانی فرانسەیی بلاوکردەوە (ژیانی کوردانەی من یا هاواری گەلی کورد). رۆژی ٧/ . ١٩٨٨/١ کۆچی دوایی کرد. □

# لە زیندانەکانی چیاوە

پشکۆ هەڵەبجەیی

## پرس

خۆشەویستم لێم مەپرسە بۆ نازانی؟
کە چۆن بە ڕۆژ تا ئێوارە و
شەوگاریش هەتا بەیانی
ئەم دوو ئێسک و پارچە پێست و
مێشە گیانەی وا لە ناخ و بوونی مندان
هەڵدەقرچێن، لە گوڵخەنی دۆزەخێکی،
جیهانێکی دوور لە تۆدان!
بۆ نازانی،
کە چۆن شیشی ڕاست و چەپی
نێو دەلاقەی بەرزی زیندان
زارۆیەکن، زارگیرکردوو لەسەر هەست و سۆز و ویژدان؟
لێم مەپرسە
بۆچی ئێستا، چاوەکانم هەر بە تەنیا
وێنەی دەرگای ژەنگ لێ نیشتوو و
سەجانێکی کورتەباڵای تیا ڕواوە؟
بۆ نازانی سروشت لێرە
لە نێو دڵی چووار دیواردا بەندکراوە؟
لێرە سرووشت،
نە زستانە، نە بەهارە، نە هاوینە.. نە پایزە!
ئەویش وێنەی دڵی ئێمە
هوزارێکی بەندکراوی مات و زیزە!
خۆشەویستم
ئێرە وڵاتی بێ وەرزە
لێرە ژیان خۆڵەمێشی و مەرگ سەوزە!
لات سەیر نەبێ
ئێستا ڕەنگم زەردە وەک بەی،
وەک زەعفەران
وەک ڕووپەڕی مێژووی کرێت و ڕزیوی بۆرژواکان!
لات سەیر نەبێ،
ئێستاکە من ڕکی زۆرم لە خێڵ و ئێڵی مرۆڤە و
خۆشەویستم بۆ ئاژەڵان
بۆ وانەبم؟
کە ناسنامەی ئینسانیەتم لێ سەنراوە
کراومەتە ئەندامێکی نێو ئاغڵی گەورەماڵان!
خۆشەویستم!
من هەرچی بم
سەوزیی ژین و
دەریای شین و
دنیای بەرینم خۆش دەوێ،
چاوی خۆر و چاوەکانی تۆم خۆش دەوێ!
نەک زیندانی، بشمکوژن...
پلەی عەشقم بۆ ئازادی و
پلەی ڕکم بۆ زۆرداری
ڕووەو لووتکە سەردەکەوێ

زیندانی بەرگەڵوو



## خامە

لە زیندانا
دەستیان بەستم،
چاویان بەستم،
سووکایەتی... شەق و جنێو،
ڕووشاندیان سۆز و هەستم!
لە زیندانا،
لەڕ و لاواز، ڕەنگ و بۆیان پێ نەهێشتم،
برسی و تینوو،
شەرابی مەرگیان پێ چێشتم!
لە زیندانا، خۆمم بینی بە کەساسی،
لە پێش چاوما،
خوایان سەرەوخوار هەڵواسی
لە دەلاقەی زیندانەوە،
گوێم لە شیوەنی ئەستێرە و
گریەی «با» بوو،
مانگم بینی سۆمای چاوی داهاتبوو
هێند گریابوو...!
لە زیندانا،
لە نێو گڕەی کوورەی مانگی خەرمانانا
هەموو ڕۆژێ زەنگۆڵ زەنگۆڵ
دەتوێمەوە لە گەرمانا...
لە زیندانا هەرچی نەشێ،
هەرچی نەکرێ، پێیان کردم
هەر بە تەنیا خامەکەیان لێ نەبردم
خامەم نەبا
بڕوا بکەن! بە دوو مانگانی دەمردم،

هاوینی ١٩٨٦
زیندانی تەنیایی هەڵەدن

## ماچ

لە درزێکی بچووکەوە خۆرم بینی،
گوتم: شەیدای ماچێکی تۆم دەمت بێنە.
بە تیزەوە گوتی: شێتە!
گەر دەتوانی دەرکی ژوورەکەت بشکێنە!

## بقە

ئەستێرەیەکی شۆخ و شەنگ
وەک تازە بووک،
بە لەنجەولار سینەی شەوگاری تەی دەکرد،
هەر کە گەیشتە بەر دەلاقەی چاوکوێر و تەنگ
هەڵەداوان پەلەی دەکرد،
تکام لێکرد:
بە گۆڕێت بم، تاوێ بۆ من بجریوێنە،
هەر بە چپە،
گوتی: ببوورە بقەیە،
منیش بۆ لای خۆت مەهێنە!

زیندانی بەرگەڵوو
١٩٨٧

# گفتوگۆیەک لەگەڵ کوردناسی هۆڵاندی
# مارتین فان بروونەسن - دا

هەوراز
لە ئینگلیزییەوە
کردوویە بە کوردی

** کتێبی «ئاغا و شێخ و دەوڵەت»ەکەت، بە یەکێک لە چاکترین لێکۆڵینەوەکانی کە لەمەڕ کورد و کوردستان نووسراون دادەنرێ. ئایا ئەمە لەبەرئەوەیە کە تازەتر نووسراوە یا لەبەرئەوەی تۆ کۆمەڵێ ئەنجامگیریی تازەت هەڵهێنجاوە؟*

– نووسەر بۆخۆی گونجاوترین کەسێک نییە ئەوە روون بکاتەوە لە کتێبەکەیدا چی باشە و چی سەرنجڕاکێشە. ئەو کەسانەی کتێبەکەی منیان پێ خۆش بوو، پێم وایە، لەبەرئەوە نەبوو کە گەلێ فاکت و بیروڕای نوێم پێشکەش کردووە، بەڵکە لەبەر ئەوەبوو چارەسەرکردنەکە لە هی زۆربەی ئەو کتێبانەی لەبارەی کوردەوە نووسراون جیاواز بوو. زۆربەی ئەو کتێبە تازانەی لەمەڕ کورد دەنووسرێن بە شێوەیەکی سەرەکی باسی بزووتنەوەی کورد و / یا شێوەی جۆربەجۆری چەوساندنەوە، کە بەسەر کورددا دێت، دەکەن. ئەمانە گێڕانەوەی رۆژنامەیین، گەشتنامەن یا گێڕانەوەی مێژووین کە وەسفێکی کرۆنۆلۆژیکی لەمەڕ رێکخراوە کوردییەکان، حکوومەتەکان و ناکۆکییەکان پێشکەش دەکەن. کتێبەکەی من راستەوخۆ باسی ئەم شتانە ناکات، بەڵکە باسی ئەو پرۆسێسانەی کۆمەڵگەی کورد دەکات کە دەبنە پێکهێنەری ئەو پاشخانەی گۆڕانکاریی سیاسی و رووداوەکانی تێدا پەیدا دەبن. من لەبارەی خێڵ و سەرخێڵەکانەوە نووسیومە، لەبارەی شێخەکانەوە – پێشەوایانی دینی – و لەبارەی ئەوەوە کە هەموو ئەمانە بە چ شێوەیەک بە هۆی دانوستاندنەوە لەگەڵ دەوڵەتاندا کاریان تێکراوە، و ئەوەشم پێشان داوە کە چۆن، بۆ نموونە، سەرخێڵانی (طموح) توانیویانە بەهۆی پێوەندیی ژێرەکانەوە لەگەڵ حکوومەتدا، دەسەلات و تەئسیری نەریتانەی خۆیان زیاد بکەن، و چۆن بەهۆی هەندێ سیاسەتی

سالی ١٩٤٦ لە هۆلاند لە دایک بوومە. ماتماتیک و فیزیکی تیۆریم خوێندووە و پاشانیش ئەنترۆپۆلۆژی، لە خوێندنگەی بەرزدا دەرزی ماتماتیکم وتۆتەوە. دواتر لە بەشە کوردستانەکانی ئێران، عیراق، تورکیا و سووریا، سالانی ١٩٧٤ – ١٩٧٦ لێکۆڵینەوەی مەیدانیم کردووە. پلەی دکتۆرام لە زانستی کۆمەڵایەتیدا وەرگرتووە و تێزەکەم (ئاغا و شێخ و دەوڵەت: دەربارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان) – ئوترێخت ١٩٧٨) ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو. بەشێوەیەکی فراوان، لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا گەڕاوم و گەلێ جار سەری کوردستانم داوە. سالانی ١٩٧٩–١٩٨٠ لە ئەنستیتوتی زمان و فەرهەنگی تورکی، زانستگەی ئوترێخت کارم کردووە و خەریکی توێژینەوەی مێژووی عوسمانی بووم. لە سالی ١٩٨١ەوە بە زۆری لەگەڵ ئیندۆنیسیادا خەریکم و وەک لێکۆڵەرەوە لە ئەنیستیتوتی پاشایانەی زمانناسی و ئەنترۆپۆلۆژی، لە لیدن، دامەزراوم. دوو سالم لە ئیندۆنیسیا بردە سەر، بەڵام هەوڵ دەدەم بەردەوامیش بکەومە پەیجۆری گۆڕانکاری و رووداوەکانی کوردستان و رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش بە گشتی.

مارتین فان بروونەسن.



حکوومەتەوە جۆرێک فەرمانداری کورد لەناوچوون و لەپڕ شێخەکان وەک سیاسەتمەدار جێگەی ئەوانیان گرتەوە و تەنانەت بوونە نەتەوەپەرستانی پێشی پێشەوە. لەم پاشخانەدایە کەوا پێ دەچێ تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی کورد لەپڕ نەخش و نیگاری خۆی وەدەست دێنێ: دەبینین گەلێ لایەنی سیاسەتی خێڵەکی «نەریتانە» لە بزووتنەوەی کورددا دووبارە دەبنەوە. بێگومان سەرلەبەری چیرۆکەکە ئەمە نییە؛ سیاسەتی نەتەوەیی کورد هەروا سووک و ئاسان بەردەوامیی سیاسەتی خێڵەکیی کۆن نییە. بەڵام من هەوڵم داوە ئەوە پێشان بدەم کە ئەم قاڵبانە، ئەم نەخشە کۆنانە چەند چەسپ و قایمن، و بەڕاستی هێشتاش رۆڵێکی گرنگیان هەیە؛ لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵم داوە وەرامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزمەوە کە چۆن و لە چ هەلومەرجێکدا هەڵوێستێکی خێڵەکی جێگە بۆ هۆشیاریی نەتەوایەتی و چینایەتی چۆڵ دەکات.

** لەم بیست ساڵەی دواییدا لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی لەبارەی کوردەوە زۆر کەمە. چییە، ئەنترۆپۆلۆژەکان ئیدی لەم گەلە بێزار بوونە؟!*

– کەمبوونی لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیکی تازە لەبارەی کوردەوە، بێگومان، راستەوخۆ پێوەندیی بە باری سیاسییەوە هەیە. ئێستاکە ناکرێ مرۆ ئیزن وەدەست بێنێ بۆ هیچ جۆرە توێژینەوەیەک لەهیچ یەکێک لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. من خۆم بەشی زۆری توێژینەوەی مەیدانیی خۆمم لە کوردستان لە سالانی ١٩٧٤–١٩٧٦دا کرد. ئەوەش قۆناخێک بوو کە بە راژە ئاسان بوو مرۆڤ لەو پارچانەدا سەفەر بکات. ئەو ئیمکانییەتە ئیدی نییە و سەرەڕای ئەوەش حکوومەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق گەلێ زیاتر لە کوردەکان دەترسن تا دەساڵێ لەمەوبەر و حەز ناکەن رێگە بە چاودێری بێگانە بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لێکۆڵینەوەی تازە هەبوون و ئەگەر ئەوی بیستوومە راست بێت بڕێکی دیکەش بەم نزیکانە بلاودەبنەوە. بێگومان بە تەنیا کوردستان نییە کە خەریکە بۆ ئەنترۆپۆلۆژەکان (ی رۆژاوا) زەحمەت دەبێ توێژینەوەی تیا بکەن. گەلێ وڵاتی ئاسیا و ئەفریقا، لەبەر گەلێ هۆ، سنووری خۆیانیان لە ئەنترۆپۆلۆژانی بێگانە داخستووە. یەکێ لەو هۆیانەی کە زۆرجار باس دەکرێ ئەوەیە کە ئەنترۆپۆلۆژی بۆخۆی نموونەی پلانی ئەمپریالیستییە و ئەنترۆپۆلۆژەکان – پێی بزانن یا نەزانن– سیخوڕ و ئاژانی ئەمپریالیزمن. ئەو راستییەش کە ئەنترۆپۆلۆژانی ئەورووپایی کە لێکۆڵینەوە لەمەڕ گەلانی ئاسیا و ئەفریقا دەکەن لە هی ئەو گەلانە خۆیان گەلێ زۆرترن، ناکرێ، بێگومان، لە پێوەندیی نایەکسانی نێوان ئەورووپا و ئەو دوو کۆنتینێنتە جیا بکرێتەوە.

** چۆن بوو وا هەوەست پەیدا کرد بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی کورد و مەسەلەی کورد؟*

– ئەوە چیرۆکێکی دوور و درێژە. وابزانم بەوە دەستی پێکرد کە کاتێ خوێندکار بووم لە پشوودانەکاندا، بەسەفەر دەچوومە رۆژهەلاتی نێوەڕاست، بەو شێوەیەی کە دەستمان بۆ ماشێنی ئەم و ئەو هەڵدەبڕی تا سوارمان بکەن hitch-hike. چیا بەرز و سەختەکانی کوردستان خەیاڵمیان رادەکێشا (بۆ خۆت دەزانی ئێمە لە هۆلاند چیامان نییە) و ئەو کوردانەی چاوم پێیان کەوت خۆشم ویستن. دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێب لەبارەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستەوە بەگشتی، و هەندێ کۆرسی ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیم لە زانستگەکەم خوێند. ئەمە لە کۆتایی شەستەکاندا بوو. ئەوە سەردەمێک بوو وا پێدەچوو هەموو کەس حەزی لە سیاسەت دەکرد و زۆرمان چەپڕۆ بووین. موناقەشەی باس و خواسی ئەمپریالیزم و شۆڕش، ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزمان دەکرد. هاودەردیمان دەردەبڕی دەگەڵ خەباتی گەلی ڤیێتنام و کۆلۆنییەکانی پورتوگالدا کە دوا شەڕی دژی کۆلۆنیالیزمیان دەکرد و دەگەڵ فەلەستینییەکاندا و زوفارییەکان (ظفّار) لە عوماندا. کوردیش لەو سالانەدا دەجەنگان، بەڵام وا پێدەچوو ئەوان لەودیوی پەرژینەکەوە بن، و وا دیار بوو هێزی کۆنەپەرست بزووتنەوەکەیانی کۆنترۆڵ دەکرد. چاوم بە گەلێ کورد کەوتبوو، و ئاگاداری ئەو چەوسانەوەیە بووم کە لە بەشی جیاوازی کوردستاندا دووچاری دەبوون و خۆیشم هەستم بە هاودەردییەک دەگەڵ کورداندا دەکرد، ئەگەرچی لەگەڵ بیری سیاسیی پارتییەکانیاندا نەبووم، ئەمە وای لێکردم هەست بکەم دەمەوێ زیاتر لە ناسیۆنالیزم و بە تایبەتی لەوە تێبگەم بۆچی هەندێ بزووتنەوەی نەتەوایەتی (ئەوانەی «پێشکەوتنخواز») لەوانی دیکە جیاوازن. لەبەر ئەمە بوو ویستم لە کۆمەڵگەی کورد بکۆڵمەوە، تا بزانم ئایا

دەتوانم ئەوە بدۆزمەوە کە بۆچی بزووتنەوەی کورد ئاوایە. ئێستا کە بەم جۆرە باسی دەکەم زۆر سیستەماتیک و زۆر هۆشیارانە دێتە بەرگوێ؛ هەروەها پاڵپێوەنەری دیکەش هەبوون بۆ ئەوەی کورد هەڵبژێرم بۆ لێکۆڵینەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی راکێشانێکی زۆر رۆمانتیکی و شەیدا بوونی ئەو «کوردستانی کێوی»یەی لە خەیالی ئەوروپاییدا هەبوو[1].

** تۆ لەسەرەتادا لە روانگەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیکەوە دەستت دایە توێژینەوە لەبارەی کوردەوە، کەچی ئێستا زۆرتر خەریکی لێکۆڵینەوەی لایەنی سیاسیت، ئایا هۆی ئەمە سروشتی تایبەتیی مەسەلەی کورد خۆیەتی؟*

– نا، ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە سروشتی مەسەلەی کوردەوە نییە. من پێشتریش هەر ئەو هەوەسەم لە بزووتنەوەی کورد هەبوو. بەڵام دوای توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیی کوردستان، وا پێدەچوو شتێکی سروشتی بێت کە بەردەوام وەدووی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکەش بکەوم و لەسەریشیان بنووسم. توێژینەوەی ئەم چەند ساڵەی رابوردووم زۆر لەبارەی گۆڕانکاریی تازەی سیاسییەوە نەبووە. بەڵکە لەبارەی مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابوریی کوردستانەوە لە سەدەی شازدە بەدواوە بووە. هیوادارم ئەنجامی یەکەمی ئەوکارە ساڵی داهاتوو بڵاوبکرێتەوە.

** گەلێ سیاسەتمەداری ئەوروپایی پێیان وایە داواکردنی دەوڵەتی نەتەوایەتی بۆ کورد، هەر نەبێ لەم رۆژەدا، کارێکی «واقیعبینانە» نییە. کێ دەرزی مێژوو بە هەڵە تێگەیشتووە، سیاسەتمەدارانی کورد یا سیاسەتمەدارانی ناکورد؟!*

– لەم خاڵەدا من بیرورام جیاوازە لە هی دۆستانی کوردم. من نازانم چۆن لە دابەشبوونی ئەمڕۆی جیهاندا ئیمکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد هەیە – مەگەر تێکچوونێکی گەورەی وەکو شەڕی یەکەمی جیهانی سەرتاپێی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بهەژێنێ. هیچ کام لە دوو زلهێزەکان یارمەتیی دامەزرانی دەوڵەتێکی ئاوا نادەن. لەوەش بترازێ دەترسێم دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، بە پێویست، لە بەرژەوەندی گەلی کورددا نەبێ. لە دەوڵەتێکی ئاوادا کێ دەبێتە چینی فەرماندار یا گرۆی فەرماندار؟ ئەگەر تەماشایەکی دوژمنایەتیی توند و تیژی ئەمڕۆی ناو رێکخراوە جیاجیاکانی کورد بکەین، لەوەیە وێنەیەکی ئەو گۆمی خوێنەمان بێتە پێش چاو کە لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات لە کوردستانی سەربەخۆدا پەیدادەبێ. وڵاتەکە بە دەوڵەتانی نەیار چواردەوری دەگیرێ و کورد خۆیان لە گەلانی هاوسێ؛ تورک و فارس و عارەب، دادەبڕن. لە رووی ئابورییەوە ئاوها دەوڵەتێک بە زەحمەت دەتوانێ بژی، چونکە هەموو بازرگانییەک دەبێ بەناو خاکی دەراوسێکاندا تێپەڕێ و زۆربەی ئەمانەش دۆست نابن. بە بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەوەیە لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی، وەک ئێستا هەیە، رزگارت ببێ، بەڵام بەلای منەوە زۆر وا پێ دەچێ کە لە وڵاتێکی وادا نایەکسانیی ئابووری زۆر لە هی ئەمڕۆ زەحمەتتر بێت. ئەوجا ئەو ملیۆنان کوردەی لە شارانی وەک ئەنکەرە، ئەستەموول، بەغدا و تاران دەژین چ لێ دەکەی؟! دەزانم ئەم قسانە گەلێ جار لەلایەن تورک و عارەب و فارسەکانەوە بە کورد وتراون، و زۆربەی جاریش لە سۆنگەی شۆڤێنیستانەوە. هەروەها ئەوەش چاک تێدەگەم بۆچی کاردانەوەی هەستکارانە (عاطفی)ی ئەمانیش گەلێ جار زیاتر جیابوونەوە خوازانە دەبێ. من ناڵێم بە کورد بگوترێ نابێ داوای سەربەخۆیی بکەن– ئەوە کاری خۆیانە، کەسیش ناتوانێ پێیان بڵێ مافی ئەوەیان نییە داوای ئاوها بکەن– بەڵام من پێم وایە ئەمە داواکارییەکی زۆر ژیرانە نییە. بێجگە لەوەش، من لەو باوەڕەدام کە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد هەر بە تەواوی ئیمکانی نییە. وابزانم زۆربەی سیاسەتمەدارانی کوردیش ئەمە چاک دەزانن. ئەو کەمەی باسی سەربەخۆیی دەکەن یا چاویان فاکتەکان نابینێ یا دەیانەوێ کەسانێ کە وەدوویان کەوتوون بۆ نیازی دیکە بەکاربهێنن. ئەو سەرکردەیەی بە پیرۆزیانی خۆی دەڵێ بۆ سەربەخۆیی بجەنگن شان دەداتە بەر بەرپرسیارییەکی زۆر گران: ئەو دەزانێ گەلێ گیانی کورد دەکاتە قوربانی – بۆ هیچ، یا بەلای کەمەوە بۆ شتێک نییە کە سوودی گەلی کوردی تێدا بێ.

(1) بەناو کوردستانی کێویدا Durchs Wilde Kurdistan : ناوی کتێبێکی زۆر ناوداری نووسەری ئاڵمان «کارل مای ١٨٤٢-١٩١٢»ە.



** دەڵێن ساڵی ١٩٧٥ نوختەی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کوردستاندا! تۆش لات وایە راستە؟ ئەی قۆناخی تازە ناو دەنێی چی؟!*

– نوختەی وەرچەرخان؟ لەوەیە، تا رادەیەک، لە مێژووی کوردستانی عێراقدا وابێ. بەڵام بێگومان کوردستان زۆر لەوە گەورەترە. لە سەرەتادا وا پێ دەچوو کە سیاسەتی کوردی جارێکی دی وا نابێ، کە دوا ئەزموونی بارزانی سەرنەکەوت و بزووتنەوەکە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، ئیدی لەوە بەدواوە زۆر جیاواز دەبێ. ئێستا تێدەگەین کە بە راستی زۆر شت نەگۆڕاوە. هەموو ئەو هەڵانە و تەنانەت ئەو تاوانانەی کە بارزانی پێی تاوانبار دەکرا، جارێکی دیکە لەلایەن هەندێ رێبەری کوردەوە دەکرێ.

نا، ئەگەر دەتەوێ نوختەی وەرچەرخان ببینی، رەنگە ساڵی ١٩٨٠ وەربگری چاکتر بێ، چونکە ئەوە ساڵی تراژیدی گەورە بوو بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان. لەو ساڵە بەدواوە تا ئەمڕۆش بار و دۆخەکە هەر خراپتر بووە. کودەتاکەی تورکیا لێدانێکی گەورە بوو وەگیانی بزووتنەوەی کورد لە تورکیا کەوت و هەموو مافە فەرهەنگییەکانی هەڵوەشاندنەوە، ئەو مافانە ئەگەرچی هەرگیز بە رەسمی دەستەبەر نەکرابوون بەڵام لە ساڵانی لیبرالی ١٩٧٥-٧٨دا کەم تا زۆرێک تەحەممول دەکران، شەڕی نێوان ئێران و عێراق مەرگ و وێرانیی زێتری بۆ کوردستان هێنا و وای لێ هاتووە پیاو بە زەحمەت دەتوانێ بزانێ رێکخراوە جۆربەجۆرەکانی کوردستان لەو ناوەدا بۆ بەرژەوەندی کێ شەڕ دەکەن... عەمەلیاتی سەربازیی سێ رژێمەکە هەر یەکە لە بەشە کوردستانی خۆیدا ئەوپەڕی خویناوی بوون. هیچ زێدەڕۆیییەک لەوەدا نییە ئەگەر بڵێین هەلومەرج بۆ کوردەکە بەگشتی – لە شەڕی یەکەمی جیهانی بەدواوە هەرگیز هێندەی ئەمڕۆ – خراپ نەبووە. ئاسۆی پاشەڕۆژیش زۆر هیوا نەبەخشە.

ئێستا بۆ گەلێ کەس روون دەبێتەوە کە ئەو ستراتیژیایەی رێبەرانی کورد لە ساڵانی رابوردوودا گرتبوویانە پێش شتێکی زۆریان ئەنجام نەداوە بۆ چاکترکردنی بارودۆخی گەلی کورد.

تاکە نیشانەیەکی پۆزەتیڤ و هیوابەخش کە من دەیبینم ئەوەیە کە زۆر کورد دەستیان پێ کردووە پرسیار لە خۆیان دەکەن هەڵەی ئەم ستراتیژیایە چی بوون، یا بۆچی بە هەڵەدا چوون.

** تۆ یەکێکی لەو زانا ئەوروپایییە زۆر کەمانەی کە زمانی کوردی، بە هەردوو زاراوە سەرەکییەکانییەوە دەزانن. ئەدەبی کوردی چۆن دەبینی؟!*

– (لەمەڕ ئەدەب)، ناوێرم چ شتێک لە بارەی ئەدەبی سۆرانییەوە بڵێم، کە بە زەحمەت دەیزانم. ئەو ئەدەبە لە ئەدەبی کورمانجی هەلی زۆرتری بۆ هەڵکەوتووە تا گەشە بکات و وا دیارە هەر نەبێ هەندێ بەرهەم نرخێکی هونەرمەندانەی گەورەتری لە زۆربەی بەرهەمەکانی کورمانجی هەیە. لە گۆشەنیگایەکی تەنیا ئەدەبییەوە، ئەدەبی کورمانجی زۆر سەرنجڕاکێش نییە، کەمێکی ریزپەڕ (استثناء) نەبێ وەک مەلایێ جزیری. من ئەدەبی کوردی لەبەر هۆی سوسیۆلۆژی دەخوێنمەوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردم نیشان دەدات، نەک لەبەر چۆنایەتییە ئەدەبییەکەی. ئەدەبی تورکی، فارسی و عارەبی لە پلەیەکی بەرزتردان. بەڵام ئەوە هێندە گرنگ نییە: گرنگ ئەوەیە کە هەر هەیە. ئێمەش لە زمانەکەی خۆماندا کە هۆڵەندییە (دەچ)، گیروگرفتێکی هەر ئاوامان هەیە. ئەدەبی هۆڵەندی ناکرێ لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزی/ ئەمریکایی، ئاڵمانی یا فرانسیدا بەراورد بکرێ و من ئەدەبی بێگانە زۆر لە ئەدەبی هۆڵەندی زیاتر دەخوێنمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبی هۆڵەندی ئەو رۆڵە فەرهەنگییە گرنگەی هەیە کە زمانەکە پێش دەخات، هەمیشە بیر و ئایدیا بە شێوەیەکی تازە دەردەبڕێ و بەمەش بیرکردنەوەمان دێنێتە جۆش. تەنیا بە خوێندنەوەی ئەدەبەکە ئەمن دەتوانم شێوەی دەربڕینی خۆم پێش بخەم؛ هەتا چاکتریش دەسەڵاتم بەسەر زمانەکەی خۆمدا بشکێ دەتوانم روونتر بیر بکەمەوە. بێگومان ئەدەبی کوردیش هەر ئەو رۆڵەی بۆ خەڵکی کورد هەیە و تەنانەت لە رووی تیۆرییەوە رۆڵی ئەدەب لێرەدا رەنگە زۆر گرنگتر بێ، چونکە زمانەکە– لە ئەنجامی هەلومەرجی سیاسیدا– زۆر گەشەنەکردووە[2].

(٢)– گەشەنەکردوومان بەرانبەر بە Underdeveloped ی ئینگلیزی بەکارهێناوە. ئەمە دەربڕینێکی زۆر سەلار و لاستیکئاسایە ئەوروپایییەکان بۆ ناوبردنی جیهانی سێهەم و وڵاتانی پێشنەکەوتوو یا دواکەوتوو بەکاری دێنن. بە عارەبی بەو وڵاتانە دەگوترێ «البلدان النامیة» و بە فارسیش «کشورهای عقب افتاده». هەر ئەو ناوە بۆ دیاردە و لایەنی جۆربەجۆری جیهانی سێهەمیش (لێرەدا زمان) بەکاردەبەن.

لەبەرئەوە شتێکی زۆر چاکە گەلێ نووسەری کورد کە لە دەرەوە دەستیان کردۆتە بلاوکردنەوەی کتێب بە زمانی کوردی، هیواش وایە زۆری دیکەی بە دوودا بێت و ئەم کتێبانە چاکتر لەنێو کوردەکانی ئەورووپادا بلاوبێتەوە. داخوازیی سەرەکی لەم کاتەدا دەبێ ئەوەبێ کە ئەم کتێبانە بە زمانێکی روون و جوان بنووسرێن؛ پاشتر، کە بەرهەمی ئەدەبی زیاد دەبێ، دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە داخوازیی بەرزتر لەمەڕ چۆنایەتیی ئەدەبی بکرێ.

** ئەحمەدی خانی لە سەدەی شانزدەدا باسی دەولەتێکی نەتەوایەتی بۆ کوردی کردووە. ئەو دەمە هیچ کەسێ، چ کورد و چ ناکورد، پێش خانی شتی وای نەگوتووە. ئەمە چۆن لێک دەدەیەوە؟!*

– ناسیۆنالیزمی ئەحمەدی خانی لە رادەبەدەر مۆدێرن دێتە بەرگوێ، ئەوە راستە. بەلام پێم وایە لێکدانەوەکەی تۆ وادەکا کە هەر زۆر مۆدێرنتر لەوەش کە بە راستی بووە، بێتە بەر گوێ[٣]. من پێم وایە، خانی باسی نەتەوەی کورد و دەولەتی نەتەوایەتیی کوردی نەکردووە. ئەو داوای دەولەتێکی کوردیی نەکردووە، بەلکە پاشایەکی کورد! کە باسی کورد دەکا من وای لێ تێدەگەم کە ئەو مەبەستی تەنیا میرەکانی کوردە. چەمکی ئەو زۆر لە چەمکی شەرەفخان کە نێزیکەی سەد سال پێش مەم و زینی خانی شەرەفنامەی نووسیوە جیاواز نییە. شەرەفنامە، وەکوو هەندێ کەس جارویار باسی دەکەن، مێژووی کورد نییە، بەلکە مێژوویەکی بنەمالە فەرمانداره‌کانی کوردە. نووسەر وازێکی زۆر کەم، یا هەر هیچ وازی لە ئاپۆڕەی کوردەکە نییە. هەندێ لەم بنەمالانە دەولەتی گەورەیان دامەزراندووە و حوکم کردووە. خانی شکاتی ئەوەی دەکرد کە سەرداره کوردەکانی شارەکەی هەموو غولامی گوێرایەلی عوسمانییەکان یا فارسەکان بوون. لە شەڕەکانی عوسمانی – فارسیدا، وا رووی دەدا کە هەندێ ئەندامی بنەمالەیەکی فەرمانداری کورد لەگەل لایەنێکدا شەڕیان دەکرد و ئەندامی دیکەی هەر ئەو بنەمالەیە لەگەل لایەنەکەی دیکەدا. رەنگە ئەمە یارمەتی بدات بۆ لێکۆلینەوەی ئەوەی بۆچی خانی ئاواتی خواستووە یەکێ لە میرە کوردەکان (لەوانەیە میری بۆتان) ببێتە سەرداری کوردستان و رەنگە ناوچەیەکی بڕێک فراوانتریش، بۆ ئەوەی کوردستان چیدی لەلایەن لەشکرە شەڕکەرەکانی ئیمپراتۆرییەکانی دەراوسێوە پێپەست نەبێ.

** تۆ دابەشبوونی ناو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد دەگەڕێنیتەوە بۆ ژیانی خێلایەتی لە کوردستاندا، بەمەش، وا بزانم، گەلێ فاکتۆری دیکە پشت گوێ دەخەیت. ئەو گۆشەنیگایەی لە کتێبەکەتدا پێشکەشت کردووە، هیچ گەشەت پێ داوە، یا هەر وەک خۆیەتی؟!*

– تۆ نابێ کتێبەکەم وەک لێکۆلینەوەیەکی بزووتنەوەی کورد تەماشا بکەی، بەلکە وەک چۆن ناونیشانەکە پیشانی دەدات: لێکۆلینەوەیەکە لەمەڕ ئاغا (سەرخێلەکان)، شێخ (سەرکردەکانی ئایینی) و دەولەتان و رۆلیان و کاریگەرییان لە کۆمەلگەی کوردیدا. من نموونەم پێشان داوە کە چۆن فاکتۆری خێلایەتی و دینی هەندێ جار بە شێوەیەکی گەورە و بەرچاو کاریان کردۆتە سەر بزووتنەوەی کورد. من نیازی ئەوەم نەبووە بلێم فاکتۆری دیکەش لە ئارادا نەبووە، بەلکە تەنیا ئەوە پێشان بدەم کە ئەمانەی پێیان دەگوترێ فاکتۆری نەریتانە ئێستاش زۆر پێوەندیدارن بە بزووتنەوە «مۆدێرن»ەکانەوە... بە سەرنجدانی بزووتنەوەی کورد لە ماوەی دە سالی رابوردوودا، ئەمن هەمیشە ئەوە زیاتر کارم تێ دەکا کە چەندە ئاکار و هەلسوکەوتی سەرکردە سیاسییەکانی کورد لە هی ئەو سەرۆک خێلە گەورە و سەرکەوتووانە دەچێ کە لێکۆلینەوەم لە بارەوە کردوون. ئەمە پێویست ناکا ئەوە بگەیێنێ کە ئەم سەرکردانە کۆنەباون یا دواکەوتوون؛ تا رادەیەکی زۆر وا پێدەچێ ئەمە کۆمەلگەی کوردە وایان لێ دەکا ئاوا هەلسوکەوت بکەن، چونکە بۆیان دەردەکەوێ کە ئەمە چاکترین رێگەیەکە بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتن لەم کۆمەلگەیەدا.

** ولاتێک داگیرکراوە و گەلێک دەکوژرێ و قەلاچۆی تێ دەخرێ (کوردستان و کورد)، بەلام هیچ زلهێزێک و هیچ هێزێکی دیموکرات و نادیموکرات نایەوێ هەر نەبێ ئەم بارە مەحکووم بکات. وادیارە بۆنی نەوت لە بۆنی خوێن توندترە!*

– تەنانەت کە پۆل پۆت-یش ولاتەکەی خۆی، کەمپۆچیا،ی وێران دەکرد و قڕانی تێ خستبوو، چەند ولاتێکی زۆر کەم هەبوون کە بیانەوێ مەحکوومی بکەن. کە ڤیێتنامییەکان پۆلپۆتیان رماند، بە شێوەیەکی فراوان بە ناوی داگیرکەری بێگانەوە مەحکووم کران، ئەگەرچی گەلێ هۆ هەبوون بۆ ئەوەی وەک رزگارکەر تەماشا بکرێن. حکوومەتی هەموو دەولەتەکان لەسەر ئەوە رێک کەوتوون کە دەست لە کاروباری ناوخۆی یەکتر وەرنەدەن، هەر نەبێ بە ئاشکرا نەیکەن. کوردستان وەک ولاتێک تەماشا ناکرێ، بەلام تورکیا و ئێران و عێراق دەولەتن. لە سەرتاسەری ئاسیا و ئەفریقادا سنووری نێوان کۆنە کۆلۆنییەکان تەواو ناسروشتین و رەنگە بلێم هەر ولاتێک گیروگرفتێکی هێشتا سەرهەلنەداوی لەگەل کەمە نەتەوایەتیی نێو سنوورەکانیدا، یا لەگەل هاوسێکانیدا کە داوای بەشێک لە خاکەکەی دەکەن، هەیە. لەبەرئەوە هەموو ئەم ولاتانە بەرژەوەندیکیان لەوەدا هەیە کە هەموو سنوورەکانی خۆیان چۆنن هەر وایان بهێلنەوە. لەوەیە مەسەلەی کوردستان بڕێک ئالۆزکاوتر بێت بەهۆی نەوتەوە، بەلام تەنیا لەبەر نەوتەکە نییە، بەلکە زۆرتر لەبەر جێگەی ستراتیژیکی تورکیا و ئێران و عێراق کە هێزە گەورەکان لە هەلسوکەوت و نێزیکبوونەوەیاندا لەم ولاتانە زۆر وریان. هیچ بەرژەوەندیکی ئابووری و سیاسیی وان بەهۆی بەرزکردنەوەی مەسەلەی کوردەوە خزمەت ناکرێ، دەی جا کەواتە بۆ دەبێ بیکەن؟ تۆ پێت وایە سیاسەتی نێونەتەوایەتی (جیهانی) هیچ پێوەندیکی بە رەوشت (اخلاق)ەوە هەیە؟! بەلای حکوومەتەکانی ناوچەکە و هێزە گەورەکانەوە، کوردەکان تەنیا بۆ یەک شت باشن: ببنە سەربازی شەترەنج (داشی دامە) لە گەمەی دەسەلاتدا. ئەگەر هەمیشە ئاسان بووە کوردی وا پەیدا بکرێن کە ئامادە بن بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێن، ئەی ئەمەشیان هەلەی کورد خۆی نییە؟


> *بە سەرنجدانی بزووتنەوەی کورد لە ماوەی دە سالی رابوردوودا، ئەمن هەمیشە ئەوە زیاتر کارم تێ دەکا کە چەندە ئاکار و هەلسوکەوتی سەرکردە سیاسییەکانی کورد لە هی ئەو سەرۆک خێلە گەورە و سەرکەوتووانە دەچێ کە لێکۆلینەوەم لە بارەوە کردوون.*


ئەگەر دەتەوێ حکوومەتەکانی ئەورووپا هەلوێستێکی دیکەیان لە کورد هەبێ، ئەمە تەنیا بەوە دێتە دی کە رای گشتی تەیار بکرێ، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو شتانەی کە کورد زۆر خراپ بوونە تێیدا. وا پێ دەچێ زۆربەی کورد وا هەست دەکەن ئەورووپاییەکان دەبێ هەوەسیان لە گیروگرفتی ئەوان هەبێ و گلەیی و گازندی ئەوە دەکەن کە ئاوا نین. بەلام تەنیا کاتێ دەتوانن وایان لێ بکەن هەوەسیان هەبێ، کە پێشەکی فێربن چۆن لە ئەورووپاییەکان نێزیک دەبنەوە و چۆن بە شێوازێکی ئەورووپایی دانوستاندنیان لەگەل دەکەن. زۆربەی ئەونامیلکە و کتێبۆلکانەی کورد بۆ خوێنەرانی ئەورووپایی بەرهەم دەهێنن بە شێوەیەکن کە بە هیچ جۆرێ ئەورووپاییەکان راناکێشن. پێوەندیی گشتیی کوردەکان و نێوانیشیان لەگەل رۆژنامەکاندا و... هتد، زۆر نابەکارە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو ئەورووپاییەی دەیەوێ شتێکی زۆرتر لە بارەی هەلومەرجەوە بزانێ، چاوی بە نوێنەری کۆمەلێ رێکخراوی جیاواز دەکەوێ کە لەگەل یەکدا ناکۆکن.


> *بەلای حکوومەتەکانی ناوچەکە و هێزە گەورەکانەوە، کوردەکان تەنیا بۆ یەک شت باشن: ببنە سەربازی شەترەنج (داشی دامە) لە گەمەی دەسەلاتدا. ئەگەر هەمیشە ئاسان بووە کوردی وا پەیدا بکرێن کە ئامادە بن بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێن، ئەی ئەمەشیان هەلەی کورد خۆی نییە؟*


کوردی ئەورووپا دەبێ فێربن کە ناحەزیی بچکۆلە بخەنە لاوە لە پێناوی بەرژەوەندی مەسەلەی کورددا بە

(٣)- لێرەدا م. بروونەسن پەنجە بۆ لێکۆلینەوەکەی ف. شاکەلی رادەکێشێ لەمەڕ «کوردایەتی لە مەم و زینی خانیدا» کە سالی ١٩٨٣ پێشکەشی کردووە.

گشتی و هەوڵبدەن (لۆبی)[٤]یەک پێک بێنن. ئەوە دەتوانێ کار بکاتە سەر رای گشتی و ببێتە هۆی پەیدابوونی دەمەتەقێ و دووان لەمەڕ کێشەی کورد.

** نیازت هەیە لەسەر توێژینەوەکانت لەمەڕ کورد و کوردستان بڕۆی؟! زۆرتر لە چ لایەنێک دەکۆڵیتەوە؟*

– بەڵێ، ئەم چەند ساڵەی رابوردوو لەسەر سەرچاوە مێژوویی‌یەکانی عوسمانی کارم کردووە، بە نیازی بردنەوە سەریەکی مێژووی کۆمەلایەتی و سیاسیی کوردستان لە ..١٥٠وە تا ..١٩. یەکێ لە سەرچاوە هەرە گرنگەکان سەیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبییە کە گەڕۆک (گەشتکار)ێکی تورک بووە، ساڵانی ١٦٥٥ و ١٦٥٦ کاتێکی زۆری لە کوردستان بردۆتە سەر و سامانێکی زۆری زانیاریمان لەمەڕ هەموو لایەنەکانی ژیانی سەردەمی خۆی دەداتێ. لەگەڵ هەندێ هاوکاردا، بەشێکی ئەم تێکستەم بۆ چاپ ئامادە کردووە[٥]، لەگەڵ تەرجومە و پەراوێز و پێشەکییەکی درێژدا و ئێستاش خەریکی بەشەکانی دیکەم. پرۆژەیەکی دیکەی، کە کارم لەسەر کردووە لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوایەتیی کورد و بیر و ئایدۆلۆژیی دیکەی سیاسی لە کوردستاندا لەم سەدەیەدا. هیواداریشم لە داهاتوودا کاتم هەبێ بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ئەو بیروباوەڕە دینییانەی لە کوردستانی خواروو، بە تایبەتی لە شارەزوور، لە سەدەکانی رابوردوودا گەشەیان کردووە. شارەزوور لە مێژووی بیر (ئایدیا) لە کوردستاندا جێگەیەکی تایبەتیی هەیە. شارەزوور نەک تەنیا ناوەندێکی گرنگی سۆفیزمە، کە دەشزانین بەشێ لە شێخە هەرە گرنگەکانی کوردستان خەڵکی ئەوێن، بەڵکە تاقمی زۆر و زەبەندی هێترۆدۆکس[٦]–ی وەک ئەهلی حەق و حەقەکانیش هەر لەوێوە گەشەیان کردوە. □

ئەم گفتوگۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥دا بۆ گۆڤاری (ژۆرناڵی سوێدی – کوردی Svensk-Kurdisk Journal ) ئامادە کراوە، هەر لەبەر ئەو هۆیەش بروونەسن لە وەرامەکانیدا بە زۆری بۆ خوێنەرانی سوێدی دەدوێ. لە نامەیەکدا کە وێڕای وەرامەکان بۆ سەرنووسەری گۆڤارەکەی ناردووە، ئاوای نووسیوە:

«ئوترێخت ١٦ای دیسەمبەری ١٩٨٥، برای خۆشەویست... ... یەکدوو رۆژێ لەمەوبەر دەستم کردە وەرامدانەوەی پرسیارەکانت (کە پێم وایە سەرنجڕاکێشن)، بەڵام پاشان داڕشتنەکەم بەدڵ نەبوو. وادیار بوو میزاجم یەکجار خراپ و رەشبینانە بوو. گلەییم لە کورد خۆیان کردبوو لەبەر گەلێ لەو شتە خراپانەی بەسەریان دێ؛ رەنگە ئەگەر بۆ خوێنەری کوردم نووسیبا جێگەی خۆی بوایە، بەڵام لەبەرئەوەی گۆڤارەکەت بە زمانی سوێدییە بڕیارم دا وا چاکترە ئەو وەرامانەم کە زۆرتر هێرشبەرانە نووسیومن، سەرلەنوێ بنووسمەوە».

(٤)– لۆبی (Lobby): کۆمەڵە خەڵکێک کە لە پێناوی شتێکدا یا لە دژی شتێک یەکدەگرن، بۆ ئەوەی دەستەلاتداران نیاز و بیری خۆیان بگۆڕن. ئێستا زیاتر بە مەبەستی سیاسی بەکاردەبرێ، بۆ نموونە: لۆبیی جوولەکان لە ئەمریکا زۆر بەهێزە و کار دەکاتە سەر حکوومەت، لۆبیی عەرەب لە فەرەنسا ئەوەندە بەهێزن کە دەوڵەت ناچار خوێندنگەی تایبەتیی بۆ دامەزراندوون.

(٥)– ئێستا کتێبەکە بلاوبۆتەوە و تەواوی ناونیشانەکەی ئاوایە:

Evliya Çelebi in Diyarbekir: The relevant section of the seyahatn'me, edited with translation, commentary and introduction by M. van Bruinessen and H. Roeschoten, Brill, 1988.

(٦)– هێترۆدۆکس Hetrodax: ئەو باوەڕ و ئاکارانەی (بە تایبەتی هی دینی) دژی را و بۆچوونی قەبووڵکراوی ناو خەڵکن.



# جەللادەکەی بەغدا

## «کوردەکان عێراقین و ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆیە. کەواتە رۆڵی رێکخراوی

نەتەوەیەکگرتووەکان لێرەدا چییە؟ من دەمەوێ دەست بدەمە کاری بەشێکی دانیشتووانی ولاتەکەم بەو جۆرەی خۆم پێم خۆشە.» ئەمە وەرامی وەزیری بەرگری ژەنەراڵ عەدنان خەیروڵلا بوو بۆ رۆژنامەی گاردیان The Gardian ی ئینگلستان لەم رۆژانەدا. مەخابن وا پێدەچێ خەڵکانی جیهان ئامادەن تا رادەیەکی زۆر لووتبەرزیی وی قەبووڵ بکەن.

کورد پێنجەمین گەلی هەرە گەورەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستن. ئەمان زمان و ناسنامەی فەرهەنگی و تایبەتمەندی دیکەی نەتەوایەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە. بەم پێیە ئەوانیش وەک گەلانی دیکە مافی ئەوەیان هەیە داوای سەربەخۆیی بکەن و حەز بکەن دەوڵەتی تایبەتی خۆیان هەبێ.

چارەنووسی کوردان، کە بیست ملیۆن دەبن، وایە کە سنوورە نەتەوایەتییەکان هەر پێشەکی کێشراون و لەوەش ناچێ هیچ دەوڵەتێک بیەوێ ئەم شتە بگۆڕێ. لەبەرئەوە نیشتمانەکەیان هەر بە دابەشکراوی لە نێوان ئێران و عێراق و تورکیادا دەمێنێتەوە.

کوردەکان بەناو چەند ولاتێکدا بلاوبوونەتەوە کە هەڵوێستی دوژمنانە یا گومانکارانەیان لە یەکدی هەیە، ئەمەش زۆرجار کوردەکانی خستۆتە ناو گەمەی دەستەلاتێکی وێرانکەرەوە. عێراق دەمێکە تاقمەکانی پێشمەرگی کورد بە غایەن (خائن) دادەنێ بەرامبەر خەباتی نیشتمان دژی دەراوسێی ناخەز، ئێران.

راگرتنی شەڕ لەگەڵ تاراندا ئەو هەلەی دا بە هێزی شەڕی عێراق کە رووبکاتە کوردانی راپەڕیوی سەرەوە. ئەمە هەلێک بوو بۆ تۆڵەسەندنەوە. ئەوەی رووی داوە هۆی ئەو لەناکاو و بە لێشاو هەڵهاتنەی کوردەکانە بۆ تورکیا. وا سەرلەنوێ هەواڵ دەگات کە گوند دەڕوخێنرێن و کورد بە شێوەیەکی فراوان بەزۆر کۆچ دەدرێن بۆ ناوچەی دیکەی عێراق. ئەو قسانەی کە چەکی کیمیایی بەکار براوە بەهۆی ئەو باسانەوە کە یەکدەگرنەوە لای کوردانی رزگار بوو، هێز و پشتەستووری پەیدا دەکەن. دەزگای دەوڵەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بێ ئەملاو ئەولا باسی بەڵگەی «گومانلێنەکراو»ی لەمەڕ بەکارهێنانی گازی ژاراوی کردووە. عێراق بە توندی ئەو قسانەی دایەوە دواوە کە چەکی کیمیایی بەکارهێنراوە، بەڵام زۆر کەمی کرد بۆ بەدرۆخستنەوەیان. رێژیمەکە نەیهێشت رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەوە بکۆڵێتەوە کە چی روویداوە؛ سوێد یەکێ لەوانە بوو کە داوای کردبوو دەبوو بکرێ.

هەروەها ئەوەندەش زانیاری پەیدا بووە لەمەڕ ئەوەی کە هێرشەکانی لەشکری عێراق هێندە بەربلاوبوون و هێندە دڕندانە بوون کە پێویست بێ لەوە بکۆلرێتەوە ئایا پەیمانی ساڵی ١٩٤٨ لە بابەت خەڵک کوشتنەوە (قەتلوعام، گینۆسید) شکێنراوە. لەو پەیماننامەیەدا گوتراوە مەبەست لە خەڵککوژی ئەو کردارانەن بەو نیازە دەکرێن کە نەتەوەیەک یا گروپێکی ئەتنیک بە تەواوی یا بەشێکی لەناو ببرێ. کرداری ئاوا ئەوە دەگرێتەوە کە ئەندامانێ لە گرۆیەکە بکوژرێن یا بە ئانقەست جۆرە هەلومەرجێکی ژیان بەزۆر بەسەر گرۆیەکەدا بسەپێنرێ کە بۆ ئەوە بێ ببێتە هۆی لە رووی فیزیکییەوە بڕانەوەی.

نابێ کەس هەروا سووک و ئاسان بەوە تاوانبار بکرێ کە قانوونی نێونەتەوەیی‌ی شکاندووە. بەڵام هەروەهاش خراپە ئەگەر رێگە بدرێ تاوانبارکردنی جیددی بێ سەرنجڕاکێشان راببوورێ بەو بیانووەی گوایە زانیاریی تەواو دەست ناکەوێ. راستییەکەی ئەوەیە رێژیمی بەغدا بە شەڕی گازکردن دژی ئێران و هەڵەبجە هەر پێشەکی خۆی بە وێنەی (پاریا)*یەک حوکم داوە. رێژیم بە ئاشکرا گوتوویەتی ئامادەیە جارێکی دیکەش دەست بداتەوە هەمو ئەو چەک و تفاقانەی لەبەردەستیدان.

حکوومەتەکانی رۆژاوا بە بێدەنگی و نیگەرانییەوە تەماشای مەسەلەکەیان کرد. راستە ستێن ئاندەرسۆنی وەزیری دەرەوە ئەم هەفتەیە تۆقین/ سخڵەتی دەربڕی بەهۆی ئەو زانیارییانەوە کە گازی ژاراوی دژی کورد بەکارهێنراوە. بەڵام توانی زۆر بە وردی خۆی لەوە بدزێتەوە (لابدات) هیچ ئەکتەرێک دەستنیشان بکات. لەوساشەوە کە عێراق رێگەی بە لێکۆڵینەوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نەداوە، وا پێدەچێ وەزارەتی دەرەوە لەبەردەم هەنگاوی داهاتوودا راڕا/دوودڵ راوەستابێ.

تۆ بڵێی وا نەبێ کە رێگە نەدرێ گرنگی بە بیری دیکە بدرێ. هەلومەرجی ناسکی گفتوگۆی ئاشتی و هەل و هیوای کرانەوەی بازاڕی پڕ قازانج لەوەیە لای هەندێ کەس بیانووی زۆر بەهێزبن بۆ هەڵوێستی پاسیڤ/ نادەربەست. ئەگەر وابێ ئەمە دەبێتە تێکشکانێک بۆ پارێزگاریی بنەما بنەڕەتییەکانی قانوونی نێو دەوڵەتان.

□

لارش رامنۆس
Bödeln från Bagdad
Dagens Nyheter
پێنجشەممە ١٩٨٨/٩/٢٢

* پاریا (ئینگلیزی Pariah، سوێدی Paria، عارەبی: منبوذ، فارسی: منفور): مرۆڤێک لە لایەن کۆمەڵگەوە قەبووڵ نەکرێ و بە پەست و نزم دابنرێ (ناوەکە لە بنەڕەتدا لە هندستان بۆ بەشێکی کۆمەڵگە، کە بە نزم دادەنرێن، بەکاردەبرێ).

# دیوانی
# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## لە وەختی زەرفێندا

ئەی مەلا قەت تۆ لە زەرفێندا وەها خێرا نەبووی
یا لە حیزیی بەختی من، یا مۆرەکەت مووی پێوە بوو

حاڵ لە سێ خالی نییە، تو خدا بە راستی پێم بڵێ
مووی سمێڵت، یا بەرت، یا کلکی یابووی پێوە بوو

وا دەزانم مووی رزیوی پێستی دەبباغخانە بوو
چونکە ئاساری کەتیرە و جەوت و مازووی پێوە بوو

پەشمی پاشت بوو، مەزەندە، چونکە وەختێ رۆژ هەڵات
دیققەتم کرد دەوروپشتی زەرفەکان گووی پێوە بوو

مووی سەگی گرِوێش وەها نابێ، بە تەخمین سەد هەزار
رشک و ئەسپێ و کێچ و کوللە و کرم و کرِنووی پێوەبوو

ئەلغەرەز دوو پشکی رۆحم چوو لە ترسان ئەو شەوە
هێندە دووپشک و هەزارپێ و مار و مێرووی پێوە بوو

قاوەچی رووی سینیەکەی هەرچەند بە نینۆک هەڵکرِاند
قەلعی ئاساری نەکرد، هێشتا بەشی تۆی پێوە بوو

زۆر نەمابوو بۆنی سەرگین بمکوژێ، وای تێدەگەم
تووکی بن کلکی کەر و بارگیری مردووی پێوە بوو

داوەکەی موویین و گوویینت بەکاری هیچ نەهات
گەرچی هەر لایێ دووسەد ئەفسوون و جادووی پێوەبوو.



## مایندەکەی کوێخا عەلی

کێ چوزانێ کۆچەڵەی سمتی شکاوە یا ملی
وا لە حاڵی حەلوەلادا مایندەکەی کوێخا عەلی

چووم بزانم ماوە یاخوو مردووە، وەختێ کە دیم
شادەماری سستە، نابزوێ رەگی قاچ و قولی

دام بەسەر خۆمدا گوتم: وا حەسرەتا بۆ ماینە کوێت
دەک بە میراتم کەوێ دەسبەند و هەوسار و جلی

نەبز و قاروورەی ئەگەر سەد جار تەماشاکا حەکیم
دەردی نازانێ چییە، تاکو نەکا بینی سلی

گەر ئیمامی عەسکەری نوێژی لەسەرکا لایقە
چونکە موشتاقە بە وەصلی ناڵەکانی چوارپەلی

کەسری ئەنفی دوشمنان و جەبری کەسری دۆستان
هەر بمێنێ، چاکە بەخوا، شێخ رەزا و کێری زلی

## کەش و فش کردنی بەگ

لەبەگ وابوو کە من ماتم کشی کرد
کە من هەستام ئەو داما و فشی کرد

گەهێ سەیرانی سەر گون بوو، گەهێ کێر
حەقیقەت موستەفا بەگ گەردشی کرد

دەبوو باوکی سەگی ناونایە، ئەمما
بەگی ناونا قورِمساغ یاغنشی کرد

□

# تاسەی دووری

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

بە تاسەوە گرتبوویە باوەشی، دەینووساند بە خۆیەوە و روخسارە تەڕەکەی تێهەڵدەسوو! خەمی دوورییەکی مەرگبار دڵی دەگوشی و چاوە سوورەکانی دەکزانەوە. سەرنجی چووە سەر ریزە پەڕاوە خواروخێچەکانی ناو تاقی سینگی دیوارە گەچەکە. تیشکی گڵۆپی «کەلەگی»یەکە ژوورەکەی کەمێک رووناک کردبۆوە. بەڵام تا دەگاتە بنمیچە سوواخ بەربووەکە، رەش وەک چووار دێوی ترسناکی ئەفسانەکان خۆیان لێ مەڵاس دابێت، دوو هەنگاوی سستی نا و چووە پێشتر. گەورە، بچووک، کۆن، تازەی ئەستوور... سوور و سپی و زەر، ئەگەرچی سەروکاری لەگەڵیاندا نەبوو بەڵام خۆشی دەویستن! چۆن خۆشی نەوێن و لای پیرۆز نەبن؟؟! ئەویش خۆشی دەویستن و لای پیرۆز بوون و رێزی بۆ دادەنان. ئەوانە بۆ ئەم بوونێکی خەمڕەوێن بوون. بێ ئەوەی وەڵامیان لێ ببیستێت لەگەڵیاندا دەدوێت! گلەیی‌یان لێ ناکات چونکە ئەوانە وەڵامی کەسێکیان لایە لە زمانیان بزانێت! ترپەیەک رایچڵەکاند... وەک لە دەستی شوومی فڕاندن بیپارێزێت. توند نووساندی بە خۆیەوە، هەناسەی لە سنگیدا وەستاند و گوێی قوڵاخ بوو. لێدانەکانی دڵی زیادی کرد، ئارەق نیشتە سەر ناوچەوان و لەشە گەرمەکەی. نەیدەزانی چاوەڕێی چی دەکات! هەوا فێنکەکە دەنگی قسەکردنی ئەسپایی دەگەیاندە گوێی و خشەخشێک تا دەهات نزیکتر دەبووەوە!

(دەبێ کێ بێ... تۆ بڵێی چاودێریمان بکەنەوە؟)

بە ئاستەم چەند ترپەیەک لە دەرگاکەوە هات

– دایە... دایەگیان... منم ... هێرش...!

وایدەزانی هۆشی لەدەست داوە. نەیدەتوانی باوەڕ بکات وا ئەو ئاوازە ئاشنا بە گیانە دەبیستێت. هێزێک پاڵی نا بە دەستە لەرزۆکەکانییەوە و تاکی دەرگاکەی خستە سەرپشت. تارمایی بوو یان کەسێک؟! باوەشی پێداکرد و وەک دوو مادەی تێکەڵکراو لەیەکدا توانەوە. کە لەشە ئاشناکە خۆی گەیاندە باوەشە گەرم و نەرم و پڕ لە سۆزەکەی و تێر بۆنی کرد، ورد ورد هۆشی هاتەوە بەر.

– هاتیەوە... هاتیەوە خۆشەویستە شیرینەکەم... سەیرە...!

– سەیر نییە دایە گیان... کە پێم دەوتیت (مرۆڤ گەورەترین بوون و توانای سەر زەمینە) باوەڕت نەدەکرد... ئەوە کراسە نوێیەکەی منە...؟ خێرە وا بەدەستەوەیە؟

– لەو شەوەی تۆیان برد... وەک چۆن جاران سۆزی دایکێتیم بۆت دەجووڵا و بە ئەوینی گەرمەوە دەمگرتیتە باوەشم، ئاوهاش زۆر شەوان کراسە نوێیەکەت دەگرمە باوەشم... دەینووسێنم بە خۆمەوە... بۆنی دەکەم... دەکەومە ماچکردن و دواندن لەگەڵیدا و دەیلاوێنمەوە...!

– دەتزانی کاتێک دێت دەمبینیتەوە...؟

– ناتوانم چی بڵێم، بەڵام دڵە خەمبار و سووتاوەکەم خۆ لەخۆوە چەندین شەوە لەم ژوورە چۆڵە و لە پشتی ئەم دەرگایەوە رایگرتووم، بێ ئەوەی خۆم بزانم چاوەڕێی چی دەکەم...!

– ئەی بابم...؟

– هەفتەی ئایندە دێتەوە... لە پەژارەی تۆدا ئەوەندەی تر پیریی پێوە دیارە و مووەکانی سەری سپی بوون... بەڵام...

بێدەنگ بوو و ئاهێکی کرد. پێکەنینێکی قورسی کرد و سەرنجی بڕییە چاوە کاڵەکانی.

– بەڵام خەڵک بە چاوی رێزەوە سەیرمان دەکەن و زیاتر لە جاران چاک و چۆنیان گەرمترە... چەند هاوڕێیەکیشت هەمیشە بەسەرمان دەکەنەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر جۆرە یارمەتییەک دەربڕیوە.



لە پڕدا وەستا و شێوەی قسەکردنەکەی گۆڕی:

– نە... دەنگە دەنگ دەبیستم؟

– مەترسە، ئەوانە هاوڕێکانی منن پاسەوانیمان دەکەن...؟

کلاشینکۆفەکەی بە دەسکی دەرگاکەوە هەڵپەسارد و هەردوو دەستی کردە ملی.

– ئەو شەوەی گرتیانم لە کۆڵانێکی تاریکدا هەلم بۆ خۆم رەخساند و خۆم فڕێدایە خوارەوە... لەیەک چاوترووکانندا لە ناو تاریکایی و تەپوتۆزدا دیارنەمام...

– لام سەیر بوو، کە هاتنەوە وتیان کوڕەکەتمان دەوێتەوە! هەتا چەند رۆژیش ئەم ناوەیان بەرنەدا. چەند خۆشحاڵ بووم ئەوەندەش دڵم لە مەراقدا بوو، نەمدەزانی تۆ چیت لێهاتووە. ئەی ئەوان؟

– هیچیان بۆ نەکرا... ئۆتۆمبیلەکە هەر بەو خێرایی‌یەی خۆی دەڕۆیشت، هەرچی هاواریان کرد بوەستێت، بەڵام وا دیاربوو لێخوڕەکە گوێی لێ نەبووە...

هەردووکیان سەرنجیان بردە سەر تیشکی کزی گڵۆپێک، کە چەند جار کوژایەوە و داگیرسایەوە.

– چییە...؟

– هیچ ئەوە نیشانەیە بۆ من... دەبێ بڕۆین...!

بە پرتاو خۆی گەیاندە ناوەڕاستی ژوورەکە و چاوی بە هەرچووار دەوریدا گێڕا.

چووە کەلەگیەکەی پشتەوە و گەڕایەوە بەردەمی تاقەکە.

– ئەوە پەڕاوەکانتن... باشترین هاودەردمن... هەر دوای تۆ شاردمنەوە و پاشان ریزم کردنەوە، ئەگەرچی ناتوانم بیانخوێنمەوە و لێیان تێبگەم، بەڵام بوون و شێوەیان لام پێویستن... چونکە هی تۆن... ها... ها کراسەتازەکەت ببە و لەبەریکە هەتا دڵم ئارام بگرێت.

– بابەگیان... دەمویست ببینم...

– خەمت نەبێ... ئەم مژدە خۆشەی دەدەمێ و خۆشمان دێینە دیدەنیت.

لەپی دەستەکانی بە روخسارە ریشنەکەیدا هێنا. سەرنجی بڕییەوە چاوەکانی و بە تاسەوە گرتییەوە باوەش.

«هێرش» گەیشتە بن دارسێوەکە، ئاوڕێکی ماڵاوایی دایەوە و لە چاوتروکاندنێکدا خۆی هەڵدایە ئەودیو دیوارە نزمەکە...!

نەیدەتوانی بەسەرپێوە بوەستێت. هەموو گیانی دەلەرزی و لە خۆشیاندا شاگەشکە بووبوو. لە پشتی دەرگاکەوە دانیشت. لە درزێکەوە سەیری ئەستێرەکانی سنگی ئاسمانە نیلییەکەی کرد و سەرنجی لەسەر ئەستێرەیەکی گەشتر راگرت! □

*ئەنوەر محەمەد ئەحمەد، ساڵی ١٩٥٤ لە سلێمانی - خواروی کوردستان- لەدایک بووە. لە وڵات کرێکاری هونەریی چاپخانەی زانستگە بووە و لە دەربەدەریش - ئەڵمانیا- بڕێک خوێندن و کارکردن و هەندێکیش بێکاری.*

*تا ئێستا چەند کۆمەڵە چیرۆک و هۆنراوەی بڵاوکردۆتەوە:*

*ژان، گەرمای سووتێنەر (چیرۆک)، رێبین، پێنووس، دوو تارمایی (هۆنراوە).*

*چەند کۆمەڵە چیرۆکیشی لە فارسی و ئەڵمانیڕا کردۆتە کوردی.*

# خاک

محەمەد حەمە باقی

١

بەربەیانی، بەبەرچاوی گزنگەوە
بەبەرچاوی سامالەوە
بە بەرچاوی ئاونگەوە
چەک و تاوان،
گەمارۆی گوند و خەونیان دا...
رژانە ناو کونی ژووری مالانەوە...
ساوایان لە کارژۆلەخەو، راچلەکاند،
دایکیان ترساند...
کچ و کوڕیان،
لە پەری خەو،
لە بالندە خەو راپەڕاند...
هەموویشیان وەک لیژنەداری تازە بڕراو،
وەک نەمامی لە رەگ و ریشە هەلکێشراو،
لەسەر یەکتری هەلچنی و،
لەوبەر دێوە، رایان گرتن...

٢

کە راگیران،
جوامێر- لەناو ریزەکەدا،
چاوێکی لای گوندەکەیە و،
چاوێکیشی لای - دولبەر-ە،
لە ناو گوندا:
خانووەکەی مالی دولبەر- گیان
چاو لە عەشقەکەی ئەم ئەکا و،
هەر ئەسووتێ...
بەژنی پەنجەرە رەنگ سەوزە تازەکەیان،
«ئاگریشی تێبەربووە،
کەچی هەروا بە پێوەیە!»
لە ریزیشدا:
دولبەر-یش چاوێکی لەمە و،
چاوێکی تری گیرساوە،
بە پەنجەرە سەوزە تازەکەیانەوە
- پەنجەرە سەوزە تازەکەش-:
پەردەی دلی هەردووکیانە، وا ئەسووتێ...!
بەندی دلی هەردووکیانە، وا ئەسووتێ...!
گوێچکەی رۆحی هەردووکیانە، وا ئەسووتێ...!
ژوانگەی چرپەی دلداریی هەردووکیانە، وا ئەسووتێ...!
هەردووکیان لە چاوی یەکدا... پەنجەرەکە بەدی ئەکەن،
پەنجەرەکەش لە چاوی هەر یەکەیاندا،
بانگی ئەوی تریان ئەکات...
ئەمانیش وەکو شەوانی رابوردوویان،
شەوانی پڕ گولەچرپەی بال گرتوویان،
بە ئەسپایی ئەچنە بەردەم پەنجەرەکە...
جوامێر- لە دیوی دەرەوەی ژوورەکەیە،
گیانی پارچەیەک خورپەیە...
دولبەر-یش لە دیوی ژووری...
بە چرپە بۆ یەکتر ئەدوێن
چرپەی شیرین و هەنگوینی ی
چرپەی عەشقی گەرم و خاوێن...
جوامێر- تێر ناخوات لە سەیری،
ناو بیلبیلەی چاوی دولبەر...
چاوی دولبەر-یش تاڤگەیەک،
نووری خوای لێ ئەهاتە دەر
جوامێر- حەز ئەکات بچێتە بەر ئەو تاڤگەی نووری خوایە،
نووری خوا بەسەریا بڕژێ و،
ئەم لەبەریا سەما بکات...!
نووری خوا بەسەریا بڕژێ و
ئەمیش رۆحی بخاتە بەر...
نووری خوا بەسەریا بڕژێ و
رۆحی ئەم بکات بە هەلم...!
نووری خوا بەسەریا بڕژێ و
ئەم لەبەریا بە ئێجگاری بتوێتەوە...!
بەلام جوامێر- وردە وردە وا هەستی کرد،
چرە دووکەل،
سەرکەوت بۆ سەر پەنجەرەکە،
شووشەی پەنجەرەکەی لێل کرد...
لەو دیوەوە:



چاوە گەورەکانی دولبەر، وا خەریکن،
وردە وردە دیار نامێنن...
وردە وردە وا خەریکن،
ئەمانیش بۆ پەنجەرە سەوزەکە ئەگرین...!
کە ئەسووتێ...
لە پڕ جوامێر- ناو ریزەکە ئەشلەقێنێ،
رائەپەڕێ و هەلمەت ئەبا...،
بۆ لای پەنجەرە سەوزەکە، تا نەسووتێ...
بەلام ناگاتە پەنجەرە و،
لە دواوە دەستڕێژێ گوللە
لە جێی خۆی گرمۆلەی ئەکات...

*   *   *

جوامێر، چەپکێ چرپەی سوور بوو...
جوامێر، تاڤگەیەکی نوور بوو...
جوامێر، مانگێکی سەوز بوو...
جوامێر، هاوارێکی بەرز بوو... بۆیە کوشتیان...!

٣

ئێستا دولبەر،
لە مالێکی ناو ئۆردوگای زۆرەملێی دەست بەسەرا،
گولەباخێکی رەشپۆشە...
ئینجانەکە و، لقەکانی و گەلاکانیشی رەشپۆشن!
بە تەنیا لە ژوورێکدایە
مات و بێدەنگ...
بە تەنیا لە ژوورێکدایە،
رەنگی پەنجەرەکەی سەوزە
بە تەنیا بۆ یادگار و، بیرەوەرییەکانی ئەدوێ-
هەموو شەوێکیش بە تەنیا، ئەچێتە بەر،
پەنجەرە سەوزەکەی ئێستا و،
وێنەی گوندەکەی جاران و،
وێنەی جوامێر بەدی ئەکا...
جوامێر لەودیو شووشەکەوە،
لەسەرخۆ پەنجەیەک ئەدا لە شووشەکە
ئەلێ: گیانەکەم، دولبەر گیان،
پەنجەرەکەت بکەرەوە با بۆنت کەم
ئەی دلدارە بۆن خۆشەکەم...
تۆ، گولاوی ئەم خاکەیت و،
بەسەر رۆحی منا ئەرژێنی...
تۆ، ئەو بۆن و بەرامەیەیت،
لە هەموو جێگا و شوێنێکا،
بۆنت ئەکەم... پیاما ئەپژێنی...
لە هەموو جێگا و شوێنێکیش، تووشم ئەبیت...
تۆ ئەوەندەی ئەم گەردوونە،
بۆنی گولاوت رشتووە...
کەچی هەمیشە حەز ئەکەم لە نزیک و نزیکەوە،
بۆنت بکەم[١]
ئای، ئەگەر نەتوانم رۆژێ، بێم بۆلات و،
پڕ بە ناخ و، پڕ بە سینەم،
بۆنت بکەم،
چیم بەسەر دێ!؟
دولبەر گیان- دەم و دەست ئەمرم!
بەلام ئەوساش بە مردوویی، شەوان درەنگ
بێ ئەوەی تۆ پێم بزانیت...
وەک جاران ئاسایی... بێدەنگ،
لە گۆڕەکەم دێمە دەرێ و،
دێم بۆ لای تۆ،
ئەی دلەکەم...
دل و، رۆح و، سەرم ئەنێم بە پەنجەرەکەتانەوە
پڕ بە ناخم بۆنت ئەکەم...
کە پڕ بووم لە بۆنی رۆحت... بۆنی جوانیت
ئەوسا هێواش...
بێ ئەوەی تۆ پێم بزانیت،
ئەگەڕێمەوە گۆڕەکەم...!
لە گۆڕەکەشما هەست ئەکەم
تۆش دەستە سپیەکانی خۆت،
بۆ کردووم بە خاک و، لە ژێر جەستەی منا،
رات خستووە...!
تا مار و مێروو تێم نەدات...
نا، ببوورە، تا کفنەکەم، تا گۆڕەکەم،
وەک گوندەکەم سەوز بن...
ئەی سەوزایی سەر ئەم خاکە سووتاوەی من...

---

(١) ئەبێ لێرەدا ئەوە بلێم کە مەولەوی بەیتێکی هەیە، من بۆ ئێرە کەلکم لێ وەرگرتووە، بەیتەکەش ئەمەیە:
بۆی بالات هەرزان وەدەشت هەردان
تەمز، رای لای تۆم، وەکام گوزەردان!

# حاجی مستەفا پاشای یامولکی و سمایل خانی شوکاک (سمکۆ)

هاوار

حاجی مستەفا پاشا یەکێک بوو لەو ئەفسەرە کوردانەی، کە لە تورکیا، لەگەڵ تورکە کەمالییەکاندا هەمیشە شیر و تیریان لەیەک دەسوو، چەند جارێک کەمالییەکان گرتوویانە و بەربووە، لە ئەنجامدا خۆی گەیاندۆتەوە کوردستان، بۆ ئەوەی لەوێوە لە دژیان بجوڵێتەوە. بەرلەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، چەند جارێک لە ئەستەمبووڵ خۆی و چەند کوردێکی تر هەوڵیان داوە پەیوەندی بە ئەرمەنی و یۆنانییەکانەوە بکەن، بۆ ئەوەی هەرسێلایان بەیەک بگەن و لەنێو خۆیاندا رێک بکەون، بەڵگە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە بەشێکی زۆری ئەو تەقەلایانە دواوە.

کاتێ حاجی مستەفا گەیشتە بەغدا، ئینگلیزەکان رێگەیان دا بگەڕێتەوە سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ ببێت، بەمەرجێک بەبێ ئاگاداریی ئەوان لەشار نەچێتەدەر. بەڵام دیاربوو (وەک لە بەڵگەنامە نهێنییەکەشدا دانی پێدادەنێت)خۆی پێ نەگیراوە و بێ پرس و رای ئینگلیزەکان لە سلێمانییەوە چووە بۆ ناوچەی «شوکاک»، بۆ ئەوەی لەگەڵ سمایل خاندا گفتوگۆ بکا و بیهێنێتە سەر ئەو رایەی، کە جارێ شەڕ لەگەڵ ئێرانییەکاندا نەکا و هێزەکانی لە دژی تورکە کەمالییەکان بخاتە کار، چونکە یامولکی ئەو رۆژانە ئێرانییەکانی بە دوژمنێکی سەرەکی دانەناوە و لای وا بووە بۆ دوارۆژی کورد، شۆڕش دژی کەمالییەکان پێویست تر بووە.

کاتێ مستەفا یامولکی دەگەڕێتەوە سلێمانی، بە پۆستەدا نامەیەکی دوورودرێژ بۆ عەبدولعەزیزی کوڕی رەوانەی بەغدا دەکات. سانسۆری ئینگلیزەکان فۆتۆکۆپیی نامەکە دەکات و دواتریش مەندووبی سامی لە بەغداوە تەرجەمەی ئینگلیزیی نامەکە بۆ (ونستۆن چەرچل)ی وەزیری کۆلۆنیالی بەریتانیای ئەو رۆژگارە دەنێرێت.

حەزم دەکرد ئەو بەڵگەنامەیە بکەم بە کوردی و پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێزی بکەم. ئەو نامەیە باس لە هەندێ رووداو و هەڵوێستی ئەو ناوچانە دەکا، لە رۆژگاری دەسەڵاتی سمکۆدا. سەیر ئەوەیە، سمکۆ دوای ئەوەی تورکە کەمالییەکان هیچیان بۆ نەکردووە، وەک مستەفا یامولکی داوای لێ کردبوو، هاتۆتە کوردستانی خواروو و بەهۆی بابەکری سەلیم ئاغای پشدەرییەوە (ئەوەی ئینگلیزەکان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانیاندا بە کاپیتەن بابەکری ناودەبەن) لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزدا گفتوگۆی کردووە. بەڵام سمکۆ بۆی دەرکەوتووە، کە بەریتانیاش یەکێکە لەو دەوڵەتە گزی کەرانەی، کە خەڵکیان هەر بۆ نۆکەریی خۆیان دەوێ، سمکۆش لەوانە نەبووە، بەو نۆکەرییە رازی ببێت.

C.O.730 / 19. 5529 NO.27/34

لە «پێرسی کۆکس»ەوە بۆ ونستۆن چەرچل.

وا تەرجەمەی ئەو نامەیەی مستەفا پاشای یامولکیتان پێشکەش دەکەین، کە باسی چوونی خۆیەتی بۆ «ورمێ». مستەفا پاشا ئەفسەرێکی تورک - *دیارە مەبەستی سوپای عوسمانییە. هاوار* - بووە و خەڵکی سلێمانییە. نیسانی ساڵی رابوردوو (واتە: ۱۹۱۱)، لە «قوستەنتەنیە» داوای لە مەندووبی سامی کردبوو، کە رێگەی بدرێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی.

لەسەر داخوازیی من مستەفا پاشا ماوەیەک لە بەغدا مایەوە بەڵام لەو ماوەیەدا بێ ئیش بوو، بێ تاقەت بوو، بۆیە حەزی کرد بگەڕێتەوە سلێمانی، بۆ ئەوەی کاروبار خۆی ساز بکا... لەبەرئەوەی بەرانبەر داواکەی هیچ بەرهەڵستییەک نەبوو، رێگەی پێ درا، کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹۲۱ گەڕایەوە، بەڵام بە مەرجێک کە لە سلێمانی دەبێ لەژێر چاودێریی ئەفسەری سیاسیی بەریتانیدا بێت. هەرچەندە وا بڵاوکرایەوە کە بۆ ئەوە نێردراوەتەوە سلێمانی تا ببێ بە موتەسەڕیف، بەڵام لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی زۆر ناسراو نییە، گەڕانەوەکەی سەرنجی کەسی رانەکێشا. ئاگاداری ئەفسەری سیاسی کرا، کە ئاگای لە هەموو هەڵس و کەوتێکی بێت و بەبێ موافەقەت رێگەی پێ نەدرێ لە سنووری ئێران بچێت بەودیودا.

لەگەڵ ئەم نامەیەدا نامەیەکی مەندووبی سامیی «ئەستەمبووڵ»یشتان پێشکەش دەکەین، کە دەربارەی ئاکار و رەوشت و کاروباری مستەفا یامولکییە. نامەکە چواری ئۆکتۆبەر نووسراوە. گەشتەکەی مستەفا یامولکی بۆ «ورمێ» نە بە پرس و رای من و نە بەهی ئەفسەری سیاسیی سلێمانیش بوو. بۆیە هەواڵم نارد کە لە کاتی گەڕانەوەیدا لەسەر سنوور بیگرن. من کاتی خۆی بەو شەرتە رێگەم دابوو بچێتەوە سلێمانی کە بەجێی نەهێڵێت، ئەمجارەش دووبارە داوای ئەوەی لێ کرایەوە و پێی راگەیەندرا، کە بەبێ ئاگاداری و رەزامەندیی ئێمە نابێ هیچ جۆرە جموجوڵێکی سیاسیی هەبێت.

نامەکەی مستەفا یامولکی باسی گەشتەکەیەتی (سانسۆر کۆپییەکی نامەکەی کردووە) و بە ئینگلیزی تەرجەمەکراوی بۆتانی دەنێرین.



ئەو نامەیە، وەک بەڵگەیەکی مێژوویی و سیاسی گرنگ وایە، کە زۆر شت دەربارەی سمکۆ و خولیا و توانا و دەسەڵاتی، لەناو کوردەکاندا روون دەکاتەوە. حەزدەکەم شتێک هەیە روونی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە مستەفا پاشا لەو گەشتەیدا هیچ خۆی وا پیشان نەداوە، کە نێردراوی بەریتانیایە و هیچ شتێکیشی باس نەکردووە، کە بۆنی ئەوەی لێ بێ، بەناوی بەریتانیا و لە دژی تورکیا بەڵێنی یارمەتیدانی بەکورد دابێ. هەروەها نامەکەی هەندێ پروپاگەندەی دژ بە تورک لەناو کورددا دەردەخا.

پێرسی کۆکس

تەرجەمەی نامەکەی مستەفا یامولکی

سلێمانیە ۱۹۲۱/۱۲/۱۲

بۆ کوڕی خۆشەویستم عەبدولعەزیز بەگ!

نامەکەی ۲۰/ی ئۆکتۆبەری ساڵی ۹۲۱ تم کە وەڵامی نامەی ۹۲۱/۹/۱۳مە، هەروەها نامەی ٥/ی سێپتەمبەر و هی ٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی۹۲۱ - ئەو نامەیەی کە بۆ (کوڕانی نەقیب)ە وەرگرت. دوای گەڕانەوەم لای ئیسماعیل خانی سمکۆ، دەمەوێ هەندێ لەو شتانەی کە بە چاوی خۆم دیومن، بۆتان باس بکەم:

سەعات یانزەی رۆژی دوو شەممەی ۲۱/نۆڤەمبەری ۱۹۲۱ سلێمانیم بەجێ هێشت و چوومە ناوچەی (مەنگوڕایەتی). بابەکری سەلیم ئاغا و عەباسی سەلیم ئاغای برای، هەردووکیان زۆر زیرەک و شارەزان. ئینگلیزەکان زۆر رێز لە بابەکر ئاغا دەگرن و مووچەیەکی باشی دەدەنێ. قەڵەمڕەوی ئەمان زۆر هێمن و بە ئاسایشە و پڕوپاگەندەی پارتی یەکێتی ئەناتۆلیا کاری تێ نەکردووە. عەشیرەتەکەی زۆر بەهێزە، سەرۆکەکانی (لەناو خۆیاندا) خزم و تێکەڵی یەکن. عەشیرەتەکانی دراوسێیان: مەنگوڕ و مامش و گەورک و دێبوکری و بەگزادە ئاشتیخوازن. (بەگزادە لە دەوروبەری «سەقز» دەژین).

عەشیرەتەکەی بابەکر ئاغا، نێوانی لەگەڵ (خەڵکی) ناوچەی دەوروبەری شنۆ و شوکاکدا، کە لەلایەن سمکۆوە کۆنترۆڵ کراوە - باشە. (دەستەڵاتی سمکۆ دەگاتە سەرووی رۆژئاوای ورمیە). هێزەکانی عەشیرەتی نورەدین ۲٥٠٠ سوارە و نزیکی ٤٠٠٠ پیادەش دەبێت. ئەوانە وەکو خاوەن هەستێکی نیشتمانی تێگەیشتوون، کە سەربەستی و خۆشیی کوردستانی خواروو و خۆشیی نەتەوەی کورد بە سیاسەت و هەڵوێستی بەریتانیاوە دەربارەی قوبوڵکردن یا نەکردنی سیاسەتی وێرانکاریی پارتی پێشکەوتووی ئەناتۆلیای یەکگرتووەوە لە هەموو ئەناتۆلیا و کوردستاندا بەستراوە. هەموو دانیشتووانی ناوچەی «پژدەر» و «سەردەشت» و گوندەکانی تری سەر سنووری ئێران، لەو ناوچانەدا لەژێر سەرکردایەتیی میراودەلییەکاندا بە ئاسایش دەژین. بەڵام هەندێ عەشایەری بچووک لە ناوچەی «رەواندز» - بە هاندانی هەندێ لەو ئەفسەرە کۆنانەی تورک، کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان و خەریکی ئاژاوە نانەوەن - چوونەتە پاڵ تاقمەکەی ئەناتۆلیا.

لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ پیاوی ژیر هەن و دەتوانن لەو ناوچەیەدا بزووتنەوەکە لەناوبەرن و ئاسایش بەرقەرار بکەن، بەڵام لەوە ناچێت کاربەدەستانی ئینگلیز لەم رووەوە هیچ جۆرە چالاکییەک بنوێنن.

لەگەڵ ئاغای بایزی سەرۆکی OJAK KIAK، کە لەو مەنگوڕایەتی و مامشە پیاوێکی ناسراوە، گفتوگۆم کرد و بیروڕایم وەرگرتووە.

پەلاماری یۆنانییەکان و شەڕی ناوچەی ئەناتۆلیا بەهۆی دڕندەیی و دەست درێژیی پارتی پێشکەوتووی ئەناتۆلیای یەکگرتووەوە روویداوە، کە لەشەڕی جیهانیدا کاری دڕندانەی زۆریان، بەتایبەتیش لە دژی سوڵتان، کردووە.

دیدەنیی (کیان خدر خان عەزیز)م لە نزیکی Mirghian کرد و ئومێدەواریی خۆمم بۆ دەربڕی، کە ناوچەکەیان وەکو ئێستا بە ئارام و پڕ ئاسایش بێ و بزووتنەوەی ئەناتۆلیا کاریان تێ نەکات.

لە دوای مەنگوڕ، ۹ی ئوکتۆبەر چوومە «سابڵاخ» چاوم بە کۆچ و باری ئەوانە کەوت، کە روویان کردبووە دەوروپشتی عەشایەری دێبوکری و موکری، بەڵام بە هۆی ئەوەوە، کە حکوومەتی ئێران لە «میاندواو»ەوە دەهات و عەشیرەتی شوکاکیش لە «ورمێ»وە بۆ لای راستی شارەکە - لە حاڵێکی زۆر شڕ و پەرێشاندا بوون، هەرچەندە تێشم گەیاندن، کە ئەوە فێڵ و ساختەیە لێیان دەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە رابوردوودا دەردیسەری و کێشمەکێشی زۆریان دیبوو، هیچ گوێیان نەدامێ و باریان دەکرد.

لەو کاتەدا نزیکەی ۳٠٠ زەلامی شاخاوی روویان کردە من. بۆم روون بوویەوە کە ئەمانە لە تاقمەکەی هەمزە ئاغای مامش و شێخ عەبدوڵڵا ناسری (نوێنەری سمایل خانی سمکۆ)ن، لەگەڵ سەید تەهادا هاتبوون، بۆ ئەوەی لەگەڵ دێبوکری و مەنگوڕدا وتووێژی پێکەوە هاوکاری کردن بکەن.

شەو لای شێخ عەبدوڵڵا مامەوە و زۆر شتم لەگەڵدا باس کرد. بە تەلەفۆن شەو هەواڵی گەیشتنی من درابوو بە سەید تەها لە Berandez و بە سمکۆ لە «چارک» کە بنکەی سەرکردایەتیی شوکاکی لێ بوو. دوو رۆژ لەوێ مامەوە، خەڵکەکە باریان کردبوو، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان، دوکان و بازار کرابۆوە.

لە سابڵاغەوە چوومە Berandez بۆ لای سەید تەها و رۆژێکیش لەوێ مامەوە و لە تەکیا و بەیەکەوە چووینە لای سمکۆ. کە بە ورمێدا تێپەڕین، لە رێگا بە تەلەفۆن هەواڵی ئەوەمان پێ گەیشت، کە هێزی «شوکاک» لە نێوان «خۆی» و «تەورێز»دا بینراون. (دوای ئەوەی سمکۆ ورمێی گرت، ئەو خەتی تەلەفۆنە دامەزرێندرا)

کاتێ گەیشتینە «چارک»، بیستم پیادە و تۆپ و هەندێ سوارەی سمکۆ روویان کردۆتە «سەڵماس». بۆ بەیانییەکەی سمکۆمان دی و گفتوگۆیەکی دوور و درێژم لەگەڵدا کرد و دواییش ئەم پرسیارانەی خوارەوەم لێکرد:

پرسیاری یەکەم:

لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی رابوردوودا لە دژی حکومەتی ئێران جووڵاویتەوە و دەجووڵێیتەوە، مەبەست لەم بزووتنەوە چییە و بەتەمای چ جۆرە دەسکەوتێکت دەسگیر ببێت؟

وەڵام: فارسەکان رقیان لە کوردە، لەبەرئەوە من بە هەموو

توانای خۆمەوە، هەوڵ دەدەم کوردەکان ڕێک بخەم، بۆ ئەوەی لە دەست درێژیی فارس ڕزگاریان بێت، هەر بۆیە پار شاری ورمیەم گرت لەگەڵ ئەو ناوچەیەی کە لە ڕابوردوودا کوردی بووە، دواتریش شاری سەڵماس و ئەمساڵیش فارسەکانم لە سابڵاخ دەرپەڕاند.

پرسیاری دووەم:

باشە تۆ هەوڵ دەدەی بۆ ئەوەی کورد ڕزگار و ئازاد بکەیت و سەربەخۆییان بۆ ساز بکەیت، ئەی بۆچی پێش هەموو شتێک ناوچەی وان و ئەرزروم و بەتلیس و هەکاری و خەرپووت ڕزگار ناکەیت و ئەو خەڵکە ڕێک ناخەی، کە ماوەیەکە لەژێر جەور و ستەمی تاقمەکەی مستەفا کەمالدان؟ بۆچی ئاڵای تایبەتی خۆت هەڵناکەی، تا دەری بخەیت، کەوا مەبەستت لەو جوڵانەوەیە خوێن ڕشتن نییە، بەڵکو مەبەستت سەربەخۆییە، بە ئاشتی و خۆشی بۆچی هەوڵی ڕێکەوتن لەگەڵ فارسەکاندا نادەی؟

وەڵام- من وای بەباش دەزانم، کە لە پێشدا لە ئێرانەوە دەست پێ بکەم. من هیچ بە چاکی نازانم، لەم ڕۆژەدا لەگەڵ تورکەکاندا تێکی بدەم، چونکە ئەوان بە تفەنگ و فیشەک یارمەتیم دەدەن. من هیچ بە پێویستیشی نازانم بۆ بێگانە بەیان و بڵاوکراوە بڵاوبکەمەوە، چونکە ئەوان زۆرباش شارەزای ئەوەن، کە ئێمە هێشتا بە شێوەیەکی خێڵایەتی دەژین. جگەلەمەش بیستوومە ئەوروپاییەکان لەناو خۆیاندا لە کێشە و مشت و مردان، بۆیە ئێمە پێویستە تێکۆشین و پشتیش بە هێز و دەسەڵاتی خۆمان ببەستین و نەهێڵین فارسەکان بگەڕێنەوە ورمێ و سابڵاخ. ئێمە بە هیچ جۆرێک کۆڵ نادەین و تا تاقە شوکاکێک مابێت لەم ڕووەوە بەرهەڵستی دەکەین.

پرسیاری سێیەم:

هۆی کوشتنی ئەو ..٨ دیلە فارسەی کە لە سێپتەمبەری ساڵی ڕابوردوودا گیرابوون، چی بوو؟

وەڵام- ئەوانە وەختی خۆی لە شەڕی ورمێدا گیرابوون، ئێمە هیچ خراپەیەکمان لەگەڵ نەکردن، بەڵکو جل و پارەمان دانێ و بەو مەرجەی نەچنەوە پاڵ ئێران، بەرەڵامان کردن. بەڵام هەر کە بەربوون، چوونەوە پاڵ ئێران و دەستیان کردەوە بە دەست درێژی و کوشتن و برین، بۆیە ئەمجارە لێیان خۆش نەبووین و تۆڵەمان لێکردنەوە.

پرسیاری چوارەم:

هۆی تێکچوون و شەڕکردنت لەگەڵ ئاسوورییەکاندا چی بوو، تکایە پێم بڵێ، مار شەمعون، کە ئاشتیی ویست و دۆستی کورد بوو، لەبەرچی کوژرا؟

وەڵام- بێگومان ئاگاداری ئەوەی، کە تورک و رووس لە جەنگی جیهانیدا چییان بە کورد کرد! حەز دەکەم هۆی کوشتنی مار شەمعونت بۆ ڕوون بکەمەوە:

لەو هەرایەی لە باکوری کوردستاندا لە نێوان تورک و ئەرمەنیدا ڕوویدا، ئاسوورییەکان چوونە پاڵ ئەرمەنییەکان و یارمەتییان دان. دوای شۆڕشی ڕووسیا، ڕووسەکان هێزەکانیان لە سابڵاغ و ورمێ کێشایەوە و ژمارەیەکی زۆر چەک و جبەخانە، تۆپ و ڕەشاش و تفەنگیان بەجێهێشت و هەمووی بۆ ئاسوورییەکان مایەوە. چەند ئەفسەرێکی ڕووس و ئاسوورییەکان و هەندێ کاربەدەستی ئەوروپایی، دەیانزانی ئێران بەهۆی لاوازی و کزیی دەسەڵات و کەم دەرامەتییەوە ناتوانێت داکۆکی لە خۆی بکات، بۆیە ئاسوورییە چەکدارەکان ویستیان ئەم دەرفەتە لەکیس نەدەن و ئازەربایجان کە ناوچەیەکی گرنگی نێوانی ئەرمەن و تورک و فارسە - بگرن. ... مستەفا پاشا درێژە بە نامەکەی دەدا و دەڵێ: دوای ئەوەی ئاسوورییەکان بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتن و بانگەوازی سەربەخۆییان دا، هاتنە لام و داوای هاریکارییان لێ کردم، بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە ناو ئێرانەوە، منیش بەڵێنی یارمەتیم دانێ... بەڵام ئێرانییەکان بەوەیان زانی، کە ئاسوورییەکان داوای یارمەتییان لە من کردووە... نوێنەرێکی ئێران هات و داوای لێ کردم، کە پشتی ئاسوورییەکان نەگرم و بەرامبەر بەمە بەڵێنی پاداشت و چاکەدانەوەیان دامێ. لەبەرئەوەش دەمزانی ئاسوورییەکان نیازیان وایە باکوری کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و داگیری بکەن، بۆیە مارشەمعونم کوشت. ئێرانییەکانیش لە بەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە. بۆیە منیش پەلامارم دان و ورمێم گرت و کاربەدەستانی خۆمم لێ دامەزراند.

پرسیاری پێنجەم:

ئایا هیچ ئاسوورییەک لە جوولەمێرگ ماوە؟ من چەند هەزارێکیانم لە بەغدا دیوە...

وەڵام- لە مستەفا کەمالەوە، لە «ئەنگورە»ی ناوچەی «وان»ەوە، تەلگرافێکم بۆ هاتووە، با میرزا -کاتب- بۆت بخوێنێتەوە: «یۆنانییەکان بە سەرۆکایەتیی پاشاکەیان و بە یارمەتی و پارەیەکی زۆر و پشتگیریکردنی حکومەتی بەریتانیا، بانگی شەڕیان لە دژ داین، ئەوا ئێستە داوای ئاشتی دەکەن و دەیانەوێ ئەوروپاییەکان بکەونە بەینەوە. لە هەموو سەرکەوتنەکانمان ئاگادارت دەکەین. هەروەها ئاسوورییەکان لە ناوچەی کوردستاندا لەلایەن بەریتانییەکانەوە هان دراون، کە لە ڕێی زاخۆ و جزیرەوە بگەڕێنەوە، منیش هەرچی پێویست بێ ڕام سپاردووە دژیان بکرێت. تکایە! ئێوەش چیتان پێدەکرێ لەم ڕووەوە بیکەن، بۆ ئەوەی ئاسوورییەکان لە ئێران و ڕووسیاوە نەگەڕێنەوە بۆ ئێرە». سمکۆ وتی: ئەمە شتێکی تازەبوو بیستم، کە ئاسوورییەکان دوژمنی ئێمەن، بۆیە ڕێگەیان نادەم بگەڕێنەوە ناوچەی هەکاری و تورکەکان لەمەدا پشتگیریم دەکەن.

پرسیاری شەشەم: ئایا هیچ ڕێکخراوێکی نەتەوەیی لە کوردستاندا هەیە؟ بۆ نموونە ئایا هیچ بەیداغێکی تایبەتی هەیە؟ ئەی تۆ چۆن حوکمی ئەو شوێنانە دەکەی، کە دەیانخەیتە ژێر دەسەڵاتی خۆتەوە؟

وەڵام- ئێستە هیچ ڕێکخراوێک نییە، من هەر خۆمم لە کوردستاندا. جارێ چاوەڕوان بە با ئەم وڵاتە ڕزگار ببێ، ئەوسا بزانە چۆن حوکمەتێک دێتە کایەوە، گرنگ نییە کێ دەبێ بە فەرمانڕەوا و کاربەدەست، من خۆم هیچ چاوم نەبڕیوەتە ئەوە. دەربارەی ئاڵا و شتی تر، بڕوا ناکەم ئێستە شتێکی زۆر پێویست بێت، بەڵام شوکاکییەکان وەکو ئێستە ئەبینیت، بۆ هەر ناوچەیە و ئاڵایەکیان هەیە.

پرسیاری حەوتەم:

کەواتە وەک ئێوە دەڵێن، بەتەواوی بۆ نیشتمان هەوڵ دەدەن، وانییە؟ بەڵام ئەی بۆچی، کە سابڵاغتان گرت، دوکانەکانیان تاڵان کران و هەندێکیش کوژران، لەناو ئەوانەدا (قازی لەتیف)، کە پیاوێکی ناسراو و ڕێزلێگیراو بوو؟ (سابڵاغ، دیبوکریی بەهێز و بلباس و مەنگوڕ و مامش و عەشیرەتی پیران دەگرێتەوە و ناوچەیەکی گشتیی گەورەیە و پەیوەندیی دانیشتوانی لەگەڵ عەشیرەتەکاندا دۆستانە بووە) ئایا ئەو جۆرە ڕووداوانە ئێرانییەکان دڵخۆش ناکا و بۆ سوودی ئەوان نییە؟ وەکو بیستمماڵی حاجی ئیلخانیی سەرۆکی ناسراوی دیبوکی تاڵان کراوە، لەبەرئەوە هیچ دوور نییە کە بەشێک لە مەنگوڕ و بەگزادەی گەورک و ناوچەی سەقز دژی تۆ یەکبگرن...

وەڵام: وەختێک ڕوومان کردە سابڵاغ، ناردمان بە شوێن هەموو سەرکردەکاندا، بەڵام نەهاتن. هیچ نوێنەرێکی سەقز یا نێردراوێکی نەهات و ئێرانییەکانیش لەناو شاردا شەڕیان دەکرد، شەڕەکە دوو ڕۆژ درێژەی کێشا، ئەوە بوو لە ئەنجامدا ناوشار گیرا و هەندێک کەس کوژران، شوکاکییشیان تێدا بوو. لەو شەڕەدا دانیشتوانی شار و عەشایەر تێکەڵ بوون و تێکڕژان و ڕەشاش و تۆپیشی تێدا بەکارهێنرا... لە حاڵەتێکی وادا، ناتوانرێت ڕێگا لە تاڵان و بڕۆ بگیرێت، ئەگەرچی من خۆم زۆر دژی ئەوەبووم.

ئێمە گومانمان لە عەشیرەتی مەنگوڕی و دیبوکری هەبوو، بەڵام گوێشمان نەدایە. حاجی ئیلخانی بەوەشەوە نەوەستا کە هەر ببێتە لایەنگیری ئێرانییەکان، بەڵکو بەناوی کوردەوە داوای لە خەڵک دەکرد، کە بچنە پاڵی و شەڕمان لەگەڵدا بکەن. عەشیرەتی مامش زۆر دڵسۆزی ئێمەن کوڕی خوالێخۆشبوو مەحمود ئاغای هەمزە ئاغامان کردە حاکمی سابڵاغ و کەریم ئاغای برای بە موفەتیشی ناوچەی «حەمەجان» و ناوچەی -Ban alis و «گەورک» ی دراوسێی، دوای گرتنی سابڵاغ توانییان فارسەکان لە سەقز دەرکەن. بەڵام لەسەرداوای خەڵکی سەقز دەوڵەت ..٣-..٤ جەندرمەی خۆی لە سنەوە نارد و بانالیسیان گرتەوە و چوار پێنج کەسی سەر بە سمکۆ لەوێ ڕایانکرد...

پرسیاری هەشت:

وادیارە بڕیاری هێرش بردنە سەر ئێرانتان بۆ تۆڵە سەندنەوەیە، چونکە برای خۆشەویست و باپیر و گەلێک خزم و کەس و کارتان لەلایەن ئێرانییەکانەوە کوژراون. دوو ساڵ لەمەوبەریش بۆمبایەکیان نارد بۆ خۆت و براکەتی پێ کوژرا. دەڵێن ئەم بزووتنەوەیەت دوای ئەو کوشتارە دەستی پێ کردووە. ئایا وایە؟

وەڵام: زۆرباش تێدەگەم کە شارەزای تەواوی ئەو ڕووداوانەیت و دەزانی هەموو دژی کورد بوون. دەزانی چۆن باو و باپیرم، عەلی خان و زۆرکەسی تر بەدەستی ئێران کوژران. من هەرچەندە ئێستە بۆ میللەتی کورد تێدەکۆشم، بەڵام تۆڵەی خۆشم لە ئێران دەکەمەوە.

ئەمجا مستەفا پاشا لە نامەکەیدا دەڵێ: ئەمانەی پێشوو لە ڕۆژی ١٩٢١/١./١٩دا، لە نێوان من و سمایل خاندا پرسیار و وەرام بوون. ڕۆژی دوایی، ١٩٢١/١./٢. من و سمکۆ و سەید تەها دووبارە لە ژوورێکی تایبەتیدا کۆبووینەوە و ئەم گفتوگۆیە کرا:

جەنابی ئیسماعیل ئاغا! ئەمڕۆ وەکو ڕۆژگاری شێخ عوبەیدوڵڵا نییە، ئەمڕۆ ڕووداوەکانی ناو کوردستان جێی سەرنجی هەموو دەوڵەتە ئەوروپاییەکانە و لێیان ئاگادارن. تەنانەت ئەمەریکای یەکگرتووش ئاگادارە، حکومەتێکی گەورەی وەکو بەریتانیا حوکمی سلێمانی و ناوچەکە دەکات و ئاگای لە هەموو بزووتنەوەیەکی کوردە. ئەگەر هەر شتێک ئەو لێی ڕازی نەبێ و لەگەڵ سیاسەتیدا نەگونجێت، ئەوا لەڕووی سیاسی و عەسکەرییەوە لە دژی دەوەستێ... ڕاستە ئێوە کاروبارتان لەگەڵ تورکە نەتەوەییەکانی ئەناتۆلیا ڕێکخستووە، بەڵام ئەگەر ئەوان لە بزووتنەوەکەیاندا سەرنەکەوتن، ئەوا ئێوەش تیادەچن و کەس بە هاوارتانەوە نایەت. خۆت دەزانیت، بزووتنەوەیەکی وەکو ئەوەی تۆ، بەبێ پشتگیری و یارمەتیی دەوڵەتێکی ئەوروپایی، بەتایبەتیش ئیمڕۆ، کە بەریتانیا بووە بە دراوسێمان، بەبێ ئەوان بە هیچ مەبەست و ئامانجێک ناگەین. جەلالەتی سوڵتان بزووتنەوەکەی ئەمڕۆی ئەناتۆلیا بە یاخیگەری و سەرپێچی دادەنێ، هەر لەبەرئەوەشە، یۆنانییەکان بەرەو «ئەنگورە» هاتوون و ئامادەن، کە عەمەلیاتێکی تریشیان لەدژ بکەن. لە ئەناتۆلیاش زۆرکەس پێشوازییان لە هاتنی یۆنانییەکان کردووە و داوایان لێکردوون ناوچەکە داگیر بکەن، چونکە زۆر ڕقیان لە تورکە نەتەوەییەکانە... ئەو تورکە نەتەوەییانە دوژمنی کوردن و دەبێ ئەوەت لەبیر نەچێ، کە ئەوانە لە ساڵی (١٩.٨)ەوە تا ئێستە چەند زیانیان لە کورد داوە. هەرچۆنێک بێت یۆنانییەکان لە تورکەکان بۆ ئێمە باشترن، چونکە هیچ نەبێ شارستانی و پێشکەوتنخوازن و تورکەکان زۆر دواکەوتوو و نەزانن. باشتر وایە لەگەڵ یۆنانییەکاندا پەیوەندی پەیدا بکەیت و لەم بارەشەوە ئینگلیزەکان ئاگادار بکەی. بۆ ئەوەی کێشەی خۆت لەگەڵ ئێرانییەکاندا چارەسەر بکەی، پەیوەندییان پێوە بکە و سوود لە هەل و دەرفەت وەربگرە. هەوڵ بدە لەگەڵ ئەو شوێنانەدا ڕێک بکەوە، کە بەریتانی و ئەوروپایی تێدا نییە، وابزانم ئەگەر ئەو ڕێگەیە بگریتەبەر ئەوروپاییەکان گوێ لە داواکانت دەگرن...

سمکۆ لە وەڵامدا وتی:

منیش زۆر ڕقم لە تورکە نەتەوەییەکانە، بۆ کوردیش ئەوان لە فارسەکان بە دوژمنتر دەزانم. من چەند جارێک نامەم بۆ ئینگلیزەکان ناردووە و ئاگادارم کردوون، کە من نامەوێ دژی سیاسەتی ئەوان بم و ئێمە هەمیشە پێویستمان بە یارمەتیی بەریتانیا هەیە. با ئەوان لایەنگیری کورد بکەن، منیش ئامادەم بە پێی ئارەزووی ئەوان بجوڵێمەوە. ئێمە پێویستمان بە یارمەتیی چەک و فیشەک هەیە و ئەگەر لەم ڕووەوە فریامان نەکەون تووشی کێشە و سەریەشە دەبم. سەید تەهام نارد بۆ بەغدا، بەڵام هیچ سوود و ئەنجامێکی نەبوو، ئەوا من و سەید تەها ئێوە دەکەین بە وەکیل ئەگەر حکومەتی بەریتانیا خۆی، یاخود بەهۆی دۆستە دڵسۆزەکانی پژدەرییەوە، بتوانن یارمەتیی چەک و جبەخانەمان بدات، بەبێ ئەوەی بمانخاتە ژێر ڕەحمی ئەفسەرەکانییەوە، ئەوا دەتوانین وان و ئەرزەروم و سیواس و هەکاری لە تورک پاک بکەینەوە و ئەوسا دەتوانین دەرسێکی گەورە و چاکیش بە ئەوانەی ڕەواندوز و شوێنەکانی تریش بدەین. ئەمە پێشنیاری ئێمەیە و دەتوانین دڵنیات بکەین، کە ئێمە لەم گفتوگۆیەماندا ڕاستین. ئێمە دەتوانین «ئەنگورە»ش بگرین و ئەگەر ئینگلیزەکان بێدەنگ بن، لە ماوەیەکی کەمدا شاری سنەش دەگرین.

ئەو شەوە سوارە و پیادە و تۆپ ئامادەکران، کە بچن بۆ سەلماس، منیش گەڕامەوە بۆ «ورمییە» و لەوێوە بۆ ساباڵاغ.

لە ناوچەی ئازەربایجانی ئێراندا، سەرۆکی عەشیرەتی قەرەداغ هەیە، ئەمیر ئەرشەدی ناوە، نزیکەی ٦-٧ هەزار سوارەی ئازا و ٤٠-٥٠ تۆپ و ژمارەیەکی باشیش ڕەشاشی هەیە. سمکۆ لای وایە، دەوڵەتی ئێران پارەیەکی باشی بە ئەرشەد داوە. ئێستە لە ناوچەیەکدایە پێی دەڵێن «شەریف خان»، بەسەر باکوری گۆمی ورمێدا دەڕوانێت و هێزەکانی بەرەو تەبریز و «خوی» دەڕۆن و پێشەنگی هەندێکیان گەیشتۆتە سنووری سەلماس، بەنیازی ئەوەی دەست پێشکەری لە سمایل خانی شوکاک بکات. ئەرشەد سوارەی خۆی ناردووە بۆ «شکوپاکی» لە نێوان «خوی» و «سەلماس»دا... کاتێک خەریکی بۆ ڕۆیشتن خۆئامادەکردن بوو، سمایل ئاغاش خۆی تەیار دەکرد، کە بەرەوڕوی ئەو هێزانە بڕوا و بەرەنگاریان ببێتەوە. بەپێی هەواڵێکی تەلەفوونی، سمایل خان هێزی پیادەی ناردۆتە گرد و بەرزاییەکانی بەرامبەر «خوی» و ئەو پیاوانەی تری کە ماون لەگەڵ هێزی تۆپدا بەرەو پێشەوە ڕۆیشتوون. هێزەکانی سمکۆ بەری لەو هێزی سوارەی ئەرشەدە بڕییەوە، کە لە «شەریف خان» و «تاسووج»ەوە بەرەو پێشەوە دەهاتن، ئەرشەد هێزەکانی خۆی گەڕاندەوە و هەرچەندە لە هەردوولا کوشتار بوو بەلام شەڕەکە گەرم نەبوو. سمکۆ دوایان نەکەوت و وازی لێ هێنان، لە گەڕانەوەیدا Seyis و (تاجەدین) و دوو گوندی تری سووتاند و ئەو چەند کەسە کەمەی هێزەکانی ئەرشەد و خەڵکی ئەو دێهاتانەی وەکو دیل لەگەڵ خۆیدا برد بۆ «سەلماس».

مستەفا پاشا لە نامەکەیدا دوایی دێتە سەر باسی ورمێ و باری پێشکەوتن و شارستانییەتی... هەروەها باسی ئەو وێرانکارییە دەکات کە تورکەکان لە شەڕی دژ بە ئەرمەن و ئاسوورییەکاندا لەو ناوەدا کردوویانە و لە کەساسی و ماڵوێرانیی خەڵکی هەژاری ئەو ناوچەیە و شەڕی بەردەوام بووی نێوان کورد و فارس دەدوێ.*

مستەفا پاشا دەڵێ، لە ٢٦/نۆڤەمبەری ١٩٢١ ورمییەم بەجێهێشت و چووم بۆ ساباڵاغ، لەبەرئەوەی خەتی تەلەفوونی ئەو ناوچەیە پچڕێندرابوو، هیچ هەواڵ و دەنگ و باسێکی ئەو شەڕەم دەسگیر نەبوو کە لە ٢٦ و ٢٧/ نۆڤەمبەردا لە نێوانی سمکۆ و ئەرشەددا کرا.

لەسەر داخوازیی هەندێ لە سەرۆکەکان ڕوومان کردە دیاربەکر، (کە یەکێکە لە گوندەکانی عەبدوللائاغا)، لەگەڵ عەلی ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئێلخانی و کاویسی کەریم ئاغا و چەند کەسێکی تردا وتوویژ کرا. مارف ئاغای برای کاویس ئاغا گەیشت و باسی هەڵوێست و باری ناوچەکەی بۆ کردین.

لەبەرئەوەی شوکاک دەسدرێژی کردبووە سەر ساباڵاغ و سووتاندبووی، گفتوگۆ و گلەیی و بێزارییان بەرانبەر سمکۆ تا نیوەشەو درێژەی کێشا. ژمارەیەکی زۆر لە عەشایەرەکانی ساباڵاغ دژی ڕەفتاری سمکۆ و ئێران بوون. لە کاتی دەمەتەقێدا هەواڵ گەیشت، کە لە نێوان ٣٠٠٠ سوارەی سمکۆ و ٤-٥ هەزاری ئەرشەددا شەڕێکی ڕووبەڕوو و دەستەویەخە بووە و ٣٠٠ کەس لە تاقمەکەی سمکۆ کوژراون و برینداربوون و لە هێزی ئەرشەدیش ژمارەیەکی زۆرتر. لە کاتی کشانەوەی ئەرشەددا بۆ تەورێز، شوکاکەکان تۆپێکیان گرتووە و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بە دیل گرتوون. هەواڵی ئەو شەڕە هەر بەو شەوە گەیشتە لای شێخ عەبدوللا. لەو هەواڵانەی لە کاتی گەڕانەوەمدا بیستم ئەوە بوو، کە بالیسەکان دووبارە «سەقز»یان گرتۆتەوە و چاوەڕوانی نوێنەری سمکۆن، پەیوەندییان لەگەڵدا بکات.

کوڕی خۆم! بەتەمام یەکسەر بەهۆی دەسەڵاتدارانی بەغداوە ئەو بەڵێن و پەیمانانەی سمکۆ و سەید تەها بگەیەنم، بەلام هەندێ ئەنانیەتی تێدایە... سلاو و ڕێزم بگەیەنە بە فەهمی ئەفەندی، زۆر خەفەتبارم، کە ناتوانم هەموو شتێ بنووسم.

دەربارەی «ئەنگورە»، سمکۆ بڕوای بە ئاسووری و ئەرمەنییەکان نییە، چونکە کاتی خۆی بۆمبایەکیان بە ناوی دیارییەوە لەناو سندوقێکی شیرینیدا بۆ ناردووە. لە کاتی کردنەوەدا برایەکی سمکۆ و چەند کەسێکی تر پێی کوژراون. حکومەتی ئێران خەبەری بۆ سمکۆ ناردبوو، کە ئەرمەنییەکانی «ریفان» ئەو بۆمبایەیان بۆ ناردووە. بۆیە قەت ناشێ سمکۆ لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا ڕێک بکەوێ.

لە کۆتایی نامەکەیدا دەڵێ: لەم گەڕانەمدا نزیکەی ٢٠٠ لیرەم خەرج کرد و تورکە نەتەوەییەکان ئەم گەشتەی منیان زۆر پێ ناخۆش بووە و ١٠٠٠ لیرەیان تەرخان کردبوو بۆ ئەو کەسەی کە بمگرێ، یان بمکوژێت.

ئەوەی زۆر دڵگرانی دەکردم، ئەوەبوو کە خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر نەشارەزای دنیان، دەبێ هەموو شتێکیان دوو سێ جار بۆ بڵێیتەوە ئەوسا لێت تێدەگەن و ئەگەر خۆیان شتێکیان مەبەست نەبێت، قەت ناچێ بە مێشکیاندا!

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە توانادا نییە، کە یارمەتی بدرێ کێ ببێتە حاکمی کوردستان!! □

* لە بەڵگەنامە نهێنییەکەدا هەر ئەوانەم لە نامەکەی یامولکییەوە وەرگرتووە.

## کورتەیەکی ژیانی مستەفا پاشا
## لە بەڵگەنامەیەکی نهێنیی* بریتانیدا

مستەفا پاشای کورد لە کوردستان لە دایک بووە. نزیکەی (٥٧) ساڵە لە سوپادایە. لە حیجاز کاری کردووە، دواتر کۆنسوڵی تورک بووە و لە ئێران و ئەرمینیا کاری کردووە، ساڵی ١٩٠٠ لە ستافی گشتیدا هەتا ساڵی ١٩١٤ سوپاسالاری لەشکری (٢٧) بووە تا خانەنشین کراوە. لە نۆڤەمبەری ١٩١٨وە تا ١٩١٩ لە کۆمەڵەی (تعالی کرد)، کە یانەیەکی کوردان بووە لە ئەستەمبوڵ، چالاکیی نواندووە.

مستەفا پاشا دوای پەیمانی ڕێکەوتن گەڕایەوە سوپا و کرا بە ئەندامی ئەو دادگا سوپاییەی، کە ئەرکی لێپرسینەوەی ئەو تاوانبارانەی پێ سپێردرابوو، کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەرپرسی کوشتار و ئاوارەکردنی خەڵک بوون و باری ئابوورییان بۆ مەبەستی شەخسیی خۆیان بەکارهێنابوو.

سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٩ کراوە بە ئەندامی ئەو لیژنەیەی، کە بە سەرپەرشتی وەزیری دارایی بۆ فرۆشتنی عەمبارە جەنگییەکان- پێکهاتبوو. لە کۆتایی ئەم ساڵەدا کراوە بە والیی (برووسە)، بەلام کە عەلی ڕەزا پاشا هاتۆتە سەرکار مستەفا پاشا لابراوە و لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٩دا گیراوە و زۆری پێ نەچووە بەربووە.

١٩٢٠/١/٢١ دووبارە دراوەتەوە بە دادگا، بەلام، کە داماد فەرید پاشا دەسەلاتی گرتۆتە دەست ئازاد کراوە و هاتۆتەوە سەرکار. کاتێ تۆفیق پاشا بۆتە فەرمانڕەوا دیسانەوە مستەفا پاشا لابراوە و مانگی نۆڤەمبەری ١٩٢٠ بە تۆمەتی ئەوەی لەکاتی درانە دادگادا سەرپێچی کردووە گیراوە. سوڵتان هەوڵێکی زۆری بەردانی داوە و ٩٢١/١/٦ فەرمانی تاوانبارکردنەکەی گۆڕاوە، بەلام دەوڵەت بە بیانووی ئەوەی، کە هێشتا تاوانی زۆری لە ئەستۆدا ماوە، ڕازی نەبووە بۆ «بێرووت» دووربخرێتەوە. دوایی کەوتۆتە کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی، کاتێ بەربووە پەیوەندیی لەگەڵ ئەرمەنییە ناسیونالیستەکاندا هەبووە. ئەرمەنییەکان خەریکی ئەوە بوون لە نێوان ئەرمەن و کورد و یۆنانییەکاندا، لە دژی تورک بەرەیەک ساز بکەن. ئاشکرایە بەر لە ئەستەموول بەجێهێشتن، یامولکی پەیوەندیی لەگەڵ یۆنانییەکاندا هەبووە.

مستەفا پاشا لە ١٢/حوزەیرانی ١٩٢١دا گەیشتۆتە دیمەشق و لەوێوە لە ڕێگەی مووسڵەوە چووەتەوە بۆ سلێمانی و دەڵێن بڕیاری داوە لە دژی تورکەکان تێبکۆشێ. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا نووسراوە کە لە ٢٩ی سێپتەمبەردا گەیشتۆتە بەغدا و (پێش ئەوەی ئەمیر فەیسەڵ ببێ بە مەلیکی عێراق) چەند جارێک وتوویژی لەتەکدا کردووە. هیچ شتێک دەربارەی ئەو گفتوگۆیە نەزانراوە.

هەرچەندە لای خەڵک وا باو بووە کە مستەفا پاشا نێردراوی سوڵتانە بۆ ناوچەکە (چونکە سوڵتانیش دژی تورکانی لاو و کەمالییەکان بووە)، بەلام هەر کە تورکە قەومییەکان بیستوویانە مستەفا پاشا فەیسەڵی دیوە، ئیتر کەوتوونەتە پروپاگەندەی ئەوەی کە بۆتە پیاوی ئینگلیزەکان.

* ژمارە: ٦ - ٢٠٥٠٦٣٥ ئەستەموول، ساڵی ١٩٢١ / C.R.A.F. 774)

### سەرنجێکی وەرگێڕ

بە ڕای من، مستەفا پاشا لەبەر ئەوەی زۆر ڕقی لە تورکە قەومییەکان بووە و لە سیاسەت و هەڵوێستیان دەربارەی کورد بێزار و نائومێد بووە، پێی وابووە ڕەنگە کورد بەهۆی ئینگلیزەوە بتوانێت مافە نەتەوەییەکانی خۆی زامن بکات - بەلام وەک مێژوو سەلماندی لەم ڕووەوە بە هەڵەدا چووبوو- ... ڕقەکەی مستەفا پاشا لەو تورکە قەومییانە ئەوەندە گەورە بووە، کە لە دادگادا فەرمانی لە سێدارەدانی مستەفا کەمال (ئەتاتورک)ی دابوو و تورکە قەومییەکان هەر لەبەرئەمە ناویان نابوو (مستەفا نەمروود). □

---

محەمەد ڕەسووڵ هاوار (شاعیر و نووسەر): ساڵی ١٩٢٤ لە سلێمانی - کوردستانی خواروو لە دایک بووە. یەکەم جار لە گۆڤاری گەلاوێژدا بەرهەمی بڵاوکراوەتەوە و لەوەوپاش هەتا ئەمڕۆش بەرهەمەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی کوردستان و هەندەراندا هەروەهاش بە شێوەی کتێب بڵاودەبنەوە. تا ئێستا سەرڕای چەند کتێبی شیعر؛ پیرەمێردی نەمر (١٩٧٠)، کوێرەوەری و بیرەوەری (١٩٨٤) و هۆرەی دەروێشی یاخی (١٩٨٦)ی بڵاوکردۆتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا هاوار لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە سێ بەرگدا، لە بارەی شێخ مەحموود و دەوڵەتی کوردستانی خوارووەوە نووسیوە؛ بەرگی یەکەمی ئێستا بۆ چاپ ئامادە دەکرێ. م. ر. هاوار ئێستا لە لەندەن دەژی.

---

## کۆنگرەی نەتەوەیی‌ی کوردستان
لەندەن ١٩-٢٠ی ئاگوستی ١٩٨٩

یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی‌ی کوردستان لە ڕۆژانی ١٩-٢٠ی ئاگوستی ١٩٨٩دا لە لەندەنی پێتەختی ئینگلستان ڕێک خرا. لە کۆنگرەکەدا سەرەڕای بەشداربوونی کورد، چەند میوانی بێگانەش ئامادە بوون. هەروەها ژمارەیەکی زۆر سلاونامە و برووسکە و پەیام لە هەموو لایەکەوە بۆ کۆنگرە نێردرابوو بۆ دەربڕینی پشتگری. کۆنگرە لە کۆتاییی کارەکانیدا ئەنجومەنی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی‌ی کوردستانی هەڵبژارد. □

# چیرۆکەکانی «مامۆستای کورد» و ڕوانینێکی سەرپێیانە

مووسا گەرمیانی

«... ئێستا مدیر ناحیە دەڵێ لە دەستی مندا نەماوە و فەرمانی چۆڵکردنی گوندەکەمان دەرچووە. ... دەبێ لە ماوەی بیست شەوی دیدا چۆڵی بکەن...
– دەک خوا هەڵینەگری...! ئاخر بۆ؟! ئێ باشە چیمان کردووە؟!
– مام ڕەشید تۆ چوزانیت... شتێکە و خێری هەموو ولاتەکەی تێدایە!
– دەک گوو بە خۆت و بە ولاتت... ئەرێ تۆ کەی لە درۆ و دەلەسە دەکەوی؟ ولاتی من ئەم دێیەیە ... ئەم کاولەیە...

(لە چیرۆکی «گوندەکە»، نووسینی: کاکەوەیس)

«...ئەمە سێ مانگی ڕەبەقە دانیشتوانی ئەم شارە چاوەڕوانی هاتنی سەرۆکن. هەر ڕۆژە قسە و قسەلۆکێک ئەکەوێتە بازاڕەوە... بنێشتە خۆشەیە، ئەوان هەر ئەیجوونەوە تا تاقەتیان لێ ئەچێ، کە بۆژۆبوون هەریەکە بە لایەکدا ڕایئەکێشن، فووی پێدا ئەکەن، سەرلەنوێ ئەیجوونەوە، دیسانەوە فووی تێ ئەکەن تا لە دەمیاندا ئەوەندەی میزەڵدانێکی لێ دێت، ئەتەقێتەوە...»

(لە چیرۆکی «سەردانی سەرۆک» نووسینی: فازیل کەریم)

«... نەکگیری خوێن دەبێ دڵێک کە تەزووی بێ مەیلی پێشمەرگەی پێدا بێت. بەش بە حاڵی خۆم ئەو سەرەی کە لە ڕاست بیستنی ناوی پێشمەرگە لەنگەری ڕێز نەگرێتە بەر شیاوی لەنگەری قەنارەی دەبینم...»

(لە چیرۆکی «شەختە» نووسینی: کوردان)

«کوردستان! بەڵێ، ئەی بۆ نا؟! کامە و چی شتێکی لەم ولاتەی ئێمە دەچێ؟ من ولاتی خۆمم خۆش دەوێ و ئامادەم بۆی بمرم، بەلام خەڵکی ولاتی شاخیشم خۆش دەوێ. ولاتی شاخ و بەفر، ولاتی کوردم خۆش دەوێ، تەنانەت سەگەکانیشیان... تەنها جاسووسە سووکەکانیانم خۆش ناوێ»

(لە چیرۆکی «عەریف عزدە» نووسینی کاکەوەیس)



## نووسینی

**چیرۆکی کوردی بەو شێوەیەی کە ئیمڕۆ باوە دەگەڕێتەوە سەردەمی ئاشنایەتیی**

نووسەرانی کورد دەگەڵ بەرهەمی داستان و چیرۆکی درێژی novel چیرۆکنووسانی ڕۆژاوایی. لە چەرخی حەڤدە و هەژدەی زاینیی را نووسەرانی ڕۆژئاوا بە ئیلهام گرتن لە شێوە نووسینی ڕۆمانس کە جۆرە داستانێکی درێژی پڕ لە کارەساتی سەیر و سەمەرە و دوور لە ڕاستی بوو دەستیان بە نووسینی چیرۆکی کورت و چیرۆکی درێژ بە شێوەیەکی تازە کرد. لە شێوەی تازەدا نووسەران ئاوڕیان داوە سەر ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ و داڕشتنی فۆرم و شێوازی نوێ.

چیرۆکی ڕۆژئاوایی خۆی ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەر هاتووە، بەلام لە دەرفەتی ئەم وتارەدا تەنها باسی جیاوازی هەرەبەرچاوی شێوەی تازە و کۆن دەکەین کە بریتیە لە ڕادەی بایەخدان بە لایەنی ڕاستەقینەی ژیان.

چیرۆکی نوێی کوردیش لە کاتێکدا لە باری فۆرمەوە لە چیرۆکی ڕۆژئاوایی دەرس دەگرێ بە ئەزموونی سامانی ئەدەبی و نەتەوایەتی، باری سرنجڕاکێش و کەم وێنەی کۆمەلایەتی و زەوق و دڵبەندیی نووسەرانی کورد، خەریکە توانستێکی بەرچاو پەیدا دەکا. لە بەرهەمی نەتەوایەتیدا ئێمە حیکایەت و نەقڵ و بەیت و باو و ئەفسانەمان هەیە، هەریەک لەوانە خاوەنی شێواز و ناوەڕۆک و فۆرمی تایبەت بە خۆیانن. لە حیکایەتە کۆنەکاندا ڕووداوەکان لەسەر هێڵێکی سەرڕاست و بەپێی زەمان دەچنە پێشەوە. زۆرجار سەربهوردی مرۆڤێک دەگێڕنەوە، ئەویش لە کاتی هاتنە دونیاوە هەتا ڕۆژی مەرگ. ڕووداوە سەرەکی و ناسەرەکییەکان یەک بە دوای یەکدا دێنەپێش و چارەنووسی پاڵەوانی حیکایەت دیاری دەکەن. وا هەیە قارەمانی حیکایەت کابرایەکی ساویلکەیە کە هێزێکی نادیار ڕووداوی دڵخۆشکەری بۆ ڕێک دەخا، واش هەیە قارەمانەکە هەر بەهۆی هێزی خۆی لە خەباتەکانیدا سەردەکەوێ، بەلام قەت دەسبەرداری هێزی نادیار نابێ. لە زۆربەی ئەو سەرگوزشتە قەدیمانەدا پاڵەوان مرۆڤێکی ناسایی نییە، خاوەنی هێزێکی بێ سنوورە، ئەو هێزەی مرۆی ساکاری دونیای جاران و تەنانەت مرۆی ئێستاش ئارەزووی دەکەن. حیکایەت ڕەنگە لە دونیای ڕابردوودا وەک نووشتە و ڕەسم و وێنە و کۆتەلی گیانلەبەران دەوری تابوو Taboo ی هەبووبێ. ئاواتی زاڵبوون بەسەر سرووشتی گەردەنکەش، خەبات دەگەڵ بێ ئاوی و قاتی و قڕی و بوومەلەرزە و شەڕ و سێلاو و نەخۆشی و تەنانەت مەرگ، هەوێنی بەردەوامی ناوەرۆکی ئەو حیکایەتانەیە. مرۆ وای دەزانی کاتێ لە سەرگوزشتەکەیدا قارەمان بەسەر ئەو دیاردە نەویستانەدا زاڵ دەبێ، خۆیشی لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەتوانێ زاڵ و سەرکەوتوو بێ. لە چیرۆکی تازەی ئیمڕۆشدا بە شێوەیەکی دیکە، مرۆ درێژە بەو ئاواتانە دەدا، ویست و ئاواتی کۆمەڵی ئینسانی نەگۆڕاوە، تەنیا بەرپلاوتر بووە، دوژمنەکانیشی هەر ماون و بەهێزتریش بوون!

لە ئەفسانەکانیشدا ئەو ڕەوتە بە تەوژم و گوڕێکی زیاتر دێتە ئاراوە. چوارچێوەی ژیانی زەوینی شکستی دێنێ، ئەسپی خەیاڵی مرۆ تا ئەوپەڕی دیار و نادیار دەچێ و کەوشەنی دەبێ و نابێ دەپەڕێنێ. ئەفسانە ئاوەڵدوانەی شیعرە. ئەوەش شوێنپەنجەی خەیاڵ و بیری بێسنوورە.

بەیتەکانیش مێژوویەکی شاعیرانەن. لاواندنەوەی پاڵەوانە نەمرەکان کە پەسنی ئەوینی مرۆڤانە، بە زمان و ڕواڵەتێکی تایبەت، بەیت و باوی کوردی دەڕازێنێتەوە، شێوەیەکی دیکەی کوردانە بۆ گێڕانەوەی ڕووداو و نەقڵەکە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی دڵتەڕ و نوکتەبازان بە زمانی پیاوی قۆشمە و بەسەروزمان دێتە گوتن. شێوەی نەقڵ زیاتر بەستراوەتەوە بە سەلیقەی نەقڵباز، هەر بۆیە دەگەڵ پەسەندی زەمانە ڕاهاتووە و ئێستاش لە برەو نەکەوتووە.

نەقاڵ دەتوانێ کۆڕێکی گەورە بە نەقڵ و نەزیلەی خۆی گەرم دابینێ و وەک بڵێی چیرۆکێکی تازە و مۆدێرن بخوێنێتەوە لە باسی ڕووداوی ورد و بە ڕواڵەت کەم بایەخیش خۆی ناپارێزێ. ئەو نەقڵە جیاوازە دەگەڵ نەقڵی داستان و ئەفسانەی کۆن. لەو نەقلانەدا زیاتر لەسەر کارەسات و ڕووداوی هاوکات دەڕۆن. بیسەران بە ڕوونی دەتوانن دەگەڵ قارەمانەکانی نەقڵ هەست بە ناسیاوی بکەن. نەقڵبازی کورد ڕاوێژی خۆشە، قسەی لە دلان دەنیشێ، یادگاری ڕەسەنی خۆوێژ و قسەخۆش و بەیتخوانەکانی قەدیمە، زۆربەیان خاوەنی دەنگێکی خۆشن و جارجارە بە هەوا و گۆرانی ڕەوتی سرنجڕاکێشی نەقڵەکەیان دەپارێزن و نایەڵن دانیشتووی مەجلیس وەڕەز و ماندوو بن.

لەنێو شێوە جۆربەجۆرەکانی گێڕانەوەی ڕووداودا، نەقڵ لە هەموان بە شێوەنووسینی چیرۆکی تازە نێزیکترە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە نەقڵ لە ڕیزی ئەدەبی نووسراوەدا نییە و تەنیا دەماودەم فێری دەبن. چیرۆکنووسی کورد جگە لە سوودگرتن لە بەرهەمی ئەدەبی گەلانی دیکە دەبێ لە ئەزموونی شێوە نەتەوابەتییەکانی خۆماڵیش بەهرە بگرێ. هەروەک لە شیعریشدا شاعیری کورد سەرباقیی وەرگرتنی فۆرمی شیعری نوێی ڕۆژئاوا، لە شیعری کلاسیکی کوردی و بەیتەکان بێ نیاز نییە. ئەو نوکتەیە لە لایەنێکی دیکەشەوە شایەنی سرنجە، زمانی کوردی لە بارودۆخێکی وادا نییە کە وەک زمانی گەلانی سەربەست ڕەوتێکی ئازادانە و بێ کەندوکۆسپ بپێوێ، ئاڵوگۆڕێکی کە بەسەر زمانی کوردی دێ ئاسایی نییە بەڵکە بەهۆی ئەوەی کە لە ژێر دەسەلاتی زمانەکانی دیکەدا بە زمانی ناوچەیی لە قەڵەم دەدرێ، گۆرەپانی گەشەکردن و پێشوەچوونی لێ درێغ کراوە. لەوانەیە ئەگەر نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیری کورد ڕوو لە میراتی ئەدەبی کۆن و کلاسیک و فۆلکلۆر وەرگێڕێ و تەنیا پشت بە زانیارییەکی بەرتەسکی زمانی ڕۆژانە و نموونەی ئەدەبی گەلانی ڕۆژاوا ببەستێ، زمانی کوردی زیاتر توشی گیروگرفت بێ. خاڵێکی دیکە لە باسی ئەدەبی کوردیدا بە گشتی و چیرۆکی کوردی بە تایبەت، مەسەلەی زمانی یەکگرتووە کە دیارە زۆری باسکراوە و لێکۆڵراوەتەوە، ئەوەی مەبەستی منە هەڵبژاردنی زمانی وێچوو یا هاوڕەنگ دەگەڵ ناوەڕۆکی چیرۆکە. فۆرم پەیوەندیی بە تەکنیک و سەلیقەوە زیاترە، بەلام هەڵبژاردنی شێوەی نووسین ئەگەر پڕ بە پێستی ناوەڕۆکی داستانەکە نەبێ لایەنی هونەریی چیرۆک بێ هێز دەکا و لە ڕاستیدا هیچی بۆ ناهێڵێتەوە.

چیرۆک ئەگەر باسی ژیانی لادێ بێ، ئەگەر ڕووداوەکانی لە شاردا بقەومێ، ئەگەر تەنز و توانجگر بێ یا هەر سەبکێکی دیکەی هەبێ، زمانی تایبەتی خۆی دەوێ. من لەم وتارەدا دەخوازم لە چیرۆکەکانی حەوت ژمارەی یەک تا حەوتی گۆڤاری «مامۆستای کورد» سەرپێیانە بڕوانم و زیاتر وەکو خوێنەرێکی دڵبەندی چیرۆکی کوردی سرنجیان بدەمێ.

لەو حەوت ژمارەی گۆڤارەدا سێ چیرۆک لە کاک کوردان، دوو چیرۆک لە کاکە وەیس و لە برایان فەرهاد شاکەلی و بەختیار قادر و فازیل کەریم ئەحمەد و حەمەی مام ئاوڕەحمان هەرکام چیرۆکێک لەچاپ دراوە (نووسینەکەی کاک حەمەی مام ئاوڕەحمان زیاتر فۆڕمی بیرەوەریی هەیە).

## چیرۆکی کوردی و زمانی پڕ شکۆ

لە هەرسێک چیرۆکی «کوردان»دا زەمینەیەکی فیکریی هاوبەش، بۆچوون و بیرێکی جەمسەر وەک تان و پۆی مافوورەیەکی پڕ نەخش و نیگار ڕایەڵی بەرهەمەکانی ڕادەگرێ. ئاخ و حەسرەتێکی کاریگەر و دڵتەزێن و هاوار و ناڵەیەکی بەسوز، جاری وا هەیە خوێنەر لە ناهومێدی نزیک دەکاتەوە، بەڵام لە دوادێڕەکانی چیرۆکدا بە تیشکێکی باریکی هیوا دەروویەکی نەزۆر ڕووناک دەکرێتەوە.

لە چیرۆکی «شەختە»دا کە ڕووداوەکان لە زمانی هەوەڵ کەسەوە دێنە گوتن، شوێنی کارەسات ناوچەیەکی ڕزگارکراوی کوردستانە. پێشمەرگەیەک سەرما بردوویەتی و چاوەکانی و پەنجەی دەست و پێی زیاتر ئازاریان پێ گەیشتووە. چیانشینەکان دەیبەنەوە دێ و ئێستا لە ماڵی «مەلا حەمە» بۆ چابوونەوە خستوویانە.

ئەو پێشمەرگە بریندارە کە وەک بۆ خۆی دەڵێ «ڕووناکبیرێکی شاری»یە، ماوەی دە ساڵ مامۆستای منداڵان بووە، بەڵام کاتێ ئێش و ئۆفی دەست و چاوی هێرشی بۆ دێنێ بەدەم یاو و نۆبەتێوە هەزا بیر و خەیاڵ لەسەری دەدا و لە هەوەڵ تا ئاخری چیرۆک خوێنەریش دەگەڵ بیر و خەیاڵات و تیر و توانج و مشت و مڕی خۆی دێنێ و دەبا.

لە ڕاستیدا چیرۆکی شەختە پەیام و دروشمێکی تازەی دەباراندا نییە و ئەوەش بە مانای ڕەتکردنەوە و بێ بار بوونی نییە. باشترین لایەنی ئەو چیرۆکە و بگرە دوو چیرۆکەکەی دیکە (وڕێنە و پەنجەرە) لایەنی زمانیانە. کەرەسە و ئامێری سەرەکیی نووسینی چیرۆکیش دیارە وشە و زمانە، کە پێم وایە جوانی دەکار دێنێ و لێی شارەزایە.

ئەو چەشنە نووسینە شیعر و پەخشانی هونەرمەند و شاعیری ناکام سوارەی ئێلخانی زادەمان وەبیردێنێتەوە. ئەمن کە دەستم بە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە کرد، شیعری «وەرمە بەردینە»ی *(دەبێ مەبەستی نووسەر شیعری «خەوەبەردینە» بێ. مامۆستای کورد)* کاک سوارەم کەوتەوە یاد. ئەو زمانە زمانێکی شکۆدارە، سەنگین و بە ویقارە، تەنانەت خوێندنەوەشی حاڵەتێکی تایبەتی گەرەکە. لەوانەیە جگە لە چەشن و شێوەی وشەکانی کە لەو زاراوەدا دەکاردێن، پاراستنی ڕەوتێکی شاعیرانە لە ڕستەکانیشدا ئەو حاڵەتە تایبەتە پێک بێنن.

نوکتەیەک لێرەدا شایانی سرنجە ئەویش وەڵام دانەوە بەم پرسیارەیە کە ئایا ئەو زمانە بۆ نووسینی چیرۆکی کوردی لەبار و بە جێگەیە یان نا؟

لە دوو چیرۆکی «شەختە» و «پەنجەرە»دا چۆن تەنیا قارەمانی هەوەڵی چیرۆک قسەدەکا، مەیدانی دەکارهێنانی ئەو زمانە تا ڕادەیەکی زۆر ئاواڵەیە، بەڵام پێم وایە ئەگەر ئەو ڕەوتە تێک بچێ و بڕیار بێ لە داستانێکی دیکەدا پاڵەوانەکان هەڵدەنە قسان و بە گوێرەی کەسایەتیی خۆیان هەرکامەی چەشنە زمانێک دەکار بکەن، یا هەر بەهۆی دینامیکبوونی حاڵ و هەوای چیرۆکەکە قارەمانەکان دەرفەتی ڕازاندنەوەی قسەکانی خۆیان نەبێ، ئەو زمانە پڕشکۆیە لە برەو دەکەوێ و زمانێکی ئاسایی تر پێویست دەبێ.

لە شیعردا کەم وا هەیە مانایەک بە چەشنی سادە و ئاسایی بناسرێ، ئەوەش بەهۆی لە ئارادا بوونی خەیاڵ و فانتازییەوە و هەروەها بەهۆی شێوەی بیرکردنەوەی شاعیرانەیە. لە پەخشانیشدا زۆرجار نووسەر دەتوانێ لە شیعر سوود وەربگرێ، یان بە زمانێکی شاعیرانە بنووسێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە جێگەو شوێنی دەکارهێنانی ئەو زمانە جوان بناسرێ. نازانم نووسەر شیعر دەڵێ یان نا؟ بەڵام ڕەنگە ئەو زمانەی ئەو چیرۆکی پێ نووسیوە بۆ شیعر لەبارتر بێ. (بە مامۆستا هێمنی شاعیری ناوداری کوردیان دەگوت زمانی شیعرەکەی بۆ نووسینی پەخشان بەکاربێنێ، یان زۆرتر پەخشان بنووسێ، لێرەدا بە پێچەوانەیە!).

لە جێیەکی چیرۆکی شەختەدا دوای ئەوەی قارەمانی چیرۆک گەلێکی دواندین و گەلێک شتی باسکرد، نۆبەی قسەکردن و (وتارخوێندنەوە؟) دەدا بەو پێشمەرگانەی کە شەو لە ماڵی «مەلا حەمە» بە میوانی و بۆ قسەکردن دەگەڵ خەڵکدا کۆبوونەتەوە. بەڵام قسەکانی وانی بە دڵ نییە و سەرکۆنەیان دەکا و دەڵێ کتێبی قسە دەکەن و خەڵک لێیان تێناگا! جا نازانم ئەگەر قارەمانی چیرۆک هەر بەو چەشنەی کە قسەی دەگەڵ ئێمە دەکرد بۆ گوندنشین و چیانشینەکانی کوردیش قسەی کردبا، ئەوان لێی تێدەگەیشتن؟

بەش بە حاڵی خۆم گەرچی زمانی چیرۆکەکەم زۆر پێ جوانە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ زمانی داستان نەختێک دەستکرد و ناسروشتی دێتە بەرچاوم. چەشنە شیعاردان و وتارخوێندنەوەیەکم دێنێتەوە یاد. هەروەک ئەو وتارانەی کە قارەمانی چیرۆک خۆی پەسەندیان ناکا و بەرپەرچیان دەداتەوە. بۆ وێنە کاتێ بەخۆی دەڵێ: «نەء... نەکەی بەرەگەی ئەم ویستە نەپوختانە بەسەر خۆتا بکەیتەوە، دکتۆر و چازان و دەرمانت بۆچییە؟ ...» یان: «نەء! نەکا دڵت بۆ حەسانەوەی ئامێزی ژیانی پڕ تەسەلی بکورکێنێت!...»

لێرانەدا خوێنەر بە تەوسەوە دەڵێ: «بژی! ئاوا دەبێ، شێرەکوڕە!»

بەڵام ئەگەر هەر ئەو قسانە بە شێوەیەکی ڕیالیستانە و لەنێو کارەسات و ڕووداوی ڕاستەقینەدا هاتبان، خوێنەر هەستی بە ناسروشتی بوون نەدەکرد. دیارە چیرۆکەکە لە خۆیدا مەیدانێکی ڕاستەقینەی هەیە، بەڵام ئەو شێوە نووسینە پڕ بە پێستی نییە.

ئەو چەشنە نووسینە مەیدانێکی گەورەی لە پێشدا نییە، درەنگ یا زوو نووسەر هەموو قسەکانی خۆی دەکا و چی پێ نامێنێ. هۆیەکەشی ئەوەیە گرنگی نەدراوە بە ڕووداوەکان. دەڵێی



دوای قەومانی کارەسات چیرۆک دەست پێدەکا و قارەمانەکان سوود و زیانی ڕابردوو دەپێون.

لە سەرنامەی باسکردنی سێ چیرۆکەکەی کاک کورداندا زەمینەی فیکریی هەرسێیانم وەک یەک دانان. ئەو زەمینەیە داخ و حەسرەت هەڵڕشتن لە بەئەنجام نەگەیشتن و پیرۆزنەبوونی خەبات تا ئێستا و باسکردن لە هۆی ئەو سەرنەکەوتنەیە.

لەو چیرۆکانەدا جگە لە چیرۆکی «وڕێنە» کە تا ڕادەیەک فۆڕمی وێچووی هەیە لەوانی دیکەدا هەر بە وتار و قسەکردن ئەو مەسەلەیە دێتە گوتن. دەبوا یەکێک لە پێکهەڵچوونەکانی نێوان دوو سەرۆکی سیاسی یان دوو تاقمی پێشمەرگە (کە بەداخەوە زۆر ڕوویداوە) بە شێوەیەکی ڕاستەقینە پێشان بدرێ. تیر و توانج و بەڵگە هێنانەوەیان، لەنێو دێڕەکانی چیرۆکدا خۆی بنوێنێ، قازی و داوەریش هەر خوێنەری چیرۆک بێ و نووسەر بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ وەدیار نەکەوێ. زۆربەی خەڵک کە تەنیا ئاواتیان سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیانە (بێ ئەوەی بە تەواوەتی لایەنگری یەکێک لە حیزبە سیاسییەکان بن) لە ئەنجامی ئەو پێکهەڵپڕژانانەدا هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە هۆی ئەو شەڕ و لێکدانە، وەدەست هێنانی سەرۆکایەتی و تاقانە بوونە. چارەیەکی دیکەشیان نەبوو، جا ئەگەر ئەو بۆچوونەیان هەڵەیە، با ئەرکی نووسراوە و چیرۆکی شۆڕشگێڕانەی کوردی ڕوونکردنەوەی ڕاستی بێ. مەگەر خەڵک شایانی داوەریکردن نین؟

وەک نووسەر خۆی بڕیاری داوە بەڵکو قەڵەمی هەموو نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد «لێلایی پەڕین بێ و سینگی کابووسی بەرچاوی گوێ گرانانی لەخۆبایی ئەم گەلە بڕوخێنێ...»

لە چیرۆکی «وڕێنە»دا کە لە ژمارە دووی گۆڤاردا لەچاپ دراوە، دەربڕینی هەستی ناڕەزایی لە دووبەرەکیی نێوان پارتە سیاسیەکان بە شێوەیەکی توند و تیژ و نازانستیانە هاتووەتە ئاراوە. نووسەر هێند پەرۆشی ئەو کێشە و هەرایە بووە کە لە زمانی خەڵکەوە هەموو پێشمەرگەکان[1] بە تاوانبار دادەنێ و تەنانەت وا پێشان دەدا کە گوایا جەماوەری خەڵک لە ترسی ئەوان ڕادەکەن و ماڵ و ئاوایی بەجێ دێڵن.

زۆرم بیستووە کە دەڵێن مەمانان پێکەوە هەڵناکەین، کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە، هەر کەسەی دەیەوێ خۆی هەمەکارە و سەرۆک بێ، هەر کەسە و هەر دەستەیەک تەنیا بەرژەوەندیی خۆی و دەستەکەی خۆی نیازە. ئەمن قەت باوەڕم بەو بۆچوونە، وەک نەریتێکی تایبەت بە کورد، نەبووە. یانی تۆ بڵێی ئەوە دیاردەیەکی نەتەوەیی بێ؟ ئەو ڕوانگەیە هیچ مافی بەسەر لێکدانەوەیەکی زانستیانەوە هەیە؟ ئەگەر وایە و ئەو قسەیە ڕاستە، ئەدی تاقمە سیاسییە ناکوردەکان بۆچی هەزار لک و پۆپیان لێ بووەتەوە و ئێستاش هەر زاووزۆیان نەبڕاوەتەوە؟!

دیارە پێداگرتن لەسەر ئەو ڕوانگەیە ئەگەر بە مەبەستی یەکگرتن و لەیەکنزیکبوونەوە نەبێ لە ڕوانگە و پڕۆپاگاندەی دوژمنان نزیک دەبێتەوە و زیانی لە قازانجی پتر دەبێ.

بۆچی دەبێ ئەوە لەبیربکرێ کە لە بەرامبەر خەباتی ئەو نەتەوە دواخراو و گەمارۆدراوەدا زلهێزی وەک ئامریکا ڕاوەستاوە کە بە هەموو وزە و توانستی دۆزەخی و بە یاریدەریی هەموو دەستە و دایەرەی جیهانیی خۆی، بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو تێکۆشانە هەوڵ دەدا؟

نووسەری سێ چیرۆکی ناوبراو، وەک ڕووناکبیرێکی کورد مەبەستە سەرەکی و بنەڕەتیەکەی دەبێ دۆزینەوە و لێکدانەوەی هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی بێ و دوور لە هەموو چەشنە لایەنگریی خۆخوازانە یان نازانستیانە، بۆ سەرکەوتنی داهاتوو بنووسێ و بڵاویکاتەوە.

ئەمن ئەو نوکتەیەش باش تێدەگەم کە ئەنجامی یەکنەگرتوویی و لێکدانی پارتە سیاسییەکان هێند دڵتەزێن و ماڵوێرانکەر بووە کە هێشتا دەرفەتی هاتنەوە سەرخۆ و لێکۆڵینەوەی ورد و هێمنانە دەستی نەداوە. ڕەنگە مەمانانیش وەک نووسەر بە تەواوی لە زۆر مەسەلە و نوکتەی نهێنی ئاگادار نەبین، بەڵام ئەرکی ڕۆشنبیر ئاڵۆگۆڕی بەسەر نەهاتووە و چارەیەک جگە لە خۆڕاگری و بیرکردنەوە و دیتنەوەی ڕێگەی ڕزگاربوون و سەرکەوتن نییە.

لە ڕوانینێکی هەمەلایەنە بەسەر چیرۆکەکاندا هەست بە ناهومێدی دەکرێ کە پێم وانییە پێویستمان پێیان هەبێ. بەتایبەت لە چیرۆکی پەنجەرەدا خوێنەر وا دەزانێ بەرهەمی هەموو تێکۆشان و قوربانیدانی خەڵک و پێشمەرگە بە تەواوەتی بە فیڕۆ چووە و تەنیا خەڵکێکی ناهومێد و بریندار و بێ داهاتوو بەجێ ماون. شک لەوەدا نییە کە سەردەمی ئێستا ناڵەبار و ناخۆشە، بەڵام لە بیرمان نەچێ کە گەلێک هەڵسوکەوتی لەوە خراپترمان دیتوە و دیسان توانیومانە لەجێ هەستینەوە و دەنگی ئازایەتی و ئازادی لە جیهاندا بەرز بکەینەوە.

لە چیرۆکی پەنجەرەدا نووسەر زۆر نوکتە و قسەی جوان و نایاب لە زمانی پێشمەرگەیەکی بریندار دەگێڕێتەوە، بەڵام شێوەی گێڕانەوەکە هەر لە شین و ماتەم و ناهومێدی دەچێ، حەزم دەکرد ئەو خەباتکارانەی بە ناوی ڕۆستەم و باپیر و شەماڵ و سەرکۆ ناویان دەبا، بە چەشنێکی سەربەخۆ لە چیرۆکدا باسکرابان. شەڕەکانیان پێشان درابا و شەڕگەی جەنجاڵ و پڕ لە کارەسات و زرمەی تۆپ و گرمەی مێگ و سۆخۆ وەها هونەرمەندانە نووسرابا کە خوێنەر بۆ هەمیشە دیمەنەکانی لە زەیندا مابایە.

حەزم دەکرد کاتێ چیرۆکێکی کوردی وەردەگێردرێتە سەر زمانێکی دیکە، بتوانێ هەموو خوێن و هەست و بیروباوەڕی پۆڵایینی نەتەوەی کورد بە ئاشکرا بنوێنێ. داخەکەم! دەزانم ئەو هەموو شیوەن و فیغانە بۆ ڕاتڵەکاندنی ئەو کەسانەیە کە جەمسەری خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەیان بەدەستەوەیە، کە بیربکەنەوە، کە وردتر و وشیارتر بن، کە بزانن لەو جیهانە پڕ ئاژاوەیەدا ئەوی دیاریکەر و کاریگەرە هەر خەبات و زیرەکیی خۆمانە، دەنا پشت بەستن بە هیچ هێز و توانستێکی لاوەکی ناتوانێ بەتەنیا بەرەو سەرکەوتن و ئازادی بمانبا.

لە چیرۆکی «شەختە» و هەروەها لە «پەنجەرە»دا پێشمەرگەیەکی بریندار یان نوقوستان بیرەوەرییەکانی خۆی وەکو بەرهەمی ئەزموون و ژیانی پێشمەرگایەتی دەگێڕێتەوە. لە

---

*(ئەو بۆچوونە لێرەوە سەرچاوە دەگرێ، کە پێشمەرگەی هیچ هێزێکی سیاسی دیاریکراو ناناسێندرێ.).*

«پەنجەرە»دا لە نەخۆشخانەیەکی شارێکی ئاڵمان کەوتووە و دەگەڵ کچێکی پارێزکار قسەدەکا و دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ. دووپاتکردنەوەی وتەکانی ئەو لێرەدا پێویست ناکا، بەڵام هەروەک پێشتر باسکرا کاکڵی قسەکان هەر ئەوانەن کە لە چیرۆکی «شەختە» و «وڕێنە»دا نووسراون. دیارە هەر نووسەرێک بۆچوون و لێکدانەوەی سەربەخۆی هەیە و بۆی هەیە کە لە تەواوەتی تەمەنی خۆشیدا هەر ئەو بۆچوونە (ئەگەر ئاڵ و گۆڕی بەسەر نەیە) لە نووسراوەکانیدا دووپات کاتەوە. لە ڕاستیدا هەر ئاوایە و وەک دەڵێن هەر نووسەرەی لە هەموو عومری خۆیدا تەنیا یەک چیرۆک دەنووسێ و بەس. ئەوەی کە شایانی سرنجە ئەوەیە کە ئەو نوکتە و بۆچوونە تاکە، بە چ شێوەیەک لە چیرۆکە جیاوازەکاندا خۆی بنوێنێ کە ئارەزووی نووسەر بە ئەنجام بگەیەنێ.

پێم وایێ کوردان ئەگەر بۆ دۆزینەوەی فۆرم و شێوازی نوێ و جیاواز هەوڵ نەدا، لەسەر ئەو حاڵەش کە زمانەکەی زۆر پاراو و بێ گرێ و گۆڵە، چیرۆکەکانی تووشی نەقوستان و بێ باری دەبن. بەڵام تەنیا خوێندنەوەی سێ چیرۆک ناتوانێ ڕادەی دەسەلات و لێوەشاوەیی نووسەرێک دەربخا. بۆیە چاوەڕوانی بەرهەمی تازەتری دەبین و بە یەکێک لە هیوا گەورەکانی چیرۆکنووسیی کوردی دەزانین.

## خولقاندنی قارەمان، نوکتەی سەرەکی

«مام ڕەحمان» وەرزێری وەڕەزی ژن مردوو، «نەعیم» کچە عازەبی ڕەزا سووک کە بە دەرد و مەرگی هەموو کەسەوە هەیە، «ئاسکۆڵ» کچۆڵەی تازە پێگەیشتوو کە لە نێوان هەموو ئاژاوە و شین و شایی ئاواییدا چاوەگەشەکانی خۆی بڕیوەتە ئاڵ و گۆڕ و گەورەبوون و جوانبوونی خۆی و دەگەڵ کەشفی جیهانی سەیر و سەمەرەی دەوروبەری، چاوێکی هەر لە ئاوێنەیە، لە لایەکی دیکەوە کوێخای دێ کە نوێنەری بەرچاوی هەموو هێزی ئەهریمەنی و لاوەکییە و بە زمانی لووسی خۆی خەریکە بێ دەردیسەری ماڵ و حاڵ بە خەڵکی گوند بەجێ بێڵێ، ئەوانە قارەمانی سەرەکیی چیرۆکی «گوندەکە» بە قەڵەمی «کاکەوەیس»ن

نووسینی چیرۆکی وا کە لە ژیان و هەڵسوکەوت و ئیش و کاری گوندنشین و چیانشینەکان بدوێ، خۆی بەشێکە لە هونەری چیرۆک نووسین. ئاشنایەتی دەگەڵ شێوەی کار و بەرهەمهێنان و ڕەوشت و خووی تایبەتی ئەو خەڵکە لە چەشنی زاراوە و ئاخاوتنەوە بگرە تا ڕەسم و عادەت و شین و شادی و بنەمای ئابووری و گیروگرفتەکانیان پێویستیی بە وردبینی هەیە. ئەوانەی هەر لە شاریدا ژیاون کەم وادەبێ بتوانن لە نووسینی ئەو جۆرە چیرۆکەدا سەرکەوتوو بن. لە لایەکی دیکە، لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد هێشتا زۆربەی خەڵکەکەی بە کشتوکاڵ و وەرزێری ژیان دەبەنە سەر فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی وشە و زاراوەی سەر بەو شێوە ژیانە هەیە کە هیچ نووسەرێکی کورد لە زانینی ئەو فەرهەنگە بێ نیاز نییە. هەر بۆیەشە کە باشترین و لێهاتووترین شاعیران و نووسەرانی کورد لەنێو خوێندەواری دێهاتی پێگەیشتوون.

چیرۆکی «گوندەکە»، بە ناساندنی سروشتی دێ لە تابلۆیەکی ناسیاودا دەست پێ دەکا:

«شوێنەواری جۆگەلە ئاوێکی وشک و برینگ و باریک لەلای ڕۆژهەڵاتەوە خۆی بە گوندەکەدا دەکرد و لەگەڵ شوێنەواری ئاوڕۆگە و چۆڕاوگەی بارانی زستاندا یەکانگیر دەبوو...»

قارەمانی یەکەمی چیرۆک «مام ڕەحمان»ە کە جوتیارێکی مام ناوەندیی گوندە و وەک نووسەر دەڵێ: «... نە هێندە دەستکورت بوو کە لێوارەی خەرمانی بخورێ و نەهێندەش کە چەڵەگەی خەرمانەکەی هێندە بەرز بێ کە منداڵان وا بزانن لە ئاسمان چەقیوە...»، مام ڕەحمان تەبیاتێکی توندی هەیە و بە تووڕەیی لە ئاواییدا مەشهوورە: «لە مەڕ و مریشک و وڵاخ تووڕە دەبوو، جنێوی پێ دەدان و بەسەریاندا دەیقیژاند، کە لە هێسترەکان تووڕە دەبوو، ئەترەشیان لێ دەچوو، لە سەر پاشوو ڕادەوەستان و زۆری نەدەما باڵیان لێ بڕوێ...»

(خووخدەی ئەو مام ڕەحمانە کاک «عەبوودی»م وەبیردێنێتەوە، کە یادی بەخێر مجەوری مزگەوت بوو لە سابڵاخ، دایم جنێوی لەسەر زار بوو، خەڵک لەبەر زەحمەتکێشی و فەقیری خۆشیان دەویست و لێی دڵمەند نەدەبوون، خزمێکی ئێمە جارێک پێی گوتبوو «عەبوودی گیان، ئەتۆ بۆ هێندە جنێوان بە خەڵکی دەدەی؟» «عەبوودی» بە تووڕەییەوە وەڵامی دابۆوە: «ئەمن جنێوم بە چ سەگبابێکی داوە؟»)

نووسەر بۆ پێشاندانی تەبیاتی مام ڕەحمان دیمەنێکی ئاوا دەخولقێنێ:

«شەنەکەی بە زەویدا دا، تفێکی ڕووە و ئاسمان هەواڵە کرد و هێندێکی بەرووی خۆیەوە گیرسایەوە، تووڕەتر بوو، دەستی دایە کلاشەکانی و بە پەلە خەرمانی بەجێهێشت، زۆر دوورنەکەوتبووەوە دڕکە پێکوڵە بە بنی پێیدا چزان، هێندەی دی شێتگیر بوو... لێوی دەلەرزی، لەبەرخۆیەوە بۆڵەی دەهات:

-نایفرۆشم... وتم سەگی سەگباب مەبە عەسکەر... هۆش... ئەوە چوار... ئاگرە ئاگر...»

کاتی شەن کردن با- کەوتووە، شەن ناکرێ، مام ڕەحمان تووڕە دەبێ: «ئێستا کە لازمانە بڕا!... تۆپەڵێ قوڕ بە کونەکەیدا دراوە...» کاتێ مام ڕەحمان دەڵێ: «وتم... مەبە عەسکەر...»، خوێنەر هەست بە ڕوودانی کارەساتێکی ناخۆش دەکا لە داهاتوودا. لەو جێگەدا کە دەڵێ «نەعیم»ی کچی مام ڕەحمان لە شین و شایی خەڵکی ئاواییدا بەشداری دەکا و مەجلیسیان بۆ گەرم دادێنێ، دەڵێ:

«... لە شینیشدا هەر خۆی کۆڕی شینی گەرم دەکرد و ئاوازی شینی دەگوت و ... کەس لەو گوندەدا نەبوو گوێی لە لاواندنەوەی نەعیم بێ و بتوانێ خۆ ڕاگیر بکا و نەگری...»

تا ئەو باسانە لەلایەن نووسەرەوە دەکرێ چ ڕووداوێکی نائاسایی لە گونددا ڕووی نەداوە (لە ماوەی چیرۆکدا)، بەڵام بە پێ داگرتن لە شارەزایی نەعیم بۆ شین گێڕی، بە تووڕەبوونی مام ڕەحمان لە عەسکەرێتی، گەرای کارەساتێکی نەویستوو گووراوە.

بەڵام ئاسکۆڵ، خوشکە چکۆلەی نەعیم، کە تازە باوخۆش بووە، تاقە دیمەنی جوانی ژیانە لەو چیرۆکەدا کە پەیامهێنەری ڕووی گەشی ژین و دونیایە:

«ڕۆژ بەرۆژ ڕەنگی گەشتر دەبوو، لێوەکانی ئاڵتر دەبوون، کوڵمەکانی پەمەیی و سوورتر دەبوون و لەش و لاری خڕپن دەبوو...»



ئاسکۆڵ، «... لەبەردەم ئاوێنەکەی سنووقەکە ڕاوێستا و تاوێ لەخۆی ڕاما. سرنجی چووە سەر چاوەکانی خۆی، پێی جوان بوون، ڕەنگیان؟ خۆشی نەیدەزانی چ ڕەنگن... خۆڵەمێشی و سەوز و مەڕیی تێکەڵاو بوون... لە ئاوێنەکە کەمێ دوورکەوتەوە و سرنجێکی خێرا و بە گشتی خۆی دا... لەناو جلە ڕەشەکانیدا دەموچاوی وەکو مانگ ئەدرەوشایەوە.»

بەڵێ تەنانەت ئاسکۆڵیش بەرگی ڕەشی لەبەردایە. لەناو دێدا زۆربەی ماڵەکان ڕەشپۆشن. پرسە و سەرەخۆشی لە دێدا نابڕێتەوە. هەر ماڵەی یەکێکیان لێ شەهید بووە. کوڕی مام ڕەحمان عەسکەرە و نەعیم و مام ڕەحمان و ئەوانی دیکەش لەو حاڵە نارازین. لە نێو ئاواییدا ماڵی وایش هەیە کوڕەکەیان نە عەسکەر و نە پێشمەرگەیە، بەڵکە دەگەڵ سوپای دوژمنە:

«نەعیم لەبەرخۆوە بۆڵەیەکی کرد. باوکی چاوی تێبڕی و بە تووڕەییەوە گوتی: - چیت وت؟! ئەویش وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ و هیچ حسێبێک بۆ تووڕەبوونی باوکی نەکا، لەسەرخۆ گوتی: - دەڵێم ئەم دێیە کاول بووە... ئەوە چەند کوڕی گەنج بە گورگانخوارد بدەن؟ - چوزانم!! بۆ؟

- دەڵێم... توخوا پێشمەرگە بوونایە چاکتر نەبوو؟

- ............

- ئەوە سێ بۆ ئەم سەگبابە، خۆ تا ئێستا یەکێکمان بە پێشمەرگەیی تێدا نەچووە!

- ئەی کوڕەکەی حەمەزلە؟!

- توخوا ئەگەر نەیبڕێتەوە... ئەوە کوا پێشمەرگە بوو!!

- ئەی چی بوو؟

- چوززانم!... وەڵا هیچ نەبوو.»

کاتێ نەعیم دەڵێ: «ئەوە چەند کوڕی گەنج بە گورگانخوارد بدەن؟» خوێنەر دەکەوێتە بیری ئەوەی کە «نەعیم» قەیرەکچ ماوەتەوە و ئەوەش یەکێکە لە خەمەکانی ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەیە. لە پێشدا نووسەر گوتبووی:

«... تا چەند ساڵێکیش لەوەوبەر خوازبێنیکەری هەر دەهاتن بەڵام باوکی دەیویست بۆ خۆی بە ژنی بدا، بەڵام خوا نەیکرد...»

بۆیە کاتێ نەعیم دڵسۆزی دەنوێنێ سەبارەت بە کوژرانی کوڕانی ئاوایی مانایەکیشی گرنگیدانی ئەوە بە «کوڕی گەنج» وەکو خوازبێنیکەرێکی داهاتوو.

باب و کچ بڕیار دەدەن کاتێ «عەلە» هاتەوە بینێرن بۆ لای پێشمەرگە. بەڵام ئێوارەیەک «عەلە» تەرمی لاوێکی ئاوایی دێنێتەوە: «عەبەی مام خدرە، گوتیان سەنگەری چۆڵ کردووە... خۆیان کوشتیان...»

- پرسەی بەردەوام و هەمیشەیی گەرم دادێتەوە، دەنگی فیغانی ژنان دەگاتە ئاسمانی دێ، بەڵام پیاوی دەوڵەتی دێن و ڕادەگەیەنن کە پرسە یاساغە. ژنان گوێ بەم قسەش نادەن و لە سنگ و پرچ ڕنینەوە دریغ ناکەن. ئاسکۆڵ بەتەمایە لە کۆڕی شینا وەک کچێکی پێگەیشتوو بەشداری بکا: «... جیاوازی لە نێوان ئەم (ئاسکۆڵ) و ئەواندا هەر ئەوەندە بوو کە ئاسکۆڵ جاروبار چاوی دەگێڕا و دەیڕوانیە دەوروبەر و کەمێ بەناز پەنجەکانی بە قژیدا دەهێنا و نەیدەویست بیشێوێنێ، کەچی ژنانی دی وەکو ئەوەی فەرمانی یەزدانی بەجێ بگەیەنن قژیان لە مەچەک دەئالاند و بە توندی بە سنگی خۆیاندا دەکوتا.»

بەڵام کارەساتی گەورەی ئەم چیرۆکە تازە خەریکە ڕوودەدا. یەکێک لە دزێوترین و ناپیاوانەترین کاری ڕژێمی عێراق کە چۆڵکردن و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستانە لەم چیرۆکەدا دێتە بەرباس. کوێخای دێ کە سەر بە ڕژێمە، کاتێ لە شار دەگەڕێتەوە، ڕوو دە دانیشتوانی بەر سێبەری مزگەوت دەکا و دەڵێ: «مامۆستا... مام حاجی، مام ڕەشید، جەماعەت... هەواڵێکی ناخۆشم پێیە، و نازانم چۆنتان پێ ڕاگەیەنم...!»

کوێخا دەیەوێ ئەرکی ڕژێم کەمکاتەوە و بە هاسانی کاری بەجێهێشتنی دێ سەربگرێ، ئەو دەڵێ ئەو کارە خێری هەموو وڵاتەکەی تێدایە! بڕوانن مام ڕەحمان چی دەڵێ: «... دەک گوو بە خۆت و بە وڵاتت... وڵاتی من ئەم دێیەیە... ئەم کاولەیە... وەڵڵا وەبیللا ئەمجارە عەلە بێتەوە نایەڵم یەک ڕۆژی تری بۆ بکا... تف لە خۆت و مدیر ماکەرت...»

بەڵام مۆڵەتی کوێخا و (مدیرناحیە) کۆتایی دێ و گوند چۆڵ دەکرێ. مام ڕەحمان هەموو شەوی هەینی سەرێک لە ئاوایی خاپوورکراو دەدا و دەگری. شەوێک دەستڕێژی دەکرێتێ و دەکوژرێ.

چیرۆکی گوندەکە، ڕێکوپێک و جوانە، تەنها یەک دوو نوکتە هەیە کە باس بکرێن. یەکەم ئەوەیە کە دیار نییە خەڵکی ئاوایی بو کوێ دەبەن، ئایا هێندە نێزیکن کە مام ڕەحمان هەموو شەوێ هەینی بتوانێ سەر لە ئاوایی بدا؟ بریا نەختێک لە بارەی ژیانی نێو ئۆردوگاوە (کە پێم وایە کەم باسکراوە) دوابایە.

یەکیش ڕێنووسی چیرۆکەکەیە کە دەگەڵ ڕێنووسی پەسەندکراوی گۆڤاری مامۆستای کورد و ڕێنووسی زیاتر باوی ئیمڕۆ یەک ناگرێتەوە. بۆ وێنە لە وشەی «وڵات»دا دوو «و»ی نووسیوە (وەبیرم هاتەوە مام هەژار دەیگوت ئەم واوە چ یەک دانە بنووسرێ و چ دوو یان سێ دانە بنووسرێ، خوێندنەوەکەی هەر یەکە و خوێنەر ناتوانێ بە هەڵە بیخوێنێتەوە. بە گاڵتە دەیگوت ئەگەر پیاو شەویلکەشی شکابێ، وتار هەر وتار دەخوێنێتەوە،)

لە هێندێک جێگە زیاد و کەمی هەڵەی ڕێنووسی دیکە هەیە. ڕەنگە لە ئێدیت کردندا لە ژێردەست پەڕیبن، وەک «ئەو» کە بە زیاد هاتووە لە ڕستەدا: «جیاوازی لە نێوان ئەم و ئەو ئەواندا...» لە لاپەڕە ١٣١ی گۆڤار. نووسەر لە خاڵێکدا «وڵات» بە دوو «و» دەنووسێ و وشەی «وەکوو» هەر بە یەک واو لە ئاخری وشەدا دەنووسێ.

وەک لە بیرم بێ گۆڤاری مامۆستای کورد بڕیاری دابوو هەموو نووسراوەکانی گۆڤار لەسەر یەک ڕێنووس دەسکاری بکا، جا نازانم بۆچ ئەو کارەی نەکردووە.

## عەریف عۆدە

هەر لە نووسەری «گوندەکە»، چیرۆکێکی دی بە نێوی «عەریف عۆدە» لە ژمارە حەوتی گۆڤاری مامۆستای کورددا لە چاپ دراوە کە ناوەڕۆکێکی جیاوازی هەیە دەگەڵ داستانەکەی پێشوو. عەریف عۆدە هەرچەند لە زمانی چیرۆکبێژەوە دێتەگوتن، بەڵام بەهەڵکردنی.زنجیرەی بیری قارەمانی داستان دەست پێ دەکا. «عەریف عۆدە» عەسکەرێکی عێراقییە کە لە شەڕی کوردستاندا بە هۆی بەرپەرچدانەوەی فەرمانی سەرکردە

بەعسییەکان خراوەتە زیندان. عەریف ئەویندارى «نەرمین»ی کچە کوردە، بەڵام لە چیرۆکەکەدا بە جوانی روون نەکراوەتەوە کە ئەو ئەڤینە چۆن و لەکوێ سەری گرتووە. هەروەها دیار نییە کە نەرمینیش دڵبەندی عەریفە یان نا؟ هەروەک گوتمان چیرۆک بە بیرەوەرییەکانی عەریفەوە دەست پێ دەکا. عەریف لە زیندانی بەعسییەکاندا کەوتۆوەتە یادی رووداوەکانی شەڕی کوردستان. ئەو منداڵێکی لە نێو لانکی ئاورتێبەربوو رزگار کردووە. لە ئاوردانی مزگەوت سەرپێچی کردووە. تەنانەت پێشمەرگەیەکی پەنا داوە و فیشەکی بۆ پێشمەرگەکان ناردووە!

تا ئێرە ئەو کارانەی «عەریف عۆدە» کردوونی، نەختێک بوار دەدا بۆ بڕواکردنی ئەڤینی «نەرمین» بۆ «عەریف عۆدە». عەریف دەڵێ لە قسەکردنی نەرمین هەر وشەی «حەیاتم»! تێدەگا و لەبەر نەزانینی زمانی کوردی باقی قسەکانی ئەو تێناگا. بڵێی وا بووبێ؟ نازانم بۆچی دوای ئەو گشتە یاریدان و تێکۆشانەی عەریف، بە دڵەوە نانووسێ کچەکوردێک عاشقی «عەریف عۆدە»یەک ببێ؟!

یەکێک لە هۆیەکان رەنگە ئەوەبێ کە نووسەر ئێمە بە تەواوی ناباتە نێو کارەساتە سەرەکییەکانی چیرۆک. لەو چیرۆکەدا ئەو رووداوانەی عەریف وەک بیرەوەری دەیانگێڕێتەوە ئەگەر لە رووداوەکانی ئازار و ئەشکەنجەی عەریف و ئاڵوگۆڕ پەیداکردنی بیروباوەڕی ئەو، گرنگتر نەبن کەم بایەخ تریش نین.

«نەرمین» لە چیرۆکدا نەناسراوە، روون نییە ئایا نەرمین بەهۆی دیتنی نافەرمانی و جیاوازبوونی عەریف دەگەڵ سەرۆکە بەعسییەکان عاشقی ئەو بووە؟ ئەو منداڵەی ناو بێشکەی ئاگرگرتوو یا ئەو پیرەپیاوەی عەریف لە کوشتنی خۆ دەپارێزێ، ناسیاوی نەرمین بوون؟ بەرای من ئەوینی ئەو دوو کەسە دەبوو لە تابلۆیەکی سەربەخۆدا پیشان بدرابا.

مەبەست و پەیامی ئەو چیرۆکە ئەوەیە کە دژایەتی لە نێو گەلاندا نەبنە هۆی بنەمایەکی ریشەیی و قووڵ، بەڵکە تەنیا بەهۆی ئارەزووی سەرکردەی رژێمە دکتاتۆرییەکانەوە دەست پێ دەکا. ئینسان دوژمنی ئینسان نییە، جا با لە دوو تیرە و نەتەوەی جیاوازیش بن. ئەڤین هەستێکی پیرۆز و مرۆڤانەیە و دەتوانێ لە مابەینی دووکەس لە دوو نەتەوەی جیاوازیشدا سەر بگرێ. بەڵێ ئامانجەکانی پەیامی چیرۆک جوان و پیرۆزن و پێم وایە تا رادەیەکی زۆر ئامانجەکانی خۆی دەپێکا، ئەگەر نووسەر لە زیاترکردنی داستانەکە بەقەرا لاپەڕەیەک نەترسابا و رووداوە رابردووەکانی زیاتر شیکردباوە. وەنەبێ ناوەڕۆکی رووداوەکان لە راستی دوور بن، دیارە زۆرجار سەرباز و عەسکەری عێراقی هاتوونە نێو پێشمەرگە و رەنگە نموونەی ئەوینی نەرمین و عەریفیش هەر بووبێ، بەڵام قسە لەوەدایە کە چیرۆک بتوانێ ئەو رووداوانە بسەلمێنێ. ئایا ئەڤینی «نەرمین» وای لە عەریف کردووە کە یاریدەی پێشمەرگە بدات؟ یان عەریف هەر لە پێش دیتنی نەرمین دەستی لە کوشتار و ئازاری کوردەکان هەڵگرتبوو؟ لە سەرجەمی بیرەوەرییەکانی عەریفدا ئەوە دەردەکەوێ کە ئەو تووشی ئەوینێکی زۆر بە تەوژم و لاوانە بووە:

«ئاخ خۆزگە بۆ جارێکی تریش چاوم بە چاوە گەشە کاڵەکانی نەرمین بکەوتبایەتەوە... من بەهەشتی خواوەند لە دیمەنی ئەودا دەبینم... هەرچەند تەنیا یەک وشەی کوردی دەزانم ئەویش «حەیاتم»ە، و ئەویش هەر ناوی من بە عارەبی دەزانێ، بەڵام نیگامان داستانی خۆشەویستی بۆ یەکتر دەگێڕنەوە...»، نەختێک رۆمانتیکیانەیە، نا؟ ئەگەر نەرمین لە چیرۆکدا خۆی نواندبا، ئەگەر زانیبامان ئەوینی ئەو چ بنەمایەکی هەیە، ئەگەر ژوانێکی عەریف و نەرمینمان لە دیمەنێکدا بۆ نیشان درابایە، رەنگ بوو دەست لە شک و گومان هەڵبگرین و ئەرخەیان ببایەین. ئەوینەکەی عەریف لە عەشقی مێردمنداڵێک دەچێ، وەک لە ناوەڕۆکی داستانەکەشڕا دەردەکەوێ عەریف نابێ عەسکەرێکی تازە گیراوی زۆر لاو بێ، عەشقی ئاوا بە گڕ و تین لەم رۆژگارەدا نەختێک دوور لە واقیع دێتە بەرچاو. بە هەرحاڵ با لێیان گەڕێین. ئەگەر عەریف هێندە پیاوی چاکە ئەوینی نەرمین حەڵاڵی بێ! ئەفسەرە بەعسیەکانیش هەروا هاسان دەست بەرداری عەریف نابن، ئەوان عەریف ئەشکەنجە دەدەن، بەڵام عەریف ئازا و خۆڕاگرە: «... چییان لەدەست دێ با درێغی نەکەن! بەخوا من ئەوان دەپسێنم!» ئەفسەر بە عەریف دەڵێ: «کوڕی باش تۆ وەچە و رۆڵەی ئەباعوبەیدەی... شەرم نییە کوڕێکی وەک تۆ ئەمە حاڵی بێ؟ ... بۆ چەتەیەکت لەناو ئاگر دەرهێنابوو؟...» بەعسیەکان گا بە هەڵفریواندن و شوشتنەوەی مێشکی ئەو، گا بە ئازار و ئەشکەنجەی سامناک دەیانەوێ ورەی پێ بەردەن و بزانن کارەکانی عەریف لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ. عەریف دەڵێ: «ئەوەی دەبوو بیسووتێنم بارەگا نەبوو... مزگەوت بوو،... ئەوەی کە دەڵێن چەتە بووە و لەناو ئاگرم دەرهێناوە، بەسەری جەنابتان و بە شیری دایکم و بە گۆڕی باوکم منداڵێکی بێ خاوەنی ساوای ناوبێشکە بوو...» ئەفسەر دەڵێ: «هەتیوی سەگ شێت بووی؟ منداڵی چی و تەڕەماشی چی؟! مزگەوتی چی و گووی سەگی چی؟ ئەو سەگبابانە مزگەوتیان کوا هەیە؟! هەشیانبێ بۆ بنکە و بارەگایانە».

لە چیرۆکدا ئەوە جوان روون کراوەتەوە کە چەک بە دەستێکی هێرش دەباتە سەر کوردستان لە پێشدا دەبێ کرابێتە حەیوانێکی دڕندەی وەحشی و لە هەموو هەست و نەستی مرۆڤایەتی بەری بووبێ. ئەوە یەکێک لە پەیامە سەرەکییەکانی ئەو چیرۆکەیە. بەعسیەکان ئازار و ئەشکەنجە دەگەیەننە ئەوپەڕی خۆی. عەریف و دایکی ئەتک دەکەن و هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەک لە سەریان تاقی دەکەنەوە. لە ئاخریدا ناچاری دەکەن چوار دەست و پێ بڕوا و وەک سەگ بلوورێنێ.

دایکی عەریف عۆدە لە چیرۆکدا تەنیا بە باسکردن لە شێوە و رواڵەتی دەناسێندرێ: «... ژنێکی باریکەلەی کەڵەگەت، شپرزە و ترساو، سەری بە پارچە پەڕۆیەکی رەش پێچابۆوە، قژە ئاڵۆزکاوەکەی لە هەندێ لاوە سەری سپی خۆیان لە پەڕۆ رەشەکەوە دەرهێنابوو، چاوی دەگێڕا و هیچی نەدەدی، ...»

لەبەرچاوی عەریف دایکی هەتک دەکەن و بۆ رووخاندنی قەڵای ورە و تاقەتی عۆدە لە هیچ ئاکارێکی وەحشیانە خۆ ناپارێزن. ئەفسەر دەڵێ: «ناوی هاوکارە گەوادەکانت بڵێ! ئێوە چین و نیازی چیتان هەبوو؟شیوعین!... «إخوان»ن، خۆ ناشێ لە حیزبە کوردییەکاندا کار بکەن؟» عەریف عۆدە وەڵام دەداتەوە: «... هیچ شتێک نیم تەنانەت مرۆڤیش نیم نازانم من چیم، هەر خۆت دەزانی!»

بەڵێ ئینسانێک دەکەنە حەیوانێکی وەحشی و دڕندە، ئەمجا



بەرگی تازەی لەبەردەکەن و بە پایەی عەسکەریی بانترەوە دیسان رەوانەی کوردستانی دەکەنەوە. لە هێندێک جێگەی چیرۆکی «عەریف عۆدە»دا بە هێنانەوەی دیالۆگی قارەمانەکان داستان رەنگێکی شانۆگەریانە پەیدا دەکا:

- تۆ چیت؟
- من کەرم
- نە،؟
- هینم... سەگم... پشیلەم... عاااو... عااو...
- تۆ!
- من...؟
- تۆ گڕ لە هەموو شتێکی چەتەکان بەردەدەی
- گڕی تێ بەردەدەم
- تۆ دەست لە هیچ کەس و لە هیچ شتێ ناپارێزی!
- ناپارێزم.

ئەو گفتوگۆیانە گیانێکی راستەقینە بە چیرۆک دەبەخشێ و لە دەوری نووسەر وەک بێژەری رووداوەکان کەم دەکاتەوە.

پێم وایە لە سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکەکەشدا رووداوەکانی پێشوو بە مۆنۆلۆگی عەریف عۆدەوە دێنە گوتن، دەکرا لە زمانی ئەفسەرێکی بەعسی بەشێک لە رووداوەکان وەک تاوان بە رووی عەریفدا بدرێتەوە و ئەو بەشەی کە باسی ئەوینی نەرمین و عەریفە بە دیمەنی راستەقینە نیشان بدرێ.

تەنیا هێندێک لە کارەکانی عەریف کە بۆ ئەفسەرە بەعسییەکان روون نەبۆتەوە دەکرا وەک بیرەوەریی عەریف عۆدە یاد بکرێنەوە. دوای ئەو بێستان رنینە، دەبێ بڵێین دەستی کاکەوەیس نەیەشێ و سەرکەوتوو بێ بۆ نووسینی چیرۆکی تازە.

دوو چیرۆکی «... و شەهید» و «سەردانی سەرۆک» شێوازی تەنز و توانج گریان هەیە بۆیە بە دوای یەکدا باسیان دەکەین و چاوێکیان رێدەخشێنین.

## «سەردانی سەرۆک، نەقڵێکی سیاسی یان تەنزێکی کوردانە؟»

کە نووسراوەی خۆماڵیانە وەک نووسینەکەی کاکە فازیل کەریم دەخوێنمەوە، دوو هێندەی خوێنەری کوردی ئەودیو حەزی پێ دەکەم. ئەوەش یەک لەبەر دووربوونی ئەو چەشنە نووسینەیە لە فۆرمی زمانی بێگانە و یەکیش لەبەر رواڵەتی نەختێک جیاوازی وشەکانی ئەو زاراوەیە دەگەڵ نموونەی ئەو وشانە لە دیالێکتی موکریاندایە. هەر دەڵێی پیاو دۆستێکی خۆشەویستی قەدیمی دوای چەند ساڵ بە بەرگ و رواڵەتی گۆڕاو دەبینێتەوە!

مەسەلەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، سەرباقی هەموو لایەنە جیاوازەکانی، جاری وایە مرۆ دەخاتە بیری سەیر و سەمەرە، لە یادمە شەوێک چەند دۆست و هەڤاڵی نێزیک دەگەڵ خێزان و منداڵیان میوانمان بوون، سابڵاخی و سەردەشتی و بۆکانی و مەریوانی و سنەیی، هەر یەکەی بە شێوەیەکی نەختێک جیاواز داخاوتن. هێندێک وشە جیاوازییان هەر لە پاش و پێش بوونی پیتەکاندایە، دۆستی مەریوان دەیگوت «زیخ»، ژنەکەی سابڵاخی بوو دەیگوت نەخێر «خیز»، سنەیی دەیگوت «ناخون»، مەریوانی دەیگوت «نانوخ!»، سەردەشتیش دەیگوت «پشیلە». سنەیی دەیگوت «کتک» دۆستی سەردەشتی بە هەڤاڵی سنەیی دەگوت: باشە ئێوە بە پشیلە دەڵێن کتک کەچی بە بێچووەکەی دەڵێن بەچکەپشی! بۆ ناڵێن بەچکە کتک؟! و ......

بە کورتی دوای هەموو هۆیەک، یەکێک لەو شتانەی بووەتە هۆی لێکدابڕانی ئێستای هۆزی کورد رەنگە دیالێکتە جیاوازەکانی بێ.(گەرچی پێچەوانەشی راستە و رەنگە لێکدابڕانی ناوچەکان دەوری هەبووە لە دووربوونەوەی زاراوەکاندا).

دیسان جێگەی خۆشبەختییە کە جگە لە یەک دوو زاراوە، ئەوانی دیکە هەموو کوردێک بە باشی لێیان تێدەگا. بەهەرحاڵ، کورتەی چیرۆکی «سەردانی سەرۆک» ئەوەیە کە سەرۆکی رژێمێکی دیکتاتۆری بڕیاری داوە سەر لە شارێکی وڵات بدا. خەڵک سێ مانگە چاوەڕوانی ئەو سەردانەن. لە راستیشدا چاوەڕوانیش نین بەڵکو ئەوە پروپاگاندە و چاوڕاوی رژێمە سەری لە خەڵکەکە شێواندووە کە نازانن چ بکەن. ئەمن بە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە هاتنی شای گۆڕبەگۆڕی ئێرانم وەبیرهاتەوە بۆ سابڵاخ، ئەو کاتەش دوای چەند مانگ هات و هاوار و زرم و کوت و تەبلیغات، شای گۆڕبەگۆڕ هات و هەر ئەوەندەم لە بیرە لە ماشینێکدا بە مرچ و مۆنی دانیشتبوو، بە پرتاو هات و تێپەڕی. ئەمن هەر کەپۆی شام لە زەیندا ما، کە بە چەشنێکی باوەڕنەکراو درێژ و زل بوو. (وام دەزانی کەپۆی شا- شای کەپۆیانە)

لە چیرۆکی «سەردانی سەرۆک»یشدا هەرکەسەی جۆرە بەراورد و پێشبینییەک دەکا. خەڵک بیرەوەریی هاتنی سەردانی سەرۆکەکانی پێشوو دەگەڵ بەراوردی تازە تێکەڵ دەکەن و بازاڕی خەیاڵات گەرم دادێنن. لە ئاخری داستانەکەیدا دەردەکەوێ کە پێشبینیی خەڵک هەموو خەیاڵ پلاو بووە و سەردانەکەش بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو سەردەگرێ.

ئەم چیرۆکە لە راستیدا هەر وەک نەقڵ گێڕانەوەیەکی خۆماڵی دەچێ کە نەقڵبازێکی لێهاتوو، هەرچی قسە و قسەڵۆکی دەیزانێ دەگەڵ زانیاریی سیاسی لێکی بدا و بیگێڕێتەوە. یان وەک هاووڵاتییەکی جەزرەبەدیتوو لە رژێمی دیکتاتۆریدا بێت و لە نێوەڕۆکێکی خۆمانەی دوور لە ئەغیار، بارانی تەوس و پلار و تیر و توانج بەسەر سەرۆکی ئەو رژێمەدا ببارێنێ.

فۆرمی چیرۆکەکە گێڕانەوەیەکی ساکار و بێ گرێ و گۆڵە، نووسەر بۆ رەوانبوونی پەخشانەکەی رێگەی سوودگرتن لە زاراوەی ناوچەیی گرتۆتە بەر. هەڵبەت ئەو زاراوە کە پێم وایە ئی سولێمانی بێ چوون بناغەی زمانی ئەدەبیی ئێستامانە گیروگرفتێکی وای نەهێناوەتە پێش. بەتایبەت کە نووسەر خۆی ئاگاداری ئەوە هەیە کە زۆر لە زمانی یەکگرتوو (کە هێشتا سنوورەکانی بە تەواوی روون نییە)دوور نەکەوێتەوە. نووسەر دەیەوێ بە شایەدهێنانەوەی مەتەڵۆک و مەسەل و نوکتەکانی ئەو شارە گیانی تایبەتی چیرۆکەکە بپارێزێ. هەر لە دێڕەکانی هەوەڵی داستانڕا دەردەکەوێ کە سەرۆکی سەرەڕۆ سەددامە و ئەو شارەیش کە قەرارە ئەو سەری لێ بدا سولەیمانییە. ئەگەر نووسەر زمانێکی دوورتر و کتێبی تری دەکارهێنابایە چیرۆکەکەی ئەو تام و بەرامەیەی نەدەما. بایەخی هونەریی ئەو چیرۆکەش دەگەڕێتەوە سەر سروشتی بوونی گێڕانەوەکە و داڕشتنی زمانەکەی. تەنیا رووداوی ئەم داستانە هاتنی سەرۆکە لە ئاخری چیرۆکدا بە هەلیکۆپتەر و لە ئیسکۆرتی مێگ و سۆخۆیدا. تا

ئەو کاتە نووسەر وەک نەقڤالێکی بە دەست و برد گەلێک رووداو و کارەساتی ناسەرەکی بە زمانی تاو دەگێڕێتەوە:

«سەرۆک حەزی لە کەش و فش و رۆحزلی نییە. دەوروبەرەکەی ناهێڵن و سەری لێ تێک ئەدەن!... ئەیەوێ وەکو هاوولاتییەکی زۆر زۆر ئاسایی و سادە سەیری بکرێ، هەروەکو چۆن ئەوان ئەچنە گەڕاج و ریز ئەگرن و سواری ئۆتۆمبیل ئەبن ئەمیش ئەیەوێ وا بکات و بە هیچ شێوەیەکیش سەرنجی کەس رانەکێشێ...» سەرۆک دەیهەوێ سادە بژی: «وەکو ئیمام عەلی... کاروانی شاهەنشای ئێران بە لایدا تێپەڕی نەیان ناسییەوە، زەلامێک لەسەر حەسیرە شڕێک لە سێبەری دارخورما پاڵکەوتووە و نیوەی قاچیشی لە ناو لمدایە...». شارەوانیی شار نازانێ کاتی سەردانی سەرۆک وێرانەکانی بۆمبارانی ساڵی پێشوو چی لێ بکا: «...گەر شوێنەوارەکان دەسکاری نەکران ئەبێ سەرۆک وەک بایەقووش لەناو وێرانەدا سەیران بکات... ئەگەر شوێنەوارەکانیش راماڵران ئەوکاتەش دوور نییە وەکو فیشەکەشێتە بە ئاسماندا نەچێ چونکە کارامەیی فڕۆکەوانەکانی بۆ دەرناکەوێ...».

ئاودەستەکانی شاریش مەسەلەیەکی جێبەجێ نەکراون: «...لایەکی دیکەی دیوارەکان بە (بڕووخێ دیکتاتۆر)، (سەرشۆڕی بۆ جاش و نۆکەری ئیمپریالیزم)، (مردن و رووڕەشی بۆ فاشیست) و(بڕۆخێ کۆکاکۆلا) هەر لە بنمیچەوە تا ئاستی مەسینەکان بە خەڵووز رەش کراوەتەوە... هەر جارێکیش ئەم دیوارانە سەرلەنوێ بۆیە بکرێنەوە ئەوە ئەبێتە جەژنی نووسەر و خۆشنووسی ئاودەستەکان... لەم شوێنە سانسۆر ناتوانێ دەوری خۆی ببینێ...». نووسەر دەڵێ گەرچی سەرۆک ناوێرێ وڵات بەجێ بێڵێ، بەڵام دەعوەتی سەرەک کۆماری فەرانسەی وەرگرت و بۆ سەردان چوو بۆ پاریس: «پاش نان خواردن قرقینەیەکی دا، ناو ساڵۆنەکە دەنگی دایەوە... ئاخ ئەم سەگبابانە لێم ناگەڕێن وەکو مەلێک کە تازە لە قەفەزدا بەرەڵا کرابێ منیش وا بەناو ئەم شارەدا بسووڕێمەوە، یەکسەر بەرەو پیگاڵ... گەر سەرەک کۆماری پیگاڵ بوومایە باشتر نەبوو؟...»

چیرۆکبێژ یا نەقاڵ هەروا نوکتە و مەتەڵۆکان دەبینێتەوە و سەرۆکی دەزگا گرتووە و بۆ ریسواکردنی ئەو لە بنی کوولەکەکە دەدا و لێفەی لەسەر فەقیر لادەبا: «هەرچەند سەرۆک هەندێ جار بە دیمەنی شێتەکان قەڵس ئەبێ چونکە ژمارەیان زۆر بە خێرا زۆر ئەبێت و هەموو شێتخانەکان جمەیان دێت و جێگەی کەسی تری تێدا نابێتەوە، ئەوی شێت بوو پێی ئەڵێن بیتاقەی بۆ دەرچووە...»

نووسەر دەڵێ لە کاتی سەردانی سەرۆکی پێشوودا تاقمێک لە شێتی ناوشار بۆ پێشوازی چووبوون و قایش و قروش و سەرەسۆدەی زۆریان لە خۆیان دابوو: «کاتێک سەرۆک گەیشتە ئاستیان ئەمان لەترسا رەپ و راست راوەستان و هەناسەیان لەخۆیان بڕی و هەریەکە بەلایەکدا هەڵهاتن، چونکە سەرۆک و تاقمەکەی سەرەسۆدە و قایش و قروشی زۆرتریان پێوە بوو...»

گوێ بگرن بۆ ئامۆژگاری سەرۆکی فەرانسە: «بەڕێزتان هەر ئیمزاتان لەسەرە، نەوتتان لێ ئەکڕین و چەکتان پێ ئەفرۆشین... بۆمبای ئەتۆم لەسەردەمی ئەتۆمدا لە نان و ئاو پێویست ترە...»

ئارەزووەکانی سەرۆک: «گەر دەزگایەکم دەست ئەکەوت، لە کۆشکی کۆمارییەوە بە گوێی خۆم گوێم لە هەموو ماڵێک ئەگرت و ئەمزانی چی ئەڵێن و چی ناڵێن...»

ئیتر چیرۆک هەروا بە نوکتەبازی و تەوس و پلار دەچێتەپێش، بەراستی هەزار نوکتەی باریک و سەیر و سەمەرەی دیکەش ناتوانێ دیمەنی کۆمیدی تراژیدیای ئەو جۆرە رژێمانە نیشان بدا. یا لەواقیعدا هەرچی لەو جۆرە باسانە بکرێ دیسان کەمە. لە وڵاتی دیکتاتۆریدا هەر شێتەکان ئازادن بیروڕایان دەربڕن! دەگێڕنەوە لە زەمانی رەزا شادا کاتی ئەو پاشا بێ مشورە چارشێوی ژنان و بەرگی کوردی پیاوانی یاساغ کرد، یەکێک لە پیاوەکانی سابڵاخ لە داخ و تووڕەیی لەسەرکردنی کڵاوی عەجەمی، شێت بوو. بە شەقامدا هەڵدەهات و هەزار جنێوی بە شا و دامودەزگاکەی دەدا و دەیگوت: سەگبابە کڵاوی لەنگەریم لەسەر دەکا! نووسەری چیرۆکی «سەردانی سەرۆک» لە زمانی دوو کاراکتەرەوە قسە دەکا، یەکێک لەوانە نوێنەری بۆچوون و بیرکردنەوەی خەڵکی ساکار و ساویلکەیە کە هەرکامیان بەجۆرێک هاتنی سەرۆک پێشبینی دەکا، ئەوی دیکە نوێنەری کەسانێکی وشیار و شارەزایە کە هەموو کەین و بەین و پیلانی نێو دەزگای دیکتاتۆری دەناسن و بۆ ئاوەژووکردنەوەی ئەو پیلان و پروپاگاندانە زیرەکانە بۆی لە هەڵڵا دەدەن. یان هەردوو شێوەکە تێکەڵ دەکا و بە روونکردنەوەیەکی پووچەڵ بوونی بۆچوونی یەکەم باری راستیی مەسەلەکان دەردەخا.

ریاکاری و درۆزنی رژێم تابلۆی سەیر و سەمەرە دەخوڵقێنێ. وڵاتێکی دواخراو بە رواڵەتی کۆمەڵێکی سەدەکانی ناوەڕاست، کاتی سەردانی سەرۆک دەبێ دیمەنێکی پێشکەوتوانەی پێ بدرێ:

«... تراکتۆر و پیکاب و لۆری نابێ لە چەقی رێگاکانی ناوەڕاستی شار رابگیرێن، عەرەبانە و تریشقەش ئەبێ تەنیا لە گەڕەکەکانی دەوروبەری کار هاتوچۆ بکەن و رۆژی هاتنی سەرۆکیش خۆیان لە پەنایەکا حەشاردەن، چونکە ئەم جۆرە دیاردەیە رووی راستەقینەی شۆڕشی گەل ئەشێوێنن و زەرەرێکی هێنجگار قورس لە ناوبانگی وڵات ئەدەن...»

سەرۆک و تاقمەکەی بە لێوەشاوەیی و لێزانی نەهاتوونەتە سەرکار بەڵکو بە ملهوڕی و لات بازی خۆیان بەسەر وڵاتدا سەپاندووە:

«...سەرۆکی ئێستاش سەردەست و شان و ملی وەکو مشەمای لگاوی لێ هاتووە، ئەوەندە خاڵی لەسەر کوتراوە، وێنەی شێر و پڵنگ و ئەژدیها و دڵ و تیر. لەسەردەمی گەنجیدا هەمیشە بۆکس خەنجەر و چەقۆی لە گیرفاندا بوو، چوارپێنج کەسیشی بە دواوە بوو، ئەچوونە سەر خەڵک و دارکاری تاوانبار و بێ تاوانیان ئەکرد...» هێندێک کەس دەڵێن: «رەنگە سەرۆک بە شەڕە دەمانچە خۆی بە شاردا بکات و گوێی هەموو سەرسەری و چەقۆکێشەکانیش با بدات...»

فیلمی ویستێرنە! بەراستیش زۆر لەو جۆرە فیلمانە دەچێ، بەتایبەت کاتێ باسی کودەتاکان دێتە گۆڕ:

«جەنابی سەرۆک بە کۆدەتایەکی دیموکراسی سپی هاتە سەرکار، سەرۆکی پێشووش بە هەمان شێوە حوکمی گرتبووە دەست تا ئەگاتە سەر چواردەمین سەرۆک پێش سەرۆکی ئێستا، کە دژی مەلیک کۆدەتای بەرپا کرد و رژێمی پاشایەتی رووخان! چوارده کودەتای سەرکەوتوو، چلی ژێرکەوتووە... ئەوەش رەوشت و ئاکاری سەرۆک:



«سەرۆکی پێشوو جلەکانی ئەگۆڕی و بە خشکەییەوە لە دەرگا و پەنجەرە نهێنییەکانی پشتەوەی کۆشکی کۆماری خۆی ئەدزییەوە، تەنیا بۆی ئەکشا، بۆ مرومووش کردن، بە لۆژەلۆژ خۆی ئەگەیاندە مەیدانی شار و بە دەستی خۆی شتی پەیدا ئەکرد، بەپڕ و پیرەژنی ئەو ناوەش رازی ئەبوو و کۆڵێکیش مەمنوون ئەبوو. ئەم ئەبێ لە پێگاڵ و سان پاولی و سۆهۆوە بەرخۆلەی ناسک ناسکی بۆ بچێ...»

باش بوو نووسەر لێرە روونی کردەوە پیگاڵ چ جۆرە جێگایەکە! ئەمن جاری پێشتر کە گوتی: سەرۆک یەکسەر بۆ پیگاڵ.. هەرچیم بیرکردەوە تێنەگەیشتم!

بەڵێ خەڵکی بەستەزمان هەروا ئەوە سێ مانگی تەواوە چاوەڕوانی هاتنی ئەو سەرۆکە سەرکوتکەن بەڵام نایە، کە نایە نەبە ئوتومبیل و نەبە تریشقە و نەبە وشتر و عەرەبانە، بەڵام بەیانییەک: «بەیانییەکی زۆر زوو، کە هێشتا دانیشتوانی شار تازە لە خەو هەستابوون، تانک و زرێپۆش سەری هەموو جادە و کۆڵانەکانی گرتبوو... خەڵکەکە... وایان زانی کودەتایەکی تر روویداوە... لە ترسی تفەنگ و پۆستاڵ کەس نەیئەوێرا سەر لە کونی ژوورەکەی بهێنێتە دەرەوە. لە پڕ دەنگی میگ و سۆخۆ شارەکەی هەژاند... هەرکەسەی لە شوێنی خۆیدا خۆی بە سەر زەویدا دا و دەمی کردەوە و پەنجەی خستە گوێی و شایەتمانی هێنا و...»

«چ قەوماوە؟ سەرۆک هات! بریا ئەستۆی شکابا و نەهاتبا!»

«... یەک لە ئەلیکۆپتەرەکان رەنگێکی بەڵەکی سەوزباوی هەبوو، ئەفسەرەکان گوتیان ئەوە فڕۆکەی سەرۆکە...»

بەڵێ سەرۆک هات بەڵام هەروەک سیارکێکی بە ئاسماندا بێ. سەیر ئەوەیە هەندێک خۆیان ساز کردبوو جایزە و سەوقات لە سەرۆک وەربگرن!

پێشنیاز دەکەم ئەو چیرۆکە وەرگێردرێتە سەر زمانی سەرۆک و بۆی بنێرن.

هێندێک مەتەڵۆک و تیتاڵی سەیر و سەمەرە و کەس نەبیستوو لەو چیرۆکەدا هەیە کە لە جێی خۆیاندا شایانی سرنجن:

هەرکەس شێت دەبوو خەڵک دەیانگوت: «بیتاقەی بۆ دەرچووە!» (لە سابڵاخ دەیانگوت: بلیتی بۆ وەدەرکەوتووە!)

لە جێگەیەکی دیکە کاتێ ئامۆژگاریی سەرۆک دەکەن:

هەر پیاوێکی گەورە ئافرەتێکی بە دواوەیە «ئێوە لۆری رۆژی جەژن» دوایە دەڵێ: «ئەوەی بە دواتانەوەیە مەتەڵێکی هەڵنەهێنراوە!»

مەسەلی «کەرە مەمرە...» لە چیرۆکدا ئاوا نووسراوە: «کەرە مەمرە بەهارە» ئەمن ئاوام بیستووە: «کەرە مەمرە بەهار دێ» کە پاشماوەکەشی ئەوەیە:

کەرە مەمرە بەهار دێ
کورتانت بۆ لەشار دێ
کورتانی کەرەبۆزی
بە ئاوریشمی رندۆزی

بە هەرحاڵ «سەردانی سەرۆک» چیرۆکێکی لەبار و خان و مانە و زمانێکی باشە بۆ سەرکۆنە و ئیفشاکردن و هیوایە نووسەر درێژە بە نووسینی ئەو چەشنە چیرۆکە بدا.

## ... و شەهید و تەنزێکی جیاواز...

بیرم دەکردەوە داخوا ئەم چیرۆکە و خەیاڵی داڕشتنی رووداوێکی وا، چۆن کەوتبێتە سەری نووسەر؟ گەلێک جار کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ رێزگرتن لە یادی شەهیدان رێک دەخرێ و زۆرمان لەو کۆڕانەدا بەشداریمان کردووە. هیچ لەبیرتانە لە هەڵس و کەوت و کرداری هێندێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو چەشنە کۆڕانە دڵمەند بووبن؟ بەڵێ بەداخەوە وا هەیە ئەو دانیشتن و وتار و بەیان خوێندنەوەیە بە مەبەستێکی ریاکاریانە بەڕێوە دەچێ، ماناشی ئەوە نییە کە بەشداریکەرانیش بە گشتی مەبەستی وایان هەیە، بەڵام کەسانێک هەن کە بۆ بەرژەوەندی و ئامانجی دزێوی خۆیان هەموو شتێک تەنانەت یادی شەهیدان بکەنە بەردەباز. نووسەر لە شتێکی وا دڵمەندە، وێدەچێ هەر بەراست لە کۆبوونەوەیەکی وادا وەک بیسەری وتارەکان بەشدار بووبێ و لە ریاکاریی بەڕێوەبەران وەڕز بووبێ. بێژەری داستان دەگەڵ شەهید کە بە «مامۆستا» ناوی دەبا هەڤاڵ و هاوڕێ بووە. بەڵام وەک دەڵێ قەدەرێکە لەگەڵ ئەو کەسانەی دوای شەهید بوونی مامۆستا کرداریان گۆڕاوە هاوکاری ناکا.

ئەو چیرۆکە بە رەنگی تەنزێکی خەیاڵاوی، جارجار بزەمان دێنێتە سەر لێوان و جارجاریش لێومان پێ دەکرۆژێ و ئاخی حەسرەت و تووڕەییمان لە دەروون هەڵدەستێنێ. خەیاڵی شاعیرانەی نووسەر بۆ گەورەکردنەوە و ئاشکراتر نیشاندانی باری چەوتی رووداوەکان دیمەنی نەبیسراومان بۆ دەڕەنگێنێ. بە بۆچوونی قارەمانی هەوەڵی چیرۆک کە لە کۆڕەکەدا ئامادەیە، ئەوانەی دەچن وتار دەخوێننەوە، یەکێک لە میوانەکان بەرپرسی یەکەم، ژنە بەڕێوەبەرەکە، و... هیچیان ئەوە نین کە بە رواڵەت دیارن. چیرۆکبێژ ئەوبەری ماسکی سەر روخساریان دەبینێ و هەر ئەو بینینە واقیعییە توانستی خۆڕاگرتنی لێ دەستێنێ.

لایەنی تەنز و گاڵتە کە شێوەی نووسینی چیرۆک نیازداری بووە، جاری وا هەیە هێند دوور لە چاوەڕوانی خۆ دەنوێنێ کە خوێنەر رادەچەنێ: «... لەپڕ دیتم قەحبەکەش لەوێیە...»! ئەم رستەیە چەخماخەی دەستپێکردنی زنجیرەیەک رووداوی تەنزاوی و چاوەڕوان نەکراوە. نووسەر دەرفەت نادا خوێنەر بپرسێ: جا قەحبە لە جێگەی وادا چ دەکا؟!: «بەراستی لە جێگەکەی خۆمدا وشک بووم... (باشە ئەمە چی گەیاندییە ئێرە...؟)»

تاقمێک هەڵپەرستی نان بەنرخی رۆژخۆر، کۆبوونەوەی یادی خەباتکارێکیان کردووەتەوە بەزمی خۆهەڵکێشان و خۆبادان و جگە لە رابواردن و پارە و پایە وەدەست خستن یادی چیدی ناکەنەوە. ژنی ناوبراو! داوا لە دانیشتوانی کۆڕ دەکا بەیادی شەهید بوونی مامۆستا تاوێک بەسەر پێوە راوەستن و سەر داخەن. بەو ناوەی نووسەر بە ژنەکەی دابوو، لێرەدا نووسەر هەستی شەشەمی وەخەبەر دێ: «هەمووش سەرمان داخستبوو... لەپڕ بیرم چوو بۆلای ژنە قەحبەکە... دەبینم ژنە پاڵی داوە بە دیواری لای راستی شانۆکەوە و سەری مایکرۆفۆنەکەی خستۆتە نێوگەڵی خۆی».

نەمگوت؟ لە چەند پارەگراف پێشتر کاتێ نووسەر ئەو مایکرۆفۆنەی بەم جۆرە بۆ رەنگاندین: «... ئەوەی لەوێ مایەوە هەر ژنە قەحبەکە و مایکرۆفۆنێکی بەرز و بۆر و سەرخڕ بوو...».

بەڵێ، هەر ئەودەم زانیم مایکرۆفۆنی وا پەندێک بەسەر ئەو

بەرێوەبەرە دێنێ. چیرۆکبێژ کە بە سەرسامی و پەشۆکاوی لە وێنەی شەهید دەڕوانێ، وای دێتە بەرچاو کە مامۆستا پێدەکەنێ و چاوی لێ دادەگرێ.

قارەمانی چیرۆک هەراسان و بێزارە و دەیەوێ کۆڕ بەجێ بێلێ و بڕوا بەڵام ددان بە جەرگی خۆیدا دەگرێ و هەڵناسێ. ئەمجار داوا لە لێپرسراوی یەکەم دەکرێ بۆ وتار خوێندنەوە. ئەویش دەچێ و میکرۆفۆنە بۆر لە چنگ و گەلی بەرێوەبەر دەردێنێ و گرم لەسەر سێپێیەکەی دادەنێتەوە.

نەفەری دووهەم کە بۆ وتارخوێندنەوە دەچێ، قەحبەکە دەگەڵ لێپرسراوی یەکەم و... «هەرکە دەستی پێکرد و پێ نەکرد لێپرسراوی یەکەم پەلی قەحبەکەی راکێشا و بردیە پەنایەکەوە و کەوتە هەڵگوشین و ماچ کردنی. من بە جارێ تێکچووم، ئەرێ ئەمیان چی بوو؟! نازانم خەڵکەکە ئەم دیمەنەیان دەبینی یان نە...»

نەخێر خەڵکەکە زۆربەیان شتی وا نابینن! ئەوان بەستەزمانانە شتی وا چووزانن! دانیشتوون و سەیری سەر شانۆکە دەکەن. مامۆستای شەهیدیش دەگەڵ قارەمانی چیرۆک شاهیدی ئەم ڕووداوانەن، ئەویش دەیهەوێ بڕوا! لە چوارچێوەی وێنەکەی دێتە دەر و بەرەو نووسەر دەکەوێتە رێگە!

کارەساتی سەر شانۆ هەروا درێژەی هەیە و کار دەگاتە ئەو جێیەی نابێ بیگاتێ! یەکێک لە لێپرسراوان لە بەرێوەبەر دەبێتە دەورگێڕ و قارەمانی چیرۆک و مامۆستا سەری خۆیان هەڵدەگرن و بۆی دەردەچن!

خەڵکی دانیشتوو، هەموو هۆشیان داوەتە سەر شانۆ و ئەگەر ڕووداوەکانی سەرەوەشیان دیتبا هەر ئەوەندە تاسەیان دەنواند.

ویژدانێکی وەخەبەر دەگەڵ گیانی مامۆستای شەهید، تەنیا کەسانێکن کە ئاگاداری ریاکاری و کەبن و بەینی سەر شانۆکەن.

قارەمانی چیرۆک بە مامۆستا دەڵێ:

...............

«تۆ شەهیدی ئەوانی.»

«شەهیدی ئەوان؟»

«ئەی ئەوە نییە؟!»

«شەهیدی ئەوان نا، کوشتەی دەستی ئەوان»

«مەبەستت چییە؟»

«ئەگەر دەروێشییەکە بەری دابیت تێدەگەیت چ دەڵێم...»

شەهید و قارەمانی چیرۆک لە کۆڕەکە دێنە دەر. شەهید خولقی قارەمانی چیرۆک دەکا بۆ ماڵی خۆی: «جا بچین لەوێ چی بکەین؟!»، «کتێبی چاکمان لا هەن. دەزانم بە دڵی تۆش دەبن»! ماڵتە! لەو دونیاش هەر کتێبان دەخوێننەوە! کۆڕ بەجێ دێڵن و دەچنە دەر. ئەوانەی لەوێ ماونەوە چ پێویستیان بە ویژدانی وشیار نییە.

چیرۆک بە رۆیشتنی ئەوان تەواو دەبێ. چیرۆکێکی جیاواز و تەنزێکی جوان. بە هیوای بەدەوام بوونی کاک فەرهاد شاکەلی لە نووسینی چیرۆکدا (وێرای شیعر و نووسینی هەمەچەشنە). دەچینە سەر باسی داستانێکی دیکە.

## دڵێکی پەنگ خواردوو

«دڵێکی پەنگ خواردوو» دیمەنێکە، گەلاڵەی کورتە چیرۆکێکە، گەرچی تەنیا لاپەڕە و نیوێکی گرتۆتەوە، بەڵام هەستی خوێنەر دەبزوێنێ:

«بەچکە سمایلە! زوقم زەوی بەستووە، کەچی دێ نۆکەکەی ئەمڕۆش تەواو دەکا، تا گۆشەیەک لە گوزەرانی خێزانەکەی پڕکاتەوە... خۆزگە باوک و براکانی لە کونجێکی زیندانەوە چاوێکیان لێ بوایە... نۆکی گەرم... نۆکی گەرم... باوکە گیان ئەمجارەیان زۆر لە ئامێزم کە...»

داخوا چەند منالی کوردی بێ کەس و کار، لەو کوردستانە گەمارۆدراوەدا، لەباتی یاری و دەرس خوێندن، دەستە چکۆلەکانیان پیاوانە دەخەنە کار و دەگەڵ ژیانی سەختی گەورە سالاندا خۆ رادێنن؟

هەر لە چکۆلەییەوە بەرلەوەی پێستی لەشیان بە گورزی سالان بخارێ بە ئێش و ڕەنج دەیخارێنن. لە چکۆلەییەوە ئاشنای رووی دزێوی ژیان دەبن و کاتی گەورە بوون... گەورەترن لە هەموو گەورەی دوژمن.

دیمەنی ئەو چیرۆکە، دیمەنی سوبح و ئێوارەی هەمیشەیی کوردستانە: «...پیاوێکی کەتە لە چەشنی هێستر دابەزی و هات و پەلی منداڵە سنگ دەرپەڕیوەکەی گرت و گوتی: تۆ کوڕی سمایلی؟...»

«بەچکە سمایلە» دەگرن و دەیبەن: «ئایشێ تەماشای دەکرد و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: سەرت لە باوکت دا و لێبوویتەوە. دەبڕۆ بۆخۆت لە ئامێزیدا بنوو.»

لەو چیرۆکە کورتەدا زمانێکی شاعیرانە دەکارهێنراوە کە بەجێگە و جوانە: «سنگی تەختە ڕەشێکە و دەتوانی ئەوەی لە دڵتدایە لەسەری تۆماریکەی...»

«نۆک فرۆشی سینگ ڕووت» پاڵەوانێکی ناسراوە. زۆرمان دیتووە، ڕەنگە نۆکیشمان لێ کڕیبێ، ڕەنگیشە خۆمان بووبین! «پوورە ئایشێ»ش نموونەی ئەو دایە گەورانەیە کە چاو لە کارەساتی سەرسوڕهێنەری دەوروبەر دەکەن و تەنیا فرمێسک هەڵدەوەرێنن. سمایل پێشمەرگەیە، بەڵام تۆ بڵێ هەر پیاوێکە و لە زیندانی کەسانێک توند کراوە کە بەچکە سمایلە دەگرن و مەنجەڵی نۆکەکەی شەق تێ‌هەڵدەدەن، ئەوە بۆ کەسانێک کوردیش نەبن بە تەواوی ڕوونکەرەوەی ماجەرایە.

چیرۆکی دیکەم لە کاک بەختیار قادر نەخوێندۆتەوە بەڵام دیارە قەڵەمێکی جوانی هەیە و بریا زۆرتر بڵاوبکاتەوە.

## چاوەڕوانیی دوو منال

نووسەر دەگەڵ رۆژنامەنووسێکدا بۆ دۆزینەوەی بابەت و سووژەی گوزارش لە ولاتە دوور و نزیکەکاندا دەگەڕێن و هەر شتێکی سرنجی ڕاکێشان لێی دەکۆڵنەوە و لەسەری دەنووسن. لە پێشدا لە شارێکی ئەورووپایی دەگەڵ کوڕێکی ١٠-١٢ ساڵەدا وتووێژ دەکەن:

- «باوکت کێیە و ئیشی چییە؟
- ناینناسم و ناشزانم کێیە و خەڵکی کوێیە...!!

......

- باشە گوێ مەدەرە ئەوە. ئەی دایکت کێیە و ئیشی چییە...؟
- دایکم ناوی «مارگرێت»ە و لە بازاری لەشفرۆشەکانا کار ئەکات...»

بە کورتی ئەو کوڕە کە ناوی «جۆرج»ە دەری دەخا کە هەموو خوشک و براکانیشی هەر خەریکی کاری لەشفرۆشتنن. ئەو بەشە لە نووسراوەکە لە ژێر سەردێڕی «تاوانی یەکەم» تەواو دەبێ. لە بەشی دووهەمدا بە نێوی «تاوانی دووهەم» نووسەر دەڵێ دوابەدوای بیستنی هەواڵی هێرشی «میریی دڕندەی تورکیا» بۆ سەر کوردستان کە بە دەعوەتی «میریی مرۆڤکوژانی عێراق» سەری گرتبوو، بەدوای کاول کردن و سووتاندنی ٢٠-٣٠ کیلۆمەتر لە خاکی کوردستان و کوشتنی دانیشتوانی، ئەویش تووشی پەشۆکاوی و پەرێشانی دەبێ و دەگەڵ هاوڕێی رۆژنامەنووس بەرەو کوردستان دەکەونە رێگە. لە کوردستان دەگەڵ کوڕێکی کورد کە هاوتەمەنی «جۆرج»ە وتووێژ دووپاتە دەکەنەوە:

- «ناوت چییە؟
- ناوم هیوایە...
- ئیشت چییە...؟
- قوتابی بووم بەڵام ئێستە نزیکەی مانگێکە لە ترسی گرتن رام کردۆتە ئێرە!!
- باوکت کێیە و چی ئەکات؟
- باوکم ناوی مام غەریبە و ماوەیەک لەمەوبەر ئەمن بۆ گرتنی براکەم دایان بە سەرمانا و براکەمیان بۆ نەگیرا و لە رقانا دەستیان کرد بە لێدانی ئێمە... و زۆریان کێشا بە سەر و شانی باوکما و مێشکی تێک چووە...!!
- دایکم ناوی خونچە بوو، لە کاتی پەلامارەکەی ئەمن بۆ سەرمان دایکم لەتاو ئێمە پەلاماری ئەمنەکانی ئەدا، ئەوکاتە سکی پڕ بوو، ئیتر ئەمنەکانیش بە شەق و قۆناخە تفەنگ ئەوەندەیان لێدا کە دوای دوو رۆژ مرد...!!!»

پاشماوەی قسەکانی هیوای منال هەر باسی گرتن و لێدان و کوشتن و زیندانە.

نووسەر بە هێنانەوەی ئەو دوو دیمەنە گەلێک راستی و نوکتەی خستۆتە ڕوو. لە باسکردن و نەخشاندنی دیمەنی شارە ئەورووپاییەکەدا دوای ئەوەی لە سەروسەکوت و بەرگ و پێڵاوی سەیر و سەمەرەی هێندێک خەڵکی ئەوشارە تووشی سەرسامی دەبێ و ئەو شوێنە بە «باخچەی ئاژەلان» ناودەبا، ئەم نوکتەیەی زۆر جوانە کە دەڵێ: «... بەڵام خوا هەڵناگرێ، نە چەک بەشان و نەهاتوچۆ و ترپ و تۆپی سەرباز و ئەمن و ئۆتۆمبیلی پڕ لە چەک بەدەست و نە پشکنینی رێبواران و نە پەلاماردان و لێدان و نە چاڵ و چۆڵی شەقام کە بە زنجیری دەبابە چاڵ و چۆڵ بووبن...! و نە ئافرەتی زۆری ڕەشپۆش و قژ ئاڵۆزکاوی ڕەنگ بزڕکاو... نەئەبینران...!...»

«جۆرج»، لە وەڵامی رۆژنامەنووسەکەدا کە لێی دەپرسێ نەخشەی دوارۆژی چییە؟ دەڵێ: «چاوەڕوانی ئەوەم کە لە داهاتوویەکی نزیکا بتوانم وەکو دایکم و براکەم ئیش بکەم... چونکە پارەی زۆری تیایە...» «هیوا» لە وەڵامی هەمان پرسیاردا ئاوا دەڵێ: «زۆرم حەز لە خوێندن ئەکرد... بەڵام پیاوکوژەکان نەیانهێشت بۆیە وا ئێستا چاوەڕوانی ئەوەم کە ئەگەر برا پێشمەرگەکەم شەهید بکرێ نەیەڵم چەک و سەنگەرەکانی بێ کەس و چۆڵ بن و بچمە جێگاکەی...!!!»

دوو چیرۆکی «دڵێکی پەنگ خواردوو» و «چاوەڕوانیی دوو منال» تێکۆشاون ئاوڕێک بدەنەوە سەر گیروگرفت و مەسەلەکانی منال و مێردمنالی کورد لە حەلی ئێستادا. منالی کورد وێرای گەورەسالان دە مەتەرێزی خەباتدا دەگەڵ دوژمنان بەشەڕ دێ و لە هەموو تام و بەرامەی منالێتی بێبەش کراوە، لە کاتێکدا دەبێ وەک منالی گەلانی خوداپێداو خەریکی یاری و کایەی منالانە بێ، ناچارە بۆ گوزەرانی ژیانی کار بکا و لە باتی دەرس خوێندن و قوتابخانە چوون، چەک لەشان بکا و ڕووبەڕووی دوژمن بێ.

لەنێو نووسەرانی گەلانی دیکەشدا کەسانێک هەن کە هونەری خۆیان تەرخان کردووە بۆ بەرهەمهێنانی چیرۆک و شیعر و شانۆی منداڵان و ئەوە بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشانی هونەرمەندانی ئەو گەلانە دەگرێتەوە.

هیچ شتێک جوانتر و سەیرتر لە جیهانی تایبەتی منالان نییە. نووسەر ئەگەر دڵ و دەروونێکی پڕ لە هەستی خۆشەویستی و مرۆڤایەتیی هەبێ قەت لەبیرکردنەوەو و رامان لەو دونیا جادوییەدا تێر نابێ. منال بە چاوانی خۆی و بۆچوونی خۆی سەیری جیهان دەکا، گەلێک لە کردار و جووڵانەوەکانی گەورەکان بۆ ئەو سەرسوڕهێنەر و ناسروشتییە، ئەگەر گەورەکانیش بە بینینێکی دوور لە پێشداوەریی بڕوانن، تێدەگەن کە لە راستیدا منالان باشتری بۆ چوون. (ڕەنگە هەر بەو هۆیەش بێ کە زۆربەی پرسیارەکانی منداڵان بێ وەڵام دەمێنێتەوە و گەورەکان لە وەڵامدانەوە خۆ دەبوێرن!). وەک لە چیرۆکی «چاوەڕوانیی...»دا دەردەکەوێ ئەوە جیاوازیی سروشتی نێوان «جۆرج» و «هیوا» نییە کە بۆتە هۆی دوو چەشنە بیر و کرداری ئەوان، بەڵکە ژیان لەنێو دوو کۆمەڵی جیاوازدا ئەو جیاوازییەی پێکهێناوە. نووسەر لەوانە بوو لەباتی وتووێژ دەگەڵ «جۆرج»ی چارەڕەش، دەگەڵ «جۆرج»ێکی دیکە و لە خێزانێکی تێگەیشتوو و بە ژیانێکی پێشکەوتووانەی رۆژئاواییانەدا قسە بکا.

ئەوددەمیش، ڕەنگە تەوفیری دوو چەشنە ژیان، یەکیان پڕ لە خێر و خۆشی و ناز و نیعمەت و ئەوی دیکەیان لێوڕێژی مەینەت و کەساسی، خوێنەری دووچاری سەرسامی کردبا. منالی رۆژئاوایی خۆ هەموویان وەک «جۆرج» نین و بگرە ئەوە لە واقیعدا ریزپەڕێکە لە قاعیدەی ژیانی ئەو ولاتانە. ئەگەر وا نەبوایە ئەدی ئەو گشت پێشکەوتنی زانستی و هونەرییە لە کوێوە سەری هەڵدەدا؟

هەڵبەت چیرۆکبێژ مەبەستی نواندنی جیاوازیی شێوەی ژیان و بیرکردنەوە و چاوەڕوانیی دوو منال لە دوو کۆمەڵی جیاوازدا هەیە بە چەشنێک کە ئەو جیاوازییانە لەو پەڕی خۆیاندا بنوێنێ.

بە مانایەک، «جۆرج» و «هیوا» هەردووکیان چارەڕەش و بێ بەختن. ئەوە مەسەلەیەکی جیاوازە کە منالی کورد لە خەباتی خۆیدا بەختەوەرە، ئەوە بە هۆی ڕەوابوونی خەباتەکەیەتی، بەڵام لە راستیدا ئەگەر زوڵم و چەوساندنەوەی دوژمن لە ئارادا نەبوایە کام باوک و دایکی کورد، دڵی دەهات منالی خۆی بە کەساسی و ئاوارەیی لە کێو و بەندەنان ببینێ؟ چیرۆکخوان دەڵێ: «پاشان دوای چەند رۆژێک خۆمان ئامادە کرد و بەرەو یەکێ لەو ولاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە کەوتینە رێ،...»

ئەو لە ئەورووپاوە بەرەو کوردستان هاتووەتەوە و دوای چەند ساڵ بە دیتنەوەی زێدی ئاشنا تاسەی دووروڵاتی و غەوارەیی دەشکێنێ. ئەو بەشەی کە باسی شاگەشکە بوون و سەرخۆشی خۆی دەکا جودا و سرنجڕاکێشە:

«ئەم دێ بۆ ئەو دێ، ئەم شاخ بۆ ئەو دۆڵ، ئەم جەنگەڵستان بۆ ئەو سەرەوخوار و سەرەوژوور... لەملا بۆ ئەولا رام ئەکرد، هەڵئەبەزیمەوە و سەرم هەڵئەبڕی بۆ ئاسمان و پڕ سنگم هەوام هەڵئەمژی و باوەشم ئەکرد بەم دار و رام ئەکرد بۆ ناو ئەو سەوزایی و ...»

بەڵام کاتێ ئەو خۆشویستنی وڵات و زێدە وا بە تەوژم و تین و گوڕ دێنە گوتن، لە بەرامبەریدا ئەو هۆیانەی کە نووسەر بۆ پەرپەوبوونی خۆی دێنێتەوە هێندە سەلمێنەر نایەتە بەرچاو، مەگەر بڵێین هەمووومان کوردین و لە کەین و بەینی ئەو مەسەلەیە ئاگادارین. بەڵام چیرۆک خۆی لە خۆیدا دەبێ سەلمێنەری هەموو ئەو شتانە بێ کە وە ئەستۆی خۆی گرتووە و ئەگەریش چیرۆکەکە وەرگەڕێندرایە سەر زمانێکی دیکە، پێویستی بە پەراوێز و لەسەر نووسین نەبێ.

بەڵگە هێنانەوەو وتارخوێندنەوەی راستەوخۆش کاری چیرۆکنووس نییە، کەوا بوو دەبێ ئەوەش دە فۆرمی چیرۆکدا خۆی بگرێ و بە نواندنی دیمەنێکی تایبەت ئەو راستیانەی نووسەر مەبەستیەتی بێنە روو.

لە چیرۆکی «چاوەڕوانیی دوو منداڵ»دا زمانێکی ساکار و ئاسایی وەک گێڕانەوەیەکی خۆمانە دەکار هاتووە. هەروەک زمانی رۆژنامەگەری و نووسینی گوزارشتی رووداوی خۆمانە کە لە بڵاوکراوەکانی کاتیدا بەدی دەکرێ. هیچ شتێکی نائاسایی و دوور لە واقیع بەدی ناکرێ و خوێنەر تەواو بڕوا بە قسەکان دەکا، نوکتەیەکی کە لە باری رێنووسەوە دێتە بەرچاوی من زۆر دەکارکردنی نیشانەی سرنج و سەرسوڕمانە (!) کە پێم وایە ئەوە لە تەئسیری ئەو نیشانەیە کەم دەکاتەوە. جاری وا هەیە نووسەر دەبێ ئەو ئەرکە، واتە ئەرکی سرنجدان بخاتە سەر شانی خوێنەر و هیچ نیشانەی (!) دانەنێ یان هەر یەک نیشانە دابنێ و بەس.

ئێستا رەنگە کاتی ئەوە هاتبێ کە دیسان مەسەلەی زمانی یەکگرتوو بێنینەوە گۆڕ و هەروا لە بەرەوە یەک دوو نوکتە دەست نیشان بکەین:

دیارە گەلێک مەسەلە لەو باسەیدا هەیە و تەنیا هەوڵ و تێکۆشانی هەمەلایەنە و زانستیانە و رابووردنی زەمان دەتوانێ گرێی ئەو مەسەلانە رەها بکا، بەڵام ئەو هەوڵ و تێکۆشانە دەبێ بە راستی هەبێ و هەموو کات نووسەری کورد گۆشەنیگایەکی پەرۆشی ئەو مەسەلەیە بێ.

ئەمن کە ئەو وتارەم دەنووسی گەیشتمە نووسراوی هەر نووسەرێک، جۆرە زمانێکم بەدی دەکرد، چ لە باری رێزمان و رێنووس و چ لە باری دیالێکتەوە. ئێستا کە دەڵێین دیالێکتی سولەیمانی و موکریان چوارچێوەی بنەڕەتیی زمانی یەکگرتووی کوردییە، هیچ نەبێ لەسەر شێوەنووسینی «راناو» و «کردار» و پیتی ئیزافە کە زۆربەی جیاوازییەکان لە چەند جۆر نووسینی ئەوانەوە سەر هەڵدەدا، یەکبگرین. لێرەدا چەند نموونە نیشان دەدەین:

١- لە زاراوەی کرمانجی ژووروودا راناوەکان لە حاڵەتی فاعیلی و مەفعولیدا جیاوازییان هەیە، ئەو دیاردەیە لە دیالێکتی مەهابادیشدا بەرچاو دەکەوێ و بەرای من ئەوە جگە لە جوانکردنی رستەی کوردی، لە باری رێزمانیشەوە پێشکەوتنێکە. سرنج بدەنە ئەو دێڕانەی خوارەوە:

| حاڵەتی فاعیلی | حاڵەتی مەفعوولی |
|---|---|
| ئەمن دەچم | بە «من»ی گوت |
| ئەتۆ دەچی | بە«تۆ»ی گوت |
| ئەو دەچێ | بە «وی» گوت |
| ئێمە دەچین | بە «مە»ی گوت |
| ئێوە دەچن | بە «وە»ی گوت |
| ئەوان دەچن | بە «وان»ی گوت |

لە حاڵەتی «ملکی»شدا راناوەکان چووک دەبنەوە:

کتێبی من، کتێبی تۆ، کتێبی وی ، کتێبی مە ، کتێبی وە ، کتێبی وان.

جا مەبەستی من سەخت و دژوارکردنی کارەکە نییە، بەڵام دەڵێم ئێستاکە ئەو دیاردەیە لە مابەینی هەردوک زاراوەی گەورە و سەرەکیی زمانی کوردیدا هاوبەشە، با سوودی لێ وەربگرین و بە ئامانجی یەکگرتنی دیالێکتەکان دەکاری بهێنین.

٢- هەروەها ئیزافەی «دە» لە باتی «ئە» لە هەردوک شێوە سەرەکییەکەدا هاوبەشە و دەکرێ هەمیشە «دە» بەکاربهێنین:

دەچم، دەڵێم، دەنووسم، دەچوو، دەیگوت، دەینووسی...

٣- «گوتن» لە هەردوو شێوەدا هەیە و لەباتی «وتن» بنووسرێ.

٤- پیتی «ت»ی ئیزافە کە بە شوێن کاردا دێ و تایبەتی زاراوەی سلێمانی و دەوروبەریەتی و لە زۆربەی زاراوەکانی دیکەدا نەماوە، هەڵگیرێ. لە زاراوەی جارانی مەهاباددا «تن» بە شوێن «کار»دا دەهات و بۆ وێنە دەیانگوت: «لیی گەڕێ بخواتن» یان «دەگەڵ خۆی دەباتن». ئێستا ئەو دوو پیتە کەوتووە و دەڵێن: لیی گەڕێن با بخوا»، «دەگەڵ خۆی دەبا»

٥- وشەکان بە شێوەی رەسەن و تەواو دەکار بکرێن و وەک لە قسەکردنی ئاساییدا باوە، نەیان شکێنن و هەرکەسەی بە سەلیقەی خۆی یەک دوو پیتی لێ نەقرتێنێ. بۆ وێنە: لە زاراوەی سنە و مەریواندا پیتی «د» زۆرجار نایەتە گوتن، لە نووسیندا دەبێ ئەو «د»یە هەر بەکار بێ دەنا نووسەرانی ناوچەی جۆربەجۆر شێوە ئاخاوتنی خۆیان دەکەنە بناغەی نووسین و ئەوەش زیاتر دوورمان دەخاتەوە لە زمانی یەکگرتوو. (بۆ وێنە: لە «زانیاریدا» نەک لە «زانیاریا») ئەوانە و هێندێک نوکتەی سادەی دیکە ئەگەر سرنجیان بدرێتێ و هەموو نووسەر یەک دەنگ بن لە شێوەی نووسینیاندا، تا رادەیەکی بەرچاو، رەنگ و رواڵەتی نووسراوەکان لە یەکتر نێزیک دەخاتەوە، بەڵام دەبێ ئەوانە وەک پێشنیاز بخرێنە بەر لێکۆڵینەوەی زمانەوان و لێزانی گرامەر و رێزمانی زمانی کوردی و ئەگەر پەسند کران وەک یاسایەکی گشتی بە هەموو لایەک رابگەیەندرێن و هەموو نووسەر خۆیان بەرپرسیار بزانن بەرامبەر بە وەئەستۆگرتنی ئەو بڕیارانە. منیش زیاتر وەک خوێنەرێکی ئاسایی سرنجم داوەتە ئەو مەسەلانە و دەخۆم رانابینم جگە لە پێشنیاز شتێکی دیکە بڵێم. با ئەو کەسانەی لێزانی ئەو چەشنە لێکۆڵینەوەیەن زیاتر دەگەڵ گۆڤارە کوردییەکان بۆ ئەو ئامانجە هاوکاری بکەن. □



*ئاگربەسی نێوان ئێران و عێراق لەوەیە ببێتە کارەساتێکی گەورە بۆ کوردەکان. ئەو دوو وڵاتە ئێستا ئیدی بە هەموو توانستیانەوە هێزی سوپایی‌ی خۆیان دەخەنەکار بۆ لەنێوبردنی کوردی دوژمنی هەردوولایان. هەر لە ئێستاوە عێراق، سەرڕای بەردەوام بەزۆر راگواستنەوە و دوورخستنەوەی دانیشتووانی کوردستان، کەوتووەتە بەکارهێنانی ترسناکترین چەک کە گازی کیمیایی‌یە. تەنیا رێگە بۆ سەرکەوتنی ئاشتییەکی بەردەوام لە ناوچەکەدا، بەشداربوونی کوردەکانە لە گفتوگۆی ئاشتیی نێوان ئێران و عێراقدا، وەک لایەنێک.*

# کارەساتێک بۆ کوردەکان

## رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ لە گفتوگۆی ئاشتیی نێوان ئێران و عێراقدا جێگەیەک بۆ کورد دەستەبەر بکات

ئێڤا هێدۆس

### شەڕە

هەشت ساڵ خایەنەکەی نێوان ئێران و عێراق راگیرا و وتووێژی ئاشتی دەستی پێکرد. بەڵام لە گفتوگۆیەکەدا لایەنێک لەبیرکراوە و لەدەرەوە هێڵراوەتەوە، کە کوردەکانە. ئاشتیی نێوان ئێران و عێراق ناکرێ درێژخایەن بێ ئەگەر هاوکات گیروگرفتی کوردەکانیش چارەسەر نەکرێت.

هەڵوێستی کورد لەمەڕ ئاشتیی نێوان ئێران و عێراق بێ ئەملا و ئەولا پۆزەتیڤە. ئەمە یەکەم شەڕی ناوچەکە نییە و ئەزموون پێشانی داوە هەموو ئاشتبوونەوە و سازانێک، تەنانەت هی ئاشتیش، لەسەر حیسابی کورد پێک دێ. لەسەردەمی ئاشتیدا رێژیمەکان هەم کات و هەم سەرچاوە و سامانی زۆرتریان هەیە بۆ لێدانی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارانەی کوردەکانی خۆیان.

کە ئاگربەسی نێوان ئێران و عێراق جێگر بوو، ترس و نیگەرانیی کوردەکان هاتە دی. هێزەکانی سوپا لە کوردستان زێدە کران و، کۆچپێکردنی زۆرەملێ بەردەوام بوو و عێراق ترسناکترین چەکی خستەکار: گازی کیمیایی. هەزاران کوردی سیڤیلی عێراق یا مردن، یا بریندار بوون لە شەوەیخونی هێرشی گازدا و سەدان هەزاریان بەرەو سنووری تورکیا هەڵاتن.

تورکیا لە هەموان کەمتر بە هەڵوێستی دۆستانەی بەرامبەر کورد ناسراوە. هەر ئەو راستییەی کە ئەو هەموو کوردەی عێراق رووی کردۆتە تورکیا رادەی بەربڵاویی راونانی کوردەکان لە لایەن عێراقەوە دەردەخات. کوردەکانی ئێران بە چەکی کیمیایی لێ نەدراون، بەڵام وەکی تر چەوساندنەوەکە لەولایەی سنووریش هێندە بەربڵاوە.

یەکێک لە هۆیەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٥، کە سەددام حوسەینی سەرکۆماری ئێستای عێراق و شای ئێران رێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد. بەپێی رێکەوتنەکە شا وازی لە یارمەتیدانی کوردی عێراق هێنا و سنووری نێوان هەردوو وڵاتی داخست. بەرانبەر بەوەش ئێران

هەندێ دوورگەی لە کەنداوی فارسدا دەسکەوت و بەشێکیش لە شەتولعەرەب (شط العرب)ی کێشە لەسەر بوو. بۆ کوردیش ئەنجامەکە ئەوەبوو کە گۆشەگر کران و ڕاپەڕینی کوردان لەلایەن لەشکری عێراقەوە تێکشکێنرا.

دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، عێراق هەلێکی زێڕینی دەدیت بۆ وەرگرتنەوەی هەرچییەک، کاتی خۆی لە دەستی دابوو. هەر لەو کاتیشدا عێراق لەوە دەترسا کە شۆڕشی ئێران کار بکاتە سەر گرۆیەکانی موسوڵمانی شیعەی خواروی عێراق. دەوڵەتەکانی دەوروبەری کەنداو پشتگرییەکی خورتی عێراقیان دەکرد، چونکە ئەوانیش ئێرانیان وەک خەتەر (ترکزە)یێکی داهاتوو دەبینی.

وا دادەنرا کە ئێران دوای شۆڕشەکە هێندە لاواز و نارێکە کە عێراق بتوانێ بێ مەترسییەکی ئەوتۆ هێرشی بکاتە سەر. کوردی ئێران و گرۆیەکانی دیکەی بەرهەڵستکار بووبوونە هۆی ئەوەی ڕێژیمی تازە سەرقاڵی کێشەی گەورەی ناوخۆ بێت. هەروەها فریای ئەوەش نەکەوتبوو پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهاندا دابمەزرێنێ و زۆربەی وڵاتان بە چاوی گومانەوە دەیانڕوانییە ڕێژیمی تازەی ئێران.

بەڵام عێراق لەبارەی هێزی ئێرانەوە بە هەڵەدا چووبوو. ئێران بە جۆرێ سوودی لە شەڕەکە وەرگرت کە توانی وڵاتەکە یەکبخات و قایم دەست لە ئۆپۆزیسیۆنیش بوەشێنێ. ئەوەی وا بیری لێ کرابۆوە کە چەند مانگێک بخایەنێ بوو بە شەڕێکی دوور و درێژ.

ئەگەر مرۆڤ چاوێ بە مێژوودا بگێڕێ بۆی دەردەکەوێ کە ئەم دوو وڵاتە و هێزەکانی دیکەش کە ناوچەکەیان بەڕێوە بردووە، هەر لە سەرەتای مێژووەوە بەردەوام شەڕی یەکیان کردووە. سەرەتای پێکدا هەڵپژان لە سەردەمی تازەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم و شەڕەکانی نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و فارسستان*. ئایین هەمیشە بەشێکی پێکهێنەری ناکۆکییەکان بووە، بەڵام نیازی دەست بەسەرداگرتن و پەلهاوێشتن بۆ ناوچەکانی ستراتیژی و گرنگ هۆی هەرە گرنگ بووە و ئێستاش هەروایە .

کورد و وڵاتەکەیان، کوردستان، ئیدی ویستبێتیان یا نەیانویستبێ، هەمیشە ڕاکێشراونەتە ناو کێشەوە و بوونەتە ئامانجی هێرشی یەکێ لە لایەنەکان یا هەردوویان. کوردستان جێگەیەکی ناوەندیی لە ناوچەکەدا هەیە و وڵاتێکی دەوڵەمەندە چ لە بواری کشتوکاڵدا و چ سامانی سرووشتی وەک نەوت و گاز و کانزای جۆربەجۆر. لەبەرئەوە هەموو وڵاتە بەهێزەکانی کە لە ناوچەکەدا هەبوونە هەوڵی ئەوەیان داوە حوکمی کوردستان بکەن. بە زمانلووسی بێ یا بە هەڕەشە و گوڕەشە، بە بەڵێنی درۆینە بێ یا بە چاولێسوورکردنەوە، پاشا و میرەکانی کورد والێکراون بدەنە پاڵ هێزە گەورەکان.

هەموو شەڕێک لەنێوان دەستەڵاتەکانی ناوچەکەدا زیانی سەختی بە کوردەکان گەیاندووە و، هەموو ڕێکەوتنێک لە نێوان ئەو دەوڵەتە شەڕکەرانەدا کە کوردستانیان دابەش کردووە لەسەر حیسابی کوردەکان بووە. داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لەسەرئەوە ڕێک کەوتوون کە بە توندی دەست بنێنە بینی کوردەکان و هەموو هەوڵدانێکیان بۆ سەربەخۆیی وردوخاش بکەن.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئینگلستان و فەرەنسا، بەراوێژکردن لەگەڵ تورکیای تازە دامەزراودا، بڕیاریان دا کوردستان لە نێو چوار وڵاتدا دابەش بکەن: تورکیا، عێراقی لەلایەن ئینگلیزەوە حوکم کراو، سووریای لەلایەن فرانسەوە حوکم کراو و ئێران. سنوورەکان چەپ و ڕاست بەناو کوردستاندا کێشران و گەلی کوردیان بەسەر چوار دەوڵەتی ناوبراودا بەشاندەوە. بەمەش تراژیدیای کورد هێندەی تر قووڵ کرا. هەموو ئەو ڕێژیمانەی لەو چوار وڵاتەدا دەستەڵاتیان گرتۆتە دەست، هەرچییەکیان لە باردا بووبێ کردوویانە بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدەن بۆ لە ڕەگەوەدەرهێنانی ناسنامەی کوردی.

شانبەشانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق ئەو دوو وڵاتە هەریەکەیان شەڕی دڕندانەی خۆیشی دژی کوردەکان کردووە. ئێستا ئەوە شەش مانگ زیاترە لەوساوە کە عێراق بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر شاری هەڵەبجەی کورد، چەند هەزار کەسی سیڤیل بە گازەکە کوژران و لەوەش پتر زۆرخراپ بریندار بوون و وەبەرکەوتن.

ئەوجارەی هەڵەبجە، جیهانی دەرەوە چاوی بە وێنەکانی کوشتارەکە کەوت، کە ئێران بە مەبەستی پڕوپاگەندە بەکاری هێنان، دەنا ئەو چوار وڵاتەی کوردستانیان دابەش کردووە، بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ڕێگەیان لەوە گرتووە دەنگی کوردەکان بگاتە خەڵکانی جیهان. ئەمانە ڕێگەیان نەداوەتە ڕۆژنامەگەر و چاودێرانی دیکە بچنە کوردستان و بیانووشیان ئەوە بووە کە کورد مەسەلەیەکی ناوخۆیە. لەم بوارەدا ئەم وڵاتانە بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر یەکگرتوو بوونە.

هەموومان لەمەڕ ئەو سەدان هەزار کوردەی عێراق کە ئێستا لە تورکیان شتمان دیتووە و خوێندۆتەوە، کەچی ئەوەتا تورکیا ڕێگە بە چاودێرانی نەتەوەیەکگرتووەکان نادات بچنە ئۆردوگاکانی پەنابەران. ئەمە هەڵقەیەکی هەوڵی نەپساوەی تورکیایە بۆ گۆشەگرکردنی کوردەکان و، هەر لەو کاتیشدا، ئەوە لە خەڵکی گێتی بشارێتەوە کە عێراق گازی کیمیایی دژی کوردەکەی خۆی بەکار دەبات.

ئێران ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە پەنابەرانی کوردی عێراق وەربگرێ، تا بتوانێ کوردەکان وەک دەسکەلایەک لە گفتوگۆ لەگەڵ عێراقدا بەکار بهێنێ. تورکیا دەیەوێ بە مەبەستی پڕوپاگەندە پەنابەرانی کورد بەکار ببات بۆ ئەوەی وای پیشان بدات کە دەوڵەتێکی دیمۆکراتە و تەنانەت کوردی ڕاونراوی وڵاتانی دیکەش وەردەگرێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کوردی تورکیا وەک کوردی وڵاتانی تر دەچەوسێنرێنەوە و پەنابەرانی کە لە عێراقەوە هاتوون هیچ پاشەڕۆژ و داهاتوویەکیان لە تورکیا وەگیرناکەوێ.

ئێرانیش بۆ دامرکاندنەوەی کوردەکانی خۆی لە بەکارهێنانی چەک درێغی نەکردووە. بۆ دەرپەڕاندنی کوردەکانی ڕاپەڕیو لە شارەکان، ئێران بۆمبارانێکی خەستی کردن. گەلێ شار چ زۆر و چ کەم، کاول کران و زۆری دیکەش بە دەستی سوپای ئێرانەوە پەرێشان بوون. ئێرانیش، وەک عێراق، ناوچەکانی لای سنووری چۆڵ کردووە. گوندە کوردەکانی لای سنوور لەگەڵ زەویدا تەخت کراون و خەڵکەکانیان بەزۆر گوێزراونەوە بۆ ناوچەکانی باشووری هەردوو وڵات.

ئێستا سنووری نێوان ئێران و عێراق داخراوە و ناوچەی سنوور ناوچەیەکی بێخاوەنە. هەرکێیەک لەم ناوچەی سنوورەدا بەرچاو بکەوێ نێچیرێکی حەڵاڵی سەربازەکانی سنوورپارێزە. وا پێدەچێ لە داهاتوودا هەردوو وڵات هاوکاری بکەن بۆ تێکشکاندنی هەموو هەوڵدانێک بۆ سەربەخۆیی کورد. هەردوو وڵات، ئەگەرچی وەکی دی نێوانیشیان خراپە، بەرژەوەندێکی ناوکۆیان لەوەدایە کە نەهێڵن کوردەکان ببنە فاکتۆرێکی دەسەڵات لە ناوچەکەدا. تورکیا و سووریاش لەو بەرژەوەندەدا هاوپشکن.

گفتوگۆی ئاشتی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، کە سوێدیش ئەندامە تێیدا، بەڕێوە دەبرێ. ئایا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێ کارێکی وا بکات ڕێکەوتنی نێوان ئێران و عێراق نەبێتە هۆی کارەسات بۆ کوردەکان؟ ئایا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیەوێ ئالیکاری بکات بۆ وەدیهێنانی چارەسەرێکی وا کە مافی سەربەخۆیی کوردەکانیشی تێدا لەبەرچاوبگیرێ؟

کێشەی کوردەکان چیدی ناکرێ بگوترێ کاروباری ناوخۆی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریایە. ئاشتییەکی بەردەوام (درێژخایەن) لە نێوان وڵاتانی ئەم ناکۆکییەدا تەنیا بەوە پێکدێ کە کوردەکانیش وەک لایەنێکی مەسەلەکە تەماشا بکرێن. □

DAGENS NYHETER

ژمارەی ڕۆژی شەممە، ١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٨

* نووسەر وشەی Persien (بە ئینگلیزی دەبێتە Persia)ی بەکارهێناوە، کە ناوی جارانی ئێران بووە و بە کوردییەکەی دەکاتە فارسستان یا ڕەنگە عەجەمستان.

---

ئێڤا هێندۆس: ساڵی ١٩٦٣ لە سوێد لەدایک بووە. وێڕای بابەتی دی، زانستی سیاسەتی خوێندووە و ئێستاکە ڕۆژنامەگەرە و لە ڕۆژنامەی UPSALA NYA TIDNING (ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە لە شاری ئوپسالا دەردەچێ) کاردەکات. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی سوێدیی مافی مرۆڤانەی کوردانە. □

# هەڵەبجە

## لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئیتالیادا

ئامادەکردنی:
سەردار عەلی عەزیز

*ڕۆژی ٣/٢١ ڕۆژنامەکانی ئیتالیا هەواڵی بە چەکی کیمیایی بۆردومانکردنی هەڵەبجەیان لە هەوەڵین لاپەڕەکانیاندا بە هەندێ وێنەی قوربانییەکانی ئەم کارەساتەوە ڕاگەیاند. لە پێشدا بەم ناونیشانانە: «قەلاچۆکردنی میللەتێک، جانەوەر و دڕندەکانی جەنگ و ئەمەیە جەنگی کیمیایی»... دوای چەند ڕۆژێک لێدوان و ناڕەزایی دەربڕین دەستی پێکرد و گەورەترین و بەناوبانگترین ڕۆژنامە ئیتالییەکانی وێنەی: کورێیرێ وێللاسیرا، لاستامپا، ستامپاسیرا، لاناتسیونێ، لۆنیتا، ئەڤانتی و گۆڤاری پانۆراما و ئەسپرێسۆ وتاریان لەسەر کارەساتەکەی هەڵەبجە نووسی و دەربارەی دووان.*

ڕۆژی ٣/٢٣ ڕۆژنامەی لاستامپا وتارێکی بە ناونیشانی «گازی عێراقی، قەلاچۆ و کوشتاری بێ دەنگ، خێزانەکان یەکسەر و سەرجەم لەناو چوون، ئاوا مردن دەگاتە هەڵەبجە» بڵاوکردەوە، کە تێیدا دەڵێ، بۆمبا گازەکان لە مەسافەی ٥٠٠ مەتردا، تەنانەت ئەوانەشی کوشتووە کە لە خەنەک و ژێر زەمیندا بوون و زۆربەیان دەستیان لە گەردنی یەکدا بووە، بریندارەکانیش بە ئازاری سەختەوە دەتلێنەوە. نووسەری وتارەکە، هەڵەبجە بە شاری پومپیێ ئیتالی دەچووێنێ، کە پێش زایین، بە گڕکانی ئەتنا هەموو دانیشتووانی لەناوچوون. لە کۆتاییدا دەڵێت، بێگومان ئەمە دوا تۆڵەسەندنەوەی عێراق نابێت.

«لۆنیتا»ی ئۆرگانی پارتی کۆمونیستی ئیتالیا، کە بەم دواییە بایەخێکی زۆر بە مەسەلەی کورد دەدا، دوو لاپەڕەی تەواوی بۆ ئەم باسە تەرخان کردبوو؛ یەکێکیان دەربارەی گەلی کورد بە گشتێ و دووەمیان لە هەڵەبجەوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی زانای بەلچیکی ئۆپین هندرکس بوو، کە تیایدا سەلماندبووی عێراق گازی کیمیایی جۆراوجۆری بەکارهێناوە. دواتریش گفتوگۆیەکی لەگەڵ «کەندالْ نەزان»ی بەڕێوەبەری ئینستیتووتی کوردی لە پاریس، دەربارەی شەڕی لەناوبردنی میللەتی کورد- بڵاوکردەوە. هەروەها ئەم ڕۆژنامەیە، وتارێکی قەشەی مرۆڤدۆست ئەرنستۆ بالدوچی بە ناونیشانی «بلیمەتی لە کوشتن و بریندا» بڵاوکردەوە. قەشەی ناوبراو وتارەکەی بە باسی دیمەنی مەرگ و کارەساتی ترسناکی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجەی وەک سەرەتایەک بۆ چوونە ناو وتارێکی فەلسەفەئامێز دەربارەی جەنگ و جیهانی سێیەم - دەست پێکردبوو. شایانی باسە، قەشەی ناوبراو بە نووسین و چالاکییەکانی لە پێناوی ئاشتی و جیهانی سێیەمدا ناسراو و بەناوبانگە.

گۆڤاری «پانۆراما» ڕۆژی ٤/٢٤/ ڕاپۆرتێکی دەربارەی کوشت و بڕ و قەلاچۆکەی هەڵەبجە بە ناونیشانی «پێنج هەزار کەس لە شارێکدا بێ پاڵپشتی خۆپاراستن بە گازی عێراقی کوژراون»، «چەند گازێکی تێکەڵی ترسناک کە هیچ ماوەی ژیان نادات، پەیامنێرمان سەری لە "ئاوس شڤایتس"ی نوێ داوە و چاوی بە هەندێ لە قوربانییەکانی کەوتووە». نووسەری



ئەم وتارە، شاری هەڵەبجە بە شاری ئاوس شڤایتس دەچووێنێ، کە نازییەکان قەسابخانەی کوشت و بڕیان تێدا دانابوو. هەروەها کۆمەڵێ وێنەی ڕەنگیی قەبارە گەورەی کارەساتەکەی بڵاوکردۆتەوە.

گۆڤاری «سیتێ کورێرێ» وتارێکی شەش لاپەڕەیی بە ناونیشانی قەلاچۆکرانی کیمیایی بڵاوکردەوە و تیایدا دەڵێ: دەبێ ٣/١٦ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە ڕۆژێکی ڕەش دابنرێ، چونکە پێنج فڕۆکەی سۆخۆی شاری هەڵەبجەیان بە بۆمبی کیمیایی بۆردمان کرد، کە ١٢٠ هەزار کوردی تێدا دەژیا. هەڵەبجە یەکەم شاری جیهانە، کە بووە قوربانی بۆمبی کیمیایی.

٤/٦ ڕۆژنامەکانی ئیتالیا هەواڵی کەین و بەینی هەوڵدانێکی پڕ شەرمەزارییان بڵاوکردەوە، کە پۆلیس لە فڕۆکەخانەی ڕۆما دەستی بەسەر ٣٠ تەن پارچە چەکی کیمیاییدا گرتووە، کە بۆ عێراق بەڕێوە بوون. ئەم پارچە و تفاقانە بۆ هێشووە بۆمبا بەکاردێن. ڕۆژنامەکان ڕایان گەیاندووە، کە ئەو کارگانەی ئەم پارچانەیان درووست کردووە، هیچ لایەکیان بە ئەوی تریانی نەزانیوە و لاشیان ڕوون نەبووە بۆچی بەکاردەهێنرێن، چونکە ئەو پارچانە بۆ مەکینەی قاوە و دروومان و بەلووعەش بەکاردێن.

٤/٩ زۆربەی زۆری ڕۆژنامەکانی ئیتالیا هەواڵی خۆپیشاندانی ناڕەزایی و پرۆتێستی لاوانی کوردیان لەبەردەم هێڵی هەوایی عێراقدا لە دژی بۆمبابارانکردنی هەڵەبجە بە گازی کیمیایی بڵاوکردەوە. شایانی باسە تاکە عێراقییەک چییە هاوبەشیی ئەو خۆپیشاندانەی نەکرد! لەگەڵ هەواڵەکەشدا کورتە باسێکیان دەربارەی کورد و کوردستان بڵاوکردەوە. هەروەها لەوە دوابوون، کە کۆمەڵێ سیخوڕی باڵوێزخانەی عێراق ویستبوویان شەڕ بە خۆپیشاندەران بفرۆشن و ئەگەر پۆلیسی ئیتالی فریایان نەکەوتنایە بە دۆزەخیان شاد دەکردن.

٣/٣٠ ڕۆژنامەی «لاناتسیۆنی» هەواڵی بارستایی و قەوارەی چەکی کیمیایی بڵاوکردەوە و ئاماژەی ئەوەشی کردبوو کە تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عێراق ڕازی نەبووە بەوەی کە چاودێریکەری نەتەوەیەکگرتووەکان بچن و لەمەسەلەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کوشتنی دیلەکانی جەنگ بکۆڵنەوە. هەروەها وتارەکە بە درێژی و بە وێنەوە، باسی ئەو بریندارانەی هەڵەبجەی کردبوو، کە گەیشتبوونە ڤییەنا و گفتوگۆیەکی لەگەڵ دکتۆر گیرارد فرایلنگردا دەربارەی تەندروستیی نەخۆشەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان لە نەخۆشخانەکانی نەمسادا بڵاوکردبۆوە.

لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا، محەمەد سەعید سەحافی باڵوێزی عێراق لە ڕۆما، نکۆڵیی لەوە کرد، کە عێراق بە گازی کیمیایی هەڵەبجەی بۆردوومان کردبێ و تاوانەکەی خستە ئەستۆی ئێران. پێشکەشکەری بەرنامەکە، هیچی بۆ نەمایەوە جگەلەوەی زەردەخەنەیەکی بە تەوسی تێبگرێ و داوابکا باسەکە بگۆڕن، هەروەها ڕۆژنامەنووسێکی ئیتالی کە لایەنگری عێراقیشە، کاتێ پرسیاریان دەربارەی هەڵەبجە لێکرد، وتی: (هەرچەندە من لایەنگری عێراقم، بەڵام بەکارهێنانی چەکی کیمیایی شوورەیی‌یە و مۆرێکی تاوانە بە ناوچەوانی عێراقەوە و نابێ چاوی لێ بپۆشرێت). □

## کۆنفرانسی نێونەتەوەیی‌ی «مافی مرۆڤ لە کوردستان»

برێمەن (ئاڵمانیای ڕۆژاوا) ١٤-١٦ی ئاپریلی ١٩٨٩

لە ڕۆژانی ١٤ تا ١٦ی ئاپریلی ١٩٨٩ کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بۆ مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە شاری برێمەن (ئاڵمانیای ڕۆژاوا) ڕێک خرا. کۆنفرانسەکە لە لایەن سەرۆکی پارلەمانی هەرێمی برێمەنەوە، دکتۆر دیتەر کلینک، سەرپەرشتی کرا. لەم کۆنفرانسەدا گەلێ سیاسەتکار، زانا، نووسەر و ڕۆژنامەوان لە ١٦ وڵاتی جیاوازەوە بەشدار بوون. لە ڕۆژانی کۆنفرانسەکەدا بەشداربووان بەسەر چەند بەشی جیاوازدا دابەش بووبوون و لەو بەشانەدا لێکۆڵینەوە لەمەڕ لایەنی جۆربەجۆری مێژوویی، ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلی کورد پێشکێش دەکران.

لە کۆتاییدا ڕاسپێرنامەیەک لە لایەن کۆنفرانسەوە پێشنیاز کرا و بڵاوکرایەوە. لەو ڕاسپێرنامەیەدا باسی گەلی کورد و وڵاتەکەی کراوە و ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئەم گەلە بیست ملیۆنییە چۆن لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دەچەوسێنرێتەوە و مافە سروشتییەکانی، کە کەمترین و سادەترین مافی مرۆڤە، پێشێل دەکرێن. هەروەها داواکراوە کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بازاڕی ناوکۆی ئەورووپا، پارلەمانی ئەورووپا و هەموو ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی مەسەلەی گەلی کورد لە بەرنامەی کاری خۆیاندا دابنێن و گوشار بخەنەسەر دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کە ڕێزی مافە مرۆڤایەتییەکانی کورد بگرن. □

# دڵۆپێ فرمێسک بۆ کورد

کلاید هابەرمانی ڕۆژنامەی The Times لە ئۆردوگایەکی پەنابەرانەوە لە تورکیا ئاوای نووسیبوو:

«ئا لێرەدا دەمێننەوە، (ئەمانەی کە) سەرباسی دوێنێ بوون و نا دڵنیایی (نا دیاریی) سبەینێ». ئەوە بە شێوەیەکی جگەربڕ باری ناهەمواری لە گۆڕان نەهاتووی گەلی لەبیرکراوی کورد پێشان دەدا کە ڕەنگە سەرجەم بیست ملیۆن بن.

کە هاوینی رابوردوو گوندەکانیان لە عێراق گازباران کران، نێزیکەی ٥٠,٠٠٠ (پەنجا هەزار) کوردێک هەڵهاتن بۆ تورکیا، ئەو وڵاتەی کە مافە بنەڕەتییەکانی کوردەکانی خۆی ناناسێ. لەم پەنابەرانە چواردە هەزاریان لە لایەن تورکەکانەوە هان دران کە ڕوو بکەنە ئێران، وڵاتێکی دیکەی کە کوردەکانی خۆی سەردەبڕێ.

هێرشی مرۆڤکوژانەی گازی ژاراویی عێراق بۆ سەر گوندە کوردەکان، ساڵی پار بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی، ئەگەرچی هێندە کاریگەر نەبوو کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان وا لێ بکات دەنگ بۆ ئەوە بدات کە لەمەڕ مافی مرۆڤ لە عێراق بکۆڵرێتەوە. هاوەردیی جیهانی سێیەم لە خوێن خاوتر دەڕوا (دەجمێ/ دەکشێ). تاوانەکانی ئێرانیش دژی کورد، تەنانەت کەمتریش سەرنجی دەرەوەی ڕاکێشا. ڕیزپەڕ ئەو گێڕانەوە نایابەیە کە هەژێری تەیموریان-ی (The Times)ی لەندەنی لە گۆڤاری New Statesman& Society ی ئینگلستاندا بلاوی کردۆتەوە، وێڕای کۆمەڵێ وێنەی تۆقێنە) کە کوشتنی بێبەزەیی‌یانەی کوردی ئێران پێشان دەدەن.

پێش ساڵی ١٩٧٩ شای ئێران پەسنی کوردەکانی دەدا و دەیگوت: «خاوێنترین ڕەگەزی ناو ئارییەکانن»، بەلام هەموو بلاوکراوەیەکی بە زمانی وان قەدەخە کردبوو. پاشان ئایەتوڵلاکان ١٥,٠٠٠ کوردیان کوشت و ٢٠٠,٠٠٠ چەکداریان نارد بۆ داگیرکردنی هەرێمی کوردستان. هەڕەشەکانی ئایەتوڵلا خومەینی دژی سەلمان ڕوشدی بە چاکی بوو بە هۆی پرۆتێستی جیهانی. شەڕی نەبینراوی مەلاکان دژی ئەم خەڵکە بێدەوڵەتەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست ترسێکی هەر بەو ئەندازەیە پاساو دەدات.

دوای شەڕی یەکەمی جیهان، سوێندخۆران پەیمانی خۆیانیان لەمەڕ بەدەوڵەتکردنی کوردان شکاند و لەجێی ئەوە پێنج ملیۆن کوردی ئەو سەردەمەیان لە نێوان ئێران، عێراق و تورکیادا دابەش کرد. نەتەوەپەرستانی کوردی دەرەوە ئەوە فێربوونە کە ناسنامەی خۆیان بشارنەوە بۆ ئەوەی کەسوکارەکەیان لە وڵات تووشی ڕاونان نەبن. ئەوان دیاسپۆڕایەکی* نەبینراون و مەعنای ئەو پەندە کوردییە دەزانن کە دەڵێ: «ئێمە هیچ دۆستمان نییە». جیهانێکی نادەربەست، هەرنەبێ، دلۆپێ فرمێسکی هەیە بۆیانی هەڵوەرێنێ.

A Tear for the kurds
The New York Times,
Monday, April 10, 1989

١٩٨٩/٤/١٠

دیاسپۆرا: Diaspora گەلێک یا نەتەوەیێک کە بە وڵاتی جۆربەجۆردا پەرش و بلاوبووبێتەوە.



# سەردانی خانمی میتران لە کوردستان

بۆ بەدەنگەوەچوونی داخوازیی پەنابەرانی کوردی عێراق، خاتوو دانییێل میتران لە ٣٠ی مانگی نیسانەوە تا ٢ی مانگی مایسی ١٩٨٩ سەری کوردستانی تورکیای دا.

لە ماوەی ئەم سەردانە کورتەدا خانمی میتران سەری لە سێ کامپ/ئۆردوگا دا (دیاربەکر، مووش و ماردین) کە ٣٨,٠٠٠ (سی و هەشت هەزار) کوردی عێراقی لێ دەژین. ئەمانە لەو هێرشی چەکی کیمیایی‌یە ڕایانکردووە کە ڕژێمی بەغدا لە مانگی ئاگوست و سێپتەمبەری ١٩٨٨دا دەستی پێ کرد.

بۆ چاکتر تێگەیشتن لە هەلومەرجی ئەم «پەنابەرانە» و گوێگرتن لە خەم و پەژارەیان، بە یارمەتیی تەرجومانێک کە یەکسەر لە پاریسەوە بە تایبەتی چووبوو، خانمی میتران ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆریاندا قسەی کرد. وەک هەموو سەردانەکانی دیکەی بۆ دەرەوە، لەوێش چاوی بە پارێزەرانی مافی مرۆڤ کەوت و لەگەڵ کەسانێ کە بەهۆی بیروباوەڕیانەوە ڕاوەدەنرێن، قسەی کرد. ئەوەبوو لە لادانە کورتەکەی ئەنکەرەدا چاوی بە پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی ئیسماعیل بەشیکچی کەوت کە تازە لە زیندانیبوونێکی دوانزدە ساڵەی زیندانی تورک دەرچووە، بە هۆی ئەوەوە کە لە کارەکانی زانستگەیدا لەمەڕ کوردی نووسیوە، هەروەها چاوی بە شەرەفەددین ئەلچی کەوت کە وەزیری کابینەی سۆسیالدیموکرات لە کاتی ئەجەڤیتدا بوو، و سێ ساڵ لە زینداندا بوو، هەر لەبەرئەوەی بە ئاشکرا ڕایگەیاندبوو کە کوردە.

لە دیاربەکر، بێجگە لە سەرۆکی کۆمەڵەی پارێزەران و سەرۆکەکانی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ، لەگەڵ مووسا عەنتەر، نووسەر و شانۆنووسدا کۆبووەوە کە تەمەنی ٧٥ ساڵە و گەلێ جار بەند کراوە لەبەرئەوەی بە کوردی نووسیویەتی، هەروەها چاوی بە دایکی زیندانییەکی کورد کەوت کە ماوەیەک لەمەوبەر هەوڵی خۆکوشتنی دابوو (کوڕە زیندانییەکە) بۆ پرۆتێست دژی ئەشکەنجەی دڕندانەی زیندانیانی کورد.

خاتو میتران بە شێوەیەکی شکۆدار و وەک هەڵوێستێکی سیمبۆلی خاتوو لەیلا زانای بۆ شیوخواردن بانگهێشتن کرد. لەیلا ژنی مەهدی زانا، سەرۆکی جارانی شارەوانیی دیاربەکرە، کە تێکڕا بە ٤٠ ساڵ بەندکردن حوکم دراوە، چونکە ئەو دەمەی سەرۆکی شارەوانی بووە، لە کاتی کارکردندا بە کوردی قسەی کردووە و دیسانیش لەبەردەم دادگەی تاوانی دیاربەکردا ویستوویەتی بە کوردی بەرگری لەخۆی بکا. بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا بلاوکراونەوە، خاتوو میتران ئەو ڕاستییەی لەو تورک و کوردانەی کە دیونی نەشاردۆتەوە کە دەیەوێ شایەتی و زانیاریی ورد کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بیرێکی لا دروست ببێ لەمەڕ هەلومەرجی ئاوارەکانی کوردی عێراق و دانیشتووانی کوردی تورکیا. تەنانەت پێش سەفەرەکەشی، لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی پێنجەمی تەلەڤزیۆندا، ئەوەی جەخت کردبوو کە چەند ساڵێکە پشتگیریی خەباتی کوردان دەکات بۆ پاراستنی ناسنامەی فەرهەنگیی خۆیان.

سەردانەکەی خاتوو میتران ڕووداوێکی مێژوویی گەورە و بێ پێشینەیە لای گەلی کورد. ڕاستییەکەی ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی ئەم گەلەدا لە سەدەی بیستەمدا کە کەسایەتییەکی بێگانەی بەناوبانگ پێ دەنێتە سەر خاکی کوردان.* کورد، کە خۆیان بە دوا بێکەسانی سەرزەوی دادەنێن، بە میرەوانیی یەکەمین خانمی فرانسە یەکجار سپاسبژێر (شوکرانەبێژ) بوون.

نوێنەرانی هەرێمە کوردییەکان، کە سەر بە تاقمی سیاسیی هەمووجۆرە بوون، بێ گوێدانە کۆمەڵێ تابوو و قەدەخەکردن کە ڕێژیمی تورکی سەپاندوونی، بۆ بەخێرهێنانی خاتوو میتران چوونە فڕۆکەخانەی ئانکەرە و بە زمانی کوردی بەخێرهاتنیان پێ گوت. ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژووی کۆماری تورکیادا زمانی کوردی، کە بە ڕەسمی قەدەخە کراوە، لە فڕۆکەخانەیەکدا بە ئاشکرا بۆ بەخێرهاتنی کەسایەتییەکی بێگانە بەکارببرێ. هەر ئەو نوێنەرانە، کە بەم سەردانە زۆر دڵخۆش و سەربەرز بوون، بە پارێزگاریی ئەوەی کە ئەندامی پارلەمانن، لەتەک خاتوو میتراندا بوون بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە کوردستاندا بوو.

لەگەڵ هەموو هەڕەشە و تۆقاندن و چاوسوورکردنەوەی دەستەڵاتەکانی قانوونی عورفیی تورکیدا (ناوچەی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٨ەوە لە بن قانوونی عورفیدایە. لە ساڵی ١٩٢٣وە کە کۆماری تورکیا دامەزرا، کوردستان ماوەی ٤٧ ساڵان لە ژێر دەستەڵاتی ڕێژیمی تایبەتی و قانوونی عورفیدا بووە)، خەڵکی ناوچەکە بەخێرهاتنێکی گەرم و کاریگەرانەی یەکەمین خانمی فرانسەیان کرد. هەر لە فڕۆکەخانەی دیاربەکرەوە خاتوو میتران لەلایەن ئاپۆڕەی خەڵکەوە، کە زۆربەیان ژن بوون، بە گوڵباران خێراتن کرا و لە ماوەی هەموو سەفەرەکەیدا خۆشەویستی و دۆستایەتیی پێشان درا.

هەڵوێستی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تورکیا لەمەڕ ئەم سەفەرە یەکجار پڕ مانایە و، ئەوە ئاشکرا دەکا کە ڕای گشتی بە چ شێوەیەک لەم وڵاتەدا دروست دەکرێ. لەم وڵاتەدا کە ئازادیی دەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەگەری یەکجار گوشێردراوە، لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە ٢٧٩٢ سەرنووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەوان و پەخشکار دراون بە سەرجەم ١٨٨١ دادگە و تێکڕا . . . ٢٠٠ (دوو هەزار!!) ساڵ زیندانیان بۆ بڕاوەتەوە. □

لە بۆلیتنی ڕاگەیاندنی سەر بە ئەنستیتوتی کورد لە پاریس؛ چاپی ئینگلیزییەوە وەرگێراوە.

* ئێمە پێمان وایە ئەمە وانییە، چونکە گەلێ کەسایەتیی ناوداری جیهان سەریان لە کوردستان داوە و چوونەتە لای سەرۆک بارزانی. مامۆستای کورد.

... ئەگەر شاعیر و هونەرمەندێک بەهۆی خۆ دانە پاڵ دەسەڵاتدارەوە توانیشیان دوکان بکەنەوە و بەرهەمی بێژوو باوێنە کۆشی میللەتەوە، هەزاران شاعیر و هونەرمەندی تر کە توانای خۆ لە قاڵب دانیان نییە دەبنە هەریسەی قوڵپ و جۆشی مەنجەڵی «یاساغکردن و تەنگ پێ هەڵچنین».

لەم ڕێگەدانە بە سەرپاکی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندان بۆ ئازادیی بیروباوەڕ و کردەوە، تاکە یەک مەترسی لەوەدا دەکرێ کەوا ئەو کەسەی بەتەمایە خەڵق دەمکوت کا و ڕێگەی ئازادیی تەعبیریان لێ ببەستێ ئەویش وەک ئازادیخوازەکان سوود وەردەگرێ لەم ڕێگە بەرەڵڵاکردنەدا، سوودەکەش هەر بە نیازی گەیشتنە دەسەڵات و خەڵق تۆقاندن لە کار دێنێ، واتە بە نسبەت هەندێ دڵکرمێ و ناحەزی ئازادییەوە، ڕێگەدان و ئازادیی تەعبیر هەر ئەوەندە چاکەی تێدایە کە مەودای پێ دەدا بۆ ئەوە ڕۆژەک لە ڕۆژان هەموو ڕێگایان ببەستێ و هەموو دەرگایان داخا... قەفەس دروست کا بە دەوری غەیری خۆیەوە. لەگەڵ ئەم مەترسیەش دیسانەوە ڕێگەدان و دەرگە کردنەوە تاکە ڕەفتارێکە لە ئازادیخواز بوەشێتەوە، یاخود با بڵێم سروشتی ئازادی ئەمەی بە بەرەوەیە و خۆ لێ قوتارکردنی ئاسان نییە. ئەوەندە هەیە دەتوانم بڵێم تێکڕای میللەت و نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و ئازادیخوازان کە نەیانتوانی کەمایەتیی ئەوان دڵکرمێیانە پەک بخەن و بەوەدا ئازادیی خۆیان دۆڕاند و ئەوانی لێ بوونە جەللاد، چ لزوم نامێنێ بۆیان بگریەین و خەفەتیان بۆ بخۆین، دیارە بەلایانەوە ئازادی ئەوە ناهێنێ بپارێزرێت. خۆ پێی ناوێ من بڵێم، کە حاڵی ئازادیخوازەکان ئەوەبێ ئەوسا لە هەموو حاڵاندا ناتوانن ئازادییان بپارێزن. □

مەسعوود محەمەد

چەپکێک لە گوڵزاری نالی، ل١٧-١٨

بەغدا ١٩٧٦



# ملوانکەی گەوهەر

*بە یادی «ڕشتەی مرواری»ی مامۆستا سەجادی*

ناسری ڕەزازی

کاک ب. ش. بۆی گێڕامەوە گوتی:

لە زیندانی ورمێ بووم، شوانێکیان بە ناوی پیرۆت لەبەر ئەوەی کە یارمەتی پێشمەرگەی دابوو، دەسگیر کردبوو و زیندانی ئەبەدییان پێ دابوو. پاش ماوەیەک هێنایانە بەندەکەی ئێمە و لەو ژوورەی کە منی تێدابووم دەژیا. پێم وابێ تا ئەو کاتە شاری بەچاو نەدیتبوو، زۆر بێدەنگ بوو، ئاگای لە دنیا نەبوو و تەکەی سەری دەهات. ئەو دەمی لە زیندان، لە کاتی چاوپێکەوتندا کەس بۆی نەبوو بە کوردی باخێوێ. چونکە بە کوردی زۆر شت دەگوترا بۆ زیندانەوانەکان، قسەکان کۆنترۆڵ نەدەکرا بۆیە ئاخاوتن بە کوردی قەدەغە بوو.

ڕۆژێکیان دایکی هاتبوو چاوی پێ بکەوێ، پیرۆتیان بانگ کرد قسەی لەگەڵ بکا. ئێمەش بە تەمای کەس و کارمان بووین و چاویشمان لە پیرۆت و دایکی دەکرد.

دایکی پیرۆت بێن پڕ لە گریان، هەرکە پیرۆتی دیت هەڵی دایە قسەی لەگەڵ بکا. ئەو پاسدارەی کە چاوەدێری جم و جووڵی کەس و کاری گیراوەکانە، گەیشتە سەر دایکی پیرۆت و گوتی: «مادر اجازه نداری کردی صحبت بکنی» واتە: دایە بۆت نییە بە کوردی باخێوی. دایکی پیرۆتیش جگە لە زمانی کوردی هیچ زمانێکی دیکەی نەدەزانی و هەر دەیگوت وەڵڵاهی ئەمن ئەو زمانەی نازانم. پاسدارەکەش گوتی: نابێ بە زمانی بێگانە بدوێی، دەبێ بە فارسی قسان بکەی. ئەو ژنە هەژارەش دامابوو، نەیدەزانی چ بڵێ، ئاخرەکەی هەڵی دایە و گوتی: ڕۆڵە لەسەر سەرت گەڕێم بە فارسی، ئەو ئیسلامەشمان لەگەڵ دوژمنە بە فارسی، حەم مەخۆ کوڕم چوومەتە کن عاکم شەرحێ بە فارسی، قەرارە دە عەفووت باوێ بە فارسی، خۆ ئەو سەگبابانەی ناهێڵن قسەت لەگەڵ بکەم بە کوردی، وەی لە زاری بابیان ڕیم بە فارسی.

جا ئەوە پیرۆت لێ ببووەوە و هاتەوە نێو بەند، دیتمان پەکەرە، لێمان پرسی ئەوە چیبە پیرۆت بۆ پەکەری؟ گوتی: ئەو کافر بابانە نەیانهێشت دایکم بە کوردی قسان بکا، وەڵڵاهی چی لێ عالی نەبووم. □

ڕۆژێکیان لەسەر بانگهێشتنی سەندیکا، تەواوی خەیاتەکان بانگ دەکرێن بۆ کۆبوونەوە تا لەسەر گیروگرفت و کار و باریان قسەبکەن. بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە هەڵدەسێ قسەبکا، کەچی دەبینێ مقۆمقۆ کەوتۆتە نێو خەڵکەکە و هەرکەس بە گوێی ئەوی تردا دەچرپێنێ و ڕوون نییە چی قەوماوە. بڕێک ڕادەوەستێ و ئاخرەکەی ڕوو لە دانیشتووان دەکا و دەڵێ: کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکەین، پاش قسەوباس لەسەر گیروگرفتەکان، هەرکەس دیمانە، پێشنیار، یا ڕەخنەیەکی هەیە، دوای کۆبوونەوەکە دەتوانێ باسی بکا.

دێ قسەکانی درێژە پێ بدا، لەپڕ یەکێ لە خەیاتەکان ڕادەبێ و دەڵێ:

من قسەم قەیە قوربان!

بەڕێوەبەر: فەرموو بڵێ!

خەیات: بێگانەمان تێدایە قوربان!

بەڕێوەبەر: بێگانەی چی؟!

خەیات: ئەو چەند کەسەی کە لەلای خوارەوە دانیشتوون، خەیات نین.

بەڕێوەبەر: ئەی چین؟

خەیات: کورتاندروون!

بەڕێوەبەر، بڕێک ڕادەمێنێ و دەچێتە نێو بیر و خەیاڵ کە چارەیەک ببینێتەوە، لەپڕ یەکێ لە کورتاندرووەکان هەڵدەسێ و بەو کابرایەی کە ئیعتیراز دەکا، دەڵێ:

قوربان پێم وایە جەنابتان ئێمە بە خەیات نازانن!!

بەڕێوەبەر خۆی دەکوتێتە نێو قسەکانیان و ڕوو لە کورتاندرووەکە دەکا و دەڵێ:

نەخێر قوربان تکایە وا بیر مەکەوە، بەلام...

کورتاندروو: بەلامی چی بێ قەزابێ، ئێمەش هەر خەیاتین، جا ئەوەیە تەقەڵی جەنابتان وردە و هی ئێمە قەڵەوە. □

# من و تۆ و دەریا

حەمە

هاوینی ١٩٨٨ - یۆتەبۆری

ئەو ساتەی کە خاتوو سۆزانم ناسی، دەمەوئێوارەیەکی پاش وەخت بوو، سروشتی شار بە شێوەیەک خەملأبوو، هەر لە کیژۆڵەیەکی تازە عاشق دەچوو، گەڵای سەوزی قەرسیلی تەڕبووی درەختەکانی رۆخی شەقامەکان، بەدەم شەماڵێکی نەرمەوە دەلەرزین... تیشکی خۆری گەرم لەسەر رووی ئاوی قەتیسماوی چاڵەکان بەشێوەیەک دەبریقانەوە، ئاوی چاویان دەبرد.

ئەو ئێوارەیە لەسەرخۆم نەبووم، ماندوو، بنێس، تووڕە، تەنانەت بەگژ سێبەرەکەی خۆشمدا دەچووم... ناهەقیشم نەبوو، بە درێژایی رۆژ کارکردن، برسێتیش بەرۆکی گرتبووم... سەر ئەژنۆکانم دەلەرزین، دەڵێن برسێتی رەگی هاریی بە دەمەوەیە... باوکم بەخوا وایە بەڵام کێ نالێ نەخۆشی نییە... خۆ لەوانەشە بۆماوە بێت... بۆنا... بەهەشتی باوکم هەمان دەردی هەبوو... هەر کە برسیی بوایە دەوروپشتیی بەر شەق دەدا، نەڕە و جوێندانی، دراوسێکانی بە ئاگا دەهێنا، کە زۆریشی بۆ دەهات یەکێکمانی دادەپلۆسی... سەیر لەوەدا بوو پاش ئەوەی تێری دەخوارد، قاچە شەکەت و ماندووەکانی لێ رادەکێشا و دەکەوتە گاڵتە و گەپ، دەتگوت هەر ئەویش نەبوو کە ماوەیەک پێش ئەوە کردبووی بەو رۆژەی قەرەوەیسی تیا کوژرا... ئەوەی هەروا بۆ نەچووە سەر، لە بارەکەیان زانی، پێش ئەوەی لە دەرگای حەوشەوە دەربکەوێت، خواردنەکەمان بۆ ئامادە دەکرد... ئەویش کۆمەڵێک خۆی دەخواردەوە و بێ سێ و دوو ملی بۆ شۆڕ دەکرد...

لەبەردەم وێستگەی ئەو پاسەدا وەستابووم کە هەمیشە دەیگەیاندمەماڵەوە. زۆر بە بێ ئارامییەوە چاوەڕوان بووم. بەڵام رێکەوت وابوو پاسەکە دواکەوت. منیش ئەوەندەی تر شێتگیر بووم... زۆرجار رێکەوت بە پێچەوانەی خواستی منەوەیە بەڵام بۆ لەم ساتەدا... ئەو کەسانەی کە وەک من لە چاوەڕوانیدا بوون، کەسیان وا بێ ئۆقرە نەبوون. ماوەیەک خۆم خواردەوە... لەناکاو پاسێک بەگوڕ هات و لەبەردەم وێستگەکەدا چۆکی دا... چەند کەسێک لەوانەی تەنیشتم سوار بوون... هەرچی لەناو ئەوانەی کە دابەزین، کیژێکی قژ زەردی چاوشین... کورتەباڵا، کە کۆڵێکی قەبەی بە کۆڵەوە بوو، سەرنجی راکێشام... هەر لە یەکەم نیگامدا راست بۆ ئەوە چووم، شۆخێکی یەکێکە لە وڵاتە دراوسێکان... چونکە من هەموو قژزەرد و چاوشینێک بە شۆخە ناسک و نازدارەکانی وڵاتی سکەندەناڤی دەزانم... بەڵام ئەوەی زیاتر بۆچوونەکەمی چەسپاند ئەوەبوو، تۆزێ چەند سەرنجێکی تیژی تێسرەواندم... منیش زۆر بێبایەخانە تێمڕوانی... برسێتییەکە زیاتر ئارامی لێ هەڵگرتم... ناچار چەند شەقاوێک جووڵام... ئەمجا سەرنجێکی ئاسمانی هەوراویم دا و لە ناخەوە وتم: «چی دەبێت راست ملی رێگای ماڵەوە بگرم، خۆ پێچی مێزەرێکە... بەڵام کێ نالێ نایکاتە شەستە بارانێکی ئەوتۆ تا دەگەمەوە ماڵەوە نامکاتە چۆلەکەی ئاوەڕووتە... کێ باوەڕ بە ئاووهەوای ئەم وڵاتە دەکات... ناوەندی هاوین... هەتاوێکی گەرم و ئاسمان بێگەرد... لە ناکاو هەور و باران و چەخماخە. هەر دەڵێی چلەی زستانە... پاشان دەبێتەوە بە هەتاو... باشە ئەمە شێتی نییە چییە؟» لەم بیرکردنەوانەدا بووم دەنگێک بە ئاگای هێنامەوە...

- «دەزانی ئەم شەقامە دەکەوێتە کوێوە...؟!».

ئەو شۆخەی کە کۆڵەکەی بە کۆڵەوە بوو، بە زمانێکی ئینگلیزی رەوان ئەمەی وت و پارچەیەک کاغەزی نووسراوی پێشان دام... لەبەرئەوەی خۆم بۆ پرسیارێکی ئاوا کتوپڕ ئامادە نەکردبوو... بە زمانێکی شکاو و شڵەژاوییەوە ووتم:

- «بەڵێ... منیش هەر بۆ ئەوێ دەچم...!!»



ئەویش رووی گەشایەوە و گوتی:

-« زۆر سوپاس...»

هەر زوو شێوەی قسەکردنەکەی ئەوەی لام ئاشکرا کرد کە شۆخێکی وڵاتی ئینگلستانە... ئیتر من هیچی ترم نەوت و ئەویش هەنگاوێک دوور لە منەوە وەستا... پاسەکە زۆر بە تیژی رووەو وێستگەکە هات و سەرسمێکی دا... بۆ یارمەتی سوچێکی کۆڵەکەم لەگەڵدا هەڵگرت و بۆ ناو پاسەکەمان سەرخست. ئەوەی زیاتر سەرنجی راکێشام ئەوەبوو، کاتێک لەسەر کورسیەکەی دواوە دانیشتم، ئەویش هات و لە تەنیشتمەوە دانیشت و بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەم وتی:

- «ئای چەند ماندووم ئەو کۆڵە دوابڕاوەش ئەوەندەی تر ماندووی کردووم...»

ئەم وتەیە هەر زوو ئەوەی لا درکاندم کە شۆخێکی قسەخۆش و بە ئارەزووە... بۆیە منیش سەرباسی گفتوگۆم لەگەڵ دامەزراند...

-«بێگومان لە ئینگلستانەوە هاتوون ... وانییە...؟»

ئەم پرسیارەم بۆ زیاتر دڵنیابوون تێسرەواند. ئەو هیچی نەوت تەنها سەرێکی لەقاند... منیش ماوەیەک رامام ئەوجا رووی پرسیارێکی ترم لێکرد:

- «سەیرە... تەنیایت؟»

هەر زوو وەڵامی پرسیارەکەی تێکەڵ بە لێشاوێک خەندەی تەڕ کرد و وتی:

- «ئا... بۆ گەشتێکی درێژخایەن هاتووم... نیازم وایە وڵاتانی سکەندناڤی بگەڕێم... ئەوەی راست بێت بڕیارم داوە تەنها چەند رۆژێک لە یۆتەبۆری بمێنمەوە...»

پاشان گوتم:

- «ناوتان چیە خانم...؟؟»

- «سۆزان» ئەمەی لەگەڵ گەشکەیەکدا وت.

پاسەکە وڕەی دەهات و بە راست و چەپدا بە کۆڵانە پێچاوپێچەکاندا وەردەچەرخا... ئێمەش گفتوگۆمان گەرم کردبوو... چەندم توانی پرسیارم لێکرد. ئەویش کۆمەڵێک زانستی دەربارەم قۆستەوە... پاسەکە لە ماڵەوە نزیک بۆوە، منیش ئەوەم لەبیر چۆوە کە ماوەیەک لەمەوبەر برسێتی هەراسانی کردبووم... بەڵکو هەرگیز حەزم نەدەکرد ئەو رێگایە وا زوو کۆتایی بێت. ئاواتم دەخواست ببێتە رێگای هات و نەهات، ئای چەند شاگەشکە دەبووم کە چاوە شینەکانی تێدەبڕیم و لەگەڵیا دانە سپییە بەفرینەکانی لەژێر دوو لێوی ئاڵی تەنکدا دەردەکەوتن... لە پاسەکە دابەزین... دەبوایە ماوەیەک بڕۆیشتینایە... چەند شەقاوێک جووڵاین... هەر زوو پرسیارێک لە بیرمدا چەکەرەی کرد و منیش کتوپڕ وتم:

- «خاتوو سۆزان ئەڵێی چی تاوێک لابدەیتە لای من و قاوەیەکی گەرم بخۆینەوە...». ماوەیەک لە ئاستی ئەم پرسیارە چاوەڕوان نەکراوەدا راما... چەند جارێک سەرنجی تیژی لێدام و منیش کپ و خامۆش، چاوەڕوانی وەڵامێک بووم، بەڵام زیاتر بیرم بۆ «نا» چوو، کەچی ئەو خەندەیەکی هاتێ و وتی:

- «بۆ... نا...»

هەر زوو سەر و رووم لەگەڵ خاتوو سۆزاندا بە شێوەیەک کرایەوە قورئانت دەخوارد کە زۆر لە مێژە یەکتر دەناسین... تەنانەت زۆرجار گاڵتەوگەپمان دەکرد و ئەویش بەسەرهاتی سەیری دەگێڕایەوە و پڕ بە خۆی دەتریقایەوە...

ئەگەر زۆر جاریش لە مەبەستی حاڵی نەبوومایە، ئەوا دوبارە و سێ بارەی دەکردەوە. عەسرێکی درەنگ بوو، ئاسمان کەمێک هەوراوی بوو، بەڵام ترسی ئەوەی نەبوو بیکاتە باران. تاڵەتیشکی خۆرە زێڕینەکە بەلاری لە رووی هێمنی دەریاکەی دەدا و وەک ئاوێنە شەوقی دەدایەوە... بایەکی سارد لە رووی دەریاوە هەڵیکردبوو، ناوبەناو مووچڕکی ساردی بە ناخمدا دەهێنا...

«پیاسەی رۆخی دەریا لە رۆژێکی ئاوادا خۆشترین ساتەکانی ژیانمە...»

ئەمەم لەگەڵ هەنگاوە وردەکانمدا لەبەرخۆمەوە وت.

خاتوو سۆزان کە تەواو شان بەشانم دەڕۆی، سەرنجێکی دووری لە پانتایی دەریاکە دا و بە هێمنییەوە وتی:

- «سروشتێکی دڵگیرە... ناهەقت نییە...»

ئەوجا وتم:

- «خۆشترین شوێنی یۆتەبۆری ئێرەیە...»

- «م... م... م...».

خامۆشییەکی خەست لە ئامێزی گرتین... ژن و پیاوێک کە لە دووری سەد مەترێک لە ئێمەوە وەستابوون... سەریان بە یەکەوە نابوو... بۆ یەک دەدوان... دیار بوو سەرقاڵی باسێکی گرنگ بوون بۆیە بێئاگابوون لەو دوو زارۆڵەیەی کە وەک ئاسکی سرک بە دەوریاندا دەخولانەوە و دەیانقیژاند...

خاتوو سۆزان کە سەری بۆ بەردەمی شۆڕکردەوە، زۆر ئاسایی وتی:

- «چەند ساڵە گۆشەگیری...!! چۆن دەتوانیت بەرگە بگریت...؟»

ئەم پرسیارە بۆ سوژنێکی تیژ نەبوو، کردی بە بەنگی جگەرمدا. تەواو شێوام، لە جێگای خۆم بە شێوەیەک وشک بووم، هەر لە پەیکەرێکی لە ئاسن داڕێژراو دەچووم... چونکە هەرگیز حەزم بەوە نەدەکرد کە کەسێک لە ساتێکی ئاوا ناوەختدا شەکرێک بشکێنێت... ماوەیەک بوو ئەو برینەم قەتماخەی کردبوو، بەڵام نازانم چۆن وەک شملی شەڕ هێنایەوە سوێ، منیش بێ ئەوەی سەیری بکەم وتم:

- «ئێوە خۆش بن، کێ نالێ هەموو ژیانم گۆشەگیر نابم... چۆن سەرەڕۆ و دەربەدەری وڵاتان نابم»

ناخم زیاتر هەڵچوو، بە شێوەیەک وەک هیستیریا گرتبوومی، زیاتر دەنگم لێ هەڵبڕی...

«دوژمنە دڕندەکانمان، بە کوشندەترین چەک رادەهێنن، بۆ ئەوەی گوندەکانمان کاول کەن، تەڕ و وشک پێکەوە

بسووتێنن... نەخشەی کاولکردن و راگوێزانیان بۆ دەکێشن لە کاتێکدا ئەو مێشک پووتانە بە هەزار سالی تر بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو، چی ناکەن، ولأتەکەمتان کرد بە چوار کەرتەوە و تەنانەت بە دوو- یش رازی نەبوون...

ئەوەتا هێرۆشیمایەکی تر لە هەڵەبجە و قەلأدزێدا دروستکرا... ئەوەش بە چەکی ژەهراویی ئێوە...»

خاتوو سۆزان... بە شێوەیەک لە دیمەنی من تۆقا... تەواو رەنگی گۆڕا. چەند هەنگاوێک چووە دواوە، منیش بە هەمان کەفوکوڵی پێشوو وتم:

- «ئەگەر ولأتەکەمتان لە سەر نەخشە نەسڕابایەوە، ئاوا گۆشەگیر نەدەبووم... ئەگەر سەربەگۆیەندیی ئێوە نەبێت، ئاوا ئاشنای تەنیایی نەدەبووم...» ویستم زیاتر دەلاقە بخەمە سەر ئازارەکانی ناخم، بەڵأم گریان بەرۆکی گرتم و چاوەکانم بوون بە دوو گۆم، بە شێوەیەک گریام بڕوا ناکەم ئەو ساتەی باوکم مرد ئەوەندە گریابم».

خاتوو سۆزان ویستی لە ئامێزم بگرێت و بە تەماسی لەشی خڕین و ناسکی سەبووری بە ناخی هەڵچووم بدات... من مۆڵەتم نەدا و پشتم تێکرد. بەڵأم ئەو هەر شالأوی خۆی هێنا و لە دواوە لە باوەشی نام...

زارۆڵەکانی کە لەگەڵ وردە شەپۆلەکاندا وازییان دەکرد و دەتریقانەوە، کتوپڕ دایکیان کە ئافرەتێکی قژکالی بالأبەرز بوو، زۆر بە تووڕەیی‌یەوە دەستی گرتن و بەدوای خۆیدا بەکێشی کردن... ئاواتم بۆ ئەو هێزە ئەفسووناوییە دەخواست کە بەهۆیەوە بتوانم دەست لە بینی خاتوو سۆزان گیر بکەم و چاوە شینەکانی زەرد بکەم... بیتاسێنم... هەناسەی لەبەر ببڕم... ئینجا تووڕی دەمە ناو گەرووی برسیی ئەو دەریا شێتەوە... ببێتە خۆراکی چەندەها قرش و ماسیی دڕ... پاشان لە ناخەوە خۆم دووان...

«خاتوو سۆزان... خۆزگە دەتزانی چ گەردەلوولێکی ترسناک لە ناخمدا هەڵیکردووە و خەریکە هەرەس بە پردی مرۆڤایەتیم دێنێت... بەڵأم ئاخ بۆ ئەو هێزە ئەفسووناوییە...»

لەو ساتەدا کە من تیژ لە قووڵأیی چاوەکانیم دەڕوانی و خەیاڵ زۆر ئەمسەر و ئەوسەری پێ دەکردم، ئەو زۆر هێمنانە دەست و پەنجە ناسکەکانی لەناو قژی ژاکاومدا نوقم کرد و وتی:

- «ئەگەر بە خواست و ویستی من بێت هەرگیز حەز بەوە ناکەم، بەڵأم من چیم لەدەست دێت؟!»

ماوەیەک تاس بردمیەوە... هەناسەیەکی زۆر قووڵم هەڵکێشا و رۆیشتم، ویستم جێی بهێڵم... کەچی گوێم لە دەنگی پێی بوو کە بە دوامدا هەنگاوی هەڵدەگرت...

* * *

شەمەندەفەری درێژ و پان، وەکو مارێکی سڕ بوو بەسەر هێڵەکاندا ئارامی گرتبوو... خەڵکەکە بە کۆڵ و باری قورس و سووکەوە خۆیان دەترنجانە ناو فارغۆنەکانەوە... خاتوو سۆزان کۆڵەکەی لە بەردەم دانابوو... منیش پشتم بە کۆڵەکەیەکی ئەستووری ناو هۆڵی چاوەڕوانکردن نووساندبوو... سەرنجەکانم ئاڵوودەی ئەو کەسانە بوو، کە لە ترسی بەجێمان بە پرتاو بەناو حەشاماتەکەدا رایان دەکرد...

خاتوو سۆزان وتی:

- «چەند رۆژێکی خۆشمان بەسەربرد... خۆزگە دەکرا چەند رۆژێکی تری لەگەڵدا بوایە... بەڵأم ئەفسووس... بڕیاری گەشتەکەم لە سەرەتادا وابوو، ناکرێ، هەڵوەشێتەوە... چونکە رۆژی دوای گەڕانەوەم دەچمەوە سەرکاری خۆم...»

ئەم وتانە نەیانتوانی ئاراستەی تیژی چاوەکانم بۆ سەر روخساری گەش و بێگەردی بگوێزێتەوە، بۆیە هەروا ئاسایی وتم:

- «ئەوەی بڕیارت داوە کارێکی بەجێیە... گرنگ ئەوەیە بۆ ولأتی خۆت دەگەڕێیتەوە... بەڵأم ئەی من...؟!»

ئەمەم بە دەنگێکی بەسۆز وت... بەشێوەیەک نەمزانی چۆن کاری خۆی کرد... چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو، زوو لە ئامێزی گرتم و ماچی کردم... پاشان پێنووسێک و دەفتەرێکی بچکۆلانەی دەرهێنا و لە دوالاپەڕەیدا شتێکی تۆمار کرد... ئەمجا پەڕەیەکی لێکردەوە و ئاخنیە ناو دەستمەوە و وتی:

- «ئەوە ناونیشانەکەم... نامەم بۆ بنووسە... زۆر ئاسوودە دەبم گەر دیدەنیم بکەیت...». ئەمەی وت و بۆ دواجار لە باوەشی گرتمەوە و ئەمجارە گەرمتر لێوەکانی مژیم و وتی:

- «ماڵئاوا...!!»

کۆڵەکەی لە پشت نا و بەرەو یەکێک لە فارغۆنەکان تاوی دا. سەرەتا شەمەندەفەرەکە لەسەرخۆ جوولا و پاشان گوڕی خواردەوە. تا دەهات دوورتر و دوورتر دەکەوتەوە... منیش ئەو چاوەی تێم بڕی نەمترووکاند، ئەوجا پارچە کاغەزەکەم بە شێوەیەک دڕاند... کردم بە دەیان پارچەوە، کە شەمەندەفەرەکە لە چاو ون بوو، منیش تا هێزم تیابوو تووڕم دا...... □



# بیرەوەریی بارزانی-ی نەمر

شیعری مامۆستا هەژار

ئێمەی کورد چین؟ نایەژم کێین
دەبزووینەوە، دەچین و دێین
بە رواڵەتی جانەوەرین
کامی؟ لە هەموان کەمترین
جانەوەری کێوی و کەوی
زلی، گچکەی، بەرزی، نەوی
وەربکەون، بلەوەڕێن
سەربەستن، لێیان دەگەڕێن
هەر لە مێروو تا مەل و مار
هەیانە شوێنێ بۆ ستار
هیچ لا بێ لان و لانە نین
بێ بوودڕ و کولانە نین
هەر گەلی کوردە لەم ناوە
بێ نانە و بێ لانە ماوە
لە ماڵی خۆی تەرە کراو
هێز لێ بڕاو، دەورەدراو
لە هەموو لاوە راو دەکرێ
تووش تەپکە و تەڵە و داو دەکرێ
زوان بەستە، دەم دادووراو
گشتی خاوە و خڕی بڵاو
خاکێ کە دەبوو هێن خۆی بێ
لە سۆنگەیدا نان و دۆی بێ
لەت لەتە داگیرکراوە
چەند مۆری پێوە نراوە
داهاتی سەرزەوینەکەی
بەروبووی، وشکە و شینەکەی
بە فیڕۆ بۆ ئەم و ئەوە
رۆژیش بێ، لەوان هەر شەوە
بەیدەس کراوین لە خۆمان
بووینە دەسەمۆی نامۆمان
لەخۆ بڵاو، بۆ ئەوان کۆین
ئەشێ سەوڵەی ئەوان بخۆین
غەوارە درزیان داداوین
گەرەک جاجکی وان بجاوین
بەچەند نرتک ناونراوین
بە چەندین رەنگ، رەنگ کراوین
خۆمان لەبیر بردۆتەوە
رەگەزمان لەبیر چۆتەوە
لەجەم کەم و بەدەم زۆرین
لاپرەسەنی بەرماوخۆرین
بۆ دانی ئەوان بووینە ئاش
بیلامانێ یەک بووینە جاش
لە جاشەتیشدا چەند جۆرین
سۆرین، شینین، بۆزین، بۆرین
جاشدارەکانیش دژ یەکن
لەسەر پاشوون چەنگ وەچەکن
بە جووتە تێکمان بەردەدەن
سەیر باز و گازمان دەکەن
شەڕ و کێشە و حەلەلایە
شەڕ لەسەر لێفەی مەلایە
شێر و خەت، وشک و تەڕیانە
لەسەر زێدی کورد شەڕیانە
ئێمەی کە پووک وەک پەلأشین
بۆ دەستەچیلەی شەڕ باشین
با دەستەچیلە گڕ بگرێ
چش با جاشگەلیان قڕ بکرێ
لە ئاکام هەر کام سەرکەوت
یان ناکام فسی دا و خەوت
نابێ شینگێڕ بین بۆ مردوون
بۆ گەنج و رەنجی بابردوون
ناشێ دڵتەنگ و پەشێو بین
زۆرەکیش بێ، کەن لە لێو بین
بۆ سەر داوەت بان کراوین
بارەبەری نان و ئاوین
گەرەکە بچمە ناو بەزم
لە زەماوەندا هەڵبەزم
هەڵپەرکێکەش لە چەند لایێ
بە چەند زوڕنا و چەند هەوایێ

زیندەباد، یەعیش و یاشا
بێژم، هەرلەخۆم کەم حاشا
بژی بێژم وەزوانی خۆم
زۆر گران تەواو ئەبێ بۆم
نیشانەی گەلپەرستییە
مەرجی جاشبوون بێ هەستیە
سزای گەلخواز لای جاشداران
قەنارەیە و گوللەباران

*   *   *

جارێک لە نێرینەی شەوا
جیهان لە غوڕابی خەوا
منی شەکەت پڕ ژان و دەرد
بە ئەسری گەرم و ئاهی سەرد
رووی زەردم بەرەو حەوا کرد
گازندەم لەلای خودا کرد
خوایە خۆت ئەیزانی چ تۆین
ئاخر خۆ ئێمەش کۆیلەی تۆین
لەوەتا لەم سەرزەمینەین
لەژێر ئەم عاسمانە شینەین
هەر پشتمان بەتۆ بەستووە
هەر بەنی تۆمان رستووە
دەتگاتێ ناڵە و نووزەمان
خواهاواری بە کڕووزەمان
ئەم حەمکە رۆڵە کوژیاوە
ئەو گش ساوایە بێ باوە
ئەو گش کیژە ئازیەت بارە
ئەو گش پیرە لێو بە بارە
ئەم لەهی خوێن و ئەسرینە
ئەم هەمو شەپۆڕ و شینە
دەبیەی، دەبینی هەر دەمێ
کوا لە هەوری بەزەت نەمێ
وتیان تۆ زۆر خاوەن بەزەی
دژ ئەم کاریەلە ناحەزەی
دەردی کوردی وا لیقەوماو
دڵی بەردیش دەکاتە ئاو
چۆنە هیچ روحمی پێ ناکەی
تاکەی ئەم بازاڕە تاکەی؟!
کێی تر لەسەر ئەم زەویتە
وەک کورد شیاوی بەزەویتە

*   *   *

لەپڕ گوێم لە قاقایەک بوو
زانستی ناخویایەک بوو
بە ئاوەزم پێ ئەخەنی
کە ئەی خێوی مەژیی گەنی

خوا کاری وە بنیادەم چەس
لە خۆی بەرپرسیارە هەرکەس
دەردی کورد کەی کاری خوایە
مەیخە مل خوا ئەم خەتایە
خۆت بدۆزە بزانە چیت
وەیدۆزە مایەی نەگبەتیت
تۆ گەلێکی لە چاو گەلان
نەفامتر لە ورچی تەلان
چەندین چەرخە لەوساوە هەی
نە تێگەیوی، نە تێدەگەی
ئەو جێی ناوت نا زێدی کورد
بەهەشت ئێرەیی پێ دەبرد
هەرچی پێداویستی ژیانە
مایەی خۆشیی لەش و گیانە
لە بەهرەی کشتوکاڵەوە
لە خەزێنەی ژێر چاڵەوە
مشەیە لە زێدی تۆدا
بۆخۆت هەمووت بە فیڕۆ دا
خۆت کرد بە چیلکە و چاڵی دەشت
بۆ ئارەووی ئاورگی زەردەشت
لە موبید و موغ پەرستی
پووشیشت نەهاتە دەستی
نەگۆڕای تا دنیا گۆڕا
تا دین و دنیاشت دۆڕا
فێربووی سەربەست نەدەژیای
بەبێ پڕ و پووچ نەدەشیای
لە چۆڵ کلا بووی کەوتیە چاڵ
تازی هەڵینای بە تەماڵ
وا بووە پتر لە هەزار ساڵ
شڕە بەڕەی کۆنە سیپاڵ
بۆ مەلا، بۆ شێخ، بۆ دەروێش
سەربەخۆ خۆت کردە رەمکێش
بە ریش و پرچ و حاو و حوو
مرۆڤایەتیت لەدەست چوو
تەکیە و پیرت هەبا بەس بوو
ماڵی خوا بێ تۆ بێکەس بوو
دەتوت کێ لە خۆشیان لار بێ
با بەر بە حۆریان تەیار بێ
تۆ هەر لە شوێن خەیاڵ گەڕای
خۆشیت نەویست ببڕای ببڕای
دنیات دا بە دنیا خۆران
خاوەن زێڕان، خاوەن زۆران
بێ سڵ کردن لێت هاتنە پێش
خانی گێژ و تووتنی خۆش کێش
تا خوێنیان بۆ مژیا مشتیان
چەندیشیان بۆ کوژیا کوشتیان
لە ئاکاما بەشیان کردی
هەرکێ چی بەرکەوت بردی



بریای، خوریای و قووت دریای
تۆ هەر وتت بە تەمای خوای
هیوات بوو خوات بێتە فریا
کەی بەری دا داری بریا
پاش مەرگیش لەبەر دڵکوێری
تۆڵەت بە خودا دەسپێری

*   *   *

گەلانی لا لە تەکیە و پیر
لە بیر دەرکەوتن بە تەگبیر
بوونە روناکبیر، بوونە ژیر
پس پسیان کرد گەوی زنجیر
خەیالات نەدەلوا بۆیان
هانایان بردە بەر خۆیان
پڕ و پووچیان کوژاندەوە
سیسایەتیان بووژاندەوە
من منیان بوو بە تۆتۆیی
ژینیان زۆر بەرەوپێش رۆیی
لە سۆنگەی ئازادیخوازی
بازیان دا سەر پیشەسازی
دەریایان پشکنین شەشدانگ
لەسەر باڵان فڕین بۆ مانگ
بەجەوهەرانی هونەروەر
لەسەر زەوی بوونە سەروەر
هی جانەوەریکیان نەبوارد
حەزیا بوون ماریشیان دەخوارد
تۆیش کە لە ورگی ماردا بووی
پێشە شکیاو هاڕدرابووی
ماری کوردخۆریشیان خواردن
بە توونی ورگیان ئەسپاردن
تۆی کە قەت وەک مرۆ نەچووی
لە نەبوو نەبووتریش بووی
بە عەزمی چوارەم گەیشتووی
هێشتا هەر ئاتاجی نوشتووی
دەمت نەماوە، هەر بە دەم
ناوی خۆت ناوە بنیادەم
دەت بینم لەم دنیای بەرتەنگ
خۆت لێ گۆڕیوم بە چەند رەنگ
سووری شینی بۆری کەسکی
خەیاڵ بەرپانی بیرتەسکی
کرمانج و سۆران و گۆران
بێ ئاگان لە با و لە بۆران
نیوە هەر دەم بە نزایە
نیوەش دڵداری حەزیایە
لە هەموو ژینتا سەرانسەر
هەر جارێک هاتت هاتەبەر

لەبەر وڕی و گێژی و کاسی
خدری زیندەت دی و نەتناسی
ئەو هومێدەت بارزانی بوو
نموونەی لەکارزانی بوو
گەلپەرست و دانا و زانا
مەردێ بوو بە هەموو مانا
بە ئازایی بێوێنە بوو
تاسەنگی لە هیچ کوێ نەبوو
قەستەسەری زۆرداران بوو
دلۆڤانی هەژاران بوو
غیرەت شانازیی پێ دەکرد
هونەر کڕنووشی بۆ دەبرد
نیو چەرخ پتر ئەو مەردە
ئەو نەبەزە، ئەو نەبەردە
بە تەمای دەست و بازووی خۆی
تێکۆشا، تۆ بزانی تۆی
تێبگەی کە تۆش ئینسانی
بە دەردی دیلیت بزانی
نیازی وابوو ئازادت کا
بە کامڕەوابوون شادت کا
بە بێ چەک بە دەستی خاڵی
قۆڵ و مەچەکی هەڵماڵی
لە داگیرکەران راپەڕی
ریزی کوردخۆرانی دڕی
تۆپاندنی و چەکی کردن
بە جارێک زەندەقی بردن
قڕی خستە داگیرکەران
ناوبانگی گەییە هەندەران
پەڵەی نەنگیی تۆی سڕیەوە
ئابڕووی دزراوتی کڕیەوە
بەڵام تۆی لە هونەر تەکیو
لە ژیان قەت ئازادی نەدیو
وا فێری نانی نامۆ بووی
دژی ژیانی سەربەخۆ بووی
بوویتە بەلاگێڕی دژت
بوویتە مەتاڵ بۆ خوێنمژت
تفەنگ لەشان، خەنجەر لە مشت
فرشتەی بەختی خۆت دەکوشت
یان بێ لایەن سەیرت دەکرد
حیزەبخۆیی دەرت دەبرد
رێوشوێنی بارزانیت نەویست
ئامۆژگاریەکانیت نەبیست
تۆی نەخۆشی لەسەر مردن
قەڵس بووی لە دەرمان کردن
گەر تۆ قەدری خۆت زانیبا
شۆڕت شۆڕی بارزانی با

ئێستا جاش نەبووی بۆ کەران
ئاڵات دەشەکا لە سەران
عارەبی لە هەر پیس پیستر
لە بەرازی هار نەگریستر
نەیدەکرا هێرشت بۆ بێنێ
سامان و گیانت بڕفێنێ
گوندت بەر بڵدۆزەر بدا
مشکی و خۆڵت وەسەر بدا
بەو نیازەی بنەبڕت کا
بە شیمیایی قڕت کا
بکات لە گوندان و شاران
وردە و یەخسیرت بۆمباران
هەڵەبجە و بادینانی تۆ
زێدی پڕ پیت و جوانی تۆ
لە ژێر ئاگر ببنە خاپوور
هەژدیهاش سەیرکەن لە دوور
سەیرە گوتت حەزیا ئامان
بمگەنێ دەستم بە دامان
تۆ چیت لە سەرت بێنە جواو
تۆی وەک کەوی کوڵیو خوراو
دەنگی برچی کوا دەیگاتێ
دژ رۆن لەشی تۆی دەداتێ
ئێستاش لە پاش دەربەدەریت
دەگەڵ ئەم ژینەی بێ وەریت
هەر بینا بەم زوانەی نەدوور
وەک رەشەکانی چەرمسوور
هەر ناوت بێ و خۆت نەمابی
بیبیجانی سینەما بی

*   *   *

گوتمێ زانستی بە ئاگا
کورد لە فەرموودەی تۆ ناگا
کوردی وا هەژاری کێوی
نازانێ تۆ چ داخێوی

☐

١٩٨٩/٣/٣

بەهاری ١٩٨٩ یادی دەساڵەی کۆچی سەرکردەی گەورەی نەتەوەی کورد بارزانی بوو. لەم بۆنەیەدا شاعیری خۆشەویست و هێژای کورد مامۆستا هەژار ئەم شیعرەی داناوە و یادی ئەو سەرکردە نەمرەی کردۆتەوە. مامۆستا هەژار گەورەیی نوواندوە و شیعرەکەی بەتایبەت بە گۆڤاری «مامۆستای کورد» پێشکەش کردووە. ☐

# خۆزگە

ئاسۆ

خۆزگە بەو ئەفرادە وا شەو تێر تەماشای تۆ دەکەن
دەستە دەستە گوڵ لە باغی بێ میسالت کۆ دەکەن

جاری وایە باغەوانی باغی نارنج و بەهێن
کاتی واشە زولفی ئاوریشمی و عەبیریت بۆ دەکەن

دیمەنی کوێستانی حوسنت وەک گولاڵەنە و ئەوان
زولفی تۆیان دێتە بەرچاو تا تەماشای لۆ دەکەن

باغی گوڵ وەک تۆ دەچێ، شاعیر هەڵەی کرد گەر گوتی:
تۆ وەکوو باغی گوڵی، تەشبیهی وا بێ هۆ دەکەن

حەسرەتی وەسڵی ئەتۆم، با نەچتە ژێر گڵ سوورە گوڵ
چاو لە کۆرپەی ئارەزووی دڵ چۆن لەبۆت رۆڕۆ دەکەن

چاوەکانت پڕپڕی رازن، ئەوینن، ئاگرن
وا بەناز هەڵیان مەهێنە، چاوی دڵ کەم سۆ دەکەن

لێوەکانت سووری خوێنی کوشتەیی برژانگتن
خۆ «صیامە» و «صائمیش» کاری ئاوا بۆ دەکەن

عەشقی تۆ وەک عەشقی کوردستانە، هەرگیز نارەوێ
ئەو کەسانەی تانە لەم دوو عیشقە دەن بێ خۆ دەکەن

لاوەکان ئیمڕۆکە هەر کەس چووکە تەبعێکی هەبێ
ئیقتیباسی شیعری دڵداری لە رووی «ئاسۆ» دەکەن.

بۆکان ٦٨/٢/١٣

## وەرامی دۆستان:

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:
– خەوی نەزانین (شیعر)
– بۆچی بژین؟، گوڵی سوور (شیعر)
– نەهاتی (شیعر)
– زەنەک (شیعر)
– دڵی زیندوو (شیعر)
– گرێ (شیعر)
– تاوە گریانێ (شیعر)
– تابلۆیەکی ترسناک (شیعر)
– ئەفسانەی نێرگز (وتار)
– بەڕاستی «دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە!» (وتاری لێدووان)
– خەیاڵ، گەلا، بەڵگ (سێ شیعر)
بەداخەوە ناتوانین بەرهەمەکانتان بلاْوبکەینەوە.

– بۆ وەرگێڕی چیرۆکی «ئێمەی کەر!»ی عەزیز نەسین: وەرگێڕانەکەت زۆر جوان و سەرکەوتووە، دەستت خۆش. ئێمە حەز دەکەین ئەو شیعر و چیرۆکە وەرگێڕاوانەی بلاْویان دەکەینەوە، راستەوخۆ لە زمانی یەکەمڕا کرابنە کوردی. هەروەها پێمان وایە چاکتر دەبێ بەرهەمی ئەو نووسەرانە بکرێنە کوردی کە خوێنەری کورد کەمتر ئاشنایانە و شتێکی نوێیان پێیە. ئەمڕۆ عەزیز نەسین و تەنانەت یەشار کەمالیش بۆ خوێنەری کورد تام و بۆی دە ساڵ لەمەوبەریان نەماوە.

– بۆ نووسەری وتاری (رەوشتە هاوبەشەکانی گەلی کورد وەک سوبێکتێکی مافی چارەنووس):
ئێمە پێمان وایە ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی لە یەکێتی سۆڤیەت لەم بارەیەوە دەنووسورێن، هەموویان وەک یەکن و هیچ شتێکی تازەیان تێدا نییە. وتارەکەی ئێوەش هەر دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێ را و بۆچوونی باو و گشتییە. بێجگە لەوەش زمانە کوردییەکەتان، وەک بۆ خۆشتان نووسیوتانە، پێویستی بە راهێنانێکی زۆرە تا پێش بکەوێ. □



# سێ رێچکە و سێ رێبازی کوردایەتی*

(وەلاْمی نامەکانی کاک پێکوڵ و کاک سەیوان)

ئەمیری حەسەنپور

سەرەتا

دوای خوێندنەوەی نوسراوەی کاک فەرهاد «کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی...» (مامۆستای کورد، ژمارە ٣، ل/٨٩–١٠٠) لە ١١ی دیسامبری ٩٨٦ نامەیێکی خۆمانەم بۆ نارد و دەردی دڵم لەگەڵ کرد و رەخنەم لە بەعزە باسێکی نوسراوەکەی گرت. دوایە کاک فەرهاد پێی راگەیاندم کە دەیەوێ نامەکەی من چاپ بکا. منیش لە ١٩٨٧/٣/٢٦دا نامەیێکی دور و درێژم بۆ نوسی، کە ئەو چەند تێبینییەی تێدا بو:

* «لە باسی شیعر و سیاسەتدا لەبیرم چوبو باسی وەی بکەم کە مەبەستی ئێوە زۆرتر تحزب و ئەدەبیات (یان بە گشتی هونەر) بوە...»

* «لە باسی هێزە سیاسییەکاندا، دەترسم ئەوەندەی ئەمن نوسیومە مەسەلەکە رون نەکاتەوە...»

* «ئیرادێکی نامەکەی من ئەوەیە، کە ناڵێ ئێستە دەبێ چ بکەین...»

* «ئەوە پێویستە رون ببێتەوە مەبەستی من لە باسکردنی حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکراتی پێش ١٩٧٥، رێبازی سیاسیی رابەرایەتی ئەو رێکخراوانەیە نەک جەماوەری پێشمەرگەی ئەوان کە زۆربەیان نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازن»

دوای ناردنی ئەو نامەیە، هەواڵی کاک فەرهادم نەبیست هەتا دەرچونی ژمارەی ٤–٥ی مامۆستای کورد کە لەوێدا تەواوی نامەکەی ١١ی دیسامبر (بە بێ تاریخ) چاپ کرابو.

* * *

کاک پێکوڵ و کاک سەیوان ویستویانە بە هێرش بردنە سەر من (لە دەرەوەی ولاْت بونم، ساوابونم لە سیاسەتدا، خۆگێل کردن و شتی وا...) و بە بێ حورمەت کردنی من، قسەکانم بێحورمەت و بێنرخ بکەن. ئەوە شێوەیێکی کۆن و ناسراوی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە. ئەو برایانە دەبو لە جیاتی جنێودان، حەول بدەن بە دەلیل و بورهان و بە فاکت، لێکدانەوەی من بنرخێنن و راستی و چەوتییەکەی ئاشکرا بکەن. بە پێچەوانەی ئەوان، من پێم وایە ئەو قسانەی من نوسیبوم تەنیا بیروڕای من نین و دەردی دڵی زۆر هاوولاْتی و نیشتمانپەروەرانن و لە جێی تر و لە کاتی تریشدا ئەو باسانە کراون. دیارە لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە جێگەی وەلاْمدانەوەی حەمو قسەکانی ئەوان نابێتەوە. حەول دەدەم جنێوەکان دابێژم و چەند مەسەلەی گرینگ کە شێواندویانە شی بکەمەوە.

١– باسی مامۆستا هێمن

ئەو باسە لەسەر چییە؟ کاک فەرهاد نوسیبوی (مامۆستای کورد، ژ ٣، ل/ ١٠٠) شیعرە باشەکانی هێمن رەنگە لە بیست دانە زیاتر نەبن. کاک فەرهاد پێی وایە هۆیێکی سەرنەکەوتنی هێمن ئەوەبو کە شیعر و سیاسەت، یان تحزب و هونەری تێکەڵ دەکرد. من نوسیم هۆی سەرنەکەوتنی مامۆستا ئەوە بو کە نەیتوانی شیعر و سیاسەت باش تێکەڵ بکا. بۆ بەڵگە یەکێک لە شیعرەکانی مامۆستا، «ئامێزی ژن»م هێنابۆوە (نمونەی وا زۆرن). هێمن لەگەڵ ئەوەشدا کە نیشتمانپەروەرێکی تێکۆشەر بو، پێی وابو لە خوڵقاندنی هونەریدا سیاسەت (یەعنی خەباتی گەل) خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی جوانی نییە و ئەگەر هونەرمەند باسی سیاسەت بکا دەبێ بە باسی جوانیی ژن بیرازێنێتەوە. ئەو لێکدانەوەی بیر و رای هێمنیش کەشف و کەرامەتی من نییە. مامۆستا زۆرجار ئەو نەزەریەی خۆی بە راشکاوی باس دەکرد. بۆ وێنە، مامۆستا لە کۆبونەوەیێکی گەورە لە سەرەتای هاوینی

* ئەم سەرباسە خۆمان بۆ باسەکەی مامۆستا ئەمیرمان داناوە. ئەو خۆی هەر بە ناوی وەلاْمی نامەکانی... وە نووسیبووی. هەروەها مەسەلەی بەکارهێنانی یەک (واو) لە باتی واوی درێژ (وو) نەبێ – کە خۆی داوای کردووە وابێ –، ئیدی گوتارەکەمان هێناوەتە سەر ئەو رێنووسەی لەم گۆڤارەدا پێڕەوی دەکرێ. «مامۆستای کورد».

١٣٥٨ (١٩٧٩) له شاری سنه ئەو نەزەرییەی بۆ چەند سەد کەس لە گوێندێران شی کردەوە. شیعرەکانی مامۆستا خۆیان بەڵگەیێکی هەرە باشن و بەرهەمی ئەو بیروڕایەن.

من «بێ مرۆیانە» باسی هێمنم نەکردوە. من و کاک هێمن یەکترمان زۆر خۆش دەویست و ئەگەر ئەو خۆشەویستییەش نەبایە هێرشم نەدەبردە سەری. نوسیومە «سیاسەت یەعنی خەباتی گەل و سەرکەوتنی ئەو خەباتە دڵ و بیر و هۆشی دەگەشاندەوە». کوا ئەوە «بێ مرۆیانە» باسکردنی هێمنە؟ لە لێکدانەوەی هونەری یان سیاسیدا، نابێ دۆستایەتی و برایەتی و خزمایەتی و هاوعەشیرەت بون و هاوحیزب بون و هاونیشتمان بون بەرچاومان تاریک بکا. کە کاک فەرهاد دەڵێ شیعرە باشەکانی هێمن لە بیست دانە تێپەڕ ناکا و منیش دەڵێم وایە، ئەوە ناگەیێنێ کە هێمن شاعیرێکی باش نییە. هیچ شاعیرێک تەواوی شیعرەکانی باش نین. کەم بەرهەم بونیش ئەوە ناگەیەنێ کە کابرا شاعیرێکی باش نییە. فاتیحی شێخ الاسلامی و سوارەی ئیلخانی رەنگە پتر لە بیست شیعریان نەگوتبێ، بەڵام هەڵبەستەکانیان رشتەی مروارین و خۆشیان شاعیری پایەبەرزی کوردن. خەباتگێڕ بون و فیداکاربونی شاعیریش دەلیلی باش بونی تەواوی شیعرەکانی نییە. هەژار و هێمن ئەستێرە گەشەی «کۆمەڵەی ژ. ک» و کۆماری کوردستان بون، بەڵام ئەوانیش، وەکو من و حەمو کەسی تر، لە ژیانی سیاسی و ئەدەبیدا توشی کەند و کۆسپ بون و دە هەنگاو بەرەو پێشەوە چون و چەند هەنگاو بۆ پاشەوە کشاونەوە. رەخنەی ئەدەبی و سیاسی، ئەگەر ئەو خوارو ژور چونە و ئەو بەرز و نزم بونە و هۆیەکانی لێکنەداتەوە، رەخنە نییە و پێ هەڵکوتنە و بۆ شاباش وەرگرتن باشە. بەڵێ، هەژار – شاعیری ئازادیخواز و دێموکراتی کۆماری کوردستان – لە ئینشقاقی ١٩٦٤ بەولاوە بو بە زوڕناژەنی دەرەبەگایەتیی کورد، هونەری شیعری کردە ئامرازی بوختان کردن و درۆ و دەلەسە سازکردن بۆ تێکۆشەرێکی وەک ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی. هەژاری دیموکرات بو بە هەژاری دژی دیموکراسی.

قسەی کاک سەیوان راستە کە دەڵێ کاک فەرهاد باسی تحزب و هونەری کردبو نەک باسی سیاسەت و شیعر. هەروەک لە سەرەوە نوسیومە خۆشم دوایە پێم زانی. سەرباقی وەش، ئەگەر نوسراوەکەی کاک فەرهاد بە وردی بخوێنیەوە، دەردەکەوێ کە کاک فەرهاد خۆشی ئەو دو باسەی تێکەڵ کردوە. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە سیاسەت و تحزبی هێمن لێک جیا ناکرێتەوە. هێمن لە داهێنانی رێبازی هونەری و سیاسی و رێکخراوەیی «کۆمەڵەی ژ.ک» و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ساڵانی ١٩٤٠دا دەورێکی بەرزی بوە و لە حیزبی دیموکراتدا ئەندام و بەڕێوەبەر بوە.

٢- باسی مامۆستا گۆران

کاک فەرهاد ئیشارەی بە «١- کێشەی نێوان گۆرانی کۆمیونست و گۆرانی کوردپەروەر و، ٢- کێشەی نێوان گۆرانی سیاسی و گۆرانی هونەرمەند (شاعیر)» کردبو ( مامۆستای کورد، ژ ٣، ل ٩٩)، بەڵام لێکی نەدابۆوە کە ئەو کێشانە چۆن بون. کاک سەیوان دەڵێ «باوەڕم نییە، کاک ئەمیر لە مەبەستی کاک فەرهاد نەگەیشتبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بە دڵی نییە، ئارەزوی لە نان و پیازەکە بووە.» کاک فەرهاد ئەو دو کێشانەی شی نەکردبۆوە، بەڵام دیارە دەمزانی مەبەستی چییە، ئەگینا رەخنەم لەو قسانەی نەدەگرت. مەبەستی من ئەوەبو بە کاک فەرهاد بڵێم تۆ چۆن شتی وا دەڵێی؟ (بۆچی من لە نامەیێکی خۆمانەدا خۆم لە کاک فەرهاد گێل بکەم؟).

من نوسیومە و ئێستەش دەڵێم سەرچاوەی جوانی لە داهێنانی هونەریدا بۆ هێمن ژن بو و بۆ گۆران تەبیعەت و ئینسان (ئەوە ژنیشی تێدایە) و سیاسەت بو. مەعنای ئەو قسەش ئەوە نییە کە مامۆستا هێمن یان شاعیرانی تر باسی تەبیعەت و سیاسەتیان نەکردوە. باسەکەی من جوانی لە داهێنانی شیعر و هونەرە – ئەوەش باسێکە لە رەخنەی ئەدەبی و هونەریدا دێتە گۆڕێ. کاک پێکوڵ و کاک سەیوان ئەوەندە توڕە بون گوێیان نەداوەتە ئەوەی من کوتومە و بە زۆری قسەی خۆیان لە زاری من هاویشتوە. ئەوان ئەوەندەی لە من توڕەن سەد ئەوەندە داخ لە دڵی گۆرانن. کاک سەیوان دەڵێ:

«وەک ئەوەی بڵێی، گۆران تەنیا وەک کۆمۆنیستێک توانیبێتی شیعر بڵێ و بیربکاتەوە. ئەی بۆ وەک کوردپەروەرێک نەیتوانیوە شیعر بڵێ؟ ئەمیر وا دەزانێ ئەوەی کورد پەروەر بێ، ئیدی ناتوانێ مرۆڤدۆست بێ؟»!

نوسراوەکەی من ئەگەر وەبەر جەنجەریشی بدەی قسەی وای لێ هەڵناوەرێ. من باسی گۆرانم «وەک شاعیرێکی کومونیست، شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز» کردوە و باسی «روانگەی کۆمۆنیستێک یان نیشتمانپەروەرێکی شۆڕشگێڕ»م کردوە (مامۆستای کورد، ژ ٤-٥، ل/ ٣٩، ٣٨). «نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕ» پێویست نییە کۆمۆنیست بێ.

باسەکە دەگەڕێتەوە سەر کوردپەروەری. من پێم وایە گۆران لەو شاعیرانەی، کە کاک پێکوڵ و کاک سەیوان بە نمونەی کوردپەروەریان دادەنێن زۆر کوردپەروەرتر بوە و لە نامەکەمدا حەولم داوە ئیشارەیێک بەوە بکەم.

لەدوای ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی، هیچ شاعیرێکی کوردی پێش گۆران نەبوە، کە لە گۆڕەپانی هونەردا بە ئەندازەی گۆران کوردپەروەریی کردبێ. هیچ شاعیرێکی پێش گۆران نەهات ئەوەندە کوردایەتی بکا، دەست لە خیام و حافظ و فردوسی و نظامی و ... هەڵبگرێ و روبکاتە بەیتبێژە «عوام»ەکانی دێهات و گۆرانیبێژە روت و هەژارەکانی شار و گوندەکانی کوردستان. هیچ شاعیرێکی کوردی پێش گۆران ئەوەندە کوردپەروەریی نەکرد، کە بە دەروێش عەبدوڵڵای شمشاڵژەنی رەش و روت هەڵبڵێ و پێی بڵێ:

لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە رۆحم ئاشنای، وەڵڵا!

دە، ئەی دەروێش، سکاڵایەک لەگەڵ رۆحی کڵۆڵم کە!

هیچ شاعیرێکی کوردپەروەری پێش گۆران نەیەویست یان نەیتوانی دەست لە «عروض و قافیە» و «قصیدە و ترجیع بند»ی فارسی و عەرەبی هەڵبگرێ و وەزن و کێش و قافیەی بەیت و باوی کوردی بکاتە ئامرازی خوڵقاندنی هونەری. هیچ شاعیرێکی پێش گۆران ئەوەندە هەڵوەدای کەلەپوری هونەری میللی نەبو، کە وەزنی بەیت و باوی کوردی بکاتە «وەزنی تایبەتی نەتەوەییمان» (بەهەشت و یادگار، ١٩٥٠، ل/ ١٢).

هیچ شاعیرێکی کوردی پێش گۆران نەبو (جگە لە خانی) کە وەک گۆران، عیشق و خۆشەویستی لە هەپەروتی شیعری کۆنی فارسی و عەرەبی رزگار بکا و لە «دڵۆپێک فرمێسکی ... چاوی رەشی» کچێکی جوتیاری کورددا بیخەملێنێ. هیچ شاعیرێکی کوردی پێش گۆران نەیتوانی دەنگی شایی و چۆپی و زوڕنا و دەهۆڵ و شمشاڵ و هاڕەی هەیاسە لەگەڵ گرمەی تفەنگی دوشمن تێکەڵ بکا و خەڵک هانبدا لە دژی دوشمن. سەرچاوەیێکی ئەو کوردپەروەرییەی گۆران عەقیدە و بیروبڕوا و ئیدەئۆلۆژی ئەو بو. ئەگەر کاک سەیوان و کاک پێکوڵ توڕەتر نەبن، پێیان رادەگەیێنم کە لە وڵاتی تریش هەروا بوە. لە زۆر وڵاتی تری ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای خوارو، لە مەیدانی هونەردا هاوڕێیان و هاوبیروڕایانی گۆران پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری گەلپەروەریی راستەقینە بون: لە ئەدەبیاتی تورکیدا نازم حیکمەت، لە ئەدەبیات فارسیدا نیمایوشیج، لە ئەدەبیاتی چینیدا لوهسون،....

مەعنای ئەو قسانە ئەوە نییە کە بەرهەمی هونەری شاعیر و نوسەری تر بێنرخن[1]، بە پێچەوانەوە، هەروەک لە لێکۆڵینەوەیێکی ترا دەرم خستوە[2]، پەیدابونی زمانی نوسراوی کوردی و ئەدەبی کوردی پێوەندی بە ئەوێستا و پەهلەوی و خەتی ماسی سوراتی و شتی وا نییە و بەرهەمی فیکری کوردایەتی و بزوتنەوەی کوردایەتییە. خوڵقاندنی ئەدەبی سەنگەرێکی پتەوە لە شەرگەی خەباتی گەلی کورد لە دژی دوژمن. وەنەبێ ئەحمەدی خانی، داهێنەری بیری کوردایەتی، پایەی ئەدەبی و سیاسیی لە گۆران نزمتر بێ، بە پێچەوانەوە مەقامی خانی لە حەمو شاعیرانی کورد بەرزترە. بەڵام خانی هەر ئەوەندەی پێکرا دەست لە حیکایەتی نەتەوەکانی تر هەڵبگرێ و حیکایەتێکی کوردی -مەم و زین- بکاتە چوارچێوەی خوڵقاندنی هونەری. خانی کە ئەوەندە دەربەستی «شاعیر و فەقیران» بو، نەیتوانی لە بەند و کۆتی عروض و قافیە و تەشبیهاتی ئەدەبی بێگانە رزگار بێ (لەگەڵ ئەوەشدا وشیارانە حەولی دا). شۆڕە سواری کوردایەتی نوێ، حاجی قادر، هاواری بردە بەر خوێندەوار و شاعیری کورد (شێخ و مەلا و ئاغاوەتی خوێندەوار) و پێی راگەیاندن کە بەیت و باوی کوردی لە شاهنامەی فیردەوسی بەنرخترە و داوای لێ کردن بیان پارێزن و بیان نوسنەوە بەڵام هیچ تێکۆشەرێکی کوردپەروەر پەیدا نەبو وەفریای بکەوێ. خۆ وەنەبێ شاعیر و خوێندەواری کوردپەروەر و فیداکار کەم بوبێ. بە پێچەوانەوە، شاعیر و نوسەر و خوێندەواری حەفسکراو و شەهیدکراو و دەربەدەرکراو یەکجار زۆر بون. ئەوەی کەم بو، بیروڕا و عەقیدە و بۆچونی شۆڕشگێڕانەی وەک خانی و حاجی و گۆران بو. بۆ وێنە: مامۆستا حوزنی و گیوی موکریانی، کە لە ئاوری کوردایەتیدا سوتابون، بەشێکی زۆر لە هێز و توانای خۆیان خەساری وەی کرد کە هەرچی کۆنەپاشا و کۆنە ئاغای نەناسراوی فارس و تورکە بیکەن بە کورد (بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە کورد میللەتە)، بەڵام بە لای عەلی بەردەشانی و وسوشایەر و هەڵکەتی و خرنالدا[3] نەرۆیشتن. بەڵێ بیروڕایێکی پێشکەوتوی وەک گۆران پێویست بو، کە نەتەوەبونی کورد بە دەروێش عەبدوڵڵا و بە فۆرم و ناوەڕۆکی بەیتی کوردی بسەلمێنێ نەک بە کوردبونی نادرشای پیاوکوژ و بە کوردی بونی زمانی پەهلەوی!

٣- باسی یەکگرتنی رێکخراوە سیاسییەکان

کاک فەرهاد بۆ وەستاندنی «شەڕە تفەنگی براکوژی» دڵسۆزانە پێشنیاری کردبو کە «وەکو هەنگاوی یەکەم... برایان کاک مەسعودی بارزانی، مام جەلالی تاڵەبانی و دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملۆ... پێکەوە دابنیشن و بتوانن گوێ بۆ یەکدی رادێرن و رێک بکەون... لە رێکەوتنێکی وادا، بێجگە لەو سێ برایە، دەبێ برایان: ع. ئاپۆ، کەمال بورکای، ن.سالار، سامی عەبدولڕەحمان، رەسووڵ مامەند، عەزیز محەمەد، ئازاد مستەفا، عەبدوڵڵای موهتەدی بەشداری بکەن» (هەمو ناوەکان بە گوێرەی ئەلف و بێ رێک خراون). کاک فەرهاد دەڵێ لە «ماوەی چەند ساڵی پێشودا گەلێ جاریش دوو دوو و سێ سێ و رەنگە زیاتریش رێککەوتوون و دانیشتوون، گەلێ جاریش هەمو رێکەوتنێکیان هەڵوەشاندۆتەوە و دەستیان چۆتە خوێنی یەک. بەڵام رێکەوتنی هەر هەموویان بەجارێ دەتوانێ ببێتە سەرەتایەکی دڵخۆشکەر و مژدەدەر» «مامۆستای کورد ژمارە ٣، ل ٩٦»

لەگەڵ ئەوەشدا وتووێژێکی وا بۆ وەستاندنی شەڕ و هاوکاری زۆر پێویستە، بەڵام پێم وایە کاک فەرهاد هۆیەکانی ئەو ناکۆکیانەی باش نەناسیوە و ئەو بەرنامەیەی پێشنیاری کردوە ناتوانێ کێشەکە چارەسەر بکا. کاک فەرهاد دەڵێ: لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا رێکخراوە سیاسیەکان نێزیکەی چەند هەزار کەسیان لە یەکتری کوشتوە. من دەڵێم قەتڵ و بڕێکی وا هۆیێکی زۆر بنچینەیی هەیە. ئەو کوشتارە لەبەر وەی نییە، کە رێکخراوە سیاسییەکان لە یەکتر ناگەن یان لە یەکتر توڕە بون، یان نێوانیان بە یەکجاری تێکچوە و دەرفەتی لێدوان و وتووێژ و دۆستایەتییان نەماوە. ئەو قەتڵ و بڕە لەبەر وەی نییە دوژمن بەگژ یەکتریاندا دەبا. رێکخراوەی سیاسی جارێک و دو جار و سێ جار زەلیلی پیلانی دوژمن دەبێ نەک سەد جار و شەو و رۆژ و لەیل و نەهار. هەروەها ئەو رەشکوژیە کە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تا ئەورۆ بەردەوامە (لە کوردستانی ئێران) بە هەڵکەوت پەیدا نەبوە. ئەگەر بە هەڵکەوت با ئاوا درێژخایەن و بەرین و بەردەوام نەدەبو. جارێک و دوجار دەقەوما و دوایە تەواو دەبو یان بە دەگمەن دوپات دەبۆوە. کە دەڵێم ئەو ناکۆکییە و ئەو روداوانە هەڵە نین، مەبەستم ئەوەیە بە بەرنامە و بە پرس و را و بە زانستە دەکرێن. ئەگینا حەمو بەشەرێک، حەمو رێکخراوەیێک، حەمو رابەرێک هەڵە دەکا.

کردەوەی «قیادەی موەقەت» و «حیزبی دیموکرات» نە هەڵەیە، نە بەرهەمی هەڵکەوتە. هەر بۆیە ناتوانن، سەرباقی ئەو گشتە ناڕەزایی و وتووێژە، دەست لەو کردەوانە هەڵبگرن و بە رێگەی راستدا بڕۆن. قیادە وەک کوتەکی دەستی دەوڵەتی حەمە رەزا شا دامەزرا بۆ ئەوەی خەباتی چەکدارانە لە کوردستانی عێراق سەرکوت بکا. حیزبی دیموکراتی قاسملوش (کە لە سەروبەندی روخانی رێژیمی پاشایەتی گەڕاوە وڵات) ئامانجێکی هێنانە کاری تیۆری «تاقە حیزبی» بارزانی لە کوردستانی ئێران بو. بەرنامەی حیزبی دیموکرات ئەوە بو، کە کۆمەڵە و گشت رێکخراوە شۆڕشگێڕەکان هەڵوەژێرێ. لە بەهاری ١٩٧٩دا، بە هەڕەشە کردن لە «کۆمەڵەکان» (جەمعیەتەکان)[4] دەستی پێ کرد. دوایە بەرەنگاری (کۆمەڵەی یەکسانی) بون و کاک سەلاحی شەمسی بورهان بەڕێوەبەرێکی «دەستەی پێشمەرگەی زەحمەتکێشان»یان

تڕۆر کرد، بنکەی ڕێکخراوەی «پەیکار»یان لە بۆکان وەبەر ئار.پی.جی ٧ دا و چەند کەسیان کوشت و دەستیان کرد بە قەلاچۆی کۆمەڵە. من نوسیومە ئەو کردەوانەی ئەو دو ڕێکخراوانە بەرهەمی ڕێبازی خێڵەکی و دەرەبەگین و تا ئەو ڕێبازە هەبێ ئەو کردەوانەش دەبن. ئەگەر قیادە ئێستە بە مەسلەحەتی دەوڵەتی ئێران دەستی لە دژایەتی یەکێتی نیشتمانی هەڵگرتوە، سبەینێ بەبەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە یان دەوڵەتێکی تر دیسان دەستی پێدەکاتەوە. ئەگەر حیزبی دیموکرات سەد قەرار و پەیمان مۆر بکا، تا وەختێکی ئەو ڕێبازەی هەبێ دەیخاتە ژێر پێ و دیسان دەستی پێدەکاتەوە.

هەروەها نوسیومە ئەو ناکۆکییە شتێکی تازە نییە و دیاردەیێکی کۆن و مێژوییە. من تێبینیەکانی سێ سەد ساڵ لەوەی پێشی ئەحمەدی خانیم گێڕاوەتەوە کە باسی «نفاق» و «شقاقی» خانە کوردەکانی کردبو. خانەکان لە جیاتی یەکگرتن بەگژ یەکتردا دەچون و کوردستانیان لە خوێن و فرمێسکدا نوقم دەکرد. خانی بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند تا ئەو نیفاقە هەبێ کوردستان ڕزگار نابێ و کوتی تاوانبار ڕابەرەکانن نەک خەڵکی فەقیر. ئەو نفاقە دوای تێکچونی ئەمارەتەکانیش بەردەوام بو و ئەو کاتەی هەوەڵ ڕێکخراوەی سیاسیی کورد لە ١٩٠٨دا دامەزرا (کرد ترقی و تعاون جمعیتی) قینەبەری و دوبەرەکی دو بنەماڵەی بەدرخانی و سەید عەبدولقادر بو بە هۆی سەرەکیی کزبون و تێکچونی ڕێکخراوەکە. کوردایەتیی دەرەبەگانە وای لە گەلی کورد کرد کە «کۆمەڵەی ژ. ک» لە ساڵی ١٣٢٢ «١٩٤٣» بە گەلی کوردی ڕاگەیاند:

«... عەشیرەتەکانمان کێ هەیە لە دەستیان وەڕز نەبوبێ. باوەڕ بکەن کارەساتی وایان هێناوەتە دی کە دونیای شارستانێتی لێیان بێزارە. تەنیا آغاوات و سەردار عەشیرەتەکانن، کە بونە مایەی دوبەرەکی یا چەند بەرەکی لە کوردستان! تەنیا ئەوانن بەرهەڵست بۆ پێشکەوتنی کورد.» (دیاری کۆمەڵەی ژ. ک. بۆ لاوەکانی کورد، ١٣٢٢- ١٩٤٣، سەرەتا- ژمارەی لاپەڕەی نییە)

ئێستە دوای ئەو هەمو تەجروبە خوێناویە و دوای ئەو هەمو ئاگاداری و ڕاگەیاندن و وشیاربونەوەی، کە لە زەمانی «خانی»یەوە تا ئەمڕۆ گەلەکەمان وەدەستی کەوتوە، ئەگەر بێین و بڵێین چاک و خراپ، تاوانبار و بێتاوان، خوێنڕێژ و خوێنڕێژراو هەمویان کوردن و کورد هەر کوردە و خزم گۆشتیشت بخوا ئێسکت ناشکێنێ، ئەوە تەجروبەی سێ سەد ساڵ خەباتی گەلەکەمان وەلا ناوە و بەرەوپاشەوە ڕۆیشتوین. ئەو خزمە لە بێگانە خراپترە، هەم گۆشتت دەخوا و هەم ئێسکت دەشکێنێ. ئەو خزمە ئەسپی ترۆیایە - لەنێو قەڵاوە هێرش دەباتە سەر قەڵاکەمان!

چارە چییە؟ کوردی ئاوارەی دەرەوەی وڵات چی پێ دەکرێ؟ دیارە دەردێکی وا گەورەی مێژویی و کۆمەڵایەتی عیلاجێکی سوک و هاسان و یەکجاری و فەوریی نییە - ئەویش بە دەستی کوردی بێدەسەڵاتی هەندەران. نیشتمانپەروەرانی دەرەوەی وڵات، کە زۆربەیان تەجروبەی ڕاستەوخۆی خەبات لە وڵاتیان بوە، ئەوەندەیان پێ دەکرێ، کە بە وەلانانی قازانج و مەسلەحەتی شەخسی و خزمایەتی و حیزبایەتی و هەرچی قازانجی تەسکی ترە، ئەو وەزعەی ئێستە و ڕابردو لێک بدەنەوە و تاوانبار دیاری بکەن و حەول بدەن بە فشاری سیاسی و فکری و ئەدەبی و هونەری و چاپەمەنی، لایەنی تاوانبار ناچار بکەن پاشەکشە بکا. ئەوە هەنگاوی هەوەڵە، کە هێشتا هەڵنەهێندراوە. دیارە بەرنامەیێکی وا لەگەڵ پێشنیاری یەکگرتنی ڕێکخراوە سیاسییەکان کە کاک فەرهاد و نیشتمانپەروەرانی تر پێشنیاریان کردوە جیاوازیی هەیە بەڵام دژی وتووێژ و ڕێککەوتن بۆ وەستاندنی فەوریی شەڕ لە نێوان دیموکرات و کۆمەڵە نییە.

ڕەنگە بەعزە کەسێک (وەک کاک پێکوڵ و کاک سەیوان) بڵێن، کە ئێوە ئاگری نیفاق خۆش دەکەن! لەو چاو ترساندن و هەڕەشەیە نابێ کەس بسڵەمێتەوە. ئەگەر ئەحمەدی خانی و حاجی قادر و «کۆمەڵەی ژ. ک.» ئاگری نیفاقیان خۆش کرد، قەیدێ ناکا با ئێمەش وەک ئەوان ئاگری نیفاق خۆش بکەین. ئاگری نیفاق خۆشکەر ئەو کەسەیە، کە شەڕهەڵگیرسێنەر دەکاتە فریشتەی ئاشتی و هێمنی و لە گیانی گەلی بەردەدا و دەرفەتی دەداتێ سەربکەوێ و زاڵ ببێ و درێژە بدا بە کورد کوشتن و دوژمن پاراستن.

* * *

کاک پێکوڵ دەڵێ هاوکاریی قیادە لەگەڵ دەوڵەتی تاران بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد (لە ئێران) لەبەرئەوەیە کە کوردی ئێران داوای وەیان دەکرد، کە دەوڵەت کوردە پەنابەرەکانی عێراق لە ئێران وەدەرینی[٥]. ئەوە بوختانێکی زۆر گەورە و درۆیەکی بێ سەروبنە. هیچ کوردێک و هیچ ڕێکخراوەیێکی کورد و غەیری کورد قەت داوای وەیان نەکردوە، کە کوردە پەنابەرەکانی عێراق (ئاوارەکانی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥) لە ئێران وەدەربندرێن. بەڵام هەرچی کوردی ئێرانە و هەرچی ڕێکخراوەی ئازادیخوازی کورد و غەیری کوردە (بێجگە لە حیزبی دیموکرات)[٦] دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، داوای وەیان کرد کە دەوڵەتی ئیسلامی هاوکاری قیادە نەکات و «ڕابەرانی قیادە» لە ئێران وەدەر بندرێن (کەس زەمانی شای نەیدەتوانی داخوازی وا بکا چونکە قیادە و ساواک وارتش شاهنشاهی پێکەوە بون). ڕێکخراوە سیاسییەکان دەیانزانی کە بارزانی و قیادە (لە ساڵی ١٩٦٣وە تا سەروبەندی ڕوخانی پاشایەتی) هاوکاریی دەوڵەتی شایان کردبو لە دژی خەباتی کوردی ئێران و ئاگایان لێ بو، کە قیادە خۆی گەیاندبوە پاریسێ بۆ خۆفرۆشتن بە خومەینی[٧]. دەستەودەیاری خومەینیش کە گەڕانەوە ئێران و لە تاران لەسەر تەختی «خیلافەت» دانیشتن، دەیانزانی گەلی کورد چەکدار بوە و دەیانزانی کوردستانیان لەگەڵ نییە و کورد هەقی خۆی دەوێ. دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی خودموختاری دەستی بردە داوێنی خزمی گۆشتخۆر - «قیادە» و «علامە» ئەحمەدی موفتی زادە و، تەنانەت بۆ ماوەیێک، شێخ عوثمانی نەقشبەندی و شێخی گەسگەسگ و دەرەبەگەکان. حیزبی دیموکرات ئەو وەختە پشتیوانی قیادەی دەکرد و بۆ ئەوەی ئەو کردەوەی بقەبڵێنێ ئەو بوختانەی سازکرد، کە ڕێکخراوە سیاسییەکان دەیانەوێ کوردی عێراق وەدەربندرێن. بەڵام کوردی ئێران، لەکاتی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥دا، بێ ترسان لە هەڕەشە و گوڕەشەی ساواک، بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە بەرەوپیری کوردە ئاوارەکانی عێراق چون و هەرچی هەیان بو پێشکەشیان کردن و دوایەش دەوڵەت لە ترسی ئەو هاودەنگییە و هاوڕەنگییە



هەرچی کوردی عێراقی بو لە کوردستانی وەدەرنان و ڕایگوێزتنەوە بۆ ناوچەکانی دور لە کوردستان.

ئاوایە کوردپەروەریی کاک پێکوڵ: بوختان کردن بە ٦-٥ ملیۆن کوردی ئێران بۆ ئەوەی پاکانە بۆ کردەوەی تاقمێکی دژی گەل بکا. ئاوایە کوردایەتیی کاک پێکوڵ: ئەگەر کوردی ئێران بیەوێ خەبات لە دژی پاشایەتی بکا، بارزانی حەقی هەیە ڕابەرەکانیان (وەک سولەیمانی موعینی و ئەوانی تر) بکوژێ یان تەحویلی دەوڵەت بداتەوە تا لە کوچە و خەیابانی سابڵاغ و نەغەدە و ئێرە و ئەوێ ژاندارمە ئەتکیان پێ بکەن، بەڵام قیادە کە لە دژی کوردی ئێران و عێراق چەکی هەڵگرت، کوردی ئێران حەقیان نییە دوای سەرەونخونبونی دەوڵەتی شا، لە دەوڵەتی تازەی ئێران داوا بکەن (ڕابەرانی قیادە)وەدەرینێن و نەیانکەنە کوتەکی دەستی خۆیان، قیادە حەقی هەیە جاشەتی بکا و وەپێش «ارتش اسلامی» و «سپاه پاسداران» بکەوێ و شنۆ و پیرانشاریان بۆ بگرێ و بزوتنەوەی خودموختاری سەرکوت بکا، بەڵام کوردی ئێرانێ حەقی نییە بڵێ: بۆ وادەکەن؟ کوا ئەوە کوردپەروەرییە؟ ئاوایە کوردایەتیی کاک پێکوڵ: دەوڵەتی ئیسلامی دەیەوێت داخوازییەکانی گەلی کورد دابین بکا، بەڵام «هێڵی چەپ» نەیدەهێشت چونکە «هێڵی چەپ هیچ چەشنە بیروباوەڕێکی کوردانە و کوردایەتیی لە پێش چاو نەدەگرت». بەڵێ، کوردایەتی کاک پێکوڵ و قیادە و حیزبی دیموکرات لە ناوەڕۆکدا یەکە: لە بەهار و هاوینی ١٩٧٩دا، قیادە جاشەتیی دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد و یەکێتی نیشتمانی لەسەر کوردی ئێرانی دەکردەوە، حیزبی دیموکرات پشتیوانی قیادەی دەکرد و پەڵپ و بیانوی بە یەکێتی نیشتمانی دەگرت و لەسەر بارانەی خڕی نێوزەنگان هەڕەشەی لە یەکێتی دەکرد. ئاوایە کوردایەتی دەرەبەگانە - دەڵێن ئێمە کوردستانی گەورەمان دەوێ و ئەو سنورانە دوژمن دایناوە و دەبێ تێکی بدەین، بەڵام کە هاتە سەر بارانە وەرگرتن ئەو سنورانەی کە کوردستانیان لەت و کوت کردوە دەبنە سنورێکی قانونی و مقدس: یەکێتی نیشتمانی کە چەند ساڵ پێش گەڕانەوەی حیزبی دیموکراتی قاسملو بۆ کوردستان، لەو شاخ و کێوانە خەباتی دەکرد، حەقی نییە لە خڕی ناوزەنگان بارانە وەربگرێ چونکە ئەوان کوردی عێراقین و لەوبەری سنورەوە هاتون! مەبارەکتان بێ ئەو کوردایەتییە!

کاک پێکوڵ بوختانێکی گەورەی تری بە تێکۆشەرانی کورد کردوە. کاک سەلاح بە پیلانی حیزبی دیموکرات کوژرا. کاک سەلاح ئەوەندە هەڵوەدای خەبات بو پێویستی بە پەنابردنە بەر مەی و مەیخانە نەبو. لە سابڵاغ کۆمیتەیێکی لێکۆڵینەوەی کوژرانی کاک سەلاح بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبی دیموکرات و مامۆستا شێخ عیزەددین و کۆمەڵە و دەستەی پێشمەرگەی زەحمەتکێشان پێکهات. نێوی کابرای پیاوکوژیش، کە حیزب دەربازی کردبو، ڕاگەیێندرا. تەنانەت حیزبیش ئەو وەختە نەیتوانی بوختانی وەک کاک پێکوڵ ڕێک بخا (نازانم ئێستە دەیکا یان نا؟).

کاک پێکوڵ و کاک سەیوان دەڵێن ئەوەی خەباتی کردبێ و بۆ کورد تێکۆشابێ نابێ ڕەخنەی لێ بگری و دەبێ قەدر و حورمەتی بگری. جارێ لە پێشدا خەبات کردن و تێکۆشان و خۆبەخت کردن نابێ ببێتە هۆی خۆ بە زل زانین و خۆ هەڵکێشان و منەت فرۆشتن و نابێتە دەلیلی ڕاست بون و ڕەوابونی کردەوەش. سولەیمانی موعینی تێکۆشەر بو، کورد پەروەر بو و نەبەز بو بەڵام ئێوە کوشتتان و دەڵێن دەستمان خۆش. ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە و مام جەلال و عەلی عەسکەری تێکۆشەر و نەترس و ئازا بون و لە ئێوە کوردپەروەرتر بون بەڵام ئەوەندەی پێتان کرا بێحورمەتیتان پێ کردن و عەلی عەسکەریتان لەکاتی هەڵاییساندنەوەی ئاگری ئەو شۆڕشەی کە بە ئاشبەتاڵی ئێوە کوژابۆوە، لە شەڕگەی خەباتی دژی دەوڵەتی بەغدادا کوشت. دەڵێن: بارزانی تێکۆشەر بو حەقت نییە بڵێی کوردی بە ئەمریکا و حەمە ڕەزا شای نۆکەری فرۆشت. پێتان وایە من نازانم بارزانی تێکۆشەر بوە! باش دەزانم بارزانی قەت لینگی لێ ڕانەکێشا بحەسێتەوە و خۆی و بابی لە ڕێگەی کوردایەتیدا تێداچون. ئەگەر بارزانی ئامانجی تێر و تەسەل بونی خۆی با، پێویست نەدەبو ڕێباز و کردەوەی بنرخێنین و ڕەخنەی لێ بگرین. گرینگیی باسەکە لێرەدایە: چۆن کەسێکی خۆی و بنەماڵەی لە ڕێگەی کوردایەتیدا تێدا چون، وا لە میللەتی خۆی دەکا، کە دوژمنی پێی شاگەشکە بێ؟ کە دەڵێم بارزانی لە خەباتدا بەزی و ئەو بەزینەی بەسەر پێشمەرگەدا سەپاند مەبەستم ئەوە نییە بڵێم بارزانی ترسەنۆک بو یان تاقەتی شەڕی نەمابو. ئەگەر بارزانی وابا پێویست نەبو ڕێبازەکەی لێک بدەینەوە و دەرسی لێ وەربگرین. بەزینی بارزانی بەزین لە مەیدانی شەڕدا نەبو، بەزینی سیاسی بو. ڕابەرێکی ئاوا تێکۆشەر، بە دەستی خۆی، بە ڕێبازی خۆی تێکشکا. ڕابەرایەتی شەرت و مەرجی وەهای پێک هێنا (بەستنەوەی شۆڕش بە دوژمن - ئەمریکا و شا- و بێ هێزکردنی شۆڕش بە سەرکوت کردنی مەکتەبی سیاسی و ڕێبازەکەی و بە داسەپاندنی ڕێبازی خێڵەکی بەسەر پارتیدا و......) کە نەیدەتوانی هاواری «ئاش بەتاڵ» نەکا. بەڵێ پێشمەرگە بە فڕ و فێڵ لە سەنگەر دەرکرا. ئەگەر ئێوە پێتان وایە پێشمەرگە بەزی و لە سەنگەر ڕای کرد، ئەوە هەزاران پێشمەرگەی ئەو زەمان ماون و لە چەند کەسیان بپرسن چۆن دەستیان لە چەک و سەنگەر هەڵگرت؟ با بزانین کێ ڕاست دەکا؟

لەو باسانەی کاک سەیوان و کاک پێکوڵ و من کردومانە دەردەکەوێ کە «کوردایەتی» فکرێک و بزوتنەوەیێکی یەکپارچە و یەکوشە و یەکڕەنگ نییە. بە بڕوای من کوردایەتی، چ لە گۆڕەپانی سیاسەت و شەڕدا، چ لە شەڕگەی هونەردا، سێ ڕێچکە و سێ ڕێبازی تێدا وەدەرکەوتوە - ڕێبازی کوردایەتیی دەرەبەگانە، ڕێبازی کوردایەتیی بۆرژوا- دیموکراتی و ڕێبازی کوردایەتیی شۆڕشگێڕانە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سێ ڕێبازە لە تاریخی گەلی کورددا یەک بەدوای یەک پەیدا بون، بەتایبەتێتی باری کوردستان وەها بوە کە پشکوتنی یەکێکیان وێڕای سیسبونی ئەوی تر نەبوە و ئێستە هەرسێکیان ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە بەڵام کوردایەتیی دەرەبەگی ئیمکانی هاوماڵی و هاوخوانی و هاوپەیمانی و هاوتایی و حاوانەوەی لەگەڵ ئەوانی تر نەماوە. حاجی قادری کۆیی هەوەڵ نوێنەر و ئاڵاهەڵگری کوردایەتیی بۆرژوا- دیموکراتی بو و دامەزرانی «کۆمەڵەی ژ. ک.» هەوەڵ لێک هەڵبڕانی ئەو کوردایەتییە، لە کوردایەتی دەرەبەگی (لە باری ڕێکخراوەیی و سیاسی) بو. لێک هەڵبڕانی ١٩٦٤ لە پارتی دیموکرات و بەدوای وی‌دا لێک هەڵبڕانی نێو حیزبی دیموکرات (ساڵانی ٦٨ - ٩٦٤) سەرەتای پشکوتنی کوردایەتیی شۆڕشگێڕانە بو. لە کوردستانی عێراق «مەکتەبی سیاسی» و

کۆمه‌ڵه‌ی ره‌نجده‌ران و له ئێران «کۆمه‌ڵه‌ی شۆرشگێری زه‌حمه‌تکێشانی کوردستان» نوێنه‌ری ئه‌و رێبازه بون. هۆیه‌کانی شه‌ڕی قیاده له دژی یه‌کێتی و شه‌ڕی دیموکرات له دژی کۆمه‌ڵه، ئه‌گه‌ر له چوارچێوه‌ی ئه‌و گۆڕانه مێژوییه‌دا لێک نه‌درێته‌وه، باش رون نابنه‌وه.

ره‌حیمی قازی به کاک فه‌رهاد و به من ده‌ڵێ: «ئه‌وی جنێو و سوکایه‌تی و بوختانه ته‌حویلی بارزانی و کوڕه‌کانی دده‌ی و مێژوی خه‌باتی پارتی دیموکرات ئه‌خه‌یه ژێر پێ». من به‌ش به حاڵی خۆم ئه‌و بوختانه ده‌که‌م، که بارزانی «شۆڕشی» به ئه‌مریکا و ئیسرائیل و حه‌مه‌ره‌زا شای نۆکه‌ریان فرۆشت، ئه‌و بوختانه‌ش ده‌که‌م که بارزانی سوله‌یمانی موعینی کوشت و قیاده له سه‌رکوتکردنی بزوتنه‌وه‌ی رزگاری خوازی گه‌لی کورد له ئێران کوته‌کی ده‌ستی ده‌وڵه‌تی تاران بوه. با مام ره‌حیم ئه‌و بوختانانه به ده‌لیل و به‌ڵگه وه‌درۆیێ بخاته‌وه.

ئه‌گه ره‌حیمی قازی ئه‌و قسانه‌ی نه‌کردبا، ئه‌گه له‌سه‌ر بارزانی و قیاده‌ی نه‌کردباوه (سه‌رباقی ئه‌وه‌ی که له سالانی ١٩٦٠-١٩٧٠. نێوانیان زۆر ناخۆش بوه) سه‌رم سوڕ ده‌ما. پشتیوانیی قازی له بارزانی و قیاده و له «مێژوی پارتی دیموکرات» له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که قیاده ماوه‌ی چه‌ند ساڵه له‌گه‌ڵ حیزبی «شیوعی» عێراق یه‌کی گرتوه. ئه‌گه‌ر بێت و قیاده نێوانی له‌گه‌ڵ حیزبی «شیوعی» تێک بچێ، لێکدانه‌وه‌ی قازی یه‌کدا به دو ده‌گۆڕدرێ و بارزانی و قیاده ده‌کاته دێو و درینج. لێره‌دا ئه‌وه‌ی له گۆڕێدا نه‌بێ گه‌لی کورد و به‌رژه‌وه‌ندی گه‌لی کورده. له شه‌رت و مه‌رجی ئێستادا، قیاده هیچ، ئه‌گه‌ر شه‌یتانی ره‌جیم، سیا و میت و موسادیش، ئاوڕێک له حیزبی «شیوعی» بده‌نه‌وه ده‌بنه فریشته و مه‌لائیکه. به‌ڵام پێمان وا نه‌بێ قازی به هه‌ڵه چوه. قازی حه‌قێتی وای بۆ بچێ. وه‌زعی ناوچه ئاڵۆزاوه و له‌وانه‌یه ده‌وڵه‌تی عێراق تێک بچێ و ره‌نگه عێراق یان کوردستانی عێراق ببێته ئه‌فغانستانێکی تر. ئه‌گه‌ر تاقمێکی بێچه‌ک و بێجه‌ماوه‌ر توانی له ئه‌فغانستان کودێتا بکا، بۆچی حیزبی «شیوعی» عێراق که هه‌م چه‌کی هه‌یه و هه‌م ورده‌جه‌ماوه‌ر نه‌توانێ له‌و هه‌له که‌ڵک وه‌ربگرێ و «عێراقستانێک» پێک بێنێ؟ □

٩٨٨/٢/٩

پەراوێز:

١- پیره‌مێرد ئه‌ده‌بی نه‌نوسراوی کوردی زۆر پێ گرینگ بو و به‌شێکی زۆری له په‌ندی پێشینانی کرده شیعر. هه‌روه‌ها «دوازده سواره‌ی مه‌ریوان» و «مه‌م و زینی» له قالبی په‌خشاندا بلاوکرده‌وه. گۆران تێکۆشانی پیره‌مێردی زۆر پێ باش بو. به‌ڵام ئه‌وه‌ی گۆران کردی پیره‌مێرد پێی نه‌کرا. ئیبراهیم ئه‌حمه‌د له خوڵقاندنی هونه‌ریدا زۆر له گۆران نزیک بو.

2- THE LANGUAGE FACTOR IN NATIONAL DEVELOPMENT: THE STANDARDIZATION OF THE KURDISH LANGUAGE, 1918-1985. PH. D. DISSERTATION, UNIVERSITY OF ILLINOIS AT URBANA- CHAMPAIGN, 1986.

٣- وسو شایه‌ر و هه‌ڵکه‌تی و خرنال سێ به‌یتبێژی پایه‌به‌رزی موکریان بون.

٤- «کۆمه‌ڵه» یان به فارسی «جمعیت» رێکخراوه‌ی سیاسی دیموکراتی بون، که چالاکی سیاسی و فه‌رهه‌نگیی ئاشکرایان ده‌کرد و له به‌هاری ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩) له ته‌واوی شاره‌کانی کوردستان پێک هاتبون. ئه‌ندامانی ئه‌و کۆمه‌ڵانه، ئه‌و تێکۆشه‌رانه بون، که یان ئه‌ندامی هیچ رێکخراوه‌یه‌ک نه‌بون یان پێوه‌ندی رێکخراوه‌ییان هه‌بو. کۆمه‌ڵه‌کان زۆر زو یه‌کیان گرت و پێکه‌وه هاوکارییان ده‌کرد. ئامانجی کۆمه‌ڵه‌کان خه‌بات کردن بۆ خودموختاری و بۆ دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تێکی سه‌ربه‌خۆ و دیموکراتی له ئێران بو. له به‌هار و هاوینی ساڵی ١٣٥٨، ده‌ره‌به‌گه‌کان هێرشیان ده‌برده سه‌ر جوتیاران و له ناوچه‌ی ته‌رگه‌وه‌ڕ و مه‌رگه‌وه‌ڕ چه‌ند هه‌زار جوتیاریان له دێهات وه‌ده‌رنا و ماڵیان ئاور تێبه‌ردان و ئه‌تکیان پێ کردن. کۆمه‌ڵه‌کان یارمه‌تی جوتیارانیان ده‌دا بۆ به‌ربه‌ره‌کانی کردنی هێرشی ده‌ره‌به‌گان، بۆ دامه‌زراندنی یه‌کێتی جوتیاران و بۆ دابه‌شکردنی زه‌وی. حیزبی دیموکرات هه‌ڕه‌شه‌ی له کۆمه‌ڵه‌کان کرد و پێی راگه‌یاندن که حه‌قیان نییه زه‌وی دابه‌ش بکه‌ن و به‌بێ ئیزنی حیزب رێکخراوه‌ی جوتیاران دامه‌زرێنن... دوای هێرشی ده‌وڵه‌تی ئێران له گه‌لاوێژی ١٣٥٨، کۆمه‌ڵه‌کان تێک چون.

٥- کاک پێکوڵ ئه‌وه‌ی له‌بیر چوه بنوسێ "به‌دوای روخانی پاشایه‌تی، قیاده هێرشی خۆی بۆ سه‌ر یه‌کێتی نیشتمانی له‌به‌ر ئه‌وه درێژه پێدا که یه‌کێتی ئه‌وه‌نده کوردپه‌روه‌ر نه‌بو له‌سه‌ر کورده په‌نابه‌ره‌کانی عێراق وه‌جواب بێ و هێرش به‌رێته سه‌ر کوردی ئێران. ئه‌و ده‌روته جاشانه «یه‌کێتی نیشتمانی» ئه‌وه‌نده دژی کورد بون، که له‌جیاتی ئه‌وه‌ی وه‌ک قیاده له خومه‌ینی چه‌ک وه‌رگرن بۆ تۆڵه ئه‌ستاندنه‌وه له کوردی ئێران، هاتن به چه‌کی خۆیان پشتیوانی کوردی ئێرانیان کرد و خۆیان بۆ به‌کوشت دان.

٦- پشتیوانی حیزبی دیموکرات له قیاده له‌به‌رئه‌وه‌ی بو که، حیزب به ته‌نێ نه‌یده‌توانی کۆمه‌ڵه و رێکخراوه شۆڕشگێره‌کانی تر له کوردستان ته‌رت و تونا بکا. حیزب بۆ به‌دیهێنانی ئه‌و ئامانجه ده‌یه‌ویست له قیاده یارمه‌تی وه‌ربگرێ گه‌رچی ناراسته‌وخۆ به ده‌وڵه‌تیشی راده‌گه‌یاند که ئه‌گه‌ر داخوازیه‌کانی حیزب په‌سند بکرێ، رێکخراوه شۆڕشگێره‌کان ده‌توانێ سه‌رکوت بکا.

٧- پێوه‌ندی رابه‌رایه‌تی قیاده به خومه‌ینی (له پاریس) له وتوێژێک‌دا له رۆژنامه‌ی کیهان خرداد یان تیری ١٣٥٨ نوسراوه.



# سێ شۆلاوگه‌ی خوێنین و ئازارێکی پڕ سوێ

کوردۆ عه‌لی

پێشه‌کی:

*رۆژی ١٣ای یولی ١٩٨٩، ئاژانسه‌کانی جیهان به هه‌واڵی تاوانێکی دڕندانه و نامه‌ردانه ئاوس بوون. ئه‌مجاره‌ش تاوانلێکراو، میلله‌ته کۆستکه‌وتووه له‌ت و په‌ت و بێچاره و بێده‌سته‌ڵات و هه‌میشه داپڵۆسراوه‌که بوو. تاوانکاریش دوژمنه دڵڕه‌شه که‌ڵپه‌سووره‌کان بوون. هه‌واڵپێدراوانیش، جه‌نگه‌ڵستانی دونیای جه‌نجاڵ و نه‌وسنی نه‌وت و دۆلار بوو، گوێچکه کپ و گرانه‌کان بوون.*

*دوژمنێکی فێڵباز، ده‌ستێکی دژوێن، جه‌سته‌ی سێ کوردپه‌روه‌ری عاشقی سمی و داخێکی سه‌ختی دیکه‌ی نا به دڵی نه‌ته‌وه کۆستکه‌وتووه‌که‌مانه‌وه. گیانی شه‌یدای دکتۆر ئه‌وره‌حمانی قاسملۆ، دکتۆر فازڵ مه‌لا مه‌حموود، کاکه عه‌ولای قادری ئازه‌ر، به‌ره‌و جیهانی سه‌روه‌ری و پڕشکۆی شه‌هیدانی ئه‌و خاکه له خاچدراوه هه‌ڵفڕین و به کاروانی نه‌مران گه‌یشتن.*

بنه‌مای مه‌سه‌له‌که:

رۆژنامه‌نووسێکی بێگانه جارێک نووسیبووی: «له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌موو نابه‌رابه‌رییه‌ی توانای کورد و دوژمنانیدا، کورد هیچ کات له جه‌نگدا نه‌یدۆڕاندووه، هه‌میشه دۆڕاوی ده‌ستی دیپلۆماسێتی و ناشاره‌زایی سیاسه‌تی خۆیان بوون».

جه‌نگی ئێران و عێراق یه‌کێک بوو له‌و هه‌له زێڕینانه‌ی له مێژووی نه‌ته‌وه‌یه‌کدا، ته‌نها جارێک یا دووجار ده‌ڕه‌خسێن. له مێژووی کورددا، له‌پاش جه‌نگی عوسمانی و سه‌فه‌وییه‌کانه‌وه، ده‌رفه‌تی له‌باری له‌و بابه‌ته نه‌ڕه‌خسیوه. سه‌د مه‌خابن نه‌ک هه‌ر نه‌توانرا وه‌کو پێویست سوودی لێ وه‌ربگیرێت، به‌ڵکه زۆربه‌ی کات و توانای خۆمان بۆ قڕکردنی یه‌کدی و راوه‌کورد و خۆڕه‌تاندن و خۆشه‌که‌تکردن ته‌رخان کرد و خۆمان کرده به‌شێک له‌م داگیرکه‌ر یا ئه‌و داگیرکه‌ر. کاتێکیش ئاوڕمان دایه‌وه و هاتینه‌وه هۆش خۆمان، دیتمان هێنجگار دێری کردووه و خایه و مایه‌مان تێدا چووه و دوژمن ده‌ستی له کرکراگه‌مان گیرکردووه و خه‌ریکین ده‌تاسێن و نووزه‌مان لێ ده‌برێت.

فەلسەفەی «دوژمنی دوژمنم دۆستمە» بۆ کورد لە بنەڕەتدا پووت و نەگونجاو و بن بۆشە، چونکە دوژمنی دوژمنەکەم، دوژمنی باوەکوشتەی خۆشمە و دوژمنی بوون و ژیانمە و هەرکات هەلی بۆ هەڵکەوێت دەست لە دەستی چەپەڵترین دوژمنی دەنێت لە پێناوی تواندنەوە و سەرکوتکردنی من و سڕینەوەی نێو و پێناسەی نەتەوەییمدا. جگەلەوەی ئێمە بەم شل و پەیتی و بێ شیرازەیی و کوت کوتییە، قەت نەمانتوانیوە سوودی تەواو و پڕاوپڕ لەو ناتەبایی‌یەی دوژمنەکانمان وەرگرین و بۆ خزمەتی راستەقینەی مەسەلەکەمان بیقۆزینەوە، بەڵکە ئەو ناتەبایی‌یەی ئەوان هانی داوین پشتێنی لێ بکەینەوە و زێتر خەریکی سەر و پۆتەلاک کوتاندنەوەی خۆمان بین و بکەوینە چەلەحانێ و شەڕەدەنووکی ئەوەی ئاخۆ «هێلکە لە مریشکە یاخود مریشک لە هێلکەیە»؟؟

وا تەمی خەمی دوو هەرەس، باڵی شوومی بەسەر دوو پارچەی کەلەپاچەکراوی خاکە زامدارەکەماندا کێشاوە. بۆ هەرەس دەستبەردارمان نابێت؟ ئایا هەرەس چارەنووسی کوردە و کورد شۆڕش لە پێناوی هەرەسدا دەکات؟ بۆ دەبێت بەختی کورد هەمیشە کورتی بهێنێت؟

نەخێر! مەسەلە هیچ پەیوەندییەکی بە چارەنووس و نێوچاوانەوە نییە، مەسەلە پێوەندییە دیالێکتیکەکەی بوون و ژیانە، «چ بچێنیت ئەوە دەدووریتەوە». باری هۆشمەندی و رادەی رۆشنبیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی کورد بەگشت چین و توێژاڵەکانییەوە، تا لەو حیزب و پارت و کۆڕ و کۆمەڵانە زێتری پێ هەڵناسووڕێت، تا ئەوانەش لە هەرەس زێتریان پێ بەرهەم نایەت.

پاش راگرتنی جەنگ، هەلومەرجی خەباتی چەکدارانە لە هەردوو پارچە داگیرکراوەکەدا بەهۆی هێز و گوڕ پەیداکردنەوە و دڕندەیی داگیرکەرەکان و باری جیۆپۆلیتیکی نێوچەکە و لاوازی و کەمهێزیی کورد و هەڵوێستی وابەستەیی‌یانەوە، هێندە سەخت و دژوار بووە کە دەتوانین بڵێین لە ریزی نەبووانداییە و بەستراوە بە خواست و ئارەزووی ئەم لایەنە یاخود ئەو لایەنەیانەوە و مەسەلەی کات و درێژخایەنی و ئاکامی بڕیارەکەی ٥٩٨ و ئاخۆ رێک دەکەون یاخود شەڕ دەکەنەوە. لەبەرئەوە تەنها سێ هیوا بۆ کورد ماونەوە:

١- رووخاندنی ئەو رژێمانە لەلایەن هێزە بەرهەڵستکارەکانی نێوخۆوە، یاخود لە رێگەی کودەتایەکەوە ، کە ئەمەیان لە هەناوی رژێمی داگیرکەری عێراقدا زێتر شێوای هاتنەدییە و دەتوانین بڵێین تاقە هیوایە.

٢- ئەو دوژمنە کینە لەدڵانە، هەل و دەرفەتی راگرتنی جەنگ بۆ خۆکۆکردنەوە و گوڕدانە خۆ بۆ جەولەیەکی نادیاری دیکە بقۆزنەوە و هەوڵ بدەن نەیارەکانیان، بەتایبەت کورد، لە سەنگەری بەرامبەر بکێشنەوە و جۆرە رێکەوتنێکی کاتییان لەگەڵ سازکەن و باری نێوخۆی وڵاتەکەش کەمێک هێور بکەنەوە. ئەمەیان لە ئێراندا زێتر شێوای هاتنەدییە، بە تایبەت پاش مردنی ئایەتول ئەهریمەن و کۆبوونەوەی دەستەڵات لە دەستی رەفسەنجانیدا، کە دەخوازێت تارایەکی ئاڵ و والاتر بەسەر رژێمە گەندەڵە خوێنخۆرە پیس و نەگریسەکەی ویلایەتی فەقیدا بدات.

٣- پەیداکردنی چارەسەری (نە شیش بسووتێ و نە کەباب)، لە رێگەی پەیوەندیی دیپلۆماسی و راکێشانی سەرنجی رای گشتیی جیهان بەلای مەسەلەکەدا، بەو هیوایەی وڵاتان و دەزگە مرۆدۆستەکان و سیاسەتمەدارانی جیهان بە هەر شێوەیەک بێت ئەو داگیرکەرە خوێنخۆرانە رازی بکەن کە دەست لە تاوانی کوردکوژی هەڵگرن و فشەمافێک بە کورد رەوا ببینن. بەڵام تروسکەی ئەم هیوایەیان هێجگار کزە و وا پێناچێت لە فەرهەنگ و موعادەلە سیاسییەکانی ئەوڕۆدا هیچ جێگەیەکی پێ ببڕێت. چونکە نە بەرژەوەندی نێو دەوڵەتان مەسەلەکە تێدەخوێنێتەوە و بەلایەوە مەبەستە، نە ئەو داگیرکەرانەش ئەوەن کە بتوانن دەست لە تاوان و خوێنڕشتن هەڵگرن و گوێ بۆ ئامۆژگاریی خێرخوازان راهێڵن و هیچ بایەخێک بە یاسا و داب و نەریتی مرۆڤانە و نێودەوڵەتان بدەن.

کەواتە ئەم مەودای مامەڵە تەسک بوونەوەیە لەبەردەم کورددا و ملدان بۆ گەلەک خواستی ئەم داگیرکەر یا ئەو داگیرکەر و بەپیر هەموو عیوێکەوە چوون، تا رادەیەکی زۆر ئاکامێکی راگرتنی جەنگی ئێران و عێراقە، ئاکامێکی لەناکاوی ئاوها کە هیچ لایەنێکی کوردی خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو. هەرچەندە لە مێژ بوو زۆر گێلانە، لەپاڵ داگیرکەران و وڵاتانی بازرگانی چەک و تەکنۆلۆژیای مرۆقڕکەری خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، کردبوویانە دروشم و ئاواتێکی هەرەپێشی خۆیان و بە هیوایان دەخواست، بێ ئەوەی هیچ بیرێک لە سەرئەنجامەکەی بکەنەوە.

کورد، ناچارانە دەبێت جارێکی دیکەش پەنا بەرێتەوە بەر ستراتیژێتی (چی دەبێت با ببێت)، کە لەم حاڵەتەیاندا خۆش باوەڕی و متمانەیە بە رووپێشاندانی ساختەی داگیرکەران، بێ ئەوەی هیچ نەخشە و پلانێکی ئامادەکراوی هەبێت و پەند لە مێژوو وەربگرێت و خۆ لە هەڵەی چەند جارە ببوێرێت. تا ئەم مەرگەساتەی ئەمجارە چێترین و زەقترین نموونەیەتی و دیارە دوا نموونەش نابێت.

گشت هەواڵەکان لەوەدا یەکن کە لە زستانی رابووردووەوە، بە تێکەوتنی کاک جەلال تاڵەبانی، جەمسەری پێوەندییەک بۆ گفتوگۆ و رێککەوتن لە نێوان رژێمی ئێران و پارتی دیموکراتدا گرێ دراوە. بە پێی هەواڵەکان، سەرەتا چەند دانیشتن و پێکگەیشتنێک لە نێوان هەردوولادا سازدراوە، بەبێ ئەوەی بە هیچ سەرئەنجامێکی چاک و دڵخۆشکەر بگەن.

هەرچەندە گفتوگۆ کۆتایی پێهێنراوە، بەڵام ئومێدی رێککەوتن، بەتایبەت لە لایەن کوردەوە هەر لەدەست نەدراوە و هەر چاوەچاوی هەلێکی دیکەبوون. ئەوەی ئەو گوتە و چاوپێکەوتنانە بخوێنێتەوە کە لەم ساڵەی دواییدا لەگەڵ دکتۆر ئەوڕەحمانی قاسملۆدا سازدراون و بڵاوکراونەوە، لای ئاشکرا دەبێت کە پشکی هەرە زۆری ئومێدی سیاسیی خۆی بە گفتوگۆ و رێککەوتنەوە بەستۆتەوە.

بەهەرحاڵ، لە سەرەتای هاوینی ئەمساڵدا هەمدیسان هیوای گفتوگۆ و رێککەوتن دەبووژێتەوە و هەندەک هەواڵی نارەسمی وادەگەیەنن کە ئەمجارەش بە هەوڵ و تێکەوتنی کاک جەلال تاڵەبانی بووە. هەندێکی دیکە وا رادەگەیەنن کە گوایە بە کۆششی دکتۆر فازڵ مەلا مەحموود بووە و لەڕێی ئەو پەیوەندییە دۆستانەیەوە کە لەگەڵ هەندەک کاربەدەستان و بەرپرسیارانی



باڵوێزخانەی ئێراندا هەیبووە، وەکی راسپێردراوێک ناردوویانەتە پاریس و چاوی بە دکتۆر قاسملۆ کەوتووە و لەسەرئەوە رێککەوتوون کە لە ڤیەننا درێژە بە گفتوگۆ بدەن. هەر ئەمیش مشووری جێگەی کۆبوونەوەکە دەخوات و وەک چاودێریکەر و نێوبژیکەرێک لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکات. (بڕوانە گۆڤاری (Profil, Nr.29/17. Juili 1989

## بەشدارانی کۆبوونەوەکە:

جگە لە دکتۆر فازڵ کە چاودێریکەر بووە، دکتۆر ئەوڕەحمانی قاسملۆ و کاک عەولای قادری ئازەر نوێنەری پارتی دیموکرات بوون. نوێنەرانی رژێمی ئێران بریتی بوون لە:

١- محەمەد جەعفەری سەحراروودی (ئەلیاس رەحیمی)، یاریدەدەری فەرماندەی گروهی پانزدەهەمی سوپای پاسداران و سەرکردەی بنکەی عەمەلیاتی رەمەزان و نێوچەی سەقز. نوێنەری تایبەتی خودی هاشمی رەفسەنجانی.

٢- ئەمیر مەنسوور بوزورگیان. ئەفسەری پەیوەندی لە نێوان وەزارەتی ئاسایش و بنکەی عەمەلیاتی رەمەزاندا.

٣- مستەفا حاجی ئەجوەدی، فەرماندەی دەستە پیاوکوژەکانی باڵوێزخانەی ئیسلامی لە ڤیەننا، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییەکانی دەرەوەی وەزارەتی پاسداران.

## چۆنیەتی رووداوەکە:

«کاژێری ١٩.٢٠ لە پڕێکدا دەرگا کرایەوە و دوو یاخود سێ کەس هاتنە ژوورەوە و بێ ئەوەی هیچ بڵێن دەستیان کردە تەقەکردن. من یەکەم گوللەم پێکەوت و ئیدی ئاگام لە دونیا بڕا».

ئەمە گوتەی سەحراروودییە کە لەو رووداوەدا بە زامداری دەسگیرکرا و پاش هاتنەوەسەرخۆ لای پۆلیس ئاوها بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە. سەحراروودی گوللەیەک بەر شەویلەی دەکەوێت، لە ئێرانییەکان تەنها ئەو زامدار بووە. هەر سێ شەهیدە کوردەکە، جگەلەوەی لەشیان بە گوللە سمراوە، سەرو گوللەش نراوە بە کەللەی سەریانەوە.

سەرەتا هەموو نیشانەکانی تاوانەکە لە جێپەنجەی دەزگە نهێنگرە پیاوکوژەکانی رژێمی شەللاتییەکانی بەغدا دەچوو. وا پێدەچوو ئەوان بەو کەین و بەینەیان زانیبێت و دەستی خۆیان وەشاندبێت. دیارە پیلانەکە هەر لە بنەڕەتەوە وا نەخشە کێشراوە کە جەمسەری مەسەلەکان بە شێوەیەکی وا گوم بکەن کە سەرەکانی نەدۆزرێتەوە. بەڵام زامداربوونی سەحراروودی تا رادەیەکی زۆر نەخشەکەی ئاڵۆسکاند و وردە وردە روون بووەوە کە شێلە لە بێلە کەمتر نییە و قومقومۆکەکانی قوم و تاران حەوت بەردیان داوە بە پشتی رێوییە گەڕەکانی عۆجە و تکریتدا.

ئەمیر بوزورگیان کاتێک دەستگیر دەکرێت کە دەگەڕێتەوە سەحراروودی دەرباز بکات. بە گوتەی گەواهێک، زامدارەکە لەسەر شەقامی بەرماڵەکە دەکەوێت، بوزورگیان دەگەڕێتەوە سەری، شتێک لە باخەڵی دەردەهێنێت و دەیبات و دەڕوات. پاشان جارێکی دی دەگەڕێتەوە و پۆلیس دەستگیری دەکات، بە گوتەی خۆی گوایە ئەم ئاگای لە هیچ نییە و چووە سەندەویچێک بخوات، کە دەگەڕێتەوە، سەحراروودیی هاوڕێی، بە زامداری دەبینێت.

## هەڵەی نوێنەرانی کورد:

١- شەهید دکتۆر قاسملۆ وەک سەرکردەی حیزب و بزووتنەوەیەک، وەک کەسێکی خاوەن ئەزموون و تەجرەبە، نەدەبایە بەوە رازی بێت کە لەگەڵ چەند نوێنەرێکی چەقۆکێشی سوپای پاسداران کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەبارەی ماف و خواستی میللەتێکەوە بکات. ئەمە خۆی لە خۆیدا، خۆبەکەم گری و سووککردنی مەسەلەی میللەتێکە. مافی نەتەوەیەک و داخوازیی بزووتنەوەیەک، کەی و چۆن بە پاسدارێکی کۆنە تلیاکی چارەسەردەکرێت؟ دەبایە بە لانی کەمەوە پێی لەسەر ئەوە داگرتبا کە نوێنەری سیاسی و رەسمیی وڵاتەکە ئامادەبن. ئەوەتا هەرسێ نوێنەرەکەی ئێران، ئەفسەر و پیاوکوژ و چەقۆکێشی سوپای پاسدارانن و هیچ پلە و پایەیەکی سیاسییان نییە. وەنەبێت ئەم راستییە سەرەتا لای نوێنەرە کوردەکان نەزانراو بووبێت.

٢- وەک کۆبوونەوە و گفتوگۆکە لە ڤیەننا ساز کرا، دەبایە سوورباناایە لەسەرئەوەی کە بەبەشداریی نوێنەری دەوڵەتێکی دیکە، یاخود بە ئاگاداریی دەزگەیەکی نێونەتەوەیی گفتوگۆ بکەن، تا هەموو دنیا بزانێت و ئاگادار بێت ئەوەی تا ئێستا کورد داوای کردووە کەمترین مافی سەرەتایی مرۆڤە و هیچ داوایەکی ئەوتۆی تێدا نییە کە ئاوها کوردی لەسەر تووڕ بکرێت. جگەلەوە بەو پێیە مەسەلەکە دەگاتە سەر ئاستێکی جیهانی و سەرنجی دەوڵەتان و میللەتان زێتر رادەکێشێت. دەنا هەر دانیشتن و فسکەفسکێکی دووقۆڵی و سێ قۆڵی، قۆڵ بڕین و تەپکەنانەوە و چارە و چارۆچکەی کاتی و نیوە و ناچڵن. میللەتانی دیکە هەر وادەکەن. ئەوە ڤێتنامییەکان لە پاریس بە ئاشکرا و بە ئاگاداریی گشت جیهان، گفتوگۆیان لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکاییدا کرد. ئەوەتا کامبۆجییەکانیش هەر لە پاریس و بە ئاشکرا گفتوگۆ دەکەن و رێککەوتننامە مۆر دەکەن.

٣- نە شەهید دکتۆر قاسملۆ و نە شەهید فازڵ مەلا مەحموود تاقە کەسێکیان نە لە شوێن و کاتی کۆبوونەوەکە و نە لە مەسەلە باسکراوەکان ئاگادار نەکردووە. سەیرە و سەمەرە، سەرکردەی حیزبێک تا ئەو رادەیە متمانە بە دوژمنی خوێنەخۆری خۆی بکات و بەپێی خۆی بچێتە بەردەستی و متمانە و باوەڕی ئەوە بە هەڤاڵان و هاوڕێیانی خۆی نەکات کە بۆ پاراستنی گیانی چاوەدێریی بکەن. تەنها یەک نەفەر، دوور بەدوور چاوەدێری ماڵەکەی کردبا، دەیزانی کێ دێت و کێ دەڕوات و چ روودەدات. ئەز هیچ بە دووری نازانم کە تاوانکارەکان ئەو چاودێرییەیان نەکردبێت و پاش ئەوەی لە ساویلکەیی نوێنەرە کوردەکان دڵنیا بوون ئەوجا گورزی نامەردانەی خۆیان وەشاندووە.

ئەو بەڵگە و پۆزشانەی برایانی دیموکرات دەیهێننەوە، کە گوایە دەبێت شەهید دکتۆر قاسملۆ تەواو هێور کرابێتەوە و گشت گفتێکی پێ درابێت، بۆیە ئاوها بێ پەروا چۆتە بەردەستیان و باوەڕی پێ کردوون و هیچ کەسیشی لە هەڤاڵانی

خۆی ئاگادار نەکردووە، بەداخەوە زۆر دڵخۆشکەر نین و زێتر لەوەی پینەی دەلاقەیەک بن، داماڵینی چارشێون لەسەر هەڵە و پەڵەیەک. دیارە دوژمن بۆ مەرامی چەپەڵی خۆی هەزار وادە و بەڵێنی ساختە دەدات و پاشانیش زەبری خۆی دەوەشێنێت، بەڵام شۆڕشگێڕانی خاوەن تەجرەبە نابێت فریو بخۆن و وا بە ئاسانی بچنە رەهایە. ئایا بێ یەکدی دیتن و پێکگەیشتنی لەوەبەر ئەو وادە و بەڵێنانە دراون؟ دیارە نەخێر! ئەدی کەواتە پێکگەیشتنی لەوەبەر بووە و هیچ یەکێک لە دۆست و هەڤاڵان بایی ئەوە متمانەیان پێ نەکراوە کە ئەو نهێنییانەیان لا بدرکێندرێت!

٤- بەلای کەمەوە دوو رۆژ لەسەریەک، لە هەمان جێگەی باس نەکراو و نەپارێزراو و چاودێری نەکراودا کۆبوونەتەوە. دیارە تاوانکاران سوودی چاکیان لەو دەرفەتە دیتووە و لەبەر رۆشنایی ئەو هەل و بارە گونجاوەدا ئاسانتر پیلانی شووم و نامەردانەی دەست وەشاندن و هەڵهاتنی خۆیان کێشاوە و بە ئەنجامیان گەیاندووە.

٥- شەهید قاسملۆ وەک نوێنەری بزووتنەوەیەک و سەرکردەی حیزبێک، بە رەسمی داوای لە حکومەتی ئوتریش نەکردووە کە پاسەوانی نهێنی و تایبەتی دووبخەن و ژیانی بپارێزن، چونکە بەپێی یاسا ئەو مافەی دەکەوێت. گەر داوای کردبا رەنگە بە نهێنی چاوەدێریی شوێنی کۆبوونەوەکەیان کردبا و ئەو مەرگەساتە رووی نەدابایە.

## بۆ زێتر پێدەچێت ئێران لەپشت ئەو تاوانەوە بێت؟

١- تەنها هەر سێ کوردەکە کوژراون و یەکی گوللەیەکیش نراوە بە کەللەی سەریانەوە، بەڵام سەحراڕوودی بە زامداری خۆی دەگەیەنێتە سەر شەقامەکە. وا پێ دەچێت هیوای ئەوەیان هەبووبێت بە زوویی دەری بکەن و بیشارنەوە و جێپەنجەی تاوان بسڕنەوە. دوور نییە زامداربوونی سەحراڕوودی لە ئاکامی پەلەقاژە و چنگەڕنینی شەهیدە کوردەکانەوە رووی نەدابێت، چونکە پۆلیس رۆژنامەکانیان لەوە ئاگادار کردبوو کە ماڵەکە هێجگار شێواوە و واپێدەچێت شەڕێکی سەختی تێدا روودابێت.

٢- سەحراڕوودی لە یەکەم هاتنەگۆیدا دەڵێت: لە کاتی تەقەکاندا مستەفا حاجی لە ژوورەکەدا و بوزورگیان لە راڕەوەکەدا بووە. بەڵام بوزورگیان دەڵێت گوایە لەوێ نەبووە و چووە سەندەویچ بخوات. لەو شوێنەی گوایە نانی لێ خواردووە هیچ کەسێک، هەتا کارکەرەکانیش نەیاندیتووە.

٣- هەر لە یەکەم رۆژەوە، (لانەی پیاوکوژیی ئێران)، مستەفا حاجیی شاردۆتەوە و وا رادەگەیەنن کە گوایە ئەوانیش نازانن چی بەسەرهاتووە! نەک هەر ئەوە، بەڵکە لە سەرەتادا سوورن لەسەرئەوەی کە ئەوان مستەفا حاجی ناناسن، هەرچەندە دەزانن بە کارێکی تایبەت هاتووەتە ڤیەننا، بەڵام ئەمان هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ نەبووە. (بڕوانە رۆژنامەی Kurier 18. Juli 1989). ئەگەر ئەو یەکێک لە تاوانکارەکان نەبایە ئەوا هەر لە سەرەتاوە خۆی نەدەشاردەوە و دەچووە کن پۆلیس و ئەو زانیارییانەی پەیوەندی بەوەوە هەبایە بە پۆلیسی دەدا. خۆشاردنەوەی مستەفا حاجی دەشێت دوو هۆی گرنگی هەبێت:

ئا- دوور نییە لە ئاکامی پەلەقاژێی نێوان مەرگ و ژیانی شەهیدە کوردەکاندا، جێ چرنووکێک، زامێک لەسەر لەشی نەنەخشابێت. چونکە دەنگێکی وا هەبوو، کە گوایە پرزۆڵەی پێستی کەسێک لەژێر نینۆکەکانی شەهید دکتۆر فازڵدا دۆزراوەتەوە.

ب- بۆ ئەوەی بە گومبوونی ئەو، گومانی ئەوە بڕسکێنن کە دوور نییە ئەو نەیکردبێت، بەڵام بۆ رژێمی ئێران نا، بەڵکە بۆ نەیار و دوژمنەکانی و پاشانیش بۆ لای ئەوانە هەڵهاتووە. چونکە کە لە کوژراوەکاندا نەبێت دەبێت هەڵهاتبێت. کە ئەوان نەزانن چیی بەسەر هاتووە، دەبێت بۆ لایێکی دیکە هەڵهاتبێت. خۆ ناشێت پیاوکوژەکان تەنها ئەویان پێشدابێت و رفاندبێتیان و لە شارێکی وەک ڤیەننادا سەرنگومیان کردبێت.

بۆ نموونە ئەوەتا ئێران پەنجە بۆ رۆژنامەیەکی رۆژی ١٩ی مایسی ١٩٨٩ی موجاهیدین رادەکێشێت و بە دەوڵەتی ئوتریشی راگەیاندووە، گوایە موجاهیدین لەو رۆژنامەیەدا هەڕەشە دەکات «هەر کوردێک لەگەڵ ئێران گفتوگۆ بکات بە سزای خۆی دەگات». رێکخراوی موجاهیدین بە توندی ئەو تاوانە بە درۆ دەخاتەوە و دەڵێت ئێران خۆی تاوانکارە و بە ئارەزووی خۆیان گوتارەکەیان ئاوەژوو بۆ کارەساتی ئوتریش تەرجەمە کردووە. (بڕوانە رۆژنامەی Kurier, 22August1989) جگەلەوە، لەو دەمەوە کە پۆلیسی ترسەنۆکی ئوتریش، بوزورگیانی بەرهەڵدا کردووە، (لانەی پیاوکوژیی ئێران) پەنای داوە و بۆ لێکۆڵینەوە و پرسیاریش تەسلیمی پۆلیسی ناکاتەوە.

رەفسەنجانی-یش هەر لە سەرەتا و گەرماوگەرمی مەسەلەکەدا، لە دیدەنییەکی کاک جەلال تاڵەبانیدا، وای راگەیاندبوو کە بە دووری نازانێت ئێرانییەکان لە پشتی ئەو تاوانەوە نەبن. بەڵام گوایە پیلانەکە بە پلەی یەکەم دژی خواست و نەخشە و پلانی ئەوە و لە ئاستی بێدەنگ نابێت و بە دوویدا دەچێت.

٤- هەردوو دەمانچەکە و دەنگپۆشەکانیان، رەشاشێکی ئۆزی و دوو کلیلی ماتۆڕێکی سوزوکی و قەباڵەی ماتۆڕەکە و ئاوێنەیەکی شکاوی، پێکەوە دۆزراونەوە. ژمارەی کارخانەی سەر چەکەکان کرێندراون و هیچیان بەسەرەوە نەماوە و ناخوێندرێنەوە. تەقەکان بە دەمانچەکان کراون. ماتۆڕەکە لە مانگی ژانیوەردا کڕراوە و تا ئێستا وونە و لای پۆلیس نێونووس نەکراوە. فرۆشیاری ماتۆڕەکە، سەحراڕوودیی ناسیوەتەوە و گوتوویە ئا ئەمە ماتۆڕەکەی لێکڕیوم.

(بڕوانە رۆژنامەی Die Presse, Wine, 27 Juli 1989 )

دەمانچەکان یەکێکیان (لامە)یە. لە ١٢ی یولی ١٩٨٧دا رێبەری پارتی تۆفان، رەزا حەمید چیتگەر، کە خۆی لە فەرەنسا دادەنیشێت، لە ڤیەننا، بە کوژراوی لە ماڵێکدا دۆزرایەوە، ئەویش بە دەمانچەیەکی لەو بابەتە کوژراوە و هەر ئەودەمە دەنگ وابوو کە رژێمی ئێران فاقەی بۆ ناوەتەوە و کوشتوویە.

٥- نە دەرگەی دەرەوەی خانووەکە و نە دەرگەی ئەو ماڵەی کۆبوونەوەی تێداکراوە هیچ نیشانەیەکی شکاندن و بەزۆرکردنەوەیان پێوەدیار نییە. مانای وایە تاوانەکە یا ئەوانەی لەوێ بوون کردوویانە، یاخود یەکێک لەوانە دەرگەی بۆ کردوونەوە. ئەگەر وەک بوزورگیان خۆی دەڵێت ئەو چووبێتە نانخواردن و وەک پۆلیس پاشان ئاشکرای کرد کە دەرگەی دەرەوەی خانووەکە پارچەلاستیکێکی دراوەتە بەر تا دانەخرێت، مانای وایە ئەو رێگەی هاتنەژوورەوەی بۆ دەستەیەکی دیکە خۆش کردووە.

ئەگەر وەک سەحراڕوودی هەر لە سەرەتاوە گوتوویە، بوزورگیان لە دالانی ئەو ماڵەدا بووبێت کە کۆبوونەوەکەی تێدا کراوە، مانای ئەوەیە ئەو دەرگەکەی کردۆتەوە، بەتایبەت چونکە دەرگەی دەرەوەی خانووەکە بە دوگمەیەکی کارەبایی دەکرێتەوە کە لە راڕەوی ماڵەکەدایە. ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر تاوانەکە هەر لە ئەسڵدا سێ قۆڵی پێی هەڵنەستابن، بێ ئەوەی کەسی دیکە تێیدا بەشدار بووبێت.

٦- ناکۆکییەکی تەواو لە نێوان گوتەکانی سەحراڕوودی و بوزورگیاندا هەیە. ئەوە دەری دەخات کە هەردووکیان، یاخود بەلانی کەمەوە یەکێکیان درۆ دەکەن. بە گوتەی سەحراڕوودی کە زێتر رێی تێ دەچێت، بوزورگیان لە راڕەوەکە و مستەفا حاجی لەگەڵ ئەواندا لەو ژوورەدا بووە کە کۆبوونەوەکەی تێدا کراوە. سەحراڕوودی رادەگەیەنێت کە پاش زامداربوونی لەهۆش خۆ دەچێت، کاتێک دێتەوە سەرخۆ دەبینێت هەرسێ کوردەکە کوژراون. لە مستەفا حاجی و بوزورگیان دەپاڕێتەوە کۆمەکی پێ بکەن و دەری بکەن، بەڵام ئەوان جێی دەهێڵن. هەتا یەکەمین جار فەرمانی گرتنی بوزورگیان بەپێی ئەو پەرەگرافە یاسایی‌یەی ئوتریش بوو، کە گوایە کەمتەرخەمی لە کۆمەککردنی زامدارێکدا نواندووە. بە گوتەی بوزورگیان، مستەفا حاجی زووتر رۆیشتووە و ئەویش خۆی چووە بۆ نانخواردن.

٧- پاش ئەو تاوانە، رژێمی ئێران هیچ نیازێکی چاکەی خۆی بەرامبەر کێشەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا نیشان نەداوە. لە بڵاوکراوە رەسمییەکاندا باسی گفتوگۆ و رێککەوتن ناکات، بەڵکە وا رادەگەیەنێت کە قاسملۆ پەنای هێناوە و ویستوویە گوایە تەسلیم بێتەوە. ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوەی کە ئێران هەر لە سەرەتاوە بە نیازی پەیداکردنی چارەسەرێک نەهاتۆتە پێش، دەنا کێشەی کورد کێشەی قاسملۆ یا کەسێکی دی نییە، بەڵکە کێشەی زۆرلێکراوترین و چەوساوەترین و بێپشت و پەناترین میللەتی ئەم تۆپی زەوییەیە، داواکانیشی هێجگار سەرەتایی و رەوان و تاوانە ئەو مافە سادانەی لێ زەوت بکرێت.

## دەوری بێشەرمانەی ئوتریش و قەواڵە بە گەواڵەکردنی مەسەلەکە:

ئەو بەڵگانەی پێشتر پێشچاومان خستن، تا رادەیەکی هێجگار زۆر، ئەوە دەردەخەن کە تاوانەکە چۆن بووە و چۆن کراوە و گومان لەکێ دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی بێ ئابڕووی ئوتریش و پۆلیسی ترسەنۆکی وڵاتەکە، چ لەبەر بەرژەوەندی ئابووریی خۆیان و چ لە ترسی هەڕەشەی رژێمی تاوان و تیرۆریستی ئێران، زۆر بە ئاسانی تاوانکارەکانیان بەرهەڵدا کرد و لێفەیەکیان بەسەر مەسەلەکەدا دا.

بوزورگیان دەگیرێت و بەپێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە گومانی لێ دەکرێت:

١- یەکێک بووە لەو کەسانەی لەو کۆبوونەوانەدا بەشداریی کردووە و ئاشکرا نییە کەی شوێنی رووداوەکەی بەجێهێشتووە.

٢- بەپێی گوتەی سەحراڕوودی، هەتا کاتی تەقەکانیش ئەو لە دالانی ئەو ماڵەدا بووە کە کۆبوونەوەکەی تێدا کراوە. جا یا دەبێت خۆی لە تەقەکردنەکەدا بەشدار بووبێت، یاخود ئەو فرسەتی هێنابێت و دەرگەی بۆ پیاوکوژەکان کردبێتەوە.

٣- ئەگەر بە گوتەی خۆی باوەڕ بکەین کە لەوێ نەبووە و چووە بۆ نانخواردن، کە کەمتر رێی تێدەچێت یەکێک لە ئەندامانی وەفدە وتووێژکەرەکە، لە گەرمەی کۆبوونەوەدا، برسێتی زێفی لێ بستێنێت و بچێت بۆ نانخواردن! ئەوەش پێشچاو بگرین کە پۆلیس گوتوویە: پارچە لاستیکێک دراوەتە بەردەرگەی دەرەوە تا دانەخرێت، یانی بۆ ئەوەی پیاوکوژەکان بێ خشپە خۆی پێدا بکەن، مانای وایە تاقە گومانلێکراو بوزورگیانە.

٤- یەکەم گەواهێک کە سەحراڕوودیی بە زامداری دیتووە، گوتوویە بوزورگیان یەکەمجار هاتۆتە سەر سەحراڕوودی و شتێکی لە باخەڵی دەرهێناوە و رۆیشتووە. پاشان گەڕاوەتەوە سەری و گوتوویە ئەمە هاوڕێی منە.

٥- یەکەمجار لای پۆلیس خۆی بە کورد لە قەڵەم داوە.

٦- لەو شوێنەی گوایە نانی لێ خواردووە، هیچ یەکێک لەوانەی لەوێ بوون، نایەتە بیریان بیچمی ئاوهایان دیتبێت.

ئایا ئەم هەموو بەڵگانە و گەلەک زانیاریی زێتر کە پۆلیس دەیزانن و ئێمە لێی بێ ئاگاین، بەشی هێندە ناکەن گومان لە بوزورگیان بکرێت و بە دەستبەسەری بیهێڵنەوە. پۆلیس بڕوبیانووی ئەوەیە کە دادیار فەرمانی گرتنی دەرنەکردووە، بەو بیانووەی گوایە بەڵگەی گومانلێکردنی کزن. بەڵام بەپێی یاسا، پۆلیس خۆی، بێ بڕیاری دادیار، مافی ئەوەی هەیە هەر کەسێک لە تاوانێکدا گومانی لێبکرێت، تا ٤٨ کاژێر بەندی بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە پۆلیس دان بەوەدا دەنێت کە گومانی لە بوزورگیان کردووە و داوای فەرمانی گرتنی لە دادیاری گشتی کردووە، ٤٨ کاژێر نەیهێشتۆتەوە و ئازادی کردووە. دادیاری گشتییش کاتێک فەرمانی گرتنی دەردەکات، کە ئەو خۆی لە (لانەی پیاوکوژی) قایم کردووە. Löschnak، وەزیرە گێلەکەی نێوخۆ، پاش نێرە بیدۆشەیەکی زۆر، پێی لەو تاوانە نا و بە هەڵەی لە قەڵەم دا و هەڵەکەشی بە ملی خەڵکی دیکەدا دەسوو. سەحراڕوودی، زۆر بەڕێزەوە و بە یاساوڵەوە، نەبا خودا نەکردە دەست بکێشنە گیانی و مەلایان بئاڵۆزێن، تا فرۆکەخانە بەڕێکرا و بۆ تاران نێردرایەوە. هەرچەندە بەپێی ئەم بەڵگانە گومان لەویش دەکرێت:

١- لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووە و تێیدا زامار بووە.

٢- ئەگەر بوزورگیان راست بکات، ئەوا یانی ئەم درۆ دەکات و زۆر راستیی لە پۆلیس و دادگا شاردۆتەوە و بەپێی یاسا ئەوە تاوانە و فریودانی دەزگەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایە و دەبێت سزا بدرێت.

٣- قەباڵە و کلیلی ئەو ماتۆڕەی پێی هەڵهاتوون، لەگەڵ چەکەکاندا دۆزراونەتەوە و ماتۆڕفرۆش ناسیوێتیەوە و رەپ و رەوان گوتوویە: بەڵێ ئا ئەمە ماتۆڕەکەی لێ کڕیوم.

٤- ئەمیش سەرەتا درۆی لەگەڵ پۆلیس کردووە و خۆی بە کورد لەقەڵەم داوە.

ئەو دەمەی سەحراڕوودی گەیشتەوە تاران و کار لە کار ترازا، ئەوجا دادگای هەقپەرستی ئوتریش فەرمانی گرتنی دەرکرد!

با بزانین کاربەدەستێکی بێ ئاگای پۆلیس لەبەردەم ڕۆژنامەی Die Presse دا لەو بارەوە چی دەڵێت: «بوزورگیان پاش تاوانەکە دەگیرێت، پاشان بەرهەڵدا دەکرێت و هەمدیسان ڕۆژی یەکشەممە فەرمانی گرتنی دەردەچێتەوە. من سەر لەم حسێبە دەرناکەم، گەر لە چاپخانەیەکدا شەڕە چەقۆیەک ڕوویدات، ئەوا هەرچی لەوێ بوون دەگیرێن و هەتا بێتاوانییان ئیسپات نەبێت ئازاد ناکرێن».

بەپێی بۆچوونی ڕۆژنامەکان، ئوتریش نەیخواست پەرژەوەندیی ئابووریی خۆی لەگەڵ ئێراندا، لەسەر دوو کوردی کوژراو، تێک بدات. لە هەڕەشەی ئێران ترسان کە بە دەردی ئەمریکا و فەرەنسایان ببات و لە ئێران و لوبنان و هەر شوێنێکی دیکەدا کە پەنجەی تیرۆریستی و تاوانیان بیگاتێ، زەبریان لێ بوەشێنن. با چاوێک بە ڕۆژنامەکانی وڵاتەکەدا بخشێنین و بزانین ئەو کەمە دەنگە بەحورمەت و بە ویژدانەی ماون لەو بارەوە چ دەڵێن:

خاتوو Sissy Danninger لە ڕۆژنامەی Standart ی ١٩٨٩/٧/٢٦دا دەنووسێت: «دیارە تاوانێکی تیرۆریستانەی خوێنڕێژانەی لەم بابەتە، هێندەی تاوانی دزییەک حیسێبی بۆ ناکرێت، گەر تاوانلێکراو کورد بێت، (با هاونیشتمانیی ئەم وڵاتەش بێت)، تاوانکارانیش بەکرێگیراوانی وڵاتێک بن کە پەردەهەڵماڵین لەسەر تاوانەکە بەرژەوەندیی ئابووری بخاتە غەرغەرەوە. با هاونیشتمانیانی ئەم وڵاتە و بەرۆکگرانی قوربانییەکەش ئەو ڕاستییە بزانن. کەس سەری سوڕ نەمێنێت لەو هەڵوێستە میهرەبانانەیە دەوڵەت بەرامبەر پیاوکوژەکان و دنەدەرەکانیان، ئەمە بانگڕاهێشتن و داوەتکردنە بۆ هەڵستان بە تاوانی دیکەی لەو بابەتە».

ڕۆژنامەی Arbeiter Zeitung لەو بارەوە دەنووسێت: «ئا ئەم بەچۆکداهاتنەی ئوتریش لەبەردەم کۆماری ئیسلامیدا، جارێ ئوتریش لە بوغز و کینەی مەلایان دەپارێزێت، بەڵام هەمان کات تێنشیان دەگەیەنێت کە ئوتریش چێترین جێگەیە بۆ پیاوکوژی».

کارەساتەکە ئاوهایە و هەڵوێستی بێ ئابڕووانە و بێ شەرمانەی وڵاتێکی بەنێو بێلایەنی وەکی ئوتریشیش ئەئاوها بوو، تەواوکەری تاوانە نامەردانەکەی تاران بوو. بەڵام میللەتێک، دەوڵەتێک کە کۆنە نازییەکی وەکی ڤالدهایم بە سەروەر و ڕێبەر و سەرداری خۆی هەڵبژێرێت، ئیدی مرۆ دەبێت چاوەڕوانی چ هەڵوێستێکی شەرەفمەندانەی لێ بکات؟ دەوڵەتێک کە لە گەرمەی جەنگدا، لە پێناوی مشتێک پووڵدا، بە خەروار چەک و هەتا کەرەسە و تفاقی دروستکردنی چەکی کیمیاییش، بۆ هەردوو وڵاتە شەڕهەڵگیرسێنە خۆتڕێنەکە بەرێ بخات، دەبێت چ ئومێدێکی خێری لێ بکرێت؟ ئەمە یاسای ژیانی سەرشۆڕانەی ئەم وڵاتە و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات و خۆرئاوایە، زمانی حاڵیان دەڵێت: «با لەوێ ڕۆژی هەزاران نەفەر بمرن، تەنها بەو مەرجەی لێرە چوار بەراز بێ بژێو نەبن». □

سالزبورگ. ١٩٨٩/٩/٢

سەرنج: بۆ نووسینی ئەم گوتارە سوود لە هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە ئوتریشی و ئاڵمانییانە وەرگیراوە، کە لە ٩٨٩/٧/١٤وە دەرچوون و گوتار و ڕیپۆرتاژ و هەواڵیان لەبارەی ئەو تاوانەوە بڵاوکردۆتەوە.

## نامەیەکی چاو بە فرمێسک

حەمەسەعید حەسەن

I

هەزاران میل
لە کوردستانەوە دوورم، گەر بزانم
بە گەڕانەوەم ئاژاکێ
گوڵاڵەی ڕووخساری سوورم
بە پێی پەتی
دەس لە ملی
یاری ڕێگا دەئاڵێنم
تاکوو شاری شارەزوورم.

II

بۆ ئامێزی گەرموگوڕی
دایک ئاسای سلەیمانی،
بۆ دیداری شاری شەلاڵی خوێناوم
وەختە کوێر بن هەردوو چاوم
هاکا بەدەم هەنیسکەوە
کەوتە بەرپێنم
سەری کاسی هەڵکەنراوم

III

وەک دایکی تاقانە کوژراو،
گوێم لە قرچەی جەرگی خۆمە
بۆ بازێڕی
لەناو گەردەلوولی گازا
تاسێنراوم.
وەکوو مەلی بێچوو براو،
خەریکە شێت و هار دەبم
بۆ هێلانەی تێکدراوم.
بە خوڕ دەگریم
شەستە بارانی فرمێسکم
تاوێکیش خۆش ناکاتەوە
بۆ میللەتی ڕاونراوم.
بۆ میللەتی،
لە چوارچێوەی
تەلبەندی مردن گیراوم.
بۆ میللەتی،
(بە بەرچاوی زەقی هەموو جیهانەوە)
وەکوو ڕەوە کوللە قەلاچۆکراوم.

١٩ی حوزەیران ١٩٨٩



# چیرۆکی کوردەواری

سیامەند شێخ ئاغایی: گەلاز: کورتە چیرۆک.
بەرهەمی ساڵانی١٩٨٣–١٩٨٧، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارارات، سوێد ١٩٨٩، ١٦٦ لاپەڕە.

ئامانج شاکەلی

## گەلاز

یازدە کورتە چیرۆکی گەپجاڕیی کاک سیامەندی شێخ ئاغاییە لە ١٦٦ لاپەڕەی قەوارە ناوەندی و بەرگێکی جواندا لە چاپخانەی ئارارات لە سوێد چاپکراوە. نووسینی بەرهەمی گەپجاڕی کارێکی هەروا سادە و هاسان نییە. نووسەری «گەلاز»یش بۆخۆی دەرکی بەم ڕاستییە کردووە و لە پێشەکیی کتێبەکەیدا نووسیویە:

«بواری تەنزنووسی هەروا کارێکی ئاسان نیە. تەنزنووس بە زەحمەتێکی زۆر دەتوانێ تاڵی و سوێرییەکانی ژیانی ئادەمیزاد پێکەوە تێکەڵ کا و لە ئاکامدا بەرهەمێکی بەتام تەحویلی خوێنەرانی بدا» –گەلاز ل٦.–

تاڵی و سوێری و نەهامەتی تا خوا حەزکا لە ژیانی کوردەواریدا زۆرن و سەروزیادن. دەربەدەری و ماڵوێرانی، کوشتن و بڕینی بێ سەروبەر، کۆت و زیندان، لە سێدارەدان و ئەشکەنجە و هەزاران نەهامەتی و کۆستی سەیر و سەمەرە وەکو پەڵەی کرێت و دزێو ژیانی گەلەکەمانی داپۆشیوە.

ئەگەر لە خۆشی و شادیش دەپرسی لە سایەی سەری دوژمنە کارامە و خوێنمژەکانمانەوە، وەک جنۆکەی بیسمیللا لێکراو، کورد لە کوێ هەبێ حەوت فرسەخی لێوە دوورن و بۆ دەرمانیش لە هیچ قوژبنێکی کوردستاندا وەگیر ناکەون. بەڵام دەردی عەرەب گوتەنی (شر البلية ما يضحك) واتە (خراپترین نەهامەتی ئەوەیە مرۆ بهێنێتە پێکەنین). بۆیە بەم پێ و دانگەش نووسەری بە توانا و هەڵکەوتوو دەتوانێ بەرهەمی گەپجاڕیی لەبار لەو نەهامەتییانەی گەلەکەمان وەدەست بێنێ. ئەوجا با بزانین کاک سیامەند چۆنی بۆ چووە و تا چ ڕادەیەک توانیویەتی بەرپەشی دەرد و بەڵا دوایی نەهاتووەکانمان پێ بکەنێ.

چیرۆکەکانی (نەم ناسیوە) و (سەفەر بۆ وڵاتی هەمیشە بەهار) سەبارەت بە ژیانی ژێردەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکەری کوردستان دەدوێن. چیرۆکەکانی (خاڵە)، (سەفەر بە خەرجی خۆم)، (پۆتینی سوور)، (گەلاز)، (جودایی)، (بایەگانی) لەنێو جەرگەی ژیانی شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا نووسراون و دەکرێ بڵێین بۆ یەکەمجارە چیرۆکنووسێکی کورد چیرۆکی گەپجاری لەبارەی ژیانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بنووسێ. هەردوو چیرۆکی (فاڵگر) و (ویژدانت بێ) کۆمەڵایەتین و دەکرێ بە حسێبی هەموو ناوچەیەکی کوردستانیان بقەبڵێنین.

چیرۆکی (تۆبەی گورگ مەرگە) بە تەواوەتی فۆلکلۆرییە و لە زۆر ناوچەی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر گوتراون و کاک سیامەند هەندێ دەستکاریی کردووە. بەڵام نەمزانی چۆن دوور و نزیک دیاردی بۆ ئەوە نەکردووە!.

لێکدانەوە و تاوتووکردن و هەڵسەنگاندنی یەکە بەیەکەی چیرۆکەکان درێژدادڕی و سەریەشەی فرەی گەرەکە، بۆیە تەنها بە شێوەیەکی گشتی سەرنج و تێبینییەکانم سەبارەت بە لایەنە گشتییەکانی چیرۆکەکان دەخەمە بەردەستی خوێنەران.

پاڵەوانەکانی «گەلاز» کەسانێکی نامۆ و نەناسراو نین و بە زمانێکی سەخت و ڕەق و داتاشراو نادوێن. قسەکانیان زۆر بە دڵەوە دەنووسێن و مرۆ لێیان تێدەگا. کاک سیامەند وەستایانە ئاکار و زمانی پاڵەوانەکانی پێکەوە گرێ داوە و خوێنەریان پێ ئاشنا دەکا. نووسەری سەرکەوتوو کەسێکە بە زۆر ڕاوێژ و گفتوگۆ بەسەر پاڵەوانەکانیدا نەسەپێنێ و لە زمانیان شارەزا بێ، ئاسنگەر وەک جووتیار قسە نەکات و قازی وەک پیرێژن پرتە و بۆڵە نەکات.

مام حاجی، لە چیرۆکی (سەفەر بە خەرجی خۆم)دا دەڵێ:

– کورە، بەرخی بابم، چۆن هەریەکە کتێبە شڕەیەکتان خوێندۆتەوە، پێتان وایە هەموو شتێک دەزانن؟ نەخێر وانییە! پڕ مودەعان و مودەعاتان قەت کۆتایی نایە... –گەلاز ل ٥٣–

مرۆ کە ئەم وشانە دەخوێنێتەوە یەکسەر مام حاجییەکی دڵپاکی کارامەی نێو شۆڕش و مەینەتیی دێتە پێش چاو کە خۆشی بە قسەی زلی بێ کرداردا نایێ. یاخود لە چیرۆکی (فاڵگر)دا خاڵە پیرۆزت دەڵێ: – ئەو ژنەتیوەی من ڕاست دەکا! ئای پیری ماڵت وێران بێ، پیاو هۆشیشی نامێنێ. گەلاز ل ٧١

یان لە چیرۆکی (ویژدانت بێ)دا:

– بابم «ڕەسوو»! دەردی من هەرچی هەیە لەم ئەشعەدایە! سەرم سووڕماوە، ئەو هەموو پەڵە ڕەش و سپیانە چ نیشان دەدەن؟ وا دیارە دەردەکەم کارییە؟ –گەلاز ل ٩٣–

ئەمانە و گەلێ نموونەی دی کە لە وتووێژی پاڵەوانەکانی گەلاژدا دەردەکەون، نیشانەی شارەزایی کاک سیامەندە لە ناسینی کۆمەڵگای کوردەواریدا. ئاشکرایە نووسەر چەندە لە بارەی ژیان و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاوە شارەزا بێ، بەو ئەندازەیە لە بەرهەمهێنانی نووسینی ئەدەبیدا سەرکەوتوو دەبێ و بەرهەمی لەبار و بە دڵەوە نووساو پێشکەش دەکا. دیارە ئەوەش تەنها لە ڕێگەی تێکەڵاوی و هەڵس و کەوتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا دەبێ، ئەگینا نووسەرێک هەرگیز چاوی بە گوند و دێهات نەکەوتبێ لەکوێ دەتوانێ دەربارەی شوان و گاوان و کێشە و گاهۆڵەوە بنووسێ؟! نووسەری (گەلاژ) قسەی بە تونکڵ و خنجیلانەی لە داڕشتنی چیرۆکەکانیدا بەکار هێناوە. ئەمە بۆ هەموو تەرزە نووسینێک بەتایبەت بابەتی گەپجاڕی کارێکی پێویستە، چونکە مەرج نییە تەنها بە هەڵبژاردنی بابەتێکی گەپجاڕی بتوانرێ چیرۆکێکی گەپجاڕیی سەرکەوتوو بنووسرێ، بەڵکو دەبێ «دەربڕین و دەمەتەقێ و وێنەگرتنی سەرجەمی دیمەنەکان لە قاڵبێکی گەپجاڕیدا بن»، لە چیرۆکەکانی گەلاژدا ئەم دیاردەیە بە جوانی دەردەکەوێ.

«- ئەگەر خێزانم هەر رووی گرژ بکا، ژنی بەسەر دێنم و لە قاتی سەرێی دادەنێم.» -گەلاژ ل ١٥-

(وەک «کوێخا هۆمەری قەلەڕەشێ» کە سەبیلەکەی بەبەری دەستی دەئاخنی و بە نوێنەری نیزامیی دەگوت: - «ئێمەش تانک و تۆپمان بۆ دێ») -گەلاژ ل ٢٤-

پێم وایە ئەم خەسڵەتە، واتە «ناسین و شارەزایی لە زمان و هەڵس و کەوتی کەسانی نێو بابەتی ئەدەبی» بەردی بناغەی پتەوی و ڕێکوپێکیی ئەو بەرهەمەیە. چونکە خوێندنەوەی شیعر، چیرۆک، ڕۆمان یان هەر بابەتێکی ئەدەبی دی، وەکو تەماشاکردنی فیلمی سینەمایی نییە کە بتوانین بە هۆی دەنگ و ڕەنگەوە پاڵەوانەکان بناسین، نووسەر تەنها بەهۆی دیاریکردنی هەڵس و کەوت و گفتوگۆوە دەتوانێ کەسانی نێو بەرهەمەکەی بە خوێنەر بناسێنێ.

لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا کاک سیامەند تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتووە و توانیویەتی لە کۆمەڵە ڕووداوێکی ڕۆژانە بناغەی چیرۆکەکانی دابڕێژێ.

زیندان و گرتووخانە، باری ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا، گاڵتە و گەپی نێو بنکە و بارەگای پێشمەرگە، گەڕەلاوژێنی ژووری مزگەوت، فیز زلی و لەخۆبایی بوونی هەندێ فەرماندە و لێپرسراوی شۆڕش، کادری قسە زل و لە تەڕی خۆر و لە وشکی نووستوو... هتد. هەموو ئەمانە ڕووداوی ڕۆژانە و ئاسایین و لە گۆشە و کەناری کوردستانەکەماندا ڕوودەدەن و کاک سیامەند بە شێوەیەکی گەپجاڕی نیشانی داون و هەنگاوی باشی لەم بوارەدا هەڵهێناوە. لە وێنەگرتنی ڕووداو و کەس و شوێنەکاندا سەرکەوتووە.

بۆ نموونە پاڵەوانی چیرۆکی (خاڵە)، پێشمەرگەیەکی کۆنەکارە، حەزی لە قیتەڵ قۆزییە و دڵی تەڕە، خۆی بە ئەنگێوەیەکی باش دەزانێ و گاش ناپێکێ! کە کاری پێت بێ کوڕی چاکە و هەر زانیشی سەرباری ئیدی دە قۆچەقانێت دەنێ!

لە چیرۆکی (سەفەر بۆ وڵاتی هەمیشە بەهار) بەم جۆرە وەسپی ڤیلاکەی دەکا: «ڤیلایەکەم لەسەر تەپۆلکەیەک بنیاد نرابوو و دەڕوانییە نێو دەریاوە، دەورووپشتی بە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابۆوە» - گەلاژ ل٧٨- لە چیرۆکی (وێژدانت بێ)دا خەستەخانەکە بەم جۆرە نیشان دەدا:

«دەرگای حەوشەکەی داخرابوو، لە پشت دەروازەی ئاپۆڕایەکی تووڕە و بێ تاقەت، پریسکە و ساک بەدەست ڕاوەستابوون» -گەلاژ ل ٨٩-

دیارە خەستەخانەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان قەت لەوە باشتر نەبوون، ئەلحەقی کە ئەم چیرۆکەم خوێندەوە گەلێ شوکری خوام بەجێ هێنا کە هەرگیز بە نەخۆشی ڕێم بەو خەستەخانانە نەکەوتووە و تووشم بە تووشی جەنابی (مدیل)ەوە نەبووە!

لە وێنەگرتنی کەسانی چیرۆکەکانیشیدا سەرکەوتووە و خێرا بە خوێنەریان ئاشنا دەکا:

«بەسەرسوڕمانەوە چاوم بە تاقمێک ڕدێن داری چڵکن و بۆری ژ-٣ بەدەست کەوت...» -گەلاژ ل ١٦-

«باپیر جوتێک پۆتینی سوورتری درایە، کە هەر لینگەی لەبن هەنگڵێکی نابوو، دەتگوت لە بازاڕی «شەیتان ئاوا»ی کڕیوە و دەیان باتەوەماڵەوە...» -گەلاژ ل ٢٢-

«کاکی کادری ناوچە لەسەر لاتەنیشتێک ڕاکشاوە و چەند کتێبێکی زەلام زەلام کە هەر یەکەی ئەستێرەیەکی سووری بەقەت شووتییەک لەسەر چاپ کرابوو، لەپێش خۆی دانابوو...» -گەلاژ ل ٥٤-

ئەو چیرۆکانەی «گەلاژ» کە سەبارەت بە ژیانی پێشمەرگایەتی و شۆڕش نووسراون، زۆر لایەنی ناتەواو و خراپی نێو ڕیزەکانی شۆڕشیان دەستنیشان کردووە، نووسەر توانیویەتی بە شێوەیەکی جوان دەریان ببڕێ و ئەو هەموو دەزگا و دوکانە بێ سەروبەرانەی هەر لەخۆڕا و بێ هۆ کراونەتە سەرباری شۆڕش و وەک نووشتەی شێخ و مەلا بە شان و قۆڵی ماندووی پێشمەرگەدا هەڵواسراون بێ کەم و زیاد دەست نیشان بکا.

زۆری داو و دەزگای ناقۆڵا و جێگیر، فیززلی و کەڵەشێر سیفەتی بەسەر هاوخوێن و هاوڕەگەز و هاوسەنگەردا، کای کۆن بە با کردن و لە بێ خەبەران کەشکەک سڵاواتی و گەلێک شتی دی.

«پێم بڵێن بزانم ئەو دیموکراسی، دیموکراسییەتان لە چی داناوەتەوە؟ قسەی خۆمان بێ ئەگەر سۆسیالیزمەکەش هەروابێ تێر دەخۆین!» -گەلاژ ل ٢٤-

«لەسەر هەڵوێستەکەیان زۆر سوور بوون! بەراستی چەپییەکان هەموویان یەک دەندەن!...» -گەلاژ ل ٤٢-

«- ئەها! بەراستی ئەرکێکی زۆر محتەرەمم بۆ دۆزییەوە! وەرە مەردی خوا بە ئەو ئەرکە بەئەستۆوە بگرە، وەڵڵاهی «عیسا» و «موسا»، «مارکس و ئینگلس»ت لێ ڕازی دەبن. ئەویش بایەگانی بەشی لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندی ئیدئۆلۆژیکییە» -گەلاژ ل ١٢٨-

دەک ماڵت بەقوڕ گیرێ میرزا! لەو گشتە ناوە دوور و درێژە! زۆر جاران ئەو مەسەلەیەم بە چاوی خۆم دیوە، لە بارەگای پێشمەرگەدا نانی نان ئاسایی بۆ خواردن نەبوو کەچی لەبەر کاغەز و مۆر و ئیمزا و شایەت ڕێ نەبووە پیاو دانیشێ. کوردی هەژ بەسەر بەدەست ئەو هەموو دەزگا و دووکانەوە سەرگێژەیەکی تووش هاتووە پشیلەی نێو جەواڵ نەبێ حاڵی بێ!



مەسەلەیەکی دی کە بە خۆشحاڵییەوە لە چیرۆکەکانی کاک سیامەند و چەند چیرۆکنووسێکی تازەدا دەردەکەوێ، بەکارهێنانی پەند و ئامۆژگاری و قسە نەستەقەکانی زمانە شیرینەکەمانن، کە بەداخەوە وا شالاوی دوژمنانی گەلەکەمان وێڕای شار و گوند و ڕەز و باخەکانمان، خەریکە ئەو سامانە نەتەوایەتییەشمان لەنێو دەبا. چەند ڕۆژان لەمەوبەر چەند چیرۆکێکی گوێ ئاگردانم بۆ منداڵێکی کوردی ئاوارەی ئەم وڵاتە گێڕایەوە، کە گەیشتمە وشەی «خەرمان» چاوی بە مۆڵەق وەستا و نەیزانی چییە؟! ئەو کاتە لەخۆم پرسی (ئەگەر کار بەم جۆرە بڕوا، ڕەنگە دە ساڵی دی ئەگەر باسی هەوجاڕ و گوریس و نیوتێرک) بۆ هەر کوردێکی ئاوارە بکەی نەزانێ بەری چ دارێکن!

یاخود ئەگەر بە کەسێک بڵێی (دە قۆچقانیت نێم) پێی وا دەبێ جوێنی دەدەیەی.

منداڵی کورد وردە وردە (ئاشەبەتەنوورە و هەلووربەلوور)ی لەبیردەچێتەوە و فێری یارییە سەیر و سەمەرەکانی ئەم وڵاتانە دەبێ، جا ئەو دەم وەرە بڵێ ئێمەش وەختی خۆی چاوشارکێ و کاڵەمستانەمان دەکرد!

کاک سیامەند لەم مەیدانەدا بەراستی باشی هێناوە جا بڕوانە:

«تازە نانی زیندووانم بە گەروودا ناچێتەخوار»

«ئەسپی پێشکەشی ددانی ناژمێرن»

«دەیەوێ دە قۆچەقانیم بنێ»

«ڕۆنی سەگیان لە قالبی داوم»

«قونگت چەند جەواڵ کا دەبا!»

«ناتوانن بەڕەی خۆشیان لەئاو بێننە دەرێ»

«حاجی لە سۆیانی حەجمینی نەبوو» و ...... هتد.

دەست و دەمت خۆش کاک سیامەند! بەراستی پێشینان جوانیان فەرمووە (شایی بێ دەهۆڵ و زوڕنا نابێ!)، چیرۆکی گەپجاڕیی کوردیش بێ ئەو قسە نەستەق و شەکراسایانە بیللا تەژبی لە بۆڵەی پیرەژنی دۆڕژاو دەکات. جا بە ئیجازەی هەموو لایەک، با دوو قسەش بۆ دز بکەم و ئەم ڕەخنە بنێمە خزمەت!

وەک لە سەرەتاوە عەرزم کردن، کاک سیامەند بابەتی جوانی هەڵبژاردووە، بەڵام لە هەندێ جێگا لە داڕشتنی ئەو بابەتانەدا کورتی هێناوە و نەیتوانیوە وەکو پێویست لە قاڵبێکی پوختە و گونجاودا جێگایان بکاتەوە. ئەم دیاردەیە لە چیرۆکی (بایەگانی) و (جودایی)دا بە ئاشکرا دەردەکەوێ، ئەو دوو چیرۆکە زیاتر لە گێڕانەوەی ڕووداو بە شێوەی دەمەتەقێیەکی خاو و پرسیار و وەڵامێکی سادەوە نزیکن تاکو داڕشتنێکی هونەری. لام وایە هۆی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بواری چیرۆکی گەپجاڕی نووسی لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە و دیارە هەموو کارێکی نوێیش بێ کەم و کورتی نابێ. لە بواری زمانەوانی و ڕێنووسدا بەینی خۆمان بێ کۆڵم و ناتوانم قسەیەک بکەم، بەڵام پێم وایە لە هەندێک جێگا بڕێ وشەی بێگانە بەکارهێنراون و دەکرا وشەی ڕەسەن و سادەی کوردییان لەجێ دابنرێ. وەکو:

(تەحویل - ئەسەر - جاویدانە - خەبەرنیگار - ئیختراع - عەلاگە - ئەسڵی قەزیە و ...... هتد)

لە دواییدا هیوادارم کاک سیامەند بەرهەمی شیرینتر، جوانتر، لەبارتر پێشکەش بکا و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

☐

بەلجیکا
١٩٨٩/٨/١٥

ئامانج شاکەلی: ساڵی ١٩٦٢ لە شاکەل، گەرمیانی کوردستانی باشوور، لە دایک بووە. دوای تەواوکردنی ئامادەیی پیشەسازی ماوەی پێنج ساڵان پێشمەرگە بووە. ئێستا لە بەلژیک پەنابەری سیاسییە.

ئامانج پەخشاننووسە و تا ئێستا، بێجگە لە کۆمەڵە پەخشانێ، چەند چیرۆکێکی لە فارسیڕا کردۆتە کوردی و «زەردەخەنە: چیرۆک بۆ منداڵان» ی بڵاوکردۆتەوە.

## شانۆگەریی فرمێسکی دایکە هەڵەبجە

ڕۆژانی ١١-١٩٨٩/٤/١٣ تیپی شانۆی شەهیدانی هەڵەبجە شانۆگەریی فرمێسکی دایکە هەڵەبجەی لە شاری سەقزی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێشکەش کرد. لەماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا و هەر ڕۆژێ دووجار ئەم بەرهەمە بە دانیشتووانی شارەکە و کوردانی ئاوارە پێشان دراوە و سەرکەوتنێکی چاکی بەدەست هێناوە. ئەم هونەروەرانە لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی فرمێسکی دایکە هەڵەبجەدا بەشدار بوون: زانا، هەژار، هێستوون (ئەکتەر)، مستەفا، شوان، ئاوارە، ئامانج، دیلمان (کۆرس)، قادرۆک، تاها، م. ئازاد، ستار، شوان (کاری هونەری). هەژار نووسەر و دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بووە.

تیپی شانۆی شەهیدانی هەڵەبجە لەلایەن هونەرخوازانی کوردی پەنابەری ئۆردوگای سەقزەوە دامەزراوە.

☐

# خوێندنەوەیەکی تازەی قۆناغێکی بەسەرچوو

حسن العلوي: عبد الكريم قاسم. رؤية بعد العشرين، منشورات «دار الزوراء»، لندن ١٩٨٣، ١٧٠ ص.
حەسەن ئەلعەلەوی: عەبدولکەریم قاسم، دیتنێکی پاش بیست ساڵان، بڵاوکراوەکانی «دار ئەلزەوراء»، لەندەن ١٩٨٣، ١٧٠ ل.

عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) لای خوێنەری کورد ناوێکی تەواو ناسراو و ئاشنا نییە. ڕەنگە خوێنەرانی باشووری کوردستان، تا ڕادەیەک، لە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان زیاتری بناسن، بەڵام ڕووداوەکانی چارەکە سەدەیەکی دوای کوژرانی قاسم، بۆتە هۆی ئەوەی کە ناوی هەر بە جارێ لە مێژووی عێراق لابرێ. ئەگەر جاربەجارێکیش باس کرابێ ئەوا هەر بۆ شێواندنی ئاکار و زڕاندنی ناوی وی بووە. ئەگەرچی مێژووی قاسم بەشێکی مێژووی کوردستان نییە، بەڵام دیسان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەر هەیە. لەوەیە بە دەگمەن خوێنەرێکی کوردستانی باکور بزانێ، بۆ نموونە، قیوامولسەڵتەنە (قوام السلطنه) کێیە، بەڵام لێکۆڵینەوەی مێژووی کوردستانی ئێران و کۆماری مەهاباد، بمانەوێ و نەمانەوێ، دەمانبا بۆ باس و لێکۆڵینەوەی ژیان و سیاسەتی قیوامولسەڵتەنەش. عەبدولکەریم قاسمیش هەر بەو جۆرە.

نووسەری ئەم کتێبە، حەسەن عەلەوی، ڕۆژنامەوانێکی ناسراوی عێراقە و ماوەیەکی دوور و درێژی ژیانی بەعسی بووە. لە کتێبەکەشیدا ئەوەی نەشاردۆتەوە کە خۆی دوژمنێکی سەرسەختی قاسم بووە و چ بە نووسین و چ بەهۆی بەشداربوونی لە دووجاران دەسەڵاتی بەعسییەکاندا هەوڵی داوە بۆ ناوزڕاندن وپیاوخراپکردن و دژایەتیکردنی عەبدولکەریم،. بەڵام وا دیارە دوای نەمانی عەبدولکەریم و هاتنەوەسەرکاری ڕژێمگەلێکی خوێنڕێژ و ڕەگەزپەرست و فاشیست، ئەوجا لەوە تێگەیشتووە کە بەنەمانی عەبدولکەریم قاسم، گەلانی عێراق چ هەلێکی مێژوویی و چ مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و دیموکراتیان لەدەست چوو. کەواتە ئەم کارەی عەلەوی جۆرێ پاکانەکردنە، جۆرێ تۆبەنامەیە. بەڵام ئەوی ڕاستی بێ کە پیاو بە وردی کتێبەکە دەخوێنێتەوە دیسان، لە توێی دێڕەکانەوە، هەر هەست بە کین و ڕک و داخ لە دڵییەکی بەعسییانە دەکات، کە هەستی پەشیمانی و هەوڵی ئۆبژێکتیڤانە نووسین هەمووی دانەپۆشیوە.

کتێبەکە لە دە بەش پێکهاتووە. ئەگەرچی نووسەر لای وایە کارێکی مێژوویی و زانستییانەی بەجێ گەیاندووە، بەڵام نووسینەکەی لە چوارچێوەی لێکدانەوە و بیرەوەرییەکی ڕۆژنامەگەرییانە نەچۆتە دەرێ. هەڵەیەکی دیکەی عەلەوی ئەوەیە لەباتی ئەوەی باسەکە لە بازنەی ژیان و ئاکار و سیاسەتی قاسمدا بهێڵێتەوە، دەیان لک و پۆپی دیکەی لێ کردۆتەوە کە بە خوێنی چێشتیش ناگەنە مەبەستی کتێبەکە. هەندێ جار شیرازەی بیری دەپسێ و خۆیی لێ دەبێتە بیریار و



سیاسەتمەدارێکی وا کە پەند و ئامۆژگاری دابدات. ئەگەر لەم کتێبەدا بۆ لایەنی باش بگەڕێم، من تەنیا دوو دەبینم: یەکیان ئەوەیە کە نووسەر، بەهۆی ئەوەوە کە هاوسێی ماڵی عەبدولکەریم قاسم بوون و هاوڕێی برازاکانی بووە، ئەوی لە نێزیکەوە ناسیوە، ئەگەرچی ناسینەکە ناسینی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەیە، نەک جۆری بیرکردنەوە و فەلسەفەی سیاسی. دووەمیشیان ئەوەیە کە نووسەر هەرگیز دۆستی عەبدولکەریم قاسم نەبووە، بەڵکە دوژمنی سیاسیی وی بووە، لەبەرئەوە کەس ناتوانێ بڵێ ئەمە کتێبێکە دۆستێکی قاسم بۆ پیاهەڵدان و گەورەکردنەوەی ئەو نووسیویەتی.

ئەوەی کە پێوەندیی بە گەلی کورد و مەسەلەی کوردەوە لە کوردستانی عێراقدا هەیە، بەشێکی زۆر کەمی کتێبەکەی عەلەوییە. خوێنەر دەبێ بۆ خۆی لێرە و لەوێ گوڵەوەچنێ بکات و جێگەی کورد لەسەر نەخشەی سەردەمی قاسم، کە لە پێنج ساڵان تۆزێ کەمتری خایاند، دیاری بکات.

شتێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش لەم باسەدا کەسایەتی و کاراکتەری عەبدولکەریمە. ئەم پیاوە، کە ڕژێمی پاشایەتیی لە عێراق لەناو برد، کۆلۆنیالیستانی ئینگلیزی دەرپەڕاند، سیستەمی کۆماریی دامەزراند و گەلێ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لەو وڵاتەدا هێنایە دی، پیاوێکی سادە و خاکسار و خۆبەنزمگرتوو، مرۆیەکی دڵ و دەست و دەم پاک بووە. گەلێ جار دڵپاکییەکەی گەیشتۆتە ڕادەی خۆشباوەڕی و ساویلکەیی. بەڵام، هاوکات، عەبدولکەریم پیاوێکی زیرەک و تێگەیشتوو، سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو و دڵفراوان و عەسکەرییەکی چاونەترس و بە دیسیپلین بووە. لەڕووی ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە، پێچەوانەی زۆربەی هەرەزۆری عەسکەری و ژەنەراڵەکانی دنیا، عەبدولکەریم نیشتمانپەروەرێکی لیبراڵ و دیموکرات بووە.

قسەدێ قسە دەبڕێ، لەم چەنانەدا ئاڵقەی یانزەهەمی گەشتی ژیانی بیریاری گەورەمان مامۆستا مەسعوود محەممەد (خۆزگە ناوی خۆی ئاوا بە ڕێنووسی کوردی دەنووسی)م دەخوێندەوە، کە بۆ دیدارەکانی خۆی دەگەڵ عەبدولکەریم و سەرەتای هەڵگیرسانی بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستانی باشووری ساڵی ١٩٦١ی تەرخان کردووە. ئەوەی مامۆستا مەسعوود لە قاسمی دەگێڕێتەوە بۆ کەسێ کە بیهەوێ لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەی عێراق و کوردستانی عێراق بکۆڵێتەوە یەکجار گرنگە. شایەتییەکانی مامۆستا مەسعوود لە هەندێ باردا لەگەڵ قسەکانی عەلەوی یەک دەگرنەوە.

ڕێکەوتی مێژوو وابوو کە گرنگترین شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا و دژی ڕژێمی وی دەست پێ بکات. هەم لە کتێبەکەی عەلەویدا و هەم لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەسعووددا هەلومەرجی سەردەمی قاسم جوان باس کراون؛ یەکەمیان لە سەرتاسەری عێراقدا و دووەمیان لە کوردستاندا. لەم بووارەدا سەبارەت بەو هەلومەرجە و جێگە و ڕێگەی گەلی کورد پیاو هەندێ بیرۆکەی بە مێشکدا دەگەڕێ، ئاخۆ دەستپێکردنی شۆڕشێکی چەکدار تاکە ڕێگەی کورد بوو؟ ئەی ڕێگەی دیکە هیچ نەمابوو؟ داخۆ نەدەکرا سوود لەو چەند ساڵەی سەرەتای ڕژێمی تازە (١٩٥٨-١٩٦١) وەربگیردرێت بۆ پێگەیاندن و ئامادەکردنێکی ڕاست و ڕێکوپێکی گەلی کورد ؟! ئەی نەدەکرا کەسایەتی و بیروباوەڕی سیاسیی عەبدولکەریم بکرێتە قەڵغان و سوپەر بۆ پێشخستنی مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد و تێکشکاندنی نیازی کرێت و ڕووخێنەر و دوژمنانەی کۆمونیستەکانی عێراق و بەعسی و ناسیۆنالیستەکانی عەرەب؟! گەلێ جار لە وەڵامی پرسیاری ئاوادا دەگوترێ: ئەوی چوو، تازە بەسەرچوو. بێگومان ئەم قسەیە هەندێکی ڕاستی تێدایە، ئەگەرچی دەکرێ زۆر و زۆرتری لێ بکۆڵرێتەوە. ئەم کورتە نووسینە بەبەریەوە نییە بۆ ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە تەرخان بکرێ. حەسەن عەلەوی بیست ساڵ دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم هاتووە بە چاوێکی دیکە تەماشای ژیان و ئاکاری ئەو پیاوەی کردووە. بایی ئەوەش ڕاستگۆیی و بوێریی لە خۆیدا شک بردووە، کە پێ لە هەڵەی خۆی و ناڕاستیی بیروباوەڕەکانی بنێ. ئێمەی کورد زۆرمان پێویست بەوەیە بە چاوێکی دیکەوە، چاوێکی ڕەخنەگرانە و بوێرانە و لەبەر ڕۆشنایی زانستدا تەماشایەکی مێژووی نەتەوەکەمان، دوور و نێزیکی، بکەینەوەو لاپەڕەکانی بخوێنینەوە. □

میمفێ

# کتێبخانەی مامۆستای کورد

عەبدولمەجید لوتفی: پێشبینیی لیزانە قەرەجەکە (رۆمان)، شکور مستەفا لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی (عێراق) بڵاوی کردۆتەوە. بەغدا، ١٩٨٨، ١٨٤ ل.

بیرەوەرییەکانی هامڤێر، بڵاوکەرەوە: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ورمێ ١٩٨٨ (١٣٦٧)، ١١٦ل، ناونیشان: ایران، ارومیە – انتشارات صلاح‌الدین ایوبی، صندوق پستی ٧١٧.

دیوانی حەقیقی، ورمێ ١٩٨٨، ٢٧٨ل، انتشارات صلاح‌الدین ایوبی.

رەفیق سابیر: لاوکی هەڵەبجە (شیعری درێژ)، ١٩٨٩، ٤٨ل.

مەلا مەحموودێ دێرشەوی: مشتاخا چیا ژ گۆتنێن پێشیا (پەندی پێشینان) سەربەست زاخۆیی لە ئەلفوبێی کوردییەوە ختوویەتیە سەر ئەلفوبێی لاتینی، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ٢٧٦ ل.

ئێڤا بووهۆڵم ئولسسۆن و فام ڤان دۆن: توان (چیرۆکی منداڵان). فەرهاد شاکەلی لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی. پەخشخانەی فەرهەنگی کوردی، ستۆکهۆڵم ١٩٨٨.

گونیللا بێریستروێم: ئەلفۆنس و جانەوەرەکە (چیرۆکی منداڵان). فەرهاد شاکەلی لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی. پەخشخانەی فەرهەنگی کوردی، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩.

رۆهات: چاغداش تورک ئەدەبیاتندە کورتلەر (کورد لە ئەدەبی هاوچەرخی تورکیدا) – بە تورکی – ٢٠٠ ل.

مەسەلەی کورد لە پارلەمانی نەمساییدا، کوردۆ عەلی لە ئاڵەمانییەوە کردوویە بە کوردی. سالزبورگ ١٩٨٩، ٤٠ ل

یەڵماز گوینەی: مێگەل، کوردۆ لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی، سالزبۆرگ ١٩٨٩، ٨٨ ل.

کەمال بورکای: ئازادی و ژیان (شیعر بە کوردی و بە تورکی)، پەخشخانەی رۆژا نوو، ١٩٨٨، ٢٥٦ل.

مأساە حلبجە، هیروشیما کردستان: لە بڵاوکراوەکانی بەشی راگەیاندنی لەشکری ئیسلامیی کورد، ئەیلوولی ١٩٨٨، ٥٢ ل.

راپۆرتێک لەمەڕ ڕێزنەگرتنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی تورکیا، پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا بڵاوی کردۆتەوە. مایسی ١٩٨٨.

خێزانی موسوڵمان: دامەزراوەی ئەلبەلاغ ١٩٨٩، ١٢٨ل. ناونیشان: جمهوری اسلامی ایران – تهران: مؤسسة البلاغ صندوق پستی ١٩٧٧/١٩٣٩٥

م. ئەمین بۆز ئەرسەلان: ماسی‌یێن بەژی (چیرۆکی میللی)، پەخشخانەی دەنگ ١٩٨٧، ٦٤ ل.

م. ئەمین بۆز ئەرسەلان: ژ دینان دینتر (چیرۆکی فۆلکلۆری)، پەخشخانەی دەنگ، ١٩٨٨، ٦٤ل. ناونیشانی پێشوو.

عەلی میر فێترووس: ئیسلامناسی، سیامەکی بابەک کردوویە بە کوردی، ١٥٨ ل.

چەند وتارێکی کوردناسی،ئەنوەر قادر محەمەد لە رووسییەوە کردوونی بە کوردی و پێشەکیی بۆ نووسیون. لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوێد ١٩٨٩، ١٤٩ ل.

مالمسانژ و مەحموود لەوەندی: ل کوردستانا باکور و ل ترکیێ رۆژنامەگەریا کوردی (١٩٠٨–١٩٨١)، پەخشخانەی ژینانوو ١٩٨٩، ٣٠٩ ل.

مارتین فان بروینەسسێن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، لە ئینگلیزییەوە کراوە بە ئەڵمانی، بەرلین ١٩٨٩، ٥٤١ ل. یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی ئەوروپا لەمەڕ کۆمەڵگەی کوردەواری.

رێبوار: دەنگ هەڵبڕە (شیعر)، پەخشخانەی پویا ١٩٨٨، ١٣٦ ل.

رێبوار (موسلیحی شێخولئیسلامی): سروودی سڵاوی ئازادی (شیعر)،چاپی دووهەم: ئینتشاراتی کانوونی یارمەتی بۆ کوردستان – کۆلن ١٣٦٨ (١٩٨٩)، ٧٢ ل.

سەلاح رێبوار: فەرهەنگی سوێدی – کوردی، چاپی دووەم بە بژارکراوی ١٩٨٩، ٢٩٠ ل.

ئەنوەر محەمەد: پێنووس (شیعر بۆ منداڵان) ١٩٨٨، ١٦ ل.

ئەنوەر محەمەد: دوو تارمایی (شیعر)، ئەڵمانیای رۆژاوا، ١٩٨٩، ٤٨ ل.

ئەنوەر محەمەد: گەرمای سووتێنەر (کورتە چیرۆک)، ١٩٨٩، ٣٦ ل.

هێدی (جەعفەری حوسەینپوور): دیلان: شیعر ١٩٧٩-١٩٨٩، ئاڵمانیای رۆژاوا، ١٩٨٩ (١٣٦٨)، ٧٨ ل.

عەلی کیتابی: ئاکامی زەماوەندێک (رووداوێکی واقیعی)، ئینتشاراتی پویا، ٧٤ ل.

کەمال مەعرووف: لوڕ، لوڕستان و بابا تاهیری هەمەدانیی شاعیر: سەرەتای ئەدەبی کوردی (بە زمانی فرانسەیی)، پاریس ١٩٨٩، ١١٢ ل.

کەمال مەعرووف: ژیان و بەرهەمی شاعیری کورد دڵدار (بە زمانی فرانسەیی)، پاریس ١٩٨٩، ١٤٢ ل.

دکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم" ئامراز لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، ١٣٦٧ (١٩٨٨) ١٥٤ ل. انتشارات صلاح‌الدین

کرد در دایره المعارف اسلامی (کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا). وەرگێر: ئیسماعیل فەتتاح قازی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ١٣٦٧ (١٩٨٨)، ١٩٤ ل.

سیامەند شێخ ئاغایی: گەلاژ (کورتە چیرۆک)، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٨٩، ١٦٦ ل.

منظمة العفو الدولیة: العراق، الاطفال: ضحایا بریئة للقمع السیاسي، راپۆرتێکی رێکخراوی ئەمنستییە لەمەڕ کوشتنی منداڵان لە لایەن رژێمی بەعسی عێراقەوە. لیژنەی راگەیاندنی سەر بە بەرەی کوردستانی عێراق لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە عارەبی. شوباتی ١٩٨٩، ٦٤ ل.

سەرباز: روونکردنەوە لە چەند دێرێکدا، لە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی لقی سلێمانیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق. چاپی یەکەم، حوزەیرانی ١٩٨٩، ٢٢ ل.

ب. هەڤاڵ: خەون و رێگا (چیرۆک) لە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی لقی سلێمانیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق. چاپی یەکەم، مایسی ١٩٨٩، ٥٦ ل.

پەشێو مەریوانی: مام رێوی (شیعر بۆ منداڵان) بەشی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ٣٠ ل.

پەشێو مەریوانی: کڵپەی شۆڕش (شیعر)، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ٥٢ ل.

چیا: سیری در وقایع جنبش مسلحانەء خلق کرد در کردستان شرقی، جلد دوم، سوێد، ١٩٨٩، ٢٠٨ل.

ابراهیم افخمی: قیام ملا خلیل و رد فرمان رضاخان (باسێکی مێژوویی بە فارسی). ئینتشاراتی محەمەدی (سەقز)، هاوینی ١٩٨٩، ١٢٠ ل.

محەمەد ئۆزون: سیبا ئەڤینێ (رۆمان)، پەخشخانەی ئۆرفیوس، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٩، ٢٢٢ ل.

حەمە سەعید حەسەن: با سوێنسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێ (رەخنەی ئەدەبی)، سوێد، ١٩٨٩، ٧٠ ل.

سوهراب سپەهری: دەنگی پێی ئاو (شیعر)، رێبوار سیوەیلی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، دانمارک ١٩٨٩، ٤٢ ل.

نەژاد عەزیز سورمێ: تاڤگەی مەند (شیعر)، بەغدا ١٩٨٧، ٩٦ ل.

ئەحمەدی خانی: مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێزنووسینی: هەژار. لە بڵاوکراوەکانی ئەنستیتوتی کورد لە پاریس. هەر لەم بەرگەدا (مەم و زینی خانی، هەژار کردوویە بە موکریانی – سۆرانی)ش چاپ کراوەتەوە، ١٩٨٩، ٣٧٠ ل.

جلال الطالباني: أغد و ديمقراطي و حرمان شعب حتى من حق الحلم؟ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ناوەندی فەرهەنگیی ئەرکی نوێ، سوێد ١٩٨٩، ٣٩٨ ل.

## گۆڤار

* سروە: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (ئێران) بڵاوی دەکاتەوە. ناونیشان: جمهوری اسلامی ایران. ارومیە، انتشارات صلاح‌الدین ایوبی، صندوق پستی ٧١٧.

* رەنگین: دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی (عێراق) بڵاوی دەکاتەوە. ناونیشان: العراق- بغداد- الوزیریة. جنب المعهد القضائي. دار الثقافة والنشر الکردیة. مجلة «رەنگین»

* ئامانج: گۆڤارێکی ئیسلامی- سیاسی- کۆمەڵایەتی- فەرهەنگییە. ناونیشان: ایران. تهران، سازمان تبلیغات اسلامی، صندوق پستی ١٣١٣/١٤١٥٥. قسمت کردی.

* کاروان:گۆڤارێکی رۆشنبیریی مانگانەیە. ناونیشان: العراق- اربیل- الامانة العامة للثقافة والشباب، مطبعة الثقافة، مجلة کاروان.

* چوارچرا: گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە، پرۆژەی کوردی لە ئینستا (سوێد) بڵاوی دەکردەوە. لەم ماوەیەدا ژمارەکانی ٤-٦ دەرچوو، بەوەش ئیدی گۆڤارەکە رادەوەستێ.

* شانۆ: تایبەتە بە ئەدەبی درامای بێگانە. کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوێد دەری دەکات.

* ڕۆژا نوو: کۆڤارا هونەری، چاندی و ئەدەبی، کۆمەلا کارکەرێن کوردستان ل سوێد بڵاوی دەکاتەوە.

* کۆچەر: ژمارە شەش، گۆڤاری منداڵان و لاوان.

* هاوسەر: ژمارە ١، بەهاری ١٩٨٩، ژمارە ٢ ، هاوینی ١٩٨٩. مەڵبەندی کولتووری کوردستانی لە نەرویج بڵاوی دەکاتەوە.

* پێشڕەو: ئۆرگانی سازمانی حیزبی کومونیستی ئێران - کۆمەڵە.

* کوردستان، دەنگی خوێندکاران و لاوان.

* بەرگەه: کۆڤارا سیاسی، چاندی و لێگەڕینێ، ژمارە ١٩٨٩/١.

* ئاڵەکۆک: گۆڤاری کۆمەڵەی نیشتمانیی کورد (لە کەنەدا)، ژمارەی یەکەم، خاکەلێوەی ١٩٨٩.

* ڕێبازی لاوان: گۆڤاری ناوەندیی یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان، ژمارە (١٥)، ئازاری ١٩٨٩.

* ئاڵا: ئۆرگانی بەرەی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستان.

* سەربەخۆیی: ئۆرگانی ناوەندیی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)ە.

* گەل (الشعب) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانە (بە عارەبی).

* هیوای قوتابیان و لاوان: ئۆرگانی لقی ئاوارەی یەکێتی خوێندکاران و لاوانی دیموکراتی کوردستانە.

* دەنگوباسی کوردستان Kurdistan Nytt. گۆڤارێکی فەرهەنگی و سیاسییە بە زمانی نەرویجی بڵاودەکرێتەوە. ئەم ژمارەیە بە تایبەتی بۆ ژنی کورد تەرخان کراوە. کۆمەڵێ وتاری جۆربەجۆر لەمەڕ ژنی کورد لە گۆشەنیگای کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەوە نووسراون.

* ڕەش و سپی Svart Vitt . گۆڤارێکی لاوانە، کۆمەڵێ لاوی بێگانە (کوردیشیان تێدایە) لە سوێد دەری دەکەن. ئەم ژمارەیە بۆ کورد تەرخان کراوە لە ژێر ناوی "کورد- گەلێکی قەدەغەکراو"دا.

* ستوودیا کوردیکا Studia Kurdica، ژمارە ١-١٩٨٩/٥ (بەشی فرانسی)، ئەنستیتوی کورد لە پاریس دەری دەکات. گۆڤارەکە بە زمانانی عارەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی و فرانسەیی بڵاودەبێتەوە.

* کوردستان ئینفۆ Kurdistan Info کۆمەڵەی کرێکارانی سوێدی - کوردی بە زمانی سوێدی بڵاوی دەکاتەوە.

* کورد The Kurds ڕاپۆرتی ژمارە ٢٣ی گرووپی مافی کەمایەتییەکان، ئەمە چاپێکی تازەی دەستکاریکراوی ئەو ڕاپۆرتەیە کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا پێنج جار بڵاوکراوەتەوە.

* دۆستانی کورد Kurdernas Vänner نامەیەکی زانیاریی وەرزانەی مەسیحییە. ژمارە٢، حوزەیرانی ١٩٨٩، ساڵی پێنجەم.

* دۆستانی کورد Kurdernas Vänner ژمارە سێ، مایسی ١٩٨٩. وەرزنامەیەکە بۆ پشتگیریی کورد بە زمانی سوێدی بڵاودەکرێتەوە.

* هەڵەبجە (حلبجە) Halabja کۆمەڵێ وتار و شیعر و نیگارە بە ئینگلیزی و عارەبی لە بارەی کارەساتی هەڵەبجەوە بەرهەم هێنراون. لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە.

* ژورناڵی سوێدی - کوردی Svensk-Kurdisk Journal ژمارە ١٥-١٦ ساڵی پێنجەم، گۆڤارێکی فەرهەنگییە، وەرزی جارێ دەردەچێ. لەلایەن کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد- کوردستانەوە بە زمانی سوێدی بڵاودەکرێتەوە. ئەم ژمارەیە چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەمەڕ مێژوو و کۆمەڵگەی کوردەواری تێدایە، سەرەڕای کورتە چیرۆکێکی هێرۆ گۆران و دوو شیعری کامەران موکری کە تەرجەمەی سوێدی کراون و دەنگوباسی سیاسی و فەرهەنگی.

* نووسەری کوردستان: گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان. ژمارە ١٩٨٩/١٥. لەم ژمارەیەدا کۆمەڵێ وتار و شیعر و چیرۆک و بابەتی ڕیپۆرتاژئاسایی بڵاوکراوەتەوە.

* یەکگرتن: گۆڤارێکی سیاسی و فەرهەنگییە، بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن لە دانمارک بڵاوی دەکاتەوە. ژمارە ٩.

* کوردنامە: دەنگی کۆمیتەی ئازادیخوازانی کورد (کاک).

* زەنگ: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە لە لایەن چەند ڕۆشنبیرێکی کوردەوە لە مەجەڕستان دەردەچێت. ژمارە ٢، ساڵی ١٩٨٩.

---

دەبێ لەناو ئێمەدا، نووسەرانێ کە ئێستا تەمەنیان لە سی ساڵان و چل ساڵاندایە، شتی ناوکۆ چی بێت؟ «وەرزی گەرم»ی خرۆشچێڤ بە ئاستەم لێی داین. بۆ ئێمە، ئەم وەرزە سەردەمێکی ئەفسانەئاسایە، کاتی لاویان بەهۆی بڵاوکراوەکانی قۆناغەکە خۆیەوە و بەهۆی گێڕانەوەی کەسانێکەوە کە بە چاوی خۆیان دیتوویانە، ناسیومانە، ئێستاش لە ڕێگەی بیرەوەریی نۆستالژیکی پیرەکانەوە دەیناسین. بەڵام ئێمە بە تەواوی کەوتینە بەر سەردەمی دووڕوویی، کەوتینە بەر دووزمانی و درۆزنیی «لە دایکبوونەوە»کەی برێژنێڤ (ئەمە نێوی یەکێ لە کتێبەکانی ئەوە)، کەوتینە بەر پیتکەبازی و خانەگومانیی ڕەسمی و درۆ، درۆ، درۆ لە هەموو پلەکانی قوڵەی بیرۆکراتێکی بابیلدا.

ڤلادیمیر کونیتسین

SOVIET LITERATURE, NO. 9 (1989)

# Mamostay Kurd

# 8

winter 1989 / 1990